إقتران النيرين

في

مجمع البحرين

تەرجەمەی حەدیسەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی

مامۆستا مەلا رەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی

محمد علی قەرەداغی

بەرگی حەوتەم

١٤١٠ ك ١٩٨٩ ز

إقتران النيّرين

في

مجمع البحرين

ترجمەی حەدیسەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی

مامۆستا مەلا رەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی

محمد علی قەرەداغی

- چاپی یەکەم -

بەرگی حەوتەم

١٤١٠ ك ١٩٨٩ ز

باب صلاة الاستسقاء[1]

بسم الله الرحمن الرحيم

١/٢٥٢٧ - عن عبدالله بن زيد الأنصاري [رضي الله تعالى عنه] انه النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - خرج الى المصلى فاستسقى ، فاستقبل القبلة وقلب رداءه وصلى ركعتين ح - ٢/٢٢٥ • د ، ت ، ن ، جه ح - ٢/٢٢٨ ، ٢٢٩ ، ٢٣٨ ، ٢٣٩ • وفيه : جهر لنا بالقراءة م - ٣/٢١٥ •

وعنه قال : خرج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم الى المصلى يستسقي ، واستقبل القبلة ، فصلى ركعتين ، وقلب رداءه : جعل اليمين على الشمال [والشمال على اليمين] ح - ٢/٢٣٩ •

تەرجامە :

عەبدوڵلای کوڕی زەیدی مازینیی ئەنصاری - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی چووە دەرێ بۆ (موصەللا)[2] طەلەبی‌کرد لە خوا کە باران بیارێنێ ، رووی‌کردە قیبلە

---

(١) باسی نوێژەبارانە •

(٢) شوێنی نوێژ ، مزگەوت یا دەشت •

[پشتی‌کردە خەڵق • أخری] بەرماڵەکەی وەرگێڕا : لای راستی خستە سەر شانی چەپی‌و ، لای چەپی خستە سەر شانی راستی ، دوو رکات نوێژی کرد •

٢٥٢٨/٢ - (أثر) خرج عبدالله بن يزيد الأنصاري [غير عبدالله بن زيد المذكور] وخرج معه البراء بن عازب ، وزيد بن أرقم - رضي الله تعالى عنه - [سنة أربع وستين ، زمن ابن الزبير - رضي الله عنهما -] فاستسقى فقام بهم على رجليه ، على غير منبر ، فاستغفر ، ثم صلى ركعتين يجهر بالقراءة ، ولم يؤذن ، ولم يقم • قال أبو اسحاق : ورأى عبدالله بن يزيد [رضي الله تعالى عنه] النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ح - ٢٣٧/٢ • م - في المغازي •

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی یەزیدی ئەنصاریی تەشریفی چوەدەرێ بۆ نوێژەبارانە ، بەرای کوڕی عازیب‌و زەیدی کوڕی ئەرقەم - رضي الله تعالى عنهم - لە خزمەتیا چوون • عەبدوڵڵا - رضي الله تعالى عنه - بەپێوە راوەستا ، بە بێ مینبەر ، ئیستیغفاری کردو دوو رکات نوێژی کرد ، لە نوێژەکەدا بەجەهرەوە قورئانی خوێند بۆ ئەو نوێژە ، نە بانگ درا ، نە قامەتی بۆ کرا • ئەم عەبدوڵڵایەیش صەحابی‌یە - رضي الله تعالى عنه - •

٢٥٢٩/٣ - (أثر) عن أنس [رضي الله تعالى عنه] ان عمر بن الخطاب - رضي الله تعالى عنه - كان اذا قحطوا استسقى بالعباس بن عبدالمطلب [رضي الله تعالى عنه] فقال : أللهم إنا كنا نتوسل إليك بنبينا - صلى الله تعالى عليه وسلم - فتسقينا ، وإنا [بعده] نتوسل إليك بعم نبينا [- صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنه] فاسقنا • قال : فيسقون • ح - ٢٢٨/٢ •

فقال العباس في دعائه : أللهم إنه لم ينزل بلاء إلا بالذنب ولم يكشف إلا بتوبة ، وهذه أيدينا إليك بالذنوب ، ونواصينا إليك بالتوبة فاسقنا الغيث ، فأرخت السماء مثل الجبال حتى أخصبت الأرض ، وعاش الناس • قسطلاني •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە بێ بارانیی بیوایە بە حەزرەتی عەباسی کوڕی عەبدولموطەلیب ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەوەسسولی ئەکرد ، ئەیفەرموو : یاڕەببی ئێمە تەوەسسولمان بە پێغەمەر ئەکرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بارانت بۆ ئەبارانین ، ئێستە ئێمە لە دوای ئەو بە مامی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەوەسسول ئەکەین بارانمان بۆ بباریێ ، خوا بۆی ئەباراند • [عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە دۆعاکەیا ئەیفەرموو : خوایا بە واسیطەی گوناهێ نەبێ بەڵا نازڵ نەبوە ، بە تۆبە نەبێ لانەچوە ، ئەمە دەستمان بە گوناهەوە ، ناوچاوانمان بە تۆبە رووی لە تۆیە بارانمان بۆ بباڕێنە • هەر جێبەجێ وەك شاخ هەور هات بۆ ئەرز بەرەکەت هات = خەڵك ژیانەو ژیانەوە = •

٢٥٣٠/٤ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ليست السنة بأن لا تمطروا ، ولكن السنة أن تمطروا ولا تنبت الأرض شيئا • م ـ ١٠/٣٦٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : گرانیی ئەوە نیە کە بارانتان بۆ نەبارێ ، گرانیی ئەوەیە کە بارانتان بۆ بباڕێنرێو ئەرز هیچ نەڕوێنێ •

٢٥٣١/٥ - (أثر) عبدالله بن دينار [رحمه الله تعالى] قال : سمعت ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما - يتمثل بشعر أبي طالب :

[وما ترك قوم - لا أبا لك - سيدا

يحوط [يحفظ] الذمار [من يجب على الانسان حمايته كالأهل] غير ذرب [حديد اللسان وفحشه] مواكل]

وابيض يستسقي الغمام بوجهه

ثمال اليتامى عصمة للأرامل

وقال : ربما ذكرت قول الشاعر وأنا أنظر الى وجه النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يستسقي [على المنبر • جه] فما ينزل حتى يجيش كل ميزاب • ح - ٢/٢٢٦ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی دینار ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - زۆر جار ئەم شیعری ئەبوطالیبەی ئەخوێندەوە کە وتوویەتی :

هیچ قەومێ گەورەیێکی وەکوو تۆی بەجێنەهێشتوە کە موحافەظەی کەس‌وکاری خۆی بکا بێ ئەمە کە توندو تیژییان لەگەڵ بکاو لێیان بخوا ، گەلێ ئینسانی دەم‌وچاو جوان‌و سپی هەیە کە بە واسیطەی رووی ئەوەوە خەڵق طەلەبی بارانبارین لە خوا ئەکا ، ئەو کەسە جوانە کافیە بۆ هەتیوان‌و ، دەفعی ئیحتیاجییان ئەکاو ، ناپێلێ سەفیل بن • ئەو جوانە پەنایە بۆ پێوەژنان لە شتێ کە زەرەر بێ بۆیان • عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - طەڵەبی بارانبارینی ئەکرد تەماشای رووی موبارەکی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه

وسلم - م ئەکردو ئەم شیعری شاعیرەم ئەهاتەوە فکر • تەشریفی لەسەر مینبەرەکە نەئەهاتە خوارێ تا پلوسکەکان هێرشی ئاویان پیا ئەهات •

عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان اذا رأى مطراً قال : أللهم صيباً نافعاً • ح - ٢٤١/٢ • ن ، جه

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کە بارانی بدیایە ئەیفەرموو : خوایا بارانێکی بە نەفع بێ •

٦/٢٥٣٢ - أنس - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - رفع يديه في الدعاء حتى رأيت بياض إبطيه • ح - ٢٤١/٢ • م - ٢١٥/٤ •

٧/٢٥٣٣ - وعنه قال : كان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - لا يرفع يديه في شيء من دعائه إلا في الاستسقاء ، وانه يرفع يديه حتى يرى بياض إبطيه • ح - ٢٤١/٢ • م - ٢١٥/٤ •

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە دۆعادا دەستی هەڵەبڕی تا چاوم بە سپیایی بن باخەڵی ئەکەوت • لە حەدیثەکەی دواییدا ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە غەیری (إستسقا)دا لە هیچ دۆعایێکیا دەستی هەڵنەئەبڕی ، لە ئیستیسقادا ئەوەندەی دەست هەڵئەبڕی تا سپیانی بن باخەڵەم ئەدی •

یەعنی لە ئیستیسقادا زۆری هەڵەبڕی ، لە غەیری ئیستیسقادا زۆری هەڵنەئەبڕی •

٢٥٣٤/٨ ــ وعنه ان النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ استسقى فأشار بظهر كفيه الى السماء • م ــ ٢١٥/٤[(١)] •

تەرجەمە :

دەستهەڵبڕین لە هەموو دۆعایێکا سوننەتە ، بۆ رەفعی بەلا بێ پشتی دەست ئەکرێتە ئاسمان •

٢٥٣٥/٩ ــ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : قال رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ مفتاح الغيب خمس ، لا يعلمها إلا الله :

١ ــ لا يعلم أحد ما يكون في غد •

٢ ــ ولا يعلم أحد ما يكون في الأرحام •

٣ ــ ولا تعلم نفس ماذا تكسب غداً •

٤ ــ وما تدري نفس بأي أرض تموت •

٥ ــ وما يدري أحد متى يجيء المطر •

ح ــ ٢٤٧/٢ • ح ــ ١١٢/٧ • ح ــ ١٧٨/٧ • ح ــ ٢٧٨/٧ مختصرا •

تەرجەمە :

پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ فەرمووی : میفتاحی غەیب پێنجە ، غەیری خوا هیچ کەس بە یەقینیی ــ یەقینێکی وەها کە قەطعیی بێ و هیچ تەخەللوفی نەبێ و موطابیقی واقیع بێ ــ نایزانێ :

(١) دانەر ــ خ ــ تەرجەمەی ئەم حەدیثەی نەنووسیوە ، ئەمە تەرجەمەکەیەتی : ئەنەس ئەفەرموێ : پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ نوێژەبارانەی کرد پشتی هەردوو دەستی کردە ئاسمان .

١ - هیچ کەس نازانێ سبەینێ چێ ئەبێ •
٢ - هیچ کەس نازانێ لە ناو رەحەمی[1] ژنی حامیلەدا چی هەیە : کوڕە یا کچە ؟
٣ - هیچ کەس نازانێ سبەینێ چی ئەکا •
٤ - هیچ کەس نازانێ لە کوێ ئەمرێ •
٥ - هیچ کەس نازانێ کەی باران ئەبارێ •

حەکیمو مونەججیم بە ظەن بەعزێ شت ئەڵێن ، ئەمما زۆر جار تەخەللوفی ئەبێو هیچ تەریق نابنەوە •

١٠/٢٥٣٦ - أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : أصابنا ونحن مع رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - مطر ، قال : فحسر رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ثوبه حتى أصابه من المطر ، فقلنا : يا رسول الله لِمَ صنعت هذا ؟ قال : لأنه حديث عهد بربه - عز وجل - م - ٤/٢٢٢ •

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - بووین بارانێکمان لێ باری • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لیباسەکەی لەسەر خۆی لادا تا بارانەکەی لێکەوت • عەرزمانکرد : (یا رسول الله) بۆچی وات کرد ؟ فەرمووی : چونکی تازەیە کە خوا - عز وجل - خەڵقی کردوە •

١١/٢٥٣٧ - (عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : كان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - اذا عصفت الريح قال : أللهم) : پێغەمەر

(١) (رحم) منداڵدان •

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كە با بهاتایە ئەیفەرموو : خوایا (إني أسألك خيرها) : من خێری ئەم بایەت لێ طەلەب ئەكەم • (وخير ما فيها) : خەیری ئەوەیش كە لە ناو ئەم بایەدایە • (وخير ما أرسلت به) : خەیری ئەوەیش كە بۆی نێرراوە • (وأعوذ بك من شرها) : پەنا ئەگرم بە تۆ لە شەڕی ئەم بایە (وشر ما فيها) : لە شەڕی ئەوەی لەم بایەدایە (وشر ما أرسلت به) : لە شەڕی ئەو شتەی كە ئەم بایەی بۆ نێرراوە • (قالت : وإذا تخيلت السماء) : عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : كە هەورێ بهاتایە رووی ئاسمان (تغير لونه وخرج ودخل) : رەنگی هەڵبزركاو ئەچوە دەرێو ئەهاتە ژوورێ (وأقبل وأدبر) : بۆ پێشەوە ئەهاتو پشتی هەڵەكرد (فإذا مطرت) : كە هەورەكە بارانی ببارانایە (سرى عنه) : ئەو حاڵەی لێ لائەبرا (فعرفت ذلك عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ) : عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرقی بەوە كرد (فسألته) : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ی پرسی (فقال : لعله يا عائشة كما قال قوم عاد) : ئەترسم یا عایشە [كە عەذابێ بێ خوا موسەللەطی كردبێ بەسەر ئوممەتی منا • أخرى] وەك قەومی = عاد = وتیان (فلما رأوه) كە چاویان پێكەوت (عارضاً مستقبل أوديتهم) : كە هەورێ رووی كردە ناو وادی‌یەكەیان[1] • = (قالوا : هذا عارض ممطرنا)[2] : وتیان : ئەمە هەورێكە باران ئەبارێنێ بەسەرمانا • كەچی وا نەبوو و بایەكی سەختی وێرانكەریان بۆ هاتو ژێرەوژووری كردن م ـ ٤/٢٢٣ = •

٢٥٣٨/١٢ ـ وعنها قالت : ما رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مستجمعاً ضاحكاً حتى أرى منه لهواته ، إنما كان يتبسم [مر هذا

(١) شیوەكەیان ، شوێنو جێگاكەیان .
(٢) الاحقاف /٢٤ .

القدر في فضائله ـ عليه الصلاة والسلام ـ] قالت : وكان اذا رأى غيماً أو ريحاً عرف ذلك في وجهه • فقالت : يا رسول الله أرى الناس اذا رأوا الغيم فرحوا رجاء أن يكون فيه المطر ، وأراك اذا رأيته عرفت في وجهك الكراهية ؟ قالت : فقال : يا عائشة ما يؤمنني أن يكون فيه عذاب ؟ قد عذب قوم بالريح [قوم عاد] وقد رأى قوم العذاب [هم أيضاً عاد] فقالوا : هذا عارض ممطرنا [الاحقاف م ـ ٤/٢٢٤] •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كە هەورێ یا بایێكی بدیایە پێی سەخڵەت ئەبوو ، لە رووبا ئەثەری ئەزانراو دەرەكەوت • حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ عەرزی‌كرد : (یا رسول الله) خەڵق ئەبینم كە هەورێكی دی پێی دڵخۆش ئەبێ بە ئومێدی ئەمە بارانی تیا بێ كەچی تۆ ئەبینم لە رووتا ناخۆشنوودی ئەبینرێ ؟ فەرمووی : (یا عائشە) چی من لەوە ئەمین ئەكا كە عەذابی تیا نەبێ ؟ قەومێ بە با بە هیلاكا چوون ، قەومێ چاوی بە عەذاب كەوت وتیان : ئەمە هەورێكە بارانمان بۆ ئەبارێنێ •

تم بعون الله الاستسقاء

چوار شەنبە ١٩٤١/٦/١١

الكسوف والخسوف

بسم الله الرحمن الرحيم

١٢/٦/١٩٤١ پەنج شەممە

١/٢٥٣٩ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : خسفت الشمس في عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يصلي ، فأطال القيام جدا ، ثم ركع فأطال الركوع جدا ، ثم رفع رأسه فأطال القيام جدا ، وهو دون القيام الأول ، ثم ركع فأطال الركوع جدا ، وهو دون الركوع الأول ، ثم سجد • ثم قام فأطال القيام ، وهو دون القيام الأول ، ثم ركع فأطال الركوع وهو دون الركوع الأول ، ثم رفع رأسه فقام فأطال القيام ، وهو دون القيام الأول ، ثم ركع فأطال الركوع ، وهو دون الركوع الأول ، ثم سجد ، ثم انصرف رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقد تجلت الشمس ، فخطب الناس ؛ فحمد الله وأثنى عليه ، ثم قال : ان الشمس والقمر [آيتان • مالك] من آيات الله ، وإنهما لا ينخسفان لموت أحد ولا لحياته • فاذا رأيتموهما فكبروا وادعوا الله وصلوا ، وتصدقوا ، يا أمة محمد إن من أحد أغير من الله أن يزني عبده أو تزني أمته • يا أمة محمد والله لو تعلمون ما أعلم لبكيتم كثيرا ولضحكتم قليلا [ثم رفع يديه فقال : أللهم • أخرى • م ـ ٢٣٠/٤] ألا هل بلّغت ؟ م ـ ٢٢٨/٤ ، ح ـ ٢٥١/٢ •

٢/٢٥٤٠ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالت : خسفت الشمس في حياة النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فخرج الى المسجد ، فصف الناس وراءه فكبر فاقترأ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قراءة طويلة ، ثم كبر فركع ركوعاً طويلا ، ثم رفع رأسه فقال : سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد • ثم قام فاقترأ قراءة طويلةهيأدنى من القراءة الأولى ، ثم كبر فركع ركوعاً طويلا هو أدنى من الركوع الأول ، ثم قال : سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد ، ثم سجد ، ولم يذكر أبو الطاهر ثم سجد ، ثم فعل في الركعة الأخرى مثل ذلك حتى استكمل أربع ركعات وأربع سجدات وانجلت الشمس قبل أن ينصرف ، ثم قام فخطب الناس فأثنى على الله بما هو أهله ، ثم قال : ان الشمس والقمر آيتان من آيات الله لا يخسفان لموت أحد ، ولا لحياته ، فاذا رأيتموهما فافزعوا للصلاة [الى هنا ح ـ ٢/٢٥٣] • [قال الزهري : فقلت لعروة : ان أخاك [عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه] يوم خسفت الشمس بالمدينة لم يزد على ركعتين مثل الصبح ! قال : أجل لأنه أخطأ السنة • ح ـ ٢/٢٥٤] • وقال = أيضاً = : فصلوا حتى يفرج الله عنكم • وقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : رأيت في مقامي هذا كل شيء وعدتم ، حتى لقد رأيتني أريد أن آخذ قطفاً من الجنة حين رأيتموني جعلت أقدم = وقال المرادي : أتقدم = • ولقد رأيت جهنم يحطم بعضها بعضاً حين رأيتموني تأخرت • ورأيت فيها عمر بن لحيّ ، وهو الذي سيب السوائب • م ـ ٤/٢٣٠ •

٣/٢٥٤١ ـ وعنها [رضي الله عنها] أن الشمس خسفت على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فبعث منادياً بالصلاة جامعة ، فاجتمعوا ، وتقدم فكبر وصلى أربع ركعات في ركعتين ح ـ ٢/٢٥٣ وأربع سجدات م ـ ٤/٢٣٢ •

٢٥٤٢/٤ ـ وعنها [رضي الله تعالى عنها] ان النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ جهر في صلاة الخسوف بقراءته فصلى أربع ركعات في ركعتين وأربع سجدات • م ـ ٢٣٢/٤ • ح ـ ٢٦٨/٢ •

٢٥٤٣/٥ ـ وعنها ان الشمس انكسفت على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقام قياماً شديداً يقوم قائمـاً ثم يركـع ، ثم يقـوم ، ثم يركع ، ثم يقوم ، ثم يركع ركعتين في ثلاث ركعات وأربع سجدات ، فانصرف وقد تجلت الشمس ، وكان اذا ركع قال : ألله أكبر ثم يركع ، واذا رفع رأسه قال : سمع الله لمن حمده ، فقام فحمد الله وأثنى عليه ، ثم قال : ان الشمس والقمر لا ينكسفان لموت أحد ولا لحياته ، ولكنهما من آيات الله يخوف الله بهما عباده • فاذا رأيتم كسوفاً فاذكروا الله حتى ينجليا • م ـ ٢٣٣/٤ •

تەرجەمە :

ئەم حەدیثانە هەمووی لە حەزرەتی عایشەوەیە ـ رضي الله تعالى عنها ـ بە دوو نەوع نوێژی کوسووفی لێ ریوایەت کراوە ، خۆلاصـەو مەئالی هەموویان ئەمەیە لە بەعزێ ریوایەتیا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دوو رکاتی کردوە لـە هـەر رکـاتێـکا دوو قیـامو دوو روکووعو دوو سوجدەی بردوە کە ئەکا چوار قیامو چوار روکووعو چوار سـوجدە • کوللی قیامێـکی لە قیامی دوایی ، کوللی روکووعێکی لە روکووعی دوایی ، کوللی سـوجدەیێکی لـە سوجدەی دوایی •• درێژتر بوە • بۆ هەمووی (الله أكبر)ی کردوە • فەقەط کە لە روکووع هەڵساوەتەوە (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد)ی فەرموە •

لە ریوایەتەکەی تریا لە کوللی رکاتێـکا سێ قیامو سێ روکووعو دوو سوجدەی بردوە ، کە ئەکا شەش قیامو شەش روکووعو چوار سوجدە ، درێژییان وەك ریوایەتەکەی ئەووەڵ ـ ئەووەڵ لە دوایی درێژتر بوە •

له هەردوو ریوایەتەکەدا ئەفەرموێ : تا سەلامی دایەوە ڕۆژ بەرەللا بوو ، له پاشا حەمدو ثەنای خوای کرد • فەرمووی : (أما بعد) : ئـەی خەلیقنە بزانن کـە مانگ‌و ڕۆژ دوو ئایەتن لـە ئایاتی خوا نـە بـۆ مردنی کەس‌و نە بۆ حەیاتی کەس ئەگیرێن • ئەمما بە گیرانیان خوا عیبادی خۆی ئەترسێنێ • [یەعنی بزانن خوا ئەوەندە عالمە ، ئەوەندە قادرە بە نەوعێ ئەم ئاسمان‌و ئەستێرانەی تەرتیب داوە کە لە وەقتی موعەیيەنی خۆیانـا مانگ یا ڕۆژ بە ئەمری ئیلاهیی بچنە دەرەجەیێکەوە کە شوعاعیان زائیل یـا کەم ببێ ، کە خوا ئەوەندە قادرو عالم بێ تەصـــــــەڕڕوف بکا لـە کەواکیب قودرەتیشی هەیە بەسەر موکافـات‌و موجازاتی ئێوەدا ، تەقوای لێ بکەن موخالەفەی ئەمرو نەهی ئەو مەکەن تا نائیلی موکافات بن‌و لـە موجـازات مەحفووظ بن] •

پێغەمەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : کە چاوتان پێ‌کەوت مانـگ یـا ڕۆژ گیررا نوێژ بکەن ، دۆعا بکەن ، صەلەوات بدەن ، صەدەقە بکەن تا بەرەبێ • هەم پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وســلم ـ فەرمووی : لەم جێگەیە کە لێی راوەستابووم هەرچی بە ئێوە وەعدە درابوو لە بەهەشت‌و جەهەنم هەمووم دی ، حەتتا خۆمم دی پێش‌کەوتم تەمام بوو هێشـووێ لـە هێشـوانی بەهەشـــت بکەمەوە ، لـەو وەختەدا کە منتان دی کە بۆ پێشەوە ئەچووم • لەو وەختەدا کە منتان دی بۆ دواوە ئەهاتم جەهەنەم دی بەعزێکی بەعزێکی تێک‌ئەشکان [لە بەر شیددەتی ئاگرەکەی] عەمری کوڕی (لحی)م دی لە ناویا بوو کە ئەووەڵ کەسێکە وشتری بۆ بتەکانیان ئازادکردوە بەسەربەستی ئەگەڕێ‌و کەس دەخلی ناکاو کەس ئیستیفادەی لێ ناکا •

لە پاشا فەرمووی : ئەی ئوممەتی محەمەد وەڵلاهی هیچ کەس لە خوا ـ عز وجل ـ بەغیرەتتر نیە کە عەبدی یا جاریەی زینا بکا • ئەی ئوممەتی محەمەد وەڵلاهی ئەگەر ئەوەی من ئەیزانم ئێوە بیزانن کەم پێئەکەنینو زۆر ئەگریان • لە پاشا دەستی هەڵبڕیو فەرمووی : خوایا ئایا تەبلیغی ئەمرو نەهی تۆم کرد ؟

کە عوروە ئەم حەدیثە بەم نەوعە لە عایشەوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ بۆ زوهریی ریوایەت ئەکا •• زوهریی بە عوروەی فەرموو : چاوم کەوت بە عەبدوڵلای برات ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە وەك نوێژی سبەینێ هەر تەنها دوو رکاتی کرد لەو رۆژەدا کە لە مەدینە رۆژ گیرابوو ! عوروە فەرمووی : بەڵێ وایە ، چونکی موخالەفەتی سونەتی کردوە گینا ئەبێ بەو نەوعەی کە عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ی دیوە بکرێ •

٢٥٤٤/٦ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] قال : كسفت الشمس على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في يوم شديد الحر ، فصلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بأصحابه ، فأطال القيام حتى جعلوا يخرون ، ثم ركع فأطال ، ثم رفع فأطال ، ثم ركع فأطال ، ثم رفع فأطال ، ثم سجد سجدتين ، ثم قام فصنع نحواً من ذلك ، فكانت أربع ركعات وأربع سجدات ، ثم قال : انه عرض علي كل شيء تولجونه ، فعرضت عليّ الجنة حتى لو تناولت منها قِطْفاً أخذته ، أو قال : تناولت منها قِطْفاً فقصرت يدي عنه • وعرضت عليّ النار فرأيت فيها امرأة من بني اسرائيل [امرأة حميرية سوداء طويلة • م ـ ٢٣٩/٤] تعذب في هرة لها ربطتها فلم تُطْعِمها ولم تدعها تأكل من خشاش الأرض • ورأيت أبا ثمامة

عمرو بن مالك يجر قصبه في النار • وانهم كانوا يقولون : ان الشمس والقمر لا يخسفان إلا لموت عظيم ، وإنهما آيتـان من آيـات الله يريكموهما ، فإذا خسفا فصلوا حتى تنجلي م ـ ٤/٢٣٠ •

٢٥٤٥/٧ ـ وعنه انكسـفت الشمس على عهـد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوم مات ابراهيم بن رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فقال الناس : إنما انكسفت لموت ابراهيم عليه السلام ، فقام النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = فصلى بالناس = سـت ركعـات بأربـع سجدات بدأ فكبر ، ثم قرأ فأطال القراءة ، ثم ركع نحواً مما قام ، ثم رفـع رأسه من الركوع فقرأ قراءة دون القراءة الأولى ، ثم ركع نحواً مما قـام ، ثم رفع رأسه من الركوع فقرأ قراءة دون القراءة الثانية ، ثم ركع نحواً مما قام ، ثم رفع رأسه من الركوع ، ثم انحدر بالسجود فسـجد سـجدتين ، ثم قام فركع أيضاً ثلاث ركعات ليس منها ركعة إلا التي قبلها أطول من التي بعدها وركوعه نحواً من سجوده ، ثم تأخر وتأخر الصـفوف خلفه حتى انتهينا = وقال أبو بكر حتى انتهى = الى النساء • ثم تقدم وتقدم النـاس معه حتى قام في مقامه ، فانصرف حين انصرف وقد آضت الشمس • فقـال : يا أيها الناس انما الشمس والقمر آيتان من آيات الله ، وإنهما لا ينكسـفان لموت أحد من الناس • وقال أبو بكر : لموت بشر • فإذا رأيتم شيئاً من ذلك فصلوا حتى تنجلي • ما من شيء توعدونه إلا قد رأيته في صـلاتي هـذه ؛ لقد جيء بالنار وذلكم حين رأيتموني تأخرت مخافة أن يصيبني من لفحها • وحتى رأيت فيها صاحب المحجن (قەڵانگ) يجر قصـبه في النار ؛ كـان يسـرق الحـاج بمحجنـه ، فـإن فطـن لـه قـال : إنما تعلق بمحجني [بە قەڵانگەکەمەوە] وإن غفل عنه ذهب به • وحتى رأيت فيها صـاحبة الهرة التي ربطتها فلم تطعمها ولم تدعها تأكل من خشاش الأرض حتى ماتت

جوعاً • ثم جيء بالجنة وذلكم حين رأيتموني تقدمت حتى قمت في مقامي ، ولقد مددت يدي وأنا أريد أن أتناول من ثمرها لتنظروا إليه ، ثم بدا لي أن لا أفعل • فما من شيء توعدونه إلا قد رأيته في صلاتي هذه •
م - ٢٣٨/٤ •

تەرجەمە :

ئەم دوو حەدیثی جابیرەیش - رضي الله تعالى عنه - بە مەئال عەینی دوو حەدیثەکەی عایشەیە - رضي الله تعالى عنها - لە حەدیثی ئەووەلا لە هەر رکاتێکا دوو قیام‌و دوو روکووع‌و دوو سوجدە ، لە حەدیثی دوەما لە هەر رکاتێکا سێ قیام‌و سێ روکووع‌و دوو سوجدە بوە • هەر قیامێ لە قیامی دوایی هەر روکووعێ لە روکووعی دوایی ، هەر سوجدەیێ لە سوجدەی دوایی = درێژتر بوە = (بناء علیه) رکاتی ئەووەل لە رکاتی دوەم درێژتر بوە •

لە حەدیثی دوەما ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە دوای نوێژەکەی پاشەوپاش چوە دواوە ، خەلقەکەیش چوونە دواوە تا گەیینە صەفی ژنان ، لە پاشا چوەوە بۆ پێشەوە تا گەیی‌یەوە جێگەکەی خۆی ، خەلقیش لەگەل ئەو چوونەوە پێشەوە • ئەم چوونەدواوەی لەبەر ئەوە بوو کە ئاگری جەهەنەمی دی ، چوونەپێشەوەی بۆیە بوو کە بەهەشتی دی ، چوو کە میوەکەی بچنێ دەستی نەیگەیێ •

لە حەدیثی ئەووەلا ئەفەرموێ : ژنێکی درێژی رەش[1] لە بەنی ئیسرائیلم دی ، لە ریوایەتەکەی تریا لە حیمیەرم دی •• عەذاب ئەدرا لەبەر

(١) بە گوێرەی دەقە عەرەبی‌یەکە ژنە حیمیەری‌یەکە رەش‌و درێژ بوە نەك ژنە بەنی ئیسرائیلی‌یەکە .

ئەمە پشیلەیەکی بەستبوەوە هیچی نەئەدایێ بیخواو بەریشـــی نەئەدا لـــە حەیواناتی وردەی ئەرز بخواو مڵوموش بکا تا لە برسانامرد • ئەفەرموێ : عەمری کوڕی مالیکم دی ریخۆڵەی لە ئاگری جەهەننەما ڕائەکێشـــا • ئەڵێن تا یەکێکی گەورە نەمرێ مانگو ڕۆژ ناگیرێن • لە ریوایەتەکەی تریا ئەفەرموێ : صاحێبی قەڵانگم دی ریخۆڵەی ڕائەکێشا ، بـە قەڵانگەکـەی شـــتی حاجیـانی ئەدزی ، ئەگەر پێیـان بزانیایە ئەیوت : قەڵانگەکەمی تێ گیراوە ، پێیـان نەزانیـایـە ئەیبردو ئەڕۆیی • لـە هەردوو حەدیثەکەی ئەمیشا ئەفەرموێ : مانگو ڕۆژ دوو ئایەتن لە ئایاتی خوا ••• إلخ •

لە ئەسمای کچی حەزرەتی صەدیقی ئەکبەریشـــــەوە نوێژی دوو روکووعیو دوو سوجوودی بە میثلی حەدیثی ئەووەڵی عایشـــەو جابیر ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ = ریوایـەت کـراوە = ح ـ ٢/٧٤ ن ، جه • لە ئەبوبەکرەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ موغیرەی کوڕی شوعبە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە موختەصەریی ح ـ ٢/٢٤٩ • لە ئەبومەسعوودەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ح ـ ٢/٢٥٠ ، م ـ ٤/٢٤٥ • ن ، جه • بە موختەصەریی لە حەدیثی ئەسمادا ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ ئەفەرموێ : ئاگرم ئەوەندە لێ نزیك بۆوە وتم : یاڕەببی بۆ منیش لەگەڵ ئەوانم ؟!

٢٥٤٦/٨ ـ عن أسماء [رضي الله تعالى عنها] قالت : [كنا نؤمر عنـد الخسوف • أخرى] أمر النبي ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ بالعتاقة في كسوف الشمس • ح ـ ٤/٢٩١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە کوسووفی[1] شەمسا ئەمری پێ ئەکردین بە ئازادکردنی عەبدو جاریە •

---

(١) لـــە ڕۆژگیرانا •

٢٥٤٧/٩ ـ ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : انخسفت [انكسفت • م] الشمس على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فصلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقام قياماً طويلا نحواً من قراءة سورة البقرة ، ثم ركع ركوعاً طويلا ، ثم رفع فقام قياماً طويلا وهو دون القيام الأول ، ثم ركع ركوعاً طويلا وهو دون الركوع الأول ، ثم سجد ثم قام قياماً طويلا وهو دون القيام الأول ، ثم ركع ركوعاً طويلا وهو دون الركوع الأول ، ثم رفع فقام قياماً طويلا وهو دون القيام الأول ، ثم ركع ركوعاً طويلا وهو دون الركوع الأول ، ثم سجد ، ثم انصرف وقد تجلت الشمس • فقال ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن الشمس والقمر آيتان من آيات الله ، لا يخسفان لموت أحد ولا لحياته ، فإذا رأيتم ذلك فاذكروا الله • قالوا : يا رسول الله رأيناك تناولت شيئاً في مقامك ، ثم رأيناك [كففت • م] كعكعت ! قال ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إني رأيت الجنة فتناولت عنقوداً ولو أصبته لأكلتم منه ما بقيت الدنيا • وأريت النار فلم أر منظراً كاليوم قط أفظع منه ، ورأيت أكثر أهلها النساء • قالوا : بم يا رسول الله ؟ قال : بكفرهن • قيل : يكفرن بالله ؟ قال : يكفرن العشير ، ويكفرن الاحسان • لو أحسنت الى إحداهن الدهر كله ثم رأت منك شيئاً قالت : ما رأيت منك خيراً قط ! ح ـ ٢/٣٦٠ • م ـ ٤/٢٤٢ •

تەرجەمە :

ئەم حەدیثەیش وەك حەدیثی ئەووەڵی جابیرو عایشە ـ رضي الله تعالى عنهما ـيە • لە دوو رکاتا چوار روکووعو چوار سوجدەو چوار قیام • ئاخری یەکەیشی لە ئیمانا رابورد[1] •

---

(١) مەبەستی حەدیثی ژمارە (٥٢/١٨٠)ە کە لە لاپەرە (٢٩٧)ی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدایە •

٢٥٢٨/١٠ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه صلى في كسوف ثمان ركعات [في أربع سجدات • وعن علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ مثل ذلك • م ـ ٢٤٤/٤] قرأ ثم ركع ، ثم قرأ ثم ركع ، ثم قرأ ثم ركع ، ثم قرأ ثم ركع ، ثم سجد • قال : والأخرى مثلها •

تەرجەمە :

مەئالی ئەم حەدیثی ئیبنوعەباسو ئیمامی عەلیە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەمەیە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە کوسووفێکا دوو رکات نوێژی کرد ، لە کوللی رکاتێکا چوار قیامو چوار روکووعو دوو سوجدەی برد • لە مەجمووعیانا هەشت قیامو هەشت روکووعو چوار سوجدەی برد •

خۆلاصەی هەموو بابەکە ئەمەیە نوێژی مانگو رۆژگیران بە سێ نەوع ئەکرێ ، هەمووی هەر دوو رکاتە ، فەقەط بەعزێ وەقت لە کوللی رکاتێکا دوو قیامو دوو روکووعو دوو سوجدە ، لە بەعزێ وەقتا سێ قیامو سێ روکووعو دوو سوجدە ، لە بەعزێ وەقتا چوار قیامو چوار روکووعو دوو سوجدەی بردوە ، ئەووەڵ لە دووەم ••• إلخ درێژتر بوە •

تم الكسوف والخسوف بعون الله تعالى وانجلت الشمس والقمر قبل الجمعة ١٩٤١/٦/١٣ • ونشرع بعون الله تعالى في جمع النيرين في العيدين • فنأكل ونشرب ونلبس ونتزين[1] •

---

(١) واتە : بە یارمەتیی خوا رۆژگیرانو مانگگیران تەواو بوو ، مانگو رۆژ بەربوون ، لە پێش جومعەی ١٩٤١/٦/١٣دا • بە یارمەتی خودایش دەست ئەکەین بە یەکخستنی (نیرین) ـ کە موسلیمو بوخاری ، یا مانگو رۆژی مەبەستە ـ لە دوو جەژنەداو ، ئەخۆینو ئەخۆینەوەو جل لەبەر ئەکەینو خۆمان ئەڕازێنینەوە •

العيـــدين

بسم الله الرحمن الرحيم

١/٢٥٤٩ – عن البراء بن عازب [رضي الله تعالى عنهما] قال : خطبنـا النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – يوم الأضحى بعد الصلاة ، فقال : من صلى صلاتنا ونسك نسكنا فقد أصاب النسك ، ومن نسك قبل الصـلاة [فتلك شاة اللحم ح – ٢/٢١٥] فإنه قبل الصـلاة ولا نسك لـه . فقـال أبو بردة بن نياز خال البراء [رضي الله تعالى عنهما] : يا رســول الله فإني نسكت شاتي قبل الصلاة وعرفت أن اليوم يوم أكـل وشرب ، وأحببت أن تكون شاتي أول شــاة تذبح في بيتي [فتعجلت وأكلت وأطعمت أهلي وجيراني ... إلخ ح – ٢/٢١٥] فذبحت شــاتي وتغديت قبل أن آتي الصلاة . قال : شاتك شاة لحم . قـال : يا رســول الله فإن عندنا عنـاقـا [گيسك] لنا جذعة [خير من مسنة] هي أحب إلي من شاتين أفتجزي عني ؟ قال : نعم ، ولن تجزي عن أحد بعدك ح – ٢/١٩٩ ، ٢١٥ .

وعن أنس [رضي الله تعالى عنه] مثله وفيه : فقام رجل من الأنصار ، فقال : يا رسول الله جيران لي إما قال : بهم خصاصة ؟ وإما قال : فقر ؟ واني ذبحت قبل الصلاة وعندي عناق لي أحب إلي من شاتي لحم ، فرخص لـه فيها . ح – ٢/٢١٥ .

وعن البراء [رضي الله تعـالى عنـه] في أخرى مثـله وفيـه : خير من مسنة ... إلخ خ - ٢/٢٠٢ وفي أخرى عنه قال : سمعت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يخطب فقال : ان أول ما نبدأ به من يومنا هذا أن نصلي ثم نرجع فننحر ، فمن فعل فقد أصاب سنتنا . ح - ٢/١٩٦ ، م - ٤/١٩٩ . د ، ت ، ن ، م - ٨/١٨٦ ، ح-٨/٢٨٨ ، ٢٩١ . عن أنس قال أنس - رضي الله تعالى عنه - : فلا أدري أبلّغت الرخصة من سواه أم لا ؟ ثم انكفأ النبي - صلى الله تعالى عليه وسـلم - إلى كبشين فذبحهما ، وقام الناس الى غنيمة فتوزعوها ، أو قال فتجزعوها . ح - ٨/٢٨٨ . م - ٨/١٨٨ . م - ٨/١٨٤ .

بەسـە (حديث البراء)

تەرجەمە :

مەئالی ئەم حەدیثانە : پێغەمەر - صلی اللە تعـالی علیـه وسلم - رۆژی جەژنی قوربان لە دوای نوێژ خوطبە ئەخوێنێ ، لە خوطبەکەیا ئەفەرموێ : هەرکەسێ وەك ئێمە نوێژ بکاو ، وەك ئێمە قوربانیی بکا [یەعنی بیخاتـە دوای نوێژی جەژن] ئەوکەسە ســـونەتی ئێمە بەجێ‌ئێنێ ، هەرکەســـێ لە پێش نوێژا قوربانیەکەی سەرببڕێ قوربانیەکەی پێش نوێـژ کـەوتـوە دروست نیە [لە باتی ئەو قوربانی‌یەکی تر بکا] ئەبوبوردەی کوڕی نیـاز خاڵی بەراء - رضي اللە تعالی عنهما - عەرزی پێغەمەری کرد : دراوســێی برسیی‌و فەقیرمان هەیە ئیمڕۆیش رۆژی خواردن‌و خواردنەوەیە ، عەجەلەم کرد قوربانیەکەم سەربڕی ، حەزم‌کرد کە ئەووەڵ مەڕێ سەرببڕرێ ئـەو مەڕی منە بێ ، سەرم‌بڕی خواردم‌و دەرخواردی ماڵ‌و مناڵ‌و دراوسێم دا ئەمجا هاتم بۆ نوێژ . پێغەمەر - صلی اللە تعالی علیە وسـلم - فەرمووی : مەڕەکەت مەڕی قوربانی نیە مەڕی گۆشتنە . عەرزی‌کرد : (یا رسول اللە)

ئیسکێکمان هەیە لە دوو مەڕ لام چاکترە بۆم دروستە بیکەم بە قوربانی ؟ فەرمووی : بەڵێ دروستە ، لە دوای تۆ بۆ کەسی تر دروست نیە •
[هەر ئەبێ پێی نابێتە دوو ساڵ] •

لە حەدیثی ئەنەسا ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : نازانم ئەو روخصەتەی ئەبوبوردە هەر بۆ ئەو بوو یا بۆ خەڵقی تریش ؟ لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی چوو دوو بەرانی سەربڕی ، خەڵقیش چوون بە لای گەلەیێکەوە لە بەینیانا بەشیان کرد •

نوێژ لە پێش خوطبەدا ئەبێ • قوربانی دوای نوێژ ئەبێ • گیسك دروست نیە ئەبێ چێیر بێ •

٢٥٥٠/٢ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالی عنهما] يقول : صلی بنا النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ يوم النحر بالمدينة ، فتقدم رجال فنحروا وظنوا أن النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قد نحر ، فأمر النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ من كان نحر قبله أن يعيد بنحر آخر ، ولا ينحروا حتی ينحر النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ م ـ ١٩١/٨ •

٢٥٥١/٣ ـ وعنه قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : لا تذبحوا إلا مسنة [ثنية] إلا أن يعسر عليكم فتذبحوا جذعة من الضأن • م ـ ١٨٩/٨ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نوێژی جەژنی قوربانی پێکردین ، بەعزێ خەڵق لە پێش نوێژا قوربانی‌یان سەربڕیبو وایان زانیبوو کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـیش سەری بڕیوە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری کرد

هەرکەسێ سەری بڕیبێ یەکێکی تریش سەرببڕێ ، لەمەولا تـا پێغـەمـەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سەری نەبڕێ کەس قوربانی ســەرنەبڕێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ = فەرمووی : = (مســنة) نەبێ یەعنی مەڕی یەك ساڵە یا بزنی دوو ساڵە نەبێ سەری نەبڕێ مەگەر نەیبێ بەرخی شەش مانگ یا چتیری یەك ساڵە سەرببڕێ •

٢٥٥٢/٤ ـ أبو سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يخرج يوم الفطر والأضحى الى المصــلى ، فأول شيء يبدأ به الصلاة ، ثم ينصرف فيقوم مقابل الناس ، والناس جلوس على صفوفهم ، فيعظهم ويوصيهم ويأمرهم ، فإن كـان يريد أن يقطع بعثـاً قطعه ، أو يأمر بشيء أمر به ، ثم ينصرف • قال أبو سعيد : فلم يزل الناس على ذالك حتى خرجت = مع = مروان [••• ••] وهو أمير المدينة [مـن قبل معاوية •••••] في أضحى أو فطر • فلما أتينا المصلى اذ منبر بناه كثير بن الصلت [التابعي الكبير ـ رحمه الله تعالى ـ] فإذا مروان يريد أن يرتقيه قبل أن يصلي ، فجبذت بثوبه ، فجبذني فارتفع فخطب قبل الصلاة ، فقلت لـه : غيرتم والله [سنة رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ] فقـال : أبا سعيد قد ذهب ما تعلم • فقلت : ما أعلم والله خير مما لا أعلم • فقـال : إن الناس لم يكونوا يجلسون لنا بعد الصــلاة فجعلتها قبل الصــلاة •
خ ـ ١٩٩/٢ • م ـ ١٩٨/٤ ببعض فرق لفظي وفيه :

فإن كان له حاجة يبعث ذكره للناس ، أو كانت له حاجة بغير ذلك أمرهم بها ، وكان يقول : تصدقوا ، تصدقوا = تصدقوا = وكان أكثر من يتصدق النساء ثم ينصرف [إلى المدينة] فلم يزل كذلك حتى كان مروان بن الحكم [•••••] فخرجت محاصرا مروان حتى أتينا المصلى ، فإذا كثير بن الصلت [رحمه الله] قد بنى منبراً من طين ولَبِـن ، فإذا مروان ينازعني يـده كأنـه

يجرني نحو المنبر وأنا أجره نحو الصلاة ، فلما رأيت ذلك منه قلت : أين الابتداء بالصلاة ؟ فقال : لا يا أبا سعيد قد ترك ما تعلم ، قلت : كلا والذي نفسي بيده لا تأتون [••• ••] بخير مما أعلم [من سنة النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم -] ثلاث مرات ثم انصرف • م - ٤/١٩٨ •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خدریی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانو قوربان تەشریفی ئەچوو بۆ موصەللا کە لە خاریجی مەدینەیە بۆ نوێژی جەژن ، ئەووەڵ شتێك کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - دەستی پێ‌ئەکرد نوێژ بوو • لە پاشا پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - سەلامی ئەدایەوەو تەشریفی بەرابەر بە خەڵق ڕائەوەستا ، خەڵق لە جێی خۆیان هەموو دائەنیشتن ، لە جێی خۆیان وەعظی بۆ دائەدانو نەصیحەتی ئەکردن ، ئەمری پێ‌ئەفەرموون ئەگەر ئیحتیاجی‌یێکی ببوایە ، بۆ لەشکر تەرتیبکردنێ تەرتیبی ئەکرد ، ئەگەر حاجەت ببوایە بە ئەمرێك ئەیفەرموو • ئەیفەرموو : صەدەقە بکەن ، صەدەقە بکەن = صەدەقە بکەن = ئەوەی زۆر صەدەقەیان بکردایە ژنان بوون [رضي الله تعالى عنهن] لە پاشا پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی ئەگەڕایەوە بۆ مەدینە ، هەر وا مایەوە تا مەروانی کوڕی حەکەم [لە طەرەف موعاویەوە کرا بە ئەمیری مەدینە •••••] مەروان ڕۆژێکی جەژن چوو بۆ موصەللا منیش لەگەڵیا ئاوشانی دەستی لە دەستما بوو چووم بۆ موصەللا ، لەوێ مینبەرێ لە قوڕو خشت لە طەرەف کەثیری کوڕی صەلتەوە - رحمه الله - دروستکرابوو ، ئەوەندەم زانی مەروان تەمای بوو لە پێش نوێژا بچێ بۆ سەر مینبەرەکە ، ڕامکێشا کە لە پێشا نوێژ بکا ، ڕای کێشام بۆ لای مینبەرەکەوە کە چاوم بەو ئیشە بێ‌مەعنایەی

کەوت پێم‌وت : وەللاهی سوننەتی پێغەمبەرتان ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ گۆڕی ! وتی : یا ئەباسەعید ئەوی ئەیزانی ، کە ئیتتیباعی سوننەتە ، تەرك کراوەو نەماوە • وتم : خەیر وەللاهی ئەوی کـە من ئەیزانم کـە طەریقی پێغەمەرە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خێرترە لەوە کە نایزانم • وەللاهی ئێوە ناتوانن لەوە چاتر بێنن • وتی : چی بکەم خەڵق راناوەستێ بۆمان لە دوای نوێژ منیش خستمە پێش نوێژ [••••] •

٢٥٥٣/٥ ـ عن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يصلي في الأضـحى والفطر • ثم يخطب بعد الصلاة • ح ـ ٢٠١/٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە هەردوو جەژنا نوێژی ئەکرد ئەمجا خوطبەی ئەخوێن •

٢٥٥٤/٦ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ يقول : إن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خرج يوم الفطر فبدأ بالصـــلاة قبـل الخطبة • ح ـ ٢٠١/٢

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وســـلم ـ رۆژی جـەژنی رەمـەزان تەشریفی چوەدەرێ لـە پێش خوطبەدا نوێژی کرد •

٢٥٥٥/٧ ـ ابن عباس أرسل إلى ابن الزبير [رضي الله تعالى عنهم] في أول ما بويع له [بالخلافة سنة أربع وستين] انه لم يكن يؤذن بالصلاة يوم الفطر ، وانما الخطبة بعد الصلاة • ح ـ ٢٠١/٢ • م ـ ١٩٧/٤ د •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ناردیە لای عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعـالى عنهم ـ لە ئیبتیدای خەلافەتیا = ساڵی شەصت‌و چواری کۆچیی = کـە بۆ نوێژی جەژنی رەمەزان لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بانگ نەئەدراو خوطبەیش هەر لە دوای نوێژەوە بوە •

٨/٢٥٥٦ ـ ابن عباس وجابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهم] قالا : لم يكن يؤذن يوم الفطر ولا يوم الأضحى • = خ ـ ٢/٢٠١ =

تەرجەمە :

لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليـــه وســـلم ـ نە بۆ جەژنی رەمەزان‌و نە بۆ جەژنی قوربان بانگ نەئەدرا •

٩/٢٥٥٧ ـ عن جابر [رضي الله تعـالى عنه] قال : شهدت مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوم العيد فبدأ بالصلاة قبل الخطبة بغير أذان ولا إقامة ، ثم قام متوكئاً على [يد • أخرى] بلال ، فأمر بتقوى الله وحث على طاعته ، ووعظ الناس وذكرهم • ثم مضى حتى أتى النســـاء فوعظهن وذكرهن ، فقال : تصدقن فإن أكثركن حطب جهنم • فقامت امرأة من سطة النساء [وسطهن] سفعاء الخدين [مشوبهما بسواد] فقالت : لم يا رســول الله ؟ قال : لأنكن تكثرن الشكاة ، وتكفرن العشير • قال فجعلن يتصدقن من حليهن يلقين في ثوب بـلال من أقرطتهن وخـواتيمهن • م ـ ٤/١٩٥ • ح ـ ٢/٢٠٢ ليس فيه كونهن حطب جهنم • وفيه : وبلال باسط ثوبه يلقي فيه النساء صدقة • قال [ابن جريج] : قلت لعطاء : أترى حقاً على الامـام الآن أن يأتي النساء فيذكرهن حين يفرغ ؟ قال : إن ذلك لحق عليهم ، وما لهم أن لا يفعلوا ؟ ح ـ ٢/٢٠٢ •

ته‌رجه‌مه :

جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : رۆژی جه‌ژن له‌ خذمه‌ت پێغه‌مه‌را بووم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ له پێش **خوطبه** ده‌ستی به نوێژ کرد . به بێ بانگ‌و قامه‌ت له پاشا ته‌شریفی هه‌لسا ئیعتیمادی دایه سه‌ر ده‌ستی بیلال ـ رضي الله تعالی عنه ـ [بیلال جلی راخستبو] پێغه‌مه‌ر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئه‌مری به ته‌قوای خوا ئه‌کردو ته‌رغیبی خه‌لقی ئه‌کردو وه‌عظی بۆ دائه‌دان‌و شتی چاکی ئه‌خسته فکره‌وه له پاشا ته‌شریفی چوو تا هاته نزیك ژنانه‌وه وه‌عظی بۆ دادان‌و شتی فکرخسته‌وه‌و فه‌رمووی : صه‌ده‌قه بکه‌ن چونکه زۆرترینی ئێوه گزره‌ی جه‌هه‌نه‌من . له ناوه‌ڕاستی ژنه‌کانا ژنێ له ناویانا=ره‌ش‌تاڵه‌یه‌ك بوو=هه‌لی دایێ عه‌رزی پێغه‌مه‌ری کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : بۆچی (یا رسول الله) ؟ فه‌رمووی : زۆر شکات له حالی خۆتان ئه‌که‌ن‌و کوفرانی نیعمه‌تی مێردتان ئه‌که‌ن . جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فه‌رمووی : ژنان ده‌ستیان پێکردگواره‌یان‌و ئه‌نگوستیله‌یان فڕێ‌ئه‌دایه ناو جله‌که‌ی بیلاله‌وه ـ رضي الله تعالی عنه ـ .

له بوخاریدا ئه‌فه‌رموێ : ئیبنوجوره‌یج له عه‌طای پرسیی : لات وایه که له پاش خوطبه له‌سه‌ر ئیمامه بچێته لای ژنان وه‌عظ‌و نه‌صیحه‌تیان بکا ؟ فه‌رمووی : ئه‌وه حه‌قه له سه‌ریان ، بۆچی نایکه‌ن ؟

۱۰/۲۵۵۸ ـ عن جابر بن سمرة قال : صليت مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ العيدين غير مرة ولا مرتين بغير أذان ولا إقامة .

م ـ ٤/١٩٩ .

تەرجەمە :

جابیری کوڕی سەمورە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە خذمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - نە جارێ نە دووجار جەژن نوێژم‌کردوە بە بێ بانگ‌و بێ قامەت •

١١/٢٥٥٩ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - ان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - صلى يوم الفطر ركعتين لم يصلِّ قبلها ولا بعدها ، ثم أتى النساء ومعه بلال فأمرهن بالصدقة ، فجعلن يلقين تلقي المرأة خُرصها وسخابها [حەلقەی گوێ و مێخەك‌بەندی مل] ح - ٢/٢٠٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رۆژی جەژنی رەمەزان دوو رکات نوێژی کرد ، نە لە پێشیەوە نە لە دوایەوە نوێژی = نە = کرد • لە پاشا تەشریفی هات بۆ لای ژنان ئەمری پێکردن بە صەدەقە دەستیان پێکرد بە حەلقەی گوێ و مليوانكەی ملیان ئەیانهاویت =ە سەر ئەو شتەی کە بیلال رای‌خستبو = •

١٢/٢٥٦٠ - عبدالرحمن بن عابس [رحمه الله تعالى] قال : سمعت ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قيل له : أشهدت العيد مع النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟ قال : نعم • ولولا مكاني من الصغر ما شهدته • خرج حتى أتى العلم الذي عند دار كثير بن الصلت ، فصلى ، ثم خطب ، ثم أتى النساء ، ومعه بلال فوعظهن وذكرهن وأمرهن بالصدقة ، فرأيتهن يهوين بأيديهن يقذفن في ثوب بلال ، ثم انطلق هو وبلال الى بيته • ح - ٢/٢١١ •

تەرجەمە :

لە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ پرسرا : لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حازری نوێژی جەژن بووی ؟ فەرمووی : بەڵێ ، ئەگەر لەبەر منالّیم نەبوایە کە لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەدرێکم بوو حازر نەئەبووم • تەشریفی چوە دەرێ تا هاتــە لای ئەو عەلەمەی کە لای ماڵی کەثیری کوڕی صەلتەوەیە ، نوێژی کرد ، لە پاشا خوطبەی خوێن ، لە پاشا بیلالی لە خزمەتا بوو تەشریفی هاتە لای ژنان وەعظی بۆ خوێندن ، شتی چاکی خستنەوە فکر ، ئەمری پێ فەرموون بە صەدەقە ، چاوم بە ژنانەکەوت کە شتیان بە دەستی خۆیان ئەهاویتە نــاو جلی بیلالەوە کە رایخستبو ، لە پاشا بیلالی لە خزمەتا بوو تەشریفی چوە ماڵێ •

١٣/٢٥٦١ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : شــــهدت الفطر مع النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ وأبي بـكر ، وعمر ، وعثمان ـ رضي الله عنهم ـ يصلونها قبل الخطبة ثم يخطب بعدُ خرج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كأني أنظر إليه حين يُجلّس بيده ، ثم أقبل يشقهم حتى أتى النساء معه بلال ، فقال : (يا أيها النبي إذا جاءك المؤمنات يبايعنك •••)[1] الآية ، ثم قال حين فرغ منها : أتتن على ذلك ؟ قالت امرأة منهن ، لم يجبـه غيرها : نعم ، لا يدري حسن [الراوي عن طاوس] من هي • قال : فتصدقن فبسط بلال ثوبه ، ثم قال : هلم لكن فداء أبي وأمي ! فيلقين الفتح والخواتيم في ثوب بلال • قال عبدالرزاق : الفتح والخواتيم للرجال العظـام كانت في الجاهلية • ح ـ ٢/٢١٣ • م ـ ٤/١٩١ •

(١) المتحنة /١٢ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضـي الله تعـالی عنهما ـ ئەفەرموێ : رۆژی جەژنی رەمەزان لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ و ئەبوبەکرو عومەرو عوثمانا ـ رضي الله تعالی عنهم ـ بووم نوێژیان لە پێش خوطبـەدا ئەکرد ئەمجا خوطبەیان ئەخوێند • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ تەشریفی [لە مەدینە] چوەدەرێ لە پێش چاومە کـە بە دەستی موبارەکی خەلقی دائەنیشـان ، لە پاشا تەشریفی بە ناو خەلقەکەدا چوو تـا هاتـە لای ژنان ، بیلالیشی لە خزمەتا بوو ئەم ئایەتەی خوێندەوە (یـا أیهـا النبي إذا جاءك المؤمنات یبایعنك •••) الآیة کـە لـە ئایەتەکە بوەوە بـە ژنەکـانی فەرموو : لە سەر ئەو عەهدەی کە کردووتانە ماون یان نا ؟ ژنێ لەوان هاتە جواب ، غەیری ئەو جوابی نەدایەوە ، حەسەنی راویی لە طاوســـــەوە ئەو ژنەی نەناسیوە نەیزانیوە کێیە • ئەو ژنە عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : بەڵێ لەسەر عەهدی خۆمان ماوین • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : کە وابێ صەدەقە بکەن • بیلال ـ رضي الله تعالی عنه ـ جلێکی راخست فەرمووی : بێنن باوكو دایکم بە فیداتان بێ ! ئیتر ژنەکان ئەنگوستیلەی گەورەی پەنجەی پێو ئەنگۆســـــتیلەی دەستیان ئەهاویتە ناو ئەو جلی بیلالەوە کە رایخستبو •

١٤/٢٥٦٢ ـ قال ابن عباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ (واذکروا الله في أیام معلومات)[1] أیام العشـــر ، والأیـام المعـدودات أیام التشـــــریق • ح ـ ٢٠٦/٢ •

(١) مەبەست لەمە دوو ئایەتە کە یەکێکیان (أیام معلومات)و ئەوی تریـان (أیام معدودات)ە ئەفەرموێ • بڕوانە : الحج/٢٨ و البقرة/٢٠٣ •

تەرجەمە :

= ئیبنوعەباس ئەفەرموێ : = ئەیامی مەعلومات جەژنو تۆمینەیە • ئەییامی مەعدوودات سێ رۆژی دوای قوربانە •

٢٥٦٣/١٥ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : ما العمل في أيام أفضل منها في هذا العشر • قالوا : ولا الجهاد ؟ قال : ولا الجهاد إلا رجل خرج يخاطر بنفسه وماله فلم يرجع بشيء • ح - ٢٠٦/٢ • د ، ت ، جه •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : لە هیچ رۆژێکا عیبادەتکردن خێرتر نیە لە عیبادەتکردن لەم دە رۆژەدا - تۆمینەو رۆژی جەژن - عەرزیانکرد : جیهادیش ؟ فەرمووی : جیهادیش مەگەر پیاوێ خۆیو ماڵی بخاتە خەتەرەوەو هیچ شتیش لەگەڵ خۆی نەیێنێتە دواوە •

٢٥٦٤/١٦ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - أمر بكبش أقرن يطأ في سواد ، ويبرك في سواد ، وينظر في سواد ، فأتي به ليضحي به ، فقال : يا عائشة هلمّي المِدية ، ثم قال : اشحذيها بحجر ففعلت ، ثم أخذها وأخذ الكبش فأضجعه ، ثم ذبحه ، ثم قال : بسم الله اللهم تقبل من محمد وآل محمد ، ومن أمة محمد ثم ضحى به • م - ١٩٥/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەمری فەرموو بە بەرانێ لە سەوزاییدا ئەلەوەڕا ، لە سەوزاییدا مۆڵی ئەخوارد ، لە سەوزاییدا

تەماشای ئەکرد [یەعنی زۆر قەڵەو بوو] بۆیان هێنا کە بیکا بە قوربانیی فەرمووی : ئەی عایشە کێردەکە بێنەو تیژی بکە بە بەردێ ، فەرمووددەکەی بەجێهێنا ، لە پاشا کێردەکەی وەرگرت ، بەرانەکەی گرتو پاڵی خست ، لە پاشا فەرمووی : (بسم الله) خوایا قەبووڵی بکە لە محەمەدو ئالی محەمەدو لە ئوممەتی محەمەد ، لە پاشا سەری بڕی •

١٧/٢٥٦٥ - عن أنس - رضي الله تعالى عنه - قال : ضحى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - بكبشين أملحين فرأيته واضعاً قدمه على صفاحهما يسمي ويكبر ، فذبحهما بيده • م - ٨/١٩٢ وفي أخرى : ويقول : بسم الله والله أكبر م - ٨/١٩٤ ، ح - ٨/٢٩٠ ولفظه : انكفأ الى كبشين أقرنين أملحين ، فذبحهما بيده • ح - ٨/٢٩٠ •

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - دوو بەرانی جوانی شاخداری کرد بە قوربانی • چاوم لێبوو کە پێی موبارەکی نایە سەر لاملیو فەرمووی : (بسم الله والله أكبر) بە دەستی موبارەکی سەری بڕی •

١٨/٢٥٦٦ - جندب بن سفيان - رضي الله تعالى عنه - قال : شهدت الأضحى مع رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فلم يعد أن صلى وفرغ من صلاته سلم ، فإذا هو يرى لحم أضاحي قد ذبحت قبل أن يفرغ من صلاته ، فقال : من كان ذبح أضحيته قبل أن يصلي ، أو نصلي ، فليذبح مكانها أخرى ، ومن كان لم يذبح فليذبح باسم الله • م - ٨/١٨٠ ، ١٨٣ بفرق غير مخل • خ - ٢/٢١٥ • ن ، جه •

تەرجەمە :

جوندوب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لـە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعـالى عليـه وســلم ـ حازری نوێژی جەژنی قوربان بووم ، نەگەڕایەوە تا نوێژی کردو لە نوێژ بۆوە • کە تێفکری گۆشتی قوربانیی دی کـــە سەربڕرابوو لە پێش ئەمەدا کـــە لـە نوێژ بینەوە • فەرمووی : هەرکەسێ قوربانیی سەرببڕێ لە پێش ئەمەدا کە نوێژ بکرێ ، یا فەرمووی: لە پێش ئەمەدا کە نوێژ بکەین یەکێکی تر لە باتی ئەو ســـەرببڕێ ، ئەوی سەری نەبڕیوە بە ناوی خواوە ـ عز وجل ـ سەری ببڕێ •

١٩/٢٥٦٧ ـ عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ سـأل أبا واقـد الليثي ما كان يقرأ به رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في الأضحى والفطر • فقال : كان يقرأ فيهما بـ (ق والقرآن المجيد) و (اقتربت الساعة وانشق القمر) م ـ ٤/٢٠٤ •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ئەبوواقیدی لەیثیی پرسیی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە نوێژی جەژنی رەمەزانو قوربانا چی ئەخوێند ؟ فەرمووی : (ق والقرآن المجيد) و (إقتربت الســـــاعـة وانشق القمر) • م ـ ٤/٢٠٤ •

[وعند الطحاوي[١] من حديث جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أتى بكبشـين أملحين عظيمين موجوءين ، فأضجع أحدهما وقال : بسم الله والله أكبر ، أللهم عن محمد وآل محمـد •

(١) دانەر ـ خ ـ ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە •

ثم أضجع الآخر فقال : أللهم عن محمد وعن أمته من شهد لك بالتوحيد وشهد لي بالبلاغ ، وهو حديث حسن • قسطلاني ـ ٨/٢٩٥ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دوو بەرانی جوانی گەورەی خەساوی هێنا • بەکێکیانی پاڵخست فەرمووی : (بسم الله والله أكبر) ئەمە لە باتی محەمەدو ئالی محەمەد • لە پاشا ئەوی تری پاڵخست فەرمووی : خوایا ئەمە لە باتی محەمەدو ئوممەتی محەمەد ئەوانەی کە شەهادەتیان بە یەکێتی تۆ داوەو شەهادەتیان بۆ من داوە کە ئەوامیرو نەواهیی تۆم تەبلیغ کردوون • طەحاوی ئەفەرموێ : ئەم حەدیثە حەدیثێکی حەسەنە ، یەعنی راویەکانی ئەووەڵ تا ئاخر عادیلن ، قووەی حافیظەیان بەقووەتە ، لەوانەن کە ضەبطی حەدیث بە تەواوەتی ئەکەن ، چۆنیان بیستوە بێ ئەمە حەرفێکی لێ تەرك بکەن بەو نەوعە ریوایەتی ئەکەن ، نە لە مەتنیا نە لە سەنەدیا ضەعفێکی تیا نیە ، شوذووذو عیللەتێکی تیا نیە • ئەوەندەی هەیە راویەکانی لە قووەتو ضەبطا بە قەد راویی صەحیح نیە (راجع مقدمة الكتاب)(١) •

٢٠/٢٥٦٨ ـ عن سعيد بن جبير [رحمه الله تعالى] قال : كنت مع ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] حين أصابه سنان الرمح في أخمص قدمه ، فلزقت قدمه بالركاب ، فنزلت فنزعتها ، وذلك بمنى • فبلغ الحجاج ، فجعل يعوده ، فقال الحجاج : لو نعلم من أصابك ! فقال ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : أنت أصبتني • قال : وكيف ؟ قال : حملت السلاح في يوم لم يكن

---

(١) مەبەستی پێشەکیی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەیە •

يحمل فيه ، وأدخلت السلاح الحرم ولم يكن السلاح يدخل الحرم •
ح - ٢٠٣/٢ •

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی جوبەیر - رحمه الله - ئەفەرموێ : لە خزمەتە ئیبنوعومەرا بووم - رضي الله تعالى عنهما - لەو وەختەدا کە لە مینادا پەیکانی رمیان دا لە بەری پێی ، پێی = بە = ئاوزەنگی یەکەوە دادروو ، دابەزیم لێم دەرهێنا • خەبەر بە حەججاج گەیی ، حەججاج هاتە عەیادەتی ، فلتانی : خۆزگە ئەمزانی کێ ئەو نووکە رمەی لێ داوی ! ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - فەرمووی : تۆ لێت‌داوم • حەججاج فلتانی : چۆن ؟ فەرمووی : لە رۆژێکا کە سیلاح هەڵناگیرێ سیلاحت بە خەڵق هەڵگرت • حەرەم کە سیلاحی ناهێنرێتە ناو سیلاحت هێنایە ناو •

[سەبەبی ئەوە ئەوە بوو عەبدولمەلیك ••• نووسیی بۆ حەججاج کە : موخالەفەی ئیبنوعومەر مەکە • حەججاج ئەوەی زۆر لە لا ناخۆش بوو ، ئەمری بە پیاوێ کرد کە رمێکی شامیی زەهراویی لێ بدا • ئەو پیاوەیش بە ئەمری ئەو رمەکەی دا لە بەری پێی •

صورەیفینی ئەڵێ : کە عەبدوڵلای کوڕی عومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئینکاری ئەوەی لە سەر حەججاج کرد کە بە مەنجەنیق کەعبە بڕووخێنێ‌و ، ئیبنوزوبەیر - رضي الله تعالى عنهما - شەهید بکا ، حەججاج ئەمری کرد کە ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - شەهید بکەن • بە ئەمری ئەو ئەو سەگە هارە گەزتی • کە حەججاج چوە لای بۆ عەیادەت عەبدوڵلا فەرمووی : ئەیشمکوژی‌و عەیادەتیشم ئەکەی ؟! خوا لە بەینی من‌و تۆدا بە حەکەمێتی کافیە • لە دوای چەند رۆژێ وەفاتی کرد - رضي الله تعالى عنه - قسطلاني • ح - ٢١٤/٢ • ن •

٢٥٦٩/٢١ - عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان ينحر أو يذبح بالمصلى • ح - ٢/٢١٤ ، ن •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە موصەللا حەیوانی سەرئەبڕی •

٢٥٧٠/٢٢ - عن جابر - رضي الله تعالى عنه - قال : كان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - إذا كان يوم عيد خالف الطريق • ح - ٢/٢١٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - **ڕۆژی جەژن لە تەشریف بردن و** هاتنەوەیا ڕێگەی ئەگۆڕی ؛ بە ڕێییێکا تەشریفی ئەبردو بە ڕێییێکا تەشریفی ئەهاتەوە •

٢٥٧١/٢٣ - عن أنس بن مالك - رضي الله تعالى عنه - قال : قال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : من ذبح قبل الصلاة فإنما ذبح لنفسه ، ومن ذبح بعد الصلاة فقد تم نسكه وأصاب سنة المسلمين ح - ٨/٢٨٧ •

تەرجەمە :

هەرکەسێ لە پێش نوێژا سەرببڕێ بۆ خۆیی سەربڕیوە ، هەرکەسێ لە دوای نوێژ سەرببڕێ قوربانیەکەی تەواوەو سوننەتی موسوڵمانانی بەجێهێناوە •

٢٥٧٢/٢٤ - عن عقبة بن عامر [الجهني - رضي الله تعالى عنه -] أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أعطاه غنماً [بزنو مەڕ] يقسمها على صحابته [- صلى الله تعالى عليه وسلم - أو صحابة عقبة - رضي الله تعالى

عنه ـ] ضحايا ، فبقي عتود [جذعة • أخرى] • [أتى عليه سنة أو خمسة أشهر من أولاد المعز • قسطلاني] فذكره للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : ضـــح أنت به • خ ـ ٨/٢٩٠ ، ٢٨٧ ، ح ـ ٤/١٤٩ ، ٢٨٠ ، م ـ ٨/١٩١ • ت ، ن ، جه •

تەرجامە :

عەقەبەی کوڕی عامیری جوهەنیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەعزێ مەڕو بزنی دامێ کە لە بەینی ئەصحابا ، یا لە بەینی ئەصحابی خۆما بەشی بکەم • بەشم‌کردن ، گیسکێك مایەوە عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) گیسکێکم بۆ ماوەتەوە • فەرمووی : بیکە بە قوربانی بۆ خۆت • [ئەمیش مەخصووصە بەوەوە] •

گۆشتی قوربانی تا کەی ئەخورێ ؟

٢٥/٢٥٧٣ ـ عن عبدالله بن أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] عن عبدالله بن واقد [رضي الله تعالى عنهما] قال : نهى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن أكل لحوم الضحايا بعد ثلاث • قال عبدالله بن أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] : فذكرت ذلك لعمرة ، فقالت : صدق ، سمعت عائشة [رضي الله تعالى عنها] تقول : دف أهل أبيات من أهل البادية حضْرة الأضحى زمن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ادخروا ثلاثاً ثم تصدقوا بما بقي ، فلما كان بعد ذلك قالوا : يا رسول الله ان الناس يتخذون الأسقية من ضحاياهم ، ويجملون منها الودك [من ضرب أو أكرم] فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وما ذاك ؟ قالوا : نهيت أن تؤكل لحوم الضحايا بعد ثلاث •

فقال : إنما نهيتكم من أجل الداقّة التي دفت ، فكلوا وادخروا وتصدقوا .
م - ٢٠٧/٨ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی ئەبوبەکر ئەفەرموێ : عەبدوڵلای کوڕی واقید فەرمووی : پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - نەهی‌کردوە لەمە کە لە دوای سێ رۆژ گۆشتی قوربانیی بخورێ ، عەبدوڵلای کوڕی ئەبوبەکر مایەوە عەرزم‌کرد : (یا اسول الله) گیسکێکم بۆ ماوەتەوە . فەرمووی : راست‌ئەکا ، لە عایشە - رضي الله تعالی عنها - م بیست = فەرمووی : = چەند ماڵێ لە ئەهلی صەحرایی لە زەمانی پێغەمەرا - صلی الله تعالی علیە وسلم - لە وەختی قوربانیدا هاتنە مەدینە [فەقیر بوون] پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - فەرمووی : بەشـــی تـا ســـێ رۆژ زەخیرەی لێ هەڵبگرن ، لە سێ رۆژ چی مایەوە بیکەن بە صەدەقە . موددەیێ لە دوای ئەوە عەرزی پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - یان = کرد = : خەڵق لە قوربانیەکانیان هیزە دروست ئەکەن ، بەزو پیوی ئەتوێننەوە . پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - فەرمووی : ئەوە چیە ؟ [یەعنی هیچ قەی ناکا با بیکەن] عەرزیان‌کرد : تۆ نەهیت کردوە لەمە کە لە دوای سێ رۆژ گۆشتی قوربانیی بخورێ . فەرمووی : بۆیێکم نەهی لێ‌کردن لەبەر ئەو فەقیرانەی کە لە لاوە هاتبوون بیخۆن ، زەخیرەی لێ هەڵگرن صـەدەقەی لێ بکەن .

٢٥٧٤/٣٦ - عن عمرة بنت عبدالرحمن عن عائشة - رضي الله تعالى عنها [وعنه] - قالت الضّحية كنا نملّح منه فنقدم به الى النبي - صلى الله

تعالى عليه وسلم - بالمدينة ، فقال : لا تأكلوا إلا ثلاثة = أيام = ، وليست بعزيمة ، ولكن أراد أن يطعم منه والله أعلم • ح - ٨/٢٩٧ •

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : خوێمان بە گۆشتی قوربانیەوە ئەکرد ، لە مەدینە بۆ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - مان دائەنا ، فەرمووی : لە دوای سێ رۆژ مەیخۆن • ئەمما ئەوە نەهیە قەطعیی نیە کە حەرامی بکا ، ئیرادەی وابوە (والله أعلم) کە دەوڵەمەند دەرخواردی فەقیری بدا •

٢٧/٢٥٧٥ - عبدالله بن خبّاب سمع أبا سعيد يحدث أنه كان غائباً ، فقَدِم فقُدِّم إليه لحم ، قال [قالوا • نسخة] : وهذا من لحم ضحايانا • فقال : = أخروه = لا أذوقه • قال [أبو سعيد] : ثم قمت فخرجت حتى آتي أخي أبا قتادة [صوابه قتادة] وكان أخاه لأمه [أنيسة بنت خارجة] وكان بدرياً فذكرت ذلك له ، فقال : إنه حدث بعدك أمر • خ - ٨/٢٩٦ • ح - ٦/٢٥٤ • وفيه في آخره : حدث بعدك أمر نَقْض لما كانوا ينهون = عنه = من أكل لحوم الأضحى بعد ثلاثة أيام ح - ٦/٢٥٤ •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خدریی - رضي الله تعالى عنه - غائیب ئەبێ ، لە دواییدا تەشریفی لەسەفەر هاتەوە ، گۆشتیان بۆ دانا ، وتیان : گۆشتی قوربانیە • فەرمووی : = بیبەنەدواوە = لێی ناخۆم تا لە قەتادەی دایكبرام نەپرسم [قەتادە لەگەڵ ئەبوسەعیدا - رضي الله تعالى عنهما - لە ئەنیسەی کچی خاریجە بوون] لە قەتادەم پرسیی فەرمووی : لە دوای تۆ ئەمرێ حادیث

بوە نەقضی ئەوە ئەکا کە لە دوای سێ ڕۆژ لە گۆشتی قوربانیی خواردن دروست نیە •

٢٨/٢٥٧٦ - عن سلمة بن الأكوع - رضي الله تعالى عنه - قال : قال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : من ضحى منكم فلا يصبحن بعد ثالثة وفي بيته منه شيء • فلما كان العام المقبل قالوا : يا رسول الله نفعل كما فعلنا العام الماضي ؟ قال : كلوا وأطعموا وادخروا ، فان ذلك العام كان بالناس جهد ، فأردت أن تعينوا فيها • ح - ٢٩٦/٨ • م - ٢١٠/٨ فقال : لا إن ذاك عام كان الناس فيه بجهد فأردت أن يفشو فيهم •

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هەرکەسێ لە ئێوە قوربانیی بکا لە پاش سێ ڕۆژ هیچ کەس ڕۆژنەکاتەوەو لەو گۆشتە شتێك لە ماڵیا بێ • کە ساڵی دوایی هات عەرزیانکرد : (يا رسول الله) وەك ساڵی پێشوو بکەین ؟ فەرمووی : خەیر بخۆن ، دەرخوارد بدەن ، بیکەن بە زەخیرە ؛ ساڵی پێشوو گرانیی بوو خەڵق لە مەشەققەتا بوون برسیيان بوو ، مەقصوودم وابوو کە موعاوەنەتیان بکەن فەرەحییان بکەوێتە ناو •

٢٩/٢٥٧٧ - عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : يا أهل المدينة لا تأكلوا لحوم الأضاحي فوق ثلاث ، وقال ابن مثنى [الراوي] : ثلاثة أيام ، فشكوا الى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أن لهم عيالا وحشماً وخدماً • قال : كلوا وأطعموا واحبسوا ، أو ادخروا • قال ابن مثنى : شك عبدالأعلى• م - ٢١٠/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەی ئەهلی مەدینە لە دوای سێ رۆژ لەگۆشتی قوربانیی [یەعنی هیخۆتان] مەخۆن . خەڵق شکاتیانبردە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم : (يا رسول الله) عەیالمان هەیە ، خزمەتکارمان هەیە ، کەسو کاری زۆرمان هەیە . فەرمووی : بخۆن دەخوارد بدەن ، حەبسی بکەن ، یا فەرمووی : پاشەکەوتی بکەن (عبد الاعلى) لەم دوو لەفظەدا شکی بوە .

٢٥٧٨/٣٠ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ كنا نتزود لحوم الأضاحي على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الى المدينة . ح ـ ٥/١٢٦ ، م ـ ٨/٢٠٩ ، ن ، وعنه حديث المنع والنسخ .

٢٥٧٩/٣١ ـ ثوبان ـ رضي الله تعالى عنه ـ مولى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : قال لي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في حجة الوداع : أصلح هذا اللحم ، فأصلحته ، قال : فلم يزل يأكل منه حتى بلغ المدينة . م ـ ٨/٢١١[1] .

---

(١) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی حەدیثەکانی جابیرو ثەوبانی نەنووسی ، ئەمە تەرجەمەکانیانە :

جابیر ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گۆشتی قوربانیمان ئەکرد بە توێشوو بۆ مەدینەو ، تا مەدینە .

ثەوبانی مەولای پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە (حجة الوداع)دا پێیفەرمووم : ئەم گۆشتەم بۆ چاك بکە ، بۆم چاككرد . تا گەیشتە مەدینە لێی خوارد .

عن علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ حديث المنع • ح ـ ٨/٢٩٧ • وعن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أيضاً • ح ـ ٨/٢٩٨ • هەردووکیان مەنسووخن (بما مضى) وە یا مەخصووصن (كما مضى) •

صيام يوم العيدين(١) :

٣٢/ ٢٥٨٠ ـ أبو عبيد ـ رحمه الله تعالى ـ مولى ابن الأزهر انه شهد العيد يوم الأضحى مع عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فصلى قبل الخطبة ، ثم خطب الناس ، فقال : يا أيها الناس إن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قد نهاكم عن صيام هذين العيدين • أما أحدهما فيوم فطركم من صيامكم ، وأما الآخر فيوم تأكلون نسككم • قال أبو عبيد : ثم شهدت مع عثمان بن عفان [رضي الله تعالى عنه] فكان ذلك يوم الجمعة ، فصلى قبل الخطبة ، ثم خطب فقال : يا أيها الناس إن هذا يوم قد اجتمع لكم فيه عيدان، فمن أحب أن ينتظر الجمعة من أهل العوالي فلينتظر ، ومن أحب أن يرجع فقد أذنت له • قال أبو عبيد : ثم شهدته مع علي بن أبي طالب [رضي الله تعالى عنه] فصلى قبل الخطبة ثم خطب الناس فقال : ان رسول الله نهاكم أن تأكلوا لحم نسككم فوق ثلاث • ح ـ ٨/٢٩٧ • ح ـ ٣/٤٠٤ الى عثمان •

تەرجەمە :

ئەبوعوبەید ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت ئیمامی عومەرا ـ رضي الله تعالى عنه ـ حازری نوێژی جەژنی قوربان بووم ، لە پێش خوطبەدا نوێژی جەژنی کرد ، لە پاشا خوطبەی بۆ خەڵق خوێند ، فەرمووی : ئەی خەڵقینە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لە ڕۆژووی ئەم دوو جەژنە لێ‌کردوون : یەکێکیان ڕۆژێکە ئیفطارتان لە

(١) بەرۆژووبوون لە جەژنەکانا .

ڕۆژوو تیاکردۆتەوە • ئەوی تریان ڕۆژێکە کـە لـە قوربانیتان ئەخۆن •
ئەبوعوبـەیـد ئـەفـەرمـوێ : لـە پاشـــــا لـە خزمـــەت ئیمامی
عوثمانـا حـازری بـووم ، ئـەو ڕۆژە ڕۆژی جومعـە بـوو ، لـە پێش
خوطبەدا نوێـژی کـرد لـە پاشــا خوطبەی خوێنـد ، فەرمووی : ئەی
خەڵقینە ئیمڕۆ ڕۆژێکە بۆ ئێوە دوو جەژنی تیا کۆبۆتەوە • هەرکەســێ لە
ئەهلی ژوور مەدینەوە حەزەکا کـە موتتەظیری جومعـە بێ موتتەظیر بێ ،
هەرکەسێ حەزەکـا بگەڕێتەوە ئیـذنی ئەدەم • ئەبوعوبەید ـ رحمه الله ـ
ئەفەرموێ : لە پاشا لـە خزمەت ئیمامی عەلیشـــا ـ رضي الله تعالى عنه ـ
حازری بووم لە پێش خوطبەدا نوێژی کرد ، لە پاشا خوطبەی خوێنـــد ،
فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لێکردوون کە زیاد
لە سێ ڕۆژ گۆشتی قوربانیی بخۆن •

نوێژ لـە پێش خوطبـەدایـە •

ڕۆژی جەژن ڕۆژوو حەرامە •

لە شارێکا جومعەی بەسەرابێ دروستە بگەڕێتەوە بۆ جێی خۆی •

لە ئەووەڵەوە لەبەر سەبەبێ گۆشتی قوربانیی لـە سێ ڕۆژ زیـاتـر
پاشەکەوتکردنی حەرام بوە ، کە ئەو سەبەبە نەما حەڵاڵ کرا •

ڕیوایـەتی ئیمامی عەلیو ئیبنوعومەر ـ رضـــي الله تعـــالى عنهم ـ
مەنسووخە ، ناسیخ بە حەزرەتی عەلی لەو وەختەدا ئەبێ گەیێ بێ •

لـە جەژنا لـە مزگەوتا یاریکردنو تەماشـــاکردنی ژنان(١) ، یاریی منداڵان ، گۆرانیی ژن لـە حوزووری پیاوا دروســـتە ، گوێ لێڕاگرتنیشی دروستە :

(١) واتە ژنان تەماشای یاریی بکەن ، نەك پیلوان تەماشای ژنان بکەن .

٣٣/٢٥٨١ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : دخل أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] وعندي جاريتان من جواري الأنصار تغنيان [بدف • م بدفين • ن] بما تقاولت الأنصار [من فخر أو هجاء بعضهم لبعض] يوم بُعاث [حصن للأوس] قالت : وليستا بمغنِّيتين • فقال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] : أمزاميرُ الشيطان في بيت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟! وذلك في يوم عيد • فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : يا أبا بكر ان لكل قوم عيداً ، وهذا عيدنا • ح - ٢/١٩٧ •

وعنها قالت : دخل عليَّ رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - وعندي جاريتان تغنيان بغناء بعاث ، فاضطجع على الفراش وحول وجهه • ودخل أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] فانتهرني وقال : مزمارة الشيطان عند رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟! فأقبل عليه - رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : دعهما • فلما غفل غمزتهما فخرجتا • وكان يوم عيد يلعب السودان بالدرق والحراب • فإما سألت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - وإما قال : أتشتهين تنظرين ؟ قلت : نعم • فأقامني وراءه ، خدي على خده ، وهو يقول [للسودان] : دونكم يا بني أرفدة [وهو جد حبشة الأكبر] حتى اذا مللت قال : حسبكِ ؟ قلت : نعم قال : فاذهبي • ح - ٢/١٩٥ ، ٢١٧ ، م - ٤/٢٠٥ ، ٢٠٩ وفيه فزجرهم عمر فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : دعهم ، أمْنا بني أرفدة •

قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] لقد رأيت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقوم على باب حجرتي والحبشة يلعبون بحرابهم في

مسجد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يسترني بردائه لكي أنظر الى لعبهم ، ثم يقوم من أجلي حتى أكون أنا التي أنصرف ، فاقدروا قدر الجارية الحديثة السن حريصة على اللهو . م ـ ٢٠٨/٤ .

عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بينما الحبشة يلعبون عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بحرابهم إذ دخل عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] فأهوى الى الحصباء يحصبهم بها . فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : دعهم يا عمر م ـ ٢١١/٤ . وهذا القدر كاف والحادثة واحدة والألفاظ متقاربة .

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هاتەلام دوو جارییەم لە لا بوو دەفیان لێئەداو گۆرانیی دائیر بە شەڕی رۆژی بوعاثیان ئەوت ، ئەمما عادەتیان گۆرانیی‌وتن نەبوو . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی راکشابوو رووی وەرگێڕا . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هات نەڕانی بەسەرما فەرمووی : سازی شەیتان لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێئەدرێ ؟! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رووی‌کردە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی‌فەرموو : یا ئەبوبەکر وازیان لێ بێنە ، هەر قەومێ جەژنێکیان هەیە ، ئەمەیش جەژنی ئێمەیە .

هەم عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : رۆژی جەژن بوو ، سوودانیی لە مزگەوتی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە تێزمو قەڵغان یارییان ئەکرد ، نازانم یا خۆم لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم ویست یا ئەو فەرمووی : حەزەکەی تەماشایان بکەی‌و ؟ منیش

عەرزم‌کرد : بەڵێ • لە پشت خۆیەوە رای‌وەستانم ، رووومەتم لەسەر رووومەتی مویارەکی بوو [لەبەر من رائەوەستا تا خۆم ئەگەڕامەوە • بزانن جاریەیێکی تازەساڵ کە چەندە حەریصە لەسەر لەهوو لەعب • أخری] • [ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ دەستی لێدانە بەردە وردە بۆی ئەهاویتن کە مەنعیان بکا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەی عومەر وازیان لێ بێنە] فەرمووی : ئەی بەنی‌ئەرفەدە ئەمین بن یاریی خۆتان بکەن • کە مەلوول بووم لە سەیریان فەرمووی : بەستە ؟ عەرزم‌کرد : بەڵێ • فەرمووی : کە وابێ بڕۆ •

ریوایەت بە ئەلفاظی موتەقاریبەی مەئال‌یەك زۆرە ، ئەوەندە کافیە •

خواردن لە جەژنا

٣٤/٢٥٨٢ ـ أنس ـ رضي الله تعالی عنه ـ قال : کان رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لا یغدو یوم الفطر حتی یأکل تمرات • وفي أخری عنه : ویأکلهن وترا • ح ـ ٢/١٩٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە جەژنی رەمەزانا تا چەند خورمایێکی نەخواردایە تەشریفی نەئەهاتە دەرێ • [چونکی لە ئەووەڵەوە لە پێش نوێژا خواردن حەرام بوو ، ئەوە نەسخ بوەوە ، بۆ بەیانی نەسخ لە پاشا لە پێش نوێژا ئەیخوارد] ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : بە تاق ئەیخوارد • سیان ، پێنج ، حەوت •

تكبير العيد(١) :

٢٥٨٣/٣٥ ـ محمد بن أبي بكر الثقفي قال : سألت أنساً ـ رضي الله تعالى عنه ـ ونحن غاديان من منى الى عرفات عن التلبية : كيف كنتم تصنعون مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قـال : كـان يلبي الملبي لا ينكر عليه ، ويكبر المكبر فلا ينكر عليه • ح ـ ٢٠٩/٢ وفي الحج م ـ ٣٨٩/٥ •

تەرجەمە :

محەمـەدى كوڕى ئەبوبەكـرى ئەقەفيى ئەفەرموێ : = لـە مينـــا ئەگەڕاينەوە = لە ئەنەس ـ رضي الله عنه ـم پرسيى: چۆنتان تەلبيە ئەكرد لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله عليه وسلم ـ ؟ فەرمووى : ئەوى (لبيك)ى بكردايە كەس عەيبى لێنەئەگرت تەكبير كوننده (ألله أكبر)يـان ئەكردو كەس ئينكارى نەئەكرد •

صوورەتى تەكبير لاى شافيعيى ـ رضي الله تعالى عنه ـ سێ دەفعـە (ألله أكبر) لـە پاشـــا (لا إله إلا الله والله أكبر ألله أكبر ولله الحمد)] يـا بە خەيريەت بچين بۆ حەج لەوێ فێر ئەبين • (وفقنا الله وإياكم) •

ئيبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لـە مينادا لـە خێوەتى خۆيـا تەكبيرى ئەكرد ، دەنگى بەرزئەكردەوە تا ئەهلى مزگەوت ئەيانبيست ، لە ئەييامى ميناداو ، لە دواى نوێژى فەرزو سونەتو ، لەسەر جێى خۆىو ، لە دانيشتنو رۆينيا ••• تەكبيرى ئەكرد •

مەيموونە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە رۆژى جەژنى قوربانـا تەكبيرى ئەكرد • لە شەوانى تەشريقا لە مزگەوتا لەگەڵ پياوان ژنانيش لە پشـــت

---

(١) (الله اكبر)كردنى جەژن •

ئەبانی کوڕی ئیمامی عوثمانەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ وە لە پشت عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە تەکبیریان ئەکرد • ح ـ ٢/٢٠٨ •
[دەرحەق تەکبیر لە کەیەوە تا کەی حەدیثێك لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثابت نەبوە • فەقەط صەحابەو عەلی‌و ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لە صوبحی عەرەفەوە تا ئاخری ئەییامی مینا کردوویانە • قسطلانی] • [دیارە کە لە خۆیانەوە نەیانکردوە • رەشید] ح ـ ٢/٢٠٨ •

مووی بەدەن‌و نینۆککردن بۆ کەسێ کە قوربانیی بکا :

٣٦/٢٥٨٤ ـ أم سلمة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من كان له ذِبح يذبحه ، فإذا أهلّ هلال ذي الحجة فلا يأخذن من شعره ولا من أظفاره شيئا حتى يضحي • م ـ ٨/٢١٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ قوربانی‌یێکی ببێ کە سەری ببڕێ لە ئەووەڵی هیلالی (ذی الحجه)وە تا قوربانیەکەی سەرئەبڕێ نە لە بەدەنی موو بکاتەوە نە نینۆکی بکا •

الذبح لغير الله(١) :

٣٧/٢٥٨٥ ـ عامر بن واثلة [رحمه الله تعالى] قال : كنت عند علي بن أبي طالب [رضي الله تعالى عنه] فأتاه رجل فقال : ما كان النبي ـ صلى الله

(١) قۆچکردن بۆ غەیری خودا •

تعالى عليه وسلم - يُسِرّ إليك ؟ قال : فغضب وقال : ما كان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يُسرّ إلي شيئاً يكتمه الناس ، غير انه قد حدثني بكلمات أربع • قال : فقال : ما هن يا أمير المؤمنين ؟ • قال : قال : لعن الله من لعن والده [أي ووالدته] ، ولعن الله من ذبح لغير الله ، ولعن الله من آوى محدثا ، ولعن الله من غير منار الأرض • م - ٨/٢٢٠ •

تەرجەمە :

پیاوێ هاتە خزمەت ئیمامی عەلی - رضي الله تعالى عنه - لێی پرسیی : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بە دزیەوە چی پێ فەرمووی ؟ ئیمامی عەلی - رضي الله تعالى عنه - لەوە رقی هەڵسا ، فەرمووی : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - هیچی بەدزیەوە بە من نەفەرموەو لە خەڵقی بشارێتەوە ، ئەوەندە هەیە چوار کەلیمەی پێفەرمووم • وتی : ئەو چوار کەلیمەیە چیە ؟ فەرمووی کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : لەعنەت لەو کەسە بێ کە [دایكو] باوکی لەعنەت بکا • لەعنەت لەو کەسە بێ کە بۆ غەیری خوا حەیوان سەربڕێ • لەعنەت لەو کەسە بێ کە پەنای ئەهلی فەساد ئەداو موحافەظەی ئەکا • لەعنەت لەو کەسە بێ عەلامەتی سنووری زەوی ئەگۆڕێ [و ئەیخاتە سەر زەوی خۆی] •

کەسێ کەسێکی لە سەفەرێکەوە بێتەوەو حەیوانی لەبەر پێدا سەربڕن داخلی ئەوە نیە • وەك عەقیقە وایە ، شوکری خوایەو ئیظهاری سرووره بە هاتنەوەی • نەوەویی (نقلاً عن الرافعي رحمهما الله) ٨/٢٢١ •

ئەبوئومامەی کوڕی سەهل - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : لە مەدینەدا قوربانیمان قەڵەو ئەکرد ، موسوڵمانانی تریش قەڵەویان ئەکرد • ح - ٨/٢٩٠ •

کەســـێ نوێژی جەژنی لەگەڵ ئیماما نەکرد ـ پیاو بێ یا ژن ـ دوو ڕکات بکا • ئەوانەی لە ماڵەوەن‌و لە دێهاتن ئەوانیش دوو ڕکـات بکەن • چونکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ [لە حەدیثی جاریەکانا کـە گۆرانییان ئەوت] فەرمووی : ئەمە جەژنی ئێمەیە ئەی ئەهلی ئیسـلام • یەعنی ئەهلی ئیسلام لە شارا چی ئەکەن لە دێهاتیشا بۆیان ســـــوننەتە • ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەمری بە مەولای ، کە ئیبنو ئەبی عوتبەیە ، کرد کەس‌و کارەکانی کۆکردەوە وەك شاریی نوێژی پێ‌کردن • عەکرەمە : ئەهلی صەحرایش وەك ئیمام دوو ڕکات ئەکەن •

حەوتەم‌و منـــاڵ ناونان :

عەقیقە لە صیفەت‌و لە شەرائیطا وەك ئوضحیەیە ، موناسبە کە ئێرەدا ذیکر بکرێ •

عەقیقە لە لوغەتا بە مووی سەری مناڵ ئەڵێن لە وەختی لەدایکبوونیا • لە شەرعا بەو حەیوانە ئەڵێن کـــە سەرئەبڕرێ لـــە وەختی بوونی منـــاڵا • عەقیقە وەك قوربانیی ســـــوننەتی موئەککەدەیە • فەرز یا واجب نیە • مەقصوود لەوە ئیظهاری سرووره بە نیعمەتی وەلادەتی ئەولادو نەشـــری نەســـەب • لای لەیثی کوڕی ســــەعدو ، داودو ئەبوزیناد واجبە ، لای ئەبوحەنیفە سوننەت نیە ، لای محەمەد لە پێشا کردوویانە ، لە پاشـــا بـــە قوربانیی نەسخ بۆتەوە • بەعزێك ئەڵێن : بیدعەتە • لە موەططەئا لە زەیدی کوڕی ئەبوسەلەمەوە ئەویش لە پیاوێ لـــە بەنی ضـــەمرە ، ئەویش لـــە باوکیەوە ، ریوایەت ئەکا کە لـــە پێغەمـــەر ـ صلی الله تعـالی علیـــه وسلم ـ ســـــوئال‌کرا لە عەقیقە ، فەرمووی : عوقووق ناحوبێنم • فەرمووی : هەرکەسێ مناڵێکی بوو حەزی کرد شـتێکی بۆ بکا بـە قوربانیی بیـکا •

ترمذیی ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : کوڕ مەرهوونە بە عەقیقەیێکەوە لە رۆژی لەدایکبوونا بۆی سەربیڕێ و سەری بتاشرێ • ترمذیی ئەفەرموێ : ئەم حەدیثە حەسەنە بە ریوایەتێ ، صەحیحە بە ریوایەتێ • یەعنی دوو طەریقی هەیە طەریقێکی هەموو راویەکانی ریجالی حەدیثی صەحیحن ، طەریقێکی هەموو راویەکانی ریجالی حەدیثی حەسەنن • بەزار لە ئیبنوعەباسەوە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ بە مەرفووعیی ریوایەت ئەکا بۆ کوڕ دوو عەقیقە ، بۆ کچ عەقیقەیێك هەیە • عەقیقە لە هەموو ئەحکامیا وەك ئوضحیەیە ئەوەندەی هەیە رانی بە کاڵیی ئەدرێ بە مامان لەبەر حەدیثی حاکم • قسطلاني ـ ٨/٢٣٩ ، ٢٤٠ •

٢٥٨٦/٣٨ ـ عن سلمان بن عامر الضبي [رضي الله تعالى عنه] قال : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : مع الغلام عقيقة فأهريقوا عنه دماً [شاتين بصفة الأضحية عن الغلام ، وشاة عن الجارية • ت ، د ، ن] وأميطوا عنه الأذى • ح ـ ٨/٢٤٢(١) •

٢٥٨٧/٣٩ ـ عن حبيب بن الشهيد قال : أمرني ابن سيرين أن أسأل الحسن [البصري ، رحمهم الله] ممن سمع حديث العقيقة ؟ فسألته فقال : من سمرة بن جندب [رضي الله تعالى عنه] ح ـ ٨/٢٤٢ •

تەرجەمە :

(قورەیش) کە یەکێکە لە راویانی ئەم حەدیثە لە ئاخری عومریا خەرفا گەلێ شتی بێ مەعنای ریوایەت ئەکرد ، لە پێش ئەمەدا حەدیثی

---

(١) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی حەدیثەکەی سەلمانی نەنووسیوە ، ئەمە تەرجەمەکەیەتی : ئەفەرموێ : لەگەڵ منداڵدا عەقیقە هەیە ، خوێنی بۆ برژێنن [دوو مەڕ وەك حەیوانی قوربانیی بۆ نێرو ، بۆ مێ یەکێك] قژوپیسیی لێ لابەرن •

پێشوویو پاشـــــووی لێك جوێ بکرێتەوە وەفاتی کرد ، کە وابێ ئەم حەدیثەی نابێ بـە حوججەت • فەقـەط ئیبنومەدینیو ئەقـرانی لـە پێش تێکچوونی قورەیشا حەدیثیان لێ بیستوە ، ئەم حەدیثە لەوانەیە (والله أعلم) تەرجەمەی وایە :

ئیبنومیرین ئەمر ئەکا بە حەبیب کە لە حەسەنی بەصریی بپرسێ کـە حەدیثی عەقیقەی لە کێ بیستوە ؟ حەبیب ئەفەرموێ : لێمپرسیی فەرمووی: لە سەمورەی کوڕی جوندوبم بیست (رضي الله تعالى عنه) •

دەرحەق بە عەقیقە نە لە بوخاریداو نـە لـە موســـــلیما حەدیثێکی بەئەساس نیە ، بۆیە ئەبوحەنیفە لای سوننەت نیە • لای بەعزێ بیدعەتە •

ناونانو گۆشکردنی منالو کونیە بە ناویەوە :

٤٠/٢٥٨٨ ـ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : ولد لي غلام فأتيت به النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسماه ابراهيم فحنكه بتمرة ، ودعا له بالبركة ، ودفعه إلي ، وكان أكبر ولد أبي موسى • ح ـ ٨/٢٤٠ ، م ـ ٨/٤٥٣ •

تەرجەمە :

ئەبوموسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کوڕێکم بوو بردمە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناوی نا ئیبراهیم لـە پاش ناونانی بە خورما گۆشی کرد ، دۆعای بەرەکەتی بۆ کردو دایەوە دەستم • ئەو کوڕە کوڕی گەورەی ئەبوموسا بوو •

بەو ئیعتیبارە صەحابی‌یە ، ئەمما هیچی لە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - نەبیستوە ، بەم ئیعتیبارە لە کیباری تابیعینە • یەعنی بە روئیەت صەحابی‌یە ، بە سەماع تابیعی‌یە •

لازم ناکا ناونان بخرێتە رۆژی حەوتەمەوە •

٢٥٨٩/٤١ - أسماء بنت أبي بكر - رضي الله تعالى عنهما - انها حملت بعبدالله بن الزبير بمكة ، قالت : فخرجت وأنا متم ، فأتيت المدينة فنزلت قباء ، فولدت بقباء ، ثم أتيت [حين نفست • م آخرى] به رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فوضعته في حجره ، ثم دعا بتمرة فمضغها ، ثم تفل في فيه ، فكان أول شيء دخل جوفه ريق رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ثم حنكه بالتمرة ، ثم دعا له فبرك عليه • وكان أول مولود = ولد = في الاسلام ، ففرحوا به فرحاً شديداً لأنهم قيل لهم : ان اليهود قد سحرتكم فلا يولد لكم • ح - ٢٤٠/٨ ، م - ٤٥٤/٨ •

تەرجەمە :

ئەسما - رضي الله تعالى عنها وعن أبيها - ئەفەرموێ : لە مەککە حامیلە بووم بە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر - رضي الله تعالى عنهما - لە مەککە چوومە دەرێ مانگی خۆم بوو ، هاتمە مەدینە لە قوباء دابەزیم ، لەوێ وەضعی حەملم‌کرد ، لە پاشا بردمە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە باوەشیما دانا ، داوای خورمای کرد بردیانە خزمەتی ، خورماکەی جوی ، لە پاشا تفی موبارەکی خۆیی کردە دەمیەوە ، ئەووەڵ شتێك کە چوە ناو زگیەوە تفی پێغەمەر بوو - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە پاشا بە خورماکە گۆشی‌کرد دۆعای بەرەکەتی بۆ کرد • عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - ئەووەڵ مەولودێ بوو کە لە ئیسلاما بوو ، زۆر پێی

دڵخۆش بوون ؛ چونکی پێیان ئەوتن : یەهوودیی سیحریان لێکردوون منداڵتان نابێ •

٢٥٩٠/٤٢ ـ عن عروة وفاطمة [تابعيان ، فحديثهما مرسل ، ويصير مرفوعاً برواية أثناء الحديث عن عائشة وأسماء ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] بنت المنذر بن الزبير انهما قالا : خرجت أسماء بنت أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] حين هاجرت ، وهي حبلى بعبدالله بن الزبير ، فقدمت قباء فنُفِست بعبدالله بقباء ، ثم خرجت حين نفست الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ليحنكه ، فأخذه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ منها ، فوضعه في حجره ، ثم دعا بتمرة ، قال : قالت عائشة : فمكثنا ساعة نلتمسها قبل أن نجدها ، فمضغها ثم بصقها في فيه ، فإن أول شيء دخل في بطنه لريق رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ • ثم قالت أسماء : ثم مسحه وصلى عليه ، وسماه عبدالله • ثم جاء وهو ابن سبع سنين أو ثمان ليبايع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأمره بذلك الزبير [رضي الله تعالى عنه] فتبسم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حين رآه مقبلا إليه ، ثم بايعه • م ـ ٨/٤٥٣ •

تەرجەمە :

عوروەو فاطیمەی کچی مونذیری کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ، ورحمهما ـ ئەفەرموون : ئەسمای کچی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کە هیجرەتی کرد حامیله بوو بە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر ، تەشریفی چوە قوباء لەوێ وەضعی حەملی بوو ، کە وەضعی حەملەکەی کرد چوە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە گۆشی بکا ، لێی وەرگرت و لە باوەشیا داینا ، خورمای ویست • عایشە ـ رضي الله تعالى

عنها ـ ئەفەرموێ : ساعەتێ بۆ خورما گەڕاین تا دەستمان کەوت ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خورماکەی جوی تفانیەوە ناو دەمی ، ئەووەڵ شتێ کە چوە ناو زگیەوە تفی پێغەمەر بوو ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ ئەسما ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە پاشـا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی موبارەکی بەسەرا هێناو صەلەواتی لەسەرداو ، ناوی نا عەبدوڵلا • لە پاشا عومری حەوت یا هەشـــت ســاڵ بوو چوە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە موبایەعەی لـە خزمەتـا بکا • زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنــه ـ بـەوە ئەمری پێ‌کردبوو • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە چاوی پێی‌کەوت رووی‌کردۆتە خزمـەتی تەبەسسومی کردو موبایەعەی لەگەڵ کرد •

[•• •••]

٢٥٩١/٤٣ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يؤتى بالصـــبيان فيبرك عليهم ، ويحنكهم • م ـ ٨/٤٥٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ منالی ئەهێنرایە خزمەت دۆعای بەرەکەتی بۆ ئەکردن‌و ، گۆشی ئەکردن •

٢٥٩٢/٤٤ ـ عن سهل بن سعد [رضي الله تعالى عنه] قال : أتى بالمنذر بن أبي أسيد [رضي الله تعالى عنهما] الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ حين ولد فوضعه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على فخــذه وأبو أســيد جالس ، فلهي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بشيء بين يديه ، فأمر أبو أسيد بابنه فاحتمل من على فخذ رسول الله ـ صلى الله تعالى

عليه وسلم - فأقبلوه ، فاستفاق رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : أين الصبي ؟ فقال أبو أسيد : أقبلناه يا رسول الله • قال : ما اسمه ؟ قال : فلان يا رسول الله • قال : لا ولكن اسمه المنذر ، فسماه يومئذ المنذر
م - ٨/٤٥٤ ، ح - ٩/١٠٦ •

تەرجەمە :

سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرمویْ : مونذیری کوڕی ئەبوئوسەیدیان لەو رۆژەدا کە بە وەلەد بوو هێنایە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - وەری گرت لە سەر رانی دایِنا • ئەبوئوسەید - رضي الله تعالى عنه - دانیشتبوو ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - شتێکی لەبەردەما بوو پێوە مەشغوولْ بوو • ئەبوئوسەید ئەمری کرد منالەکەیان لەسەر رانی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - هەلگرتو ناردیەوە مالەوە • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کە ئیفاقەی بوو فەرمووی : منالەکە لە کوێیە ؟ ئەبوئوسەید عەرزی کرد : ناردمانە مالەوە (يا رسول الله) فەرمووی : ناوی چیە ؟ عەرزی کرد : ناوی فلانە • فەرمووی : خەیر ناوی مونذیرە • لەو رۆژەوە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ناوی نا مونذیر •

٢٥٩٣/٤٥ - عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : نادى رجل رجلا بالبقيع : يا أبا القاسم • فالتفت اليه رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : يا رسول الله إني لم أعنك ، إنما دعوت فلانا • فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - تسمّوا باسمي ولا تكنّوا بكنيتي •
م - ٨/٤٤٢ • ح - ٦/٢٢ وفيه : كان النبي [رسول الله] - صلى الله تعالى علنه وسلم - في السوق •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ تەشریفی لە بەقیعـا ـ لـــە بوخـاریـدا لـە بازاڕا ـ ئەبێ • پیـاوێ ـ پیـاوێ بانگ ئـەکـا ئـەڵێ : (یا أبو القاسم) پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئـاوڕ ئەداتـەوە ، پیاوەکە ئەڵێ : (یا رسول الله) مەقصوودم تۆ نەبوو ، مەقصـــــــوودم فلان‌کەس بوو • پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ فەرمووی : بـە ناوی منەوە ناوبنێن ، بە کونیەی منەوە کونیە مەکەن •

٤٦/٢٥٩٤ ـ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن أحب أسمائكم الى الله عبدالله وعبدالرحمن م ـ ٨/٤٤٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خۆشەویسترینی ناوتان لە لای خوا عەبدوڵلاو عەبدوڕەحمانە •

٤٧/٢٥٩٥ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : ولـد لرجل منا غلام فسماه محمداً ، فقال له قومه : لا ندعك تسمي باسم رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فانطلق بابنه حامله على ظهره ، فـأتى بـه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا رســـول الله ولد لي غـــلام فسميته محمدا ، فقال لي قومي : لا ندعك تسمي باسم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : تسـموا باسمي ، ولا تكنوا بكنيتي ، فإنما أنا قاسم أقسم بينكم • م ـ ٨/٤٤٣ ، ٤٤٤

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لە ئێمە منالێکی بوو ناوی نا محەمەد ، خزمەکانی پێیان‌وت : نایێلین بە ناوی پێغەمەرەوە ـ صلی

الله تعالى عليه وسلم ـ ناوی بنێی • هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و منالەكەی بەكۆڵەوە بوو[1] • عەرزی كرد • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بە ناوی منەوە ناوبنێن ، بە كونیەی منەوە كونیە بۆ خۆتان دامەنێن ؛ چونكی من قاسمم لە بەینتانا تەقسیم ئەكەم • یەعنی خوا عەطای ئەكاو من بەشی ئەكەم •

٢٥٩٦/٤٨ ـ وعنه ـ أيضاً يقول : ولد لرجل منا غلام فسماه القاسم ، فقلنا : لا نكنيك أبا القاسم ، ولا نُنْعِمك عينا [ولا كرامة • أخرى] فأتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فذكر ذلك له • فقال : اسم ابنك عبدالرحمن • م ـ ٤٤٥/٨ • ح ـ ١٠٥/٩ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لە ئێمە كوڕێكی ئەبێ ناوی نا قاسم • پێمانوت : بەوە ئیكرامت ناكەین و چاوت روون ناكەینەوە كە پێت بڵێین : (أبو القاسم) هاتنە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزیان كرد : فەرمووی : ناوی كوڕەكەت عەبدوڕەحمانە •

٢٥٩٧/٤٩ ـ عن المغيرة بن شعبة [رضي الله تعالى عنه] قال : لما قدمت نجران سألوني ، فقالوا : إنكم تقرؤن يا أخت هارون وموسى قبل عيسى بكذا وكذا ! فلما قدمت على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سألته عن ذلك فقال : إنهم كانوا يسمون بأنبيائهم والصالحين قبلهم • م ـ ٤٤٥/٨ •

---

(١) ئەگەر دانەر ـ خ ـ لێرەدا بیفەرموایە : منالەكەی دا بە كۆڵیاو بۆی دەرچوو بۆ خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رەوانترو كوردانەتر دەبوو .

تەرجەمە :

موغیرەی کوڕی شوعبە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە چوومە نەجران لێیانپرسیم : ئێوە ئەڵێن : (یا أخت هارون) مووسا بەوەندەو بەوەندە لە پێش عیسادا بوە ـ علیهما السلام ـ ! کە هاتمە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ عەرزمکرد ، فەرمووی : ئەوان بە ناوی پێغەمەرانو صولەحاوە خەڵقیان ناو ئەبرد •

٢٥٩٨/٥٠ ـ (عن سمرة بن الجندب [رضي الله تعالى عنهما] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ : أحب الكلام الى الله = أربع =) : مەحبووبترینی کەلام لای خوا ئەم چوارەیە : (سبحان الله) تەنزیهی خوا ئەکەم لە نەقص (والحمد لله) : حەمد هەر بۆ خوایە • (ولا إله إلا الله) : غەیری خوا مەعبوودی بەحەق نیە (والله أكبر) : خوا لە هەموو شت گەورەترە (لا یضرك بأیهن بدأت) : بە هەرکامێکیان دەستپێبکەی زەرەری بۆت نیە • (ولا تسمین غلامك یسارا) : ناوی کوڕەکەت مەنێ یەسار (ولا رباحا) : ناوی مەنێ رەباح (ولا نجیحا) ناوی مەنێ نەجیح (ولا أفلح) : ناوی مەنێ ئەفلەح (فإنك تقول : أثم هو ؟ = فلا یكون =) : چونکی [یەسار ئاسانیە ، رەباح قازانجە ، نەجیح خەلاص بوە ، ئەفلەح نەجات بوو ، بۆ یەکێ لەمانە] ئەپرسیی : لەوێیە ؟ =لەوێ نابێ= (فیقول : لا) ئەڵێن : نەء (إنما هن أربع فلا تزیدن علي) : ئەوانە چوارن لێیان زیاد مەکە • م ـ ٤٤٦/٨ •

٢٥٩٩/٥١ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنه] یقول : أراد النبي ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ أن ینهى أن یسمى بیعلى وببركة وبأفلح وبیسار وبنافع وبنحو ذلك ، ثم رأیته سكت بعد عنها فلم یقل شیئاً ،

ثم قبض رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ولم ينه عن ذلك ، ثم أراد عمر أن ينهى عن ذلك ثم تركه م ـ ٨/٤٤٦ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیرادەی بوو کە نەهی بکا لە ناونان بە یەعلاو بەرەکــەتو ئەفلەحو یەســـارو نافیعو ئەمثالی ••• لە پاشا لێی بێدەنگ بوو هیچی نەفەرموو ، لە پاشا وەفاتی کرد ، هیچ نەهی لێ نەکرد • عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ یش ئیرادەی کرد لە پاشا تەرکی کرد •

ناوگۆڕین :

٢٦٠٠/٥٢ ـ ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن ابنة لعمر [رضي الله تعالى عنهما] كانت يقال لها : عاصية ، فسماها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جميلة • م ـ ٨/٤٤٨ •

تەرجەمە :

کچێکی ئیمامی عومەر ـ رضـــي الله تعالى عنــه ـ ناوی عاصیه بوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناوی نا جەمیلە •

٢٦٠١/٥٣ ـ ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : كانت جويرية [رضي الله تعالى عنها] اسمها برة ؛ حول رسول الله ـ صلى الله تعــالى عليــه وسلم ـ اسمها جويرية • وكان يكـره أن يقـــال : خرج من عنده بــرة • م ـ ٨/٤٤٨ • د في الأدب المفرد •

٢٦٠٢/٥٤ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن زينب ـ رضـــي الله تعالى عنها ـ كان اسمها برة ، فقيل تزكي نفسها ، فسماها رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زينب • م ـ ٨/٤٤٨ ، ح ـ ٩/١٠٧ جە •

تەرجەمە :

جوەیریە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ناوی (برة) بوو [یەعنی چاك] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناوی گۆڕیی ناوی نا جوەیریە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەزی نەئەکرد بڵێ : چاکی لە لا چوە دەرێ •

زەینەب ـ رضي الله تعالى عنها ـ ناوی بەڕڕە بوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تەزکیەی نەفسی خۆی ئەکا ، ناوی نا زەینەب •

٢٦٠٣/٥٥ ـ زينب بنت أم سلمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : كان اسمي برة فسماني رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زينب • قالت : ودخلت عليه زينب بنت جحش ـ رضي الله تعالى عنها ـ واسمها برة ، فسماها زينب • م ـ ٤٤٨/٨ •

تەرجەمە :

زەینەبی کچی ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ناوم بەڕڕە بوو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناوی نام زەینەب • زەینەبی کچی جەحش ـ رضي الله تعالى عنها ـ چوە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناوی بەڕڕە بوو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناوی نا زەینەب •

٢٦٠٤/٥٦ ـ عن محمد بن عمرو بن عطاء قال : سميت ابنتي برة ، فقالت لي زينب بنت أبي سلمة [رضي الله تعالى عنهما] : ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن هذا الاسم ، وسمّيتُ برة ، فقال

رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تزكوا أنفسكم الله أعلم بأهل البر منكم • فقالوا : بم نسميها ؟ قال : سموها زينب • م ـ ٨/٤٤٨ •

تەرجەمە :

محەمەدی کوڕی عەمری کوڕی عەطاء ئەفەرموێ : کچێکم ناو نا بەڕڕە ، زەینەبی کچی ئەبوسەلەمە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لەم ناوە کردوە ؛ من ناوم بەڕڕە بوو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تەزکیەی خۆتان مەکەن خوا ئەزانێ کە ئەهلی چاك کێیە • وتیان : ئەی ناوی بنێین چی ؟ فەرمووی : ناوی بنێن زەینەب •

٥٧/٢٦٠٥ ـ عن المسيَّب [رضي الله تعالى عنه] ان أباه جاء الى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : ما اسمك ؟ قال : حَزَن • قال : أنت سهل • قال : لا أغير اسماً سمانيه أبي • قال ابن المسيب [سعيد ـ رحمه الله تعالى] : فما زالت الحزونة فينا بعد • ح ـ ٩/١٠٦ •

تەرجەمە :

موسەییەب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : باوکم هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ناوت چیە ؟ فەرمووی : حەزەن [یەعنی بەردەلانیو جێی چاڵو کۆسپو نارەحەت] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تۆ سەهلی [یەعنی جێی نەرمانیو دەشتو رەحەت] عەرزی کرد : ناوێ ناگۆڕم کە باوکم ناویەتی • سەعیدی کوڕی موسەییەب ـ رحمه الله تعالى ورضي عن أبيه ـ فەرمووی : لەو وەختەوە کە باپیرم ئەو ناوەی کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ

نای‌و قەبوولی نەکردو رەدی کردەوە حەزەن‌و توندو تیژیمان لە ناوا دەرنەچوو و لانەبرا •

٢٦٠٦/٥٨ - عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : إن أخنع [أخنى • خ أخرى] اسم عند الله رجل يسمى ملك الأملاك • زاد ابن أبي شيبة في روايته : لا مالك إلا الله • قال الأشعثي : قال سفيان : مثل شاهانشاه • وقال أحمد بن حنبل : سألت أبا عمرو عن أخنع • فقال : أوضع • م - ٨/٤٤٩ • خ - ٩/٤١٢

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : خوارترینی ناو لە لای خواو مەبغووضترینی پیاوێکە ناوی نرابێ (ملك الأملاك) یەعنی پادشای پادشاهان ، مالیکی هەموو مالیکان غەیری خوا مالیك نیە • ئەحمەد - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : لە ئەبوعەمرم پرسیی : مەعنای ئەخنەع چیە ؟ فەرمووی : ئەوضەع • پەستترین [مەعنای ئەخنا : قەبیحتر ذەلیلتر] •

٢٦٠٧/٥٩ - وعنه قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أغيظ رجل على الله يوم القيامة وأخبثه وأغيظه عليه رجل كان يسمى ملك الأملاك • لا مالك إلا الله • م - ٨/٤٤٥ •

تەرجەمە :

پیاوێ کە لە رۆژی قیامەتا لای خوا - عز وجل - لە هەموو پیاوێ زیاتر مەقهوور بێ‌و خەبیثتر بێ پیاوێکە ناونرابێ بە (ملك الأملاك) غەیری خوا - عز وجل - هیچ مالیك نیە •

خۆلاصە ئینسان کە ناوی منالی خۆی نا ناوێکی بۆ ئینتیخاب کا کە مەعناکەی راست بێو لایەق بێ ، پێی جوان بێ ، بلّندیی تیا نەبێ ، بە نەفیکردنی تەشائوم نەکرێ ، لە ئیثباتو نەفیا ناشیرینی نەبێ •

ناونان بە ناوی نەبیاوە :

٦٠/٢٦٠٨ - اسماعيل [بن خالد البجلي قال :] قلت لابن أبي أوفى [عبدالله - رضي الله تعالى عنهما -] رأيت ابراهيم ابن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟ قال : مات صغيراً ، ولو قضي أن يكون بعد محمد - صلى الله تعالى عليه وسلم - نبي عاش ابنه ، ولكن لا نبي بعده •

ح - ١٠٧/٩ • جه

تەرجەمە :

ئیسماعیل ئەفەرمووێ : لە عەبدوڵلای کوڕی ئەبوئەوفام پرسیی : تۆ ئیبراهیمی کوڕی پێغەمەرت دیوە ؟ - علیهما الصلاة والسلام - فەرمووی : بە منالیی وەفاتی کرد • ئەگەر خوا - عز وجل - ئیرادەی ببوایە کە لە دوای حەزرەتی محەمەد - صلى الله تعالى عليه وسلم - پێغەمەرێ ببێ کوڕی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەژیا ، ئەمما لە دوای ئەو پێغەمەر نیە •

عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - لە خۆیەوە نەیفەرمووە ؛ چونکی ئەمە شتێك نیە کە بە عەقڵ بزانرێ ئەبێ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووبێتی ئەگەر ئیبراهیم بمایە ئەبوو بە پێغەمەر ، ئەمما لە دوای من پێغەمەر نابێ ، عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - ئەوەی حیکایەتکردبێ ، مەعنای وا نیە ئەولادی تیرینەی پێغەمەر هەر ئەبێ پێغەمەر بێ ، گینا

هەموو دنیا ئەبوو بە پێغەمەر • کەچی گەلێ ئـەولادی پێغەمەران کـافـر بوون ، ئەکثەری عەظیمەی خەڵق هەموو کافرن هەموویشـــیان ئەولادی پێغەمەرانن • ئەمە مەخصووصە بە ئیبراهیمی کوڕی پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

تەرخیمی ئیســـم :

عن أبي[1] هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال لي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يا أبا هر • (ئەمە موعەللەقە) يأتي ـ إن شاء الله ـ مسنداً في الأطعمة • = ح ـ ٩/١١٠ =

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێی فەرمووم : (يا أبا هر) •

لە فەضلی عایشەدا[2] ـ رضي الله تعالى عنها ـ رابورد کـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليــه وســلم ـ پێی فەرموو : (يا عائيش) ئەمە جیبریلە سەلامت لێ ئەکا •

تكنيــة المشرك(٢) :

٢٦٠٩/٦١ ـ أسامة بن زيد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أخبر [عروة] ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ركب على حمار عليه قطيفة فدكية وأسامة وراءه يعود سعد بن عبادة [رضي الله تعالى عنه] في بني حارث بن

(١) دانەر ـ خ ـ ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوەو ســــــەرچاوەیشـی نەنووسیبوو •

(٢) کونیە بۆ موشریك بەکارهێنان •

الخزرج قبل وقعة بدر ، فسارا حتى مرا بمجلس فيه عبدالله بن أبي بن سلول ، وذلك قبل أن يسلم [أي ينافق] عبدالله بن أبي ، فإذا في المجلس أخلاط من المسلمين والمشركين عبدة الأوثان واليهود ، وفي المسلمين عبدالله بن رواحة [رضي الله تعالى عنه] فلما غشيت المجلس عجاجة الدابة خمر ابن أبي أنفه بردائه ، وقال : لا تغبروا علينا • فسلم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم وقف فنزل فدعاهم الى الله وقرأ عليهم القرآن • فقال له عبدالله بن أبي بن سلول [كوڕی ئوبەیی‌و كوڕی سەلوول] : أيها المرء لا أحسن مما تقول ان كان حقاً ، فلا تؤذنا به في مجالسنا ، فمن جاءك فاقصص عليه • قال عبدالله بن رواحة [رضي الله تعالى عنه] : بلى يا رسول الله فاغشنا في مجالسنا فإنا نحب ذلك • فاستب المسلمون والمشركون واليهود حتى كادوا يتثاورون [أي يثب بعضهم على بعض] فلم يزل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يَخْفِضهم [أو من التخفيض] حتى سكتوا [بالتاء والنون] ثم ركب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دابته = فسار = حتى دخل على سعد بن عبادة [رضي الله تعالى عنه] فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أي سعد ألم تسمع ما قال أبو حباب ؟ ـ يريد عبدالله بن أبي ـ قال كذا وكذا • فقال سعد بن عبادة [رضي الله تعالى عنه] : أي رسول الله بأبي أنت أعف عنه واصفح ، فوالله الذي أنزل عليك الكتاب لقد جاء الله بالحق الذي أنزل عليك ولقد اصطلح أهل هذه البَحْرة [البحيرة ، أي المدينة] أن يتوّجوه ويعصبوه بالعصابة ، فلما رد الله ذلك بالحق الذي أعطاك شرق [غص] بذلك ، فذلك فعل به ما رأيت • فعفا عنه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [الى هنا م ـ ٧/٤٣٩] وكان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأصحابه يعفون عن المشركين وأهل الكتاب كما أمرهم الله [تعالى] ويصبرون على الأذى قال الله تعالى :

(ولتسمعن من الذين أوتوا الكتاب)[1] ... الآية وقال : (ودّ كثير من أهل الكتاب ...)[2] فكان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يتأول في العفو عنهم ما أمره الله به حتى أذن له فيهم ، فلما غزا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بدرا فقتل الله بها من قتل من صناديد الكفار وسادة قريش . فقفل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأصحابه منصورين غانمين معهم أسارى من صناديد الكفار وسادة قريش قال ابن أبي ابن سلول ومن معه من المشركين عبدة الأوثان : هذا أمر قد توجه . فبايعوا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على الاسلام فأسلموا . خ ـ ١١٣/٩ ، خ ـ ٦٤/٧ ، خ ـ ٣/أدب . خ ـ ٨/ طب . خ ـ ٩/استئذان . خ ـ ٩/لباس .

تەرجەمە :

ئوسامەی كوڕی زەید ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سواری گوێدرێژێ بوو قەطیفەیەكی فەدەكیی لێكرابوو ، ئوسامەی سواری پاشكۆی كرد ، عەیادەتی سەعدی كوڕی عوبیادەی كرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە بەنی حەرثا لە پێش غەزای بەدرا ، تا تەشریفی بە لای مەجلیسێكا رابورد عەبدوڵلای كوڕی ئوبەیی كوڕی سەلولیان لە ناوا بوو ، لە پێش ئەمەدا كە عەبدوڵلا بە مونافیقیی ئیظهاری ئیسلامەتی بكا ، لە مەجلیسەكەدا لە موسوڵمانو موشریكو جوولەكەی تیا بوو ، لە ناویاندا عەبدوڵلای كوڕی رەواحەیش بوو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كە تۆزی حەیوانەكەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەسەر مەجلیسەكەدا چوو ، عەبدوڵلای كوڕی ئوبەی بە ریداكەی لووتی

(١) آل عمران / ١٨٦ .
(٢) البقرة / ١٠٩ .

داپۆشی فلتانی : تۆزمان بۆ مەکەن ! پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ [بە نیبەتی موسوڵمانەکان] سەلامی لێ‌کردن وەستاو دابەزیی ، دەعوەتی کردنە سەر ئیمانو قورئانی بۆ خوێنـــدن • عەبـدوڵـلای کوڕی ئوبەی فلتانی : ئەی پیاو لەوە چاتر نیە کە تۆ ئەیڵێی ئەگەر حەق بێ ! بـەوە لـە مەجلیسمانا ئەذیەتمان مەدە ، بچۆرەوە جێی خۆت هەرکـەسێ هاتـە لات قســـــەی بۆ بکە • عەبدوڵلای کوڕی رەواحە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ فەرمووی : (یا رسول الله) تەشریفت هەر بێنەرە ناو مەجلیسەکانمان ئێمە پێمان خۆشە • موسوڵمانو موشریكو جوولەکە دەستیان‌کرد بەشـــــەڕە جوێن ، نزیك بوو پەلاماری یەك بدەنو دەست بکەن بـە شەڕو جەنگ • پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسـلم ـ هـەر ئەینیشاننەوە تـا بێدەنگ بوونو دامەزران •

لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سواری حەیوانەکەی بوو تەشریفی لێی‌دا رۆیی تا چوە لای سەعدی کوڕی عوببادە ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئەی سەعد نابیەی ئەبوحەباب ، یەعنی ئوبەیی کوڕی سەلوول ، چی وت ؟ ئەوەو ئەوەی وت • ســـــەعد ـ رضي الله تعا عنه ـ عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) باوکم فیدات بێ لێی خۆش ببـەو صـەرفی نەظەری لێ بکە • قەسەم بەوەی قورئانی بۆ نازڵ فەرمووی ! خـوا ئـەو حەقەی نازڵ‌کردوویتە سەر ئەهلی ئەم مەدینەیە ئیتتیفاقیان کردو قسەیان یەکدیگیر بوو لەسەر ئەمە کە تاجی مەلیکیی بنێنە سەری بیکەن بە مەلیك • کە خوا ـ عز وجل ـ بەو حەققەی کـــە عەطای کردوە بـە تۆ ئەو فکرەی ئەوانی رەدکردەوە ، عەبدوڵلا ئەوەی لە قوڕگ‌گیراو پێی خنکا ، لە داخی ئەوە ئەوەی کرد کە دیت • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەفوی کـــرد •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و ئەصحابی وەك خوا ئەمری پێ فەرمووبوون لە موشریكو ئەهلی کیتاب خۆش ئەبوون ، صـــــەبریان لەسەر ئەذاو جەفایان ئەکرد • خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : لەوانەی کـە لە پێش ئێوەوە کتێبیان بۆ نێرراوەو لە موشریکان •• ئەذاو جەفا ئەبینن • هەم ئەفەرموێ : زۆر لە ئەهلی کیتاب حەزەکەن کە لە دوای ئەمە ئیمانتان هێناوە بتانگێرنەوە لە ئیمانو بتانکەن بە کافر ، لەبەر ئەمە حەسەدتان پێ ئەبەن کە قورئـان بۆ ئێوە نێرراوە لە دوای ئەوە کە حەقیان لێ مەعلووم بوە ئەزانن کە دینەکەتان حەقە عەفویان بکەنو صـــــــەرفی نەظەریان لێ بکەن ••• الخ •

کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و ئەصحابی غەزای بەدریان کردو خوا ـ عز وجل ـ لەو غەزایەدا گەورە گەورەی قورەیشی کوشـــتو تەشریفیان گەڕایەوە بۆ مەدینە بـە موظەففەریو ئەســــــیری کافرانو گەورە ـ گەورەی قورەیشییان لە خزمەتا بوو ئیبنوئوبەییو موشـــریکان وتیان : ئەمە شتێکە رووی داوە ، لەسەر ئیسلامەتی [یەعنی نەك لەسـەر موعاوەنەتی] بەیعەت بە رەسوولوڵلا بکەن ، یەعنی تـا بزانین ئاخریەکەی چی ئەکا • ئەو وەختە [بە مونافیقیی] موسوڵمان بوون •

٦٢/٢٦١٠ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : قيل للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لو أتيت عبدالله بن أبي ! قال : فانطلق إليـه وركب حماراً ، وانطلق المسلمون وهي أرض سَبَخَة ، فلما أتاه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إليك عني ، فوالله لقد آذاني نَتْن حمارك ! قال : فقال رجل من الأنصار : والله لحمار رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أطيب ريحاً منك ! قال : فغضب لعبدالله رجل من قومه • قال : فغضب لكل واحد منهما أصحابه • قال : فكان بينهم ضرب بالجريد وبالأيدي وبالنعال •

قال : فبلغنا أنها نزلت فيهم : (وإن طائفتان من المؤمنين اقتتلوا فأصـــلحوا بينهما •••)[1] م ـ ٧/٤٤٠ •

(ئەمەیش ظاهیر وایە هەر ئەو حادیثەیە بێ)

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەریان کـرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ئەگەر تەشریفت بچوایە بۆ لا ئیبنوئوبەی ! سواری گوێدرێژێ بوو ، موسوڵمانانیش لـە خزمەتیا چوون ، رێیـەکـە شۆرەکات بوو تەپوتۆزی بوو ، کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشـــریفی چوو بۆ ئەوێ عەبدوڵلا وتی : لێم دوورکەوەردوە وەڵلاهی بۆگەنی گوێدرێژەکەت ناڕەحەتی کردم ! پیاوێ لە ئەنصار [ظاهیر وایـە ئیبنو رەواحە بێ ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ] فەرمووی : وەڵلاهی بۆنی گوێدرێژەکەی ئەو لە بۆنی تۆ خۆشترە ! پیاوێ لە قەومی عەبدوڵلا لەبەر عەبدوڵلا رقی هەڵسا ، قەومی عەبدوڵلا بۆ ئەوو ئەصـــحاب بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رقیان هەڵسا • دەستیان‌کرد بە لەیەکدان بە دەستو ، بە دارو ، بە نالێن[2] • راوی ئەفەرموێ : وامان پێ‌گەیوە ئەم ئایەتـە کـە ئەفەرموێ : (وان طائفتان من المؤمنين •••) : ئەگـــەر لـە موسوڵمانان دوو طائیفە شەڕیان بوو صوڵح لە بەینیانا بکەن •• دەرحەق ئەو حادیثەیە نازڵ بوە •

الفـرع والعتيرة :

٢٦١١/٦٣ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا فَرَع ولا عتيرة • = قـال : = والفرع أول

(١) الحجرات / ٩ •
(٢) مەبەستی نەعلو سۆلو پێلاوە •

تتاج = كان ينتج لهم = كانوا يذبحونه لطواغيتهم • والعتيرة [ما تذبح] في [العشر الأول من] رجب • ح – ٢٤٣/٨ • م – ٢١٣/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله عليه وسلم – فەرمووی : فەرەع نیە لـە ئیسلاما عەتیرەیش نیە • فەرەع : ئەووەڵ بێچووی حەیوانە • موشـــــریکان بۆ بەکانیانی ئەکەن بە قوربانیی‌و بۆیـان ســـەرئەبڕن • عەتیرەیش : ئـەو حەیوانەیە کـە لـە دەی ئەووەڵی رەجەبا ســـەری ئەبڕن ناوی ئەنێن (رجبية) •

فەرەع‌و عەتیرە بەو ناوو نیەتە کـــە موشریکان کردوویانە حەرامە • ئەمما بە ناوی خواوە سەربڕین دروستە حەرام نیە • لای شـــافیعی موستەحەبە لەبەر حەدیثی ئەبوداودو نەسائیی کـە لـە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە – رضي الله تعالى عنهما – ریوایەت کراوە ؛ لە پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – یان پرسیی لە دەرحەق فەرەع ، فەرمووی : فەرەع حەققە فەقەط سەری نەبڕی تا ئەبێ بە بینتومەخاض یا ئیبنولەبون ، لە رێی خودا باری لێ بنرێ یا بدرێ بە بێوەژنێ چاترە لەمە کە بەبچکۆلەیی ســـەری ببڕی‌و گۆشتەکەی بە موەکەیەوە بنووسێ •

(تمت الأضحية وصلاة العيدين والعقيقة والتسمية ولله الحمد)

١٩٤١/٦/١٧ سێ شەممە

الأطعمـــة[1]

بسم الله الرحمن الرحيم

له جەژنا طەعام ئەخورێو ، شەراب ئەخورێتەوەو ، لیباسی تازە لەبــەر ئەکرێ •• موناسب وایە کە لەوانە حەرامو حەلاڵیان بەیان بکرێ • خوا لە قورئانا ئەمری بە ئێمەو ئەنبیا فەرموە کە رزقی طەیبب بخۆین ، لە حەرام ئیجتیناب بکەین فەرموویەتی :

(یا أیها الذین آمنوا کلوا من طیبــات ما رزقنــاکم واشکروا لله ، إن کنتم إیاه تعبدون)[2] ••• الآیة •

تەرجەمە :

ئەی ئەوانەی کـــە باوەڕیــان هەیە بەوەی خوا ـ عز وجل ـ نازڵی کردوە لە طەییبو حەلاڵی ئەوە بخۆن کە کردوومە بە رزقی ئێوە ، شوکری خوای لەسەر بکەن ، ئەگەر هەر بۆ ئەو عیبادەت دەکەن •

(یا أیها الرسل کلوا من الطیبات ، واعملوا صــالحاً ، إني بما تعملون علیم)[3] •

(١) باسی خۆراکو خواردەمەنی .
(٢) البقــرة / ١٧ .
(٣) المؤمنون / ٥٣ .

تەرجەمە :

ئەی پێغەمەران لە شتی پاكو حەلاڵ بخۆن ، عەمەلی صالح بكەن ، بە تەحقیق من عیلمم هەیە بەوەی ئەیكەن •

٢٦١٢/١ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يحب الحلواء والعسل • ح ـ ٢٢٤/٨ • م ـ ٢٨٣/٦ في حديث طويل ، وفيه سبب إيلائه ـ عليه الصلاة والسلام ـ د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەلواو هەنگوینی حەز لێ ئەكرد •

بوخاریی ئەم حەدیثەی لە ئەشربیەو طیبو حیەلا ذیكر كردوە • بوخاریی ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : كە خەڵق لەسەرخوان كۆبوونەوە خەڵقی سەرخوانێ بۆیان نیە لەو خوانە شت بدەن بە خەڵقی سەر خوانێكی تر • ئەمما بۆیان دروستە بیدەن بە خەڵقی سەر خوانی خۆیان ، یا وا بكەن یا وازبێنن •

٢٦١٣/٢ ـ عن عبدالله بن جعفر بن أبي طالب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يأكل الرطب بالقثاء • خ ـ ٢٢٨/٨ • م ـ ٣٢٠/٨ •

تەرجەمە :

= عەبدوڵلای كوڕی جەعفەری كوڕی ئەبوطالیب ئەفەرموێ : = پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ روطەبو خەیاری بەیەكەوە ئەخوارد • د ، ت ، جه •

٣/٢٦١٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيننا تمراً ، فأصابني منه خمس : أربع تمرات ، وحشفة ، ثم رأيت = الحشفة = هي أشدهن لضرسي • ح ـ ٨/٢٢٨ • وفي أخرى : فأصابني سبع تمرات إحداهن حشفة •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویٚ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خورمای لە بەینمانا تەقسیم کرد پێنج ، لە ریوایەتەکەی ترا حەوت ، خورمام بەرکەوت ، یەکێکی وشکەڵ بوو • چواری ، شەشی ، خورما بوو کەچی وشکەڵەکە لەوانی تر جیڕتر بوو بۆ خرێم [یەعنی وەك مەعجوون پێوە ئەنووسا] •

٤/٢٦١٥ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يجوع أهل بيت عندهم التمر • وفي أخرى عنها قالت : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يا عائشة بيت لا تمر فيه جياع أهله ، أو جاع أهله • قالها مرتين أو ثلاثاً • م ـ ٨/٣٢٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ١ ـ ماڵێ خورمای تیا بێ برسیی نابن • ٢ ـ ماڵێ خورمای تیا نابێ برسین • ئەمەی دووجار یا سێ جار فەرموو •

زەخیرەخستن لە ماڵا باشە ، رەنگە سوننەتیش بێ ، لەبەر ئەم حەدیثە ، چونکی بەرچاوی ماڵو مناڵی بەوە تێر ئەبێ •

٥/٢٦١٦ ـ وعنها ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن في عجوة العالية شفاءً ، أو انها ترياق أول البكرة • م ـ ٨/٣٢٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە خورمای ئەشرەسیی باغانی لای سەرووی مەدینەدا شیفا هەیە • یا فەرمووی : [لە زەهر] لە ئەووەڵی بەیانیانا •

٢٦١٧/٦ ـ عن سعد بن أبي وقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من تصبح كل يوم بسبع تمرات عجوة لم يضره في ذلك اليوم سم ولا سحر • م ـ ٣٢٥/٨ • خ ـ ٢٣١/٨ • د ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ بەیانی حەوت خورمای عەجوە بخوا ئەو رۆژە نە زەهر نە سیحر زەرەری پێ ئەگەیێنێ •

[آمنا • ئەمما خورما چۆنە ؟ بە چی ئەڵێن ؟ رەنگی چۆنە ؟!][1] •

٢٦١٨/٧ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مقعياً [جالساً على إليتيه ناصباً ساقيه] يأكل تمراً • م ـ ٣٢١/٨ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م دی لەسەر سمتی دانیشتبوو هەردوو ئەژنۆی هەڵنابوو ، خورمای ئەخوارد •

(١) خوالێخۆش‌بوو مامۆستا مەلا رەشید مەبەستی ئەوە نیە خورمای نەدیوە ، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە لە تورکیا ـ کە ئەو لەو کاتەدا لەوێ بوە ـ خورما نیە .

٢٦١٩/٨ ـ وعنه قال : أتي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بتمر فجعل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقسمه وهو محتفز [غير متمكن في جلوسه] يأكل منه أكلاً ذريعاً • وفي رواية زهير : أكلاً حثيثاً • م ـ ٣٢١/٨ •

تەرجەمە :

ذەریعو حەثیث : مەعنایان یەکێکە ، یەعنی بە عەجەلە •

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خورمای بۆ هات لەسەر چیچکان دانیشتبوو بەشی ئەکرد بە عەجەلە لێی ئەخوارد [تا زوو دەفعی برسێتی بکاو بە زەریفی تەقسیمی بکا • ئەم خورمایە خورمای خۆی بوو لە (بيت المال)ی موشتەرەك نەبوو ، گینا لێی نەئەخوارد مەگەر لە دوای بەشکردن] •

٢٦٢٠/٩ ـ ابن أبي أوفى ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : غزونا مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سبع غزوات أو ستاً نأكل معه الجراد [ويأكله معنا • أبو نعيم] ح ـ ٢٦٠/٨ • م ـ ١٧٥/٨ •

تەرجەمە :

ئیبنوئەبی ئەوفا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەوت یا شەش غەزامان کرد لە خزمەتیا کوللەمان ئەخوارد [ويأكله معنا • أبو نعيم] ئەویش لەگەڵی ئەخواردین •

لە حەدیثێکی مورسەلی ئەبوداودا لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ یان پرسیی بۆ کوللەخواردن • فەرمووی : نایخۆمو حەرامیشی ناکەم •

ظاهیر وایه بۆ بەیانی جەواز کەمێکی لەگەڵ خواردبن [فلا ینافي مرسل أبي داود][1] •

١٠/٢٦٢١ ـ عن أسماء بنت أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قالت : نحرنا على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فرساً فأكلناه •
خ ـ ٨/٢٧١ • م ـ ٨/١٦٨ • ن • جه •

تەرجەمە :

= ئەسمای کچی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : = لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەسپێکمان سەربڕیو خواردمان •

١١/٢٦٢٢ ـ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يأكل دجاجاً • خ ـ ٨/٢٧٢ •

تەرجەمە :

ئەبوموسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گۆشتی مریشکی ئەخوارد •

١٢/٢٦٢٣ ـ عن جبلة [بن سحيم] كنا بالمدينة في بعض أهل العراق فأصابنا سنة ، فكان ابن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] يرزقنا التمر ، فكان ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] يمر بنا فيقول : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن الاقران [حتى يستأذن أصحابه • أخرى م] إلا أن يستأذن الرجل منكم أخاه [قال شعبة : لا أدري هذه الكلمة إلا من

(١) دانەر ـ خ ـ لە سووچێکی لاپەڕەکەوە لەسەر [ویأكله معنا] ئەم قسەی نووسیوە • مەبەستیشی لە مورسەلی ئەبوداود ئەو حەدیثەیە کە لە پێش ئەم قسەدا نووسراوە •

كلمة ابن عمر – رضي الله تعالى عنهما – يعني الاستئذان • م] خ – ٤/٢٥١ •
م – ٣٢٢/٨ • د ، ت ، ن ، جە •

تەرجەمە :

١٣/٢٦٢٤[1] ـ جەبەلەی کوڕی سەحیم ئەفەرموێ : لەگەڵ بەعزێ ئەهلی عیراقا لە مەدینەدا بووین گرانیمان تووش بوو ، ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خورمای ئەداینێ بیخۆین • ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ مان بەلادا رابورد فەرمووی : دوان ـ دوان مەخۆن ، پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لێکردوە مەگەر ئیذن لە رەفیقەکانتان بخوازن • [شوعبە ئەفەرموێ : ئەم ئیذنخواستنە هەر لە ئیبنوعومەرەوەی ئەزانم • یەعنی لە ئەصلی حەدیثەکە نیە] •

١٤/٢٦٢٥ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : اذا [صنع لأحدكم خادمه طعامه ثم جاء به وقد وَلِيَ حره ودخانه فليقعده معه • م] أتى أحدَكم خادمُه بطعامه ، فإن لم يجلسه معه فليناوله لقمة أو لقمتين ، أو أكلة أو أكلتين ، فإنه ولي علاجه •
ح – ٣١٣/٤ • م – ١٥٣/٧ •

تەرجەمە :

پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە یەکێکتان خزمەتکاری طەعامی بۆ هێنا ئەگەر لەگەڵ خۆی دانەنێ لوقمەیێ یا دوو لوقمەی بداتێ ؛ چونکی ئەو زەحمەتی لەگەڵ کێشاوە [گەرمی ئاگرەکەیی و دووکەڵەکەی بەسەرا چوە • م] •

---

(١) دانەر ـ خ ـ ئەم ژمارەی بە هەڵە لێرەدا دووپات کردوەتەوە .

گۆشتی کەروێشك :

١٥/٢٦٢٦ - هشام بن زيد بن أنس عن أنس بن مالك - رضي الله تعالى عنه - قال : أنْفَجْنا أرنباً بمر الظهران ، فسعى القوم فلَغَبوا ، فأدركتها فأخذتها ، فأتيت بها أبا طلحة [رضي الله تعالى عنه] فذبحها وبعث بها إلى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - بوركها أو فخذيها . قال شعبة : فخذيها لا شك فيه . فقبله . قلت : وأكل منه ؟ قال : وأكل منه . ثم قال بعد : قبله . ح - ٣٢٥/٤ . م - ١٧٤/٨ .

تەرجەمە :

هیشامی کوڕەزای ئەنەس لە ئەنەسەوە - رضي الله تعالى عنه - ریوایەت ئەکا کە فەرمووی : لە (مر الظهران) کەروێشکێکمان هەڵسان ، خەڵق شوێنی کەوت ماندووبوون نەیانگرت ، من گەییمێو گرتم ، بردم بۆ ئەبوطەلحە - رضي الله تعالى عنه - سەری بڕی سمتەجوڵەکەی یا هەردوو رانی ، شوعبە بە بێ شـك ئەفەرموێ : هەردوو رانی ، نارده خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - هیشام ئەفەرموێ : لە ئەنەسم پرسیی : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لێی خوارد یان نا ؟ لە ئەووەڵەوە فەرمووی : لێی خوارد ، لە پاشاتا بەشككەوت لە خواردنیا فەرمووی : قەبوولیکرد .

گۆشتی کەروێشك حەڵاڵە گینا قەبووڵی نەئەکرد .

گۆشتی بزنمژ حەڵاڵە :

١٦/٢٦٢٦ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قال : أهدت أم حُفَيد خالة ابن عباس [رضي الله تعالى عنهم] الى النبي - صلى الله تعالى

عليه وسلم ـ أقِطاً وسمنا وأضُبّاً ، فأكل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من الأقط والسمن ، وترك الضب تقذرا • قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فأكل على مائدة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ولو كان حراما ما أكِل على مائدة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ح ـ ٣٢٦/٤ ، م ـ ١٧١/٨ • د ، ن مرسل صحابي •

تەرجەمە :

ئيبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئوممو حوفەیدەی پوورم کەشك‌ورۆن‌و چەند بزن‌مژێکی نـاردە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە کەشك‌و رۆنەکەی خواردو ، لە بزن‌مژەکەی نەخوارد، بێزی لێ‌کرد • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەگـەر حەرام بوایە لەسەر خوانی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەئەخورا = بەلاَم لەسەر خوانی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خورا = •

٢٦٢٨/١٧ ـ ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أخبره ان خالـد بن وليد الذي يقال له سيف الله أخبره انه دخل مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على ميمونة وهي خالته وخالة ابن عباس ـ رضـي الله تعالى عنهم ـ فوجد عندها ضباً محنوذاً قدمت بـه أختـه حُفيدة بنت الحرث من نجد ، فقدمت الضب لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وكان قلّما يقدم يده لطعام حتى يحدّث به ويسمى له ، فأهوى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يده الى الضب ، فقالت امرأة من النسوة الحضور : أخبرن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ما قدمتن له ، هو الضب يا رسول الله • فرفع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يده عن الضب • فقـال خالد بن الوليد [رضي الله تعالى عنه] : أحرام الضب يا رسول الله ؟ قال : لا

ولكن لم يكن بأرض قومي فأجدني أعافه • قال خالد : فاجتززته وأكلته ورسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ينظر إلي • ح - ٢٠٨/٨ • م - ١٦٨/٨ بفرق ما ١٦٩ بعينه •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : خالیدی كوڕی وەلید كە پێی ئەڵێن : سەیفوڵلا - رضي الله تعالى عنه - خەبەری داومێ كە لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - چوومە خزمەت مەیموونە - رضي الله تعالى عنها - پووری ئەوو ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهم - بوو • مەیموونە - رضي الله تعالى عنها - بزنمژی برژاوی لەلا بوو ، حوفەیدەی خوشكی لە نەجد بە دیاریی بۆی هێنابوو • بزنمژەكە لە بەردەمی پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - دانرا • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - كەمجار دەستی ئەبرد بۆ طەعام تا عەرزیان نەكردایە كە چیە • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - دەستیبرد بۆ بزنمژەكە ، ژنێ لەوانەی كە حازربوون لەوێ فەرمووی : بۆ عەرزی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ناكەن كە چیتان لە بەردەم داناوە ؟ (يا رسول الله) ئەوە بزنمژە • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - دەستی كێشایە دواوە • خالید - رضي الله تعالى عنه - عەرزیكرد : بۆ بزنمژ حەرامە ؟ فەرمووی : حەرام نیە ، ئەمما لە ئەرزی قەومی منا نەبوە پێزی لێ ئەكەم • خالید - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لەتمكردو خواردم پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تێم‌ئەفكری •

١٨/٢٦٢٩ - عن يزيد بن الأصم [رحمه الله تعالى] قال : دعانا عروس بالمدينة فقرب إلينا ثلاثة عشر ضباً ، فآكل وتارك • فلقيت ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] من الغد فأخبرته ، فأكثر القوم حوله حتى قال بعضهم :

قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا آكله ، ولا أنهى عنه ، ولا أحرمه . فقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : بئسما قلتم ! ما بعث نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إلا محللاً ومحرّماً . ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بينما هو عند ميمونة [رضي الله تعالى عنها] وعنده الفضل بن عباس وخالد بن الوليد [رضي الله تعالى عنهم] وامرأة أخرى ، إذ قُرِّب إليهم خِوان عليه لحم ، فلما أراد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يأكل قالت له ميمونة [رضي الله تعالى عنها] : إنه لحم ضب ، فكفّ يده وقال : هذا لحم لم آكله قط ، وقال لهم : كلوا . فأكل منه الفضل ، وخالد بن الوليد ، والمرأة [رضي الله تعالى عنهم] وقالت ميمونة [رضي الله تعالى عنها] : لا آكل من شيء إلا شيء يأكل منه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ . م ـ ٨/١٧٢ .

تەرجەمە :

یەزیدی کوڕی ئەصەمم ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : پیاوێکی تازەزاوا لە مەدینە بانگی‌کردین سێنزە بزنەمژی بۆ دانایین ، بەعزێ خواردی‌و بەعزێ نەیخوارد . بۆ سبەینێ بە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهم ـ گەییم عەرزم‌کرد ، خەڵق لە ئەطرافی کۆبوونەوەو زۆریان قسە لێ‌کرد . حەتتا بەعزێکیان وتی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرموویەتی : نایخۆم‌و ، نەهی لێ ناکەم‌و ، حەرامیشی ناکەم . ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : چ شتێکی خراپتان وت ؟! پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەر بۆیە نێرراوە کە شت حەڵاڵ بکاو حەرام بکا . تەشریفی لای مەیموونە بوو [رضي الله تعالی عنها] فەضلی کوڕی عەباس‌و خالیدی کوڕی وەلیدو ژنێکی تریشی لە خزمەتا بوو سفرەیێکیان هێنا گۆشتی لەسەر بوو ، کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەمای بوو لێی بخوا

مەیموونە [رضي الله تعالى عنها] عەرزیکرد : ئەوە گۆشـــتی بزنمژە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ دەستی کێشایەوە فەرمووی : ئــەوە گۆشتێکە قەط نەمخواردوە • بەوانی فەرموو : بخۆن ، فەضـلو خالیدو ئەو ژنە [رضي الله تعـالى عنهم] خواردیان • مەیموونـە [رضي الله تعـالى عنها] فەرمووی : لە هیچ شتێك ناخۆم مەگەر پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى علیه وسلم ـ لێی خواردبێ [یەعنی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ حەلاّلی کردوە] •

١٩/٢٦٣٠ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقـول : أُتيَ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بضب ، فأبى أن يأكل منه ، وقال : لا أدري لعله من القرون التي مسخت • م ـ ٨/١٧٢ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ ئەفەرموێ : بزنمژێکیان هێنـایـە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ ئیمتیناعی لە خواردنیکرد ، فەرمووی : نازانم(1) بەڵکو لە خەڵقی ئەو زەمانە بێ کە مەسخبوونەوە •

٢٠/٢٦٣١ ـ عن أبي سعيد [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رجل يا رسول الله إنا بأرض مضبة فما تأمرنا ؟ أو فما تفتينا ؟ قال : ذكر لي ان أمة من بني إسرائيل مسخت • فلم يأمر ولم ينه • قال أبو سعيد فلما كان بعد ذلك قال عمر [رضي الله تعالى عنه] : ان الله ـ عز وجل ـ لينفع به غير واحد ، وانه لطعام = عامة = هذه الرِعاء ، ولو كان عندي لطعِمته • انما عافه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ • وفي رواية جابر نحوه ، وفيــه : إن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لم يحرمه • م ـ ٨/١٧٢ و ١٧٣ •

(1) داتەر ـ خ ـ ئەگەر ئیرمدا بینووسیایە : (چووزانم لەوانەیە لە خەڵقی ئەو زەمانە بێ کە ...) رەوانتر دەبوو •

تەرجەمە :

پیاوێ عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : ئێمە لە ئەرزێکاین بزنمژی زۆرە چیمان ئەمر پێ ئەکەی ، بیخۆین یا نەیخۆین ؟ فەرمووی : پێیانوتووم : ئومەتێ لە بەنی ئیسرائیل مەسخبوونەوە . نە ئەمری بە خواردنی کرد ، نە نەهی لێ کرد .

ئەبوسەعید ئەفەرموێ : عومەر [رضي الله تعالی عنهما] لە دوای ئەوە فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ گەلێ خەلقی پێ مونتەفیع ئەکا [لە ریوایەتی جابیرا فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ حەرامی نەکردوە . م] طەعامی عامەی ئەم دەشتەکیەیە ، ئەگەر لامبوایە ئەمخوارد .

٢١/٢٦٣٢ ـ وعنه ان أعرابياً أتى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : إني في غائط مضبة ، وانه عامة طعام أهلي . قال : فلم يجبه. فقلنا : عاوده ، فعاوده ، فلم يجبه ثلاثاً ثم ناداه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في الثالثة فقال : يا أعرابي ان الله ـ عز وجل ـ لعن أو غضب على سبط من بني اسرائيل فمسخهم دوابَّ يدبون في الأرض ، فلا أدري لعل هذا منها ، فلست آكلها ولا أنهى عنها م ـ ٨/١٧٣ .

تەرجەمە :

ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : عەرەبێکی بەرِرانی هاتەخزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزی کرد : ئێمە لە ئەرزێکی نزماین کە بزنمژی زۆرە ، بزنمژیش طەعامی عموومی ئەهلی ئێمەیە . پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ جوابی نەدایەوە . پێمانوت : دووبارە عەرزیبکەرەوە . تا سێ دەفعە عەرزیکرد جوابی نەدایەوە . لە دوای دەفعەی سێیەم پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ

بانگی‌کرد : ئەی ئەعرابیی خوا ـ عـز وجل ـ لەعنی‌کـرد ، یـا فەرمووی غەزەبی گرت لـە قەومێ لـە بەنی ئیسرائیل خوا مەســـــخی‌کردنەوە بـە حەیوانانێ کـە بەسەر ئەرزا ئەڕۆن ، نازانـم بەڵکو بزنمژ لـەوانـە بێ ، نە ئەیخۆم نە نەهی لە خواردنی ئەکەم •

ئەم حادیثەیە ظاهیر وایە لە پێش حادیثەی هەدییەی حوفەیدەدا بووبێ ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ لەوێـدا ئـەمـری بـە خواردنی کردوەو بۆی حەڵاڵ‌کردوون • لێرەدا ئەگەر چی حەرامی نەکردوە ، ئەمما بـە ئەمرێکی تازە تەصریحی بە حەڵاڵیی نەکردوە ، هەر لەســـــــەر ئیباحەی ئەصلیی ماوەتەوە ، لە پاشا کە بە وەحی موطڵەلیع بوە بەسـەر ئەمەدا کە ئوممەتی مەسخ‌کراو نەسلی نابێ ئەمری فەرموە بە خواردنی •

٢٢/٢٦٣٣ ـ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : سـأل رجل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو على المنبر عن أكل الضب ، فقال : لا آكله ولا أحرّمه • م ـ ٨/١٦٧ •

تەرجەمە :

پیاوێ عەرزی پێغەمەری کرد ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ لـە وەختێکا کە تەشریفی لەسەر مینبەر بوو کـە بزنمژ ئەخورێ یا ناخورێ ؟ فەرمووی : من نایخۆم‌و حەرامیشی ناکەم •

حەدیثی بزنمژ زۆرە هەمووی لەسەر یەك دوو حادیثەیە ، مەئالیـان ئەمەیە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وســـــلم ـ نەیخواردوە بۆ خەڵقی حەڵاڵ‌کردوە • ئەوەندە بەسە •

٢٣/٢٦٣٤ ـ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنـا مـع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ نجني الكبـاث [بەری داری

ئیراك = سیواك] وان رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قـال : عليكم بالأسود منه • فإنه أطيبه • قالوا أكنت ترعى الغنم ؟ قال : وهل من نبي إلا وقد رعاها ؟ ح – ٥/٣٨٤ • م – ٨/٣٢٩ ن •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا بووین ـ صلى الله تعالى عليه ـ بەری دارسیواکمان ئەچنی • فەرمووی : رەشەکانی بکەنەوە چونکی خۆشترە • عەرزیانکرد : بۆ هیچ شوانیی مەڕت کردوە ؟ فەرمووی : بۆ هیچ پێغەمەرێ هەیە شوانیی مەڕی نەکردبێ ؟

شـــوانیی مەڕ نوێژو رۆژووی لەگەڵ بێو خەیانەت لـە صاحێب مەڕ نەکرێ مەسلەکێکی زۆر گەورەیە • مووسا شوانی شوعەیب بوە ـ عليهما الصلاة والسلام ـ • ئیمامی شافیعیی عیلمی ئوخرەویی لـە شەیبانی راعی ئەخذ کردوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

٢٦٣٥/٢٤ ـ قال عبدالله بن قيس [وهو أبو موسى الأشعري ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ما أحد أصبر على أذى يسمعه من الله [عز وجل] انهم يجعلون له ندا ويجعلون له ولدا وهو مع ذلك يرزقهم ويعافيهم ويعطيهم ! م – ١٠/٢٧٨ •

تەرجەمە :

ئەم حەدیثە موناســــــبە بە (ریقاق) لەبەر (یرزقهم) هێناومـەتـە (أطعمه)وە •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : هیچکەسێ لـە خوا ـ عز وجل ـ بە صەبرتر نیە لەسەر قسەی خراپو ناخۆش کـە خەڵق

دەرحەقی ئەیڵێو ئەبیبێ ؛ ئەڵێن : شەریکی هەیە ، ئەڵێن : ئەولادی هەیە . لەگەڵ ئەمەدا رزقیان ئەداتێ ، صیحەتیان ئەداتێ ، شتیان پێ عەطا ئەکا .

٢٥/٢٦٣٦ - وعنه عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : أطعموا الجائع ، وعودوا المريض ، وفكوا العاني . قال سفيان [رحمه الله تعالى] : والعاني : الأسير . ح - ٢٠١/٨ . كل من ذل واستكان وخضع فقد عنا . قسطلاني . ح - ٣٢٩/٨ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : طەعام بدەن بە برسیی ، عەیادەتی نەخۆش بکەن ، ئەسیر لە ئەسارەت دەربێنن .

٢٦/٢٦٣٧ - عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أصابني جهد شديد [من الجوع ، الجهد : الطاقة والمشقة] فلقيت عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] فاستقرأته آية من كتاب الله فدخل داره وفتحها [قرأها] علي ، فمشيت غير بعيد ، فخررت لوجهي من الجهد والجوع ! فإذا رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قائم على رأسي ، فقال : يا أبا هريرة فقلت : لبيك رسول الله وسعديك . فأخذ بيدي فأقامني وعرف الذي بي ، فانطلق بي الى رحله ، فأمر لي بعس [قدح] من لبن ، فشربت منه ، ثم قال : عد فاشرب يا أبا هريرة فعدت فشربت ، ثم قال : عد فعدت فشربت حتى استوى بطني فصار كالقِدح . قال : فلقيت عمر [رضي الله تعالى عنه] وذكرت له الذي كان من أمري ، وقلت له : تولى الله ذلك من كان أحق به منك يا عمر . والله لقد استقرأتك الآية وأنا لأقرأ لها منك . قال عمر [رضي الله تعالى عنه] والله لأن أكون أدخلتك أحب إلي من أن يكون لي مثل حمر النعم . ح - ٢٠١/٨ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : برسیەتییێکی زۆر بەشیددەتم تووش بوو ، بە عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ گەییم طەڵەبی خوێندنەوەی ئایەتێکم لێکرد لە قورئان [كأنە نایزانم] ئایەتەکەی بۆ خوێندمەوەو ، چوە ماڵەوە • نەختێ رۆییم لە برسانا بەدەمەوەکەوتم ، ئەوەندەم زانی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ژوور سەرمەوە تەشریفی وەستا بوو فەرمووی : (یا أبا هریرە) عەرزم‌کرد : بەڵێ لە خزمەتتام ئەی صاحێب سەعادەت • دەستی گرتم‌و هەڵی‌ساندم = زانی چیمە = بردمیە ماڵەوە • ئەمری کرد کاسەیێ شیریان بۆ هێنام • لێم‌خواردەوە ، فەرمووی : دیسان ، دیسان لێم خواردەوە ، فەرمووی : دیسان ، دیسان خواردمەوە تا زکم راست بوەوە وەك تیر • ئەمجا بە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ گەییم ئەوی بەسەرما هاتبوو عەرزم‌کرد ، وتم : خوا ـ عز وجل ـ دەفعی ئەو برسێتیەمی حەواڵە بە لە تۆ لایەقتر کرد یا عومەر • وەڵڵاهی ئایەتەکەم پێ خوێندیەوە خۆم لە تۆم چاتر ئەخوێند • فەرمووی : وەڵڵاهی ئەگەر بمبردیتایە ماڵەوەو تێرم‌بکردیایە لە هەموو وشتری سوور لە لام خۆشتر ئەبوو •

گۆشتی کەر خواردن :

٢٦٣٨/٢٧ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالی عنهما ـ قال : نهی رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یوم خیبر عن لحوم الحمر الأهلیة ، ورخص في الخیل • ح ـ ٣٥٦/٦ • م ـ ١٦٤/٨ ، ن •

تەرجەمە :

رۆژی خەیبەر پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - نەهی فەرموو لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژو ئیذنی دا بۆ ئەسپو مایین •

٢٨/٢٦٣٩ - إبن أبي أوفی [رضي الله تعالی عنهما] أصابتنا مجاعة يوم خيبر فإن القدور لتغلي ، قال : وبعضها نضجت ، فجاء منادي النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لا تأكلوا من لحوم الحمر شيئا وأهريقوها • قال ابن أبي أوفى [رضي الله تعالى عنهما] : فتحدثنا أنه انما نهى عنها لأنها لم تخمس ، وقال بعضهم : نهى عنها البتة ؛ لأنها كانت تأكل العذرة • ح - ٣٥٦/٦ • م - ١٦١/٨ •

تەرجەمە :

ئیبنو ئەبی ئەوفا - رضي الله تعالی عنهما - ئەفەرموێ : رۆژی خەیبەر تووشی برسێتی بووین [کەوتینە ناو گوێدرێژی ماڵیی بیست سیەکمان سەربڕی • م من أخرى] دیزە ئەکوڵا ، بەعزێکی پێگەیبوو ، بانگدەری پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - بانگی دا کە : گۆشتی کەر مەخۆن بیڕێژن • ئیبنو ئەبی ئەوفا - رضي الله تعالی عنهما - ئەفەرموێ : لە بەینی خۆمانا کەوتینە قسەلێکردنی کە بۆیێکی حەرامکردوە چونکی خومسی لێ دەرنەکراوە • بەعزێکمان وتی : بەقەطعیی حەرامکراوە ؛ چونکی پیسایی ئەخوا •

[پیسایی‌خواردن مووجیبی کەراهەتە نەك حەرامیی • خومس‌نەکردن نابێ بە سەبەبی پیسیو رشتنی ، باخوصووص لە وەختی برسێتیا گۆشتی بەرازخواردن دروستە بە نەصصی قورئان] کە وابێ ئەو عیللەتانە نابن بە سەبەب •

٢٩/٢٦٤٠ - عن علي - رضي الله تعالى عنه - ان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - نهى عن متعة النساء يوم خيبر ، وعن أكل الحمر الإنسية •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رۆژی خەیبەر نەهی کرد لە موتعەی ژنان کە بە مووەقەت مارەبکرێن ، هەم نەهی کرد لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی مالیی • لە ئیبنوعومەریشەوە - رضي الله تعالى عنه - نەهی لە خواردنی گۆشتی کەری مالیی ریوایەتکراوە •

٣٠/٢٦٤١ - عن البراء بن عازب - رضي الله تعالى عنهما - قال : أمرنا رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - في غزوة خيبر أن نلقي الحمر الأهلية نيئة ونضيجة ، ثم لم يأمرنا بأكله بعد • ح - ٦/٣٥٧ •

تەرجەمە :

بەرای کوڕی عازب - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە غەزای خەیبەرا ئەمری پێکردین کە گۆشتی کەر - کاڵو کوڵاوی - بڕێژین • لە دوای ئەوە ئەمری پێنەکردین کە بیخۆین •

٣١/٢٦٤٢ - عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : لا أدري أنهى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - من أجل أنه كان حمولة للناس فكره أن تذهب حمولتهم ؟ أو حرمه في يوم خيبر لحم الحمر الأهلية ؟ ح - ٦/٣٥٧ • م - ٨/١٦٢ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : نازانم پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بۆچیکی نەهی لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژ کردوە کە بارەبەری ئینسانە ؟ یا لە رۆژی خەیبەرا بە قەطعیی حەرامی کردوە ٠

[ئەگەر لەبەر باربردن بوایە ئەسپیش‌و ماینیش‌و ئوشتریشی حەرام ئەکرد ٠ کە وابێ دیارە هەر لەبەر ئیحتیمالی دوەم بوە] ٠

ئیتر گۆشتی کەر بەسە ٠

٢٦٤٣/٣٢ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - ان قوماً قالوا : يا رسول الله ان قوماً يأتوننا باللحم لا ندري أذكروا اسم الله عليه أم لا ؟ فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : سموا الله عليه وكلوه ٠

ح - ٤/١١ ٠

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : قەومێ وتیان : (يا رسول الله) قەومێك گۆشتمان بۆ ئەهێنن نازانین [لە وەختی سەربڕینا] ناوی خوایان لەسەر هێناوە یان نا ؟ فەرمووی : ئێوە ناوی خوای لەسەر بێنن‌و بیخۆن ٠

(بسم الله)کردن لە وەختی سەربڕینا شەرت نیە ٠ ئەمر بە (بسم الله) کردنی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە وەختی خواردنا بۆ دەفعی وەسوەسەیە ٠

٢٦٤٤/٣٣ - عن أبي مسعود [رضي الله تعالى عنه] قال : جاء رجل من الأنصار يكنى أبا شعيب ، فقال لغلام له قصاب : اجعل لي طعاماً يكفي

خمسة ، فإني أريد أن أدعو النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خامس خمسة ، فإني قد عرفت في وجهه الجوع • فدعاهم فجاء معهم رجل ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن هذا قد تبعنا ، فإن شئت أن تأذن له فأْذنْ له ، وان شئت أن يرجع رجع • فقال : لا بل قد أذنت له •

ح ـ ٤/٢٤ • م ـ ٨/٢٩٨ • ت ، ن • خ ـ ٨/٢٢٥ •

تەرجەمە :

ئەبومەسعوودی ئەنصاریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لە ئەنصار كونیەی ئەبوشوعەیب بوو هاتە لای غولامێكی قەسابی ، ئەمری پێكرد : كە طەعامێكی پێنج‌كەسیمان بۆ دروست بكە ، ئیرادەم وایە = كە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و = بەوەوە پێنج كەس بانگ بكەم ، لە وەجهی موبارەكیا ئەسەری برسێتیم دی • بانگی كردن ، پیاوێكی تریان لەگەڵ هات ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەم پیاوەمان شوێن‌كەوتوە ، ئەگەر هەوەست هەیە كە ئیذنی بدەی بێت ئیذنی بدە ، ئەگەر هەوەست وایە بگەڕێتەوە ئەگەڕێتەوە • ئەبوشوعەیب ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی‌كرد : خەیر نەگەڕێتەوە ئیذنم دا [كە ئەویش بێ] •

طوفەیلێتی[1] حەرامە ، بۆ صاحێب ماڵ هەیە دەری بكا •

ئەبوداودی طەیالیسیی لە ئەبوهورەیرەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە مەرفووعیی ریوایەت ئەكا : هەركەسێ بچێ بۆ طەعامێ كە بانگ‌نەكرابێتە سەری بە فاسقیی ئەچێ حەرام ئەخوا ، بە دزیی ئەچێتە ژوورێ بە تالانكەریی یێتە دەرێ •

---

(١) طوفەیلیی : كەسێكە بێ بانگ‌هێشتن بۆ نانخواردن شوێن خەڵق بكەوێ •

٣٤/٢٦٤٥ - أنس بن مالك - رضي الله تعالى عنه - يقول : إن خياطاً دعا رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - لطعام صنعه • قال أنس بن مالك - رضي الله تعالى عنه - : فذهبت مع رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - الى ذلك الطعام ، فقرّب الى رسول الله - صلى الله عليه وسلم - خبزاً ومرقاً فيه دُبّاء وقديد [وأقبل على عمله • أخرى ح - ٨/ ٢٢٥] فرأيت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يتتبع الدباء [قال : فجعلت اتتبعه فاضعه بين يديه • خ ٢١٩] من حوالي القصعة • قال أنس : فلم أزل أحب الدبّاء من يومئذ • ح - ٤/٣١ • ح - ٨/٢٠٣ ، ٢١٩ ، ٢٢٥ مرتين في صحيفة • م - ٨/٣١٧ •

تەرجەمە :

ئەنەسی کوڕی مالیك - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پیاوێکی خەیات پێغەمەری - صلى الله تعالى عليه وسلم - بانگ‌کردە سەر طەعامێ کە دروستی کردبوو ، منیش لە خزمەتیا چووم بۆ سەر ئەو طەعامە ، نان‌و ئاوو گۆشتی هێنایە خزمەت ، کوولەکەیشی تیا بوو ، خۆی چوەوە بۆ سەر ئیش‌و کاری ، تێفکریم پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە ناو کاسەکاو ئەطرافیا بۆ کوولەکە ئەگەڕا ، منیش دەستم‌کرد بە گەڕان بۆی ، لە بەردەمم دائەنا • ئیتر لەو وەختەوە حەز لە کوولەکە ئەکەم •

آداب الأكل(١) :

٣٥/٢٦٤٦ - عمر بن أبي سلمة [وهو ابن أم سلمة - رضي الله تعالى عنهم • أخرى] يقول : كنت غلاماً في حَجر [مثلثة الحاء] رسول الله

(١) داب‌و نەریتی خواردن •

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ، وكانت يدي تطيش في الصحفة ، فقـال لي رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يا غلام ســـم الله ، وكل بيمينك ، وكل مما يليك . فما زلت تلك طِعمتي [صفة أكلي] بعد ح ـ٨/٢٠٢ ، ٢٠٣ ، دوان له دوەما : (أكلت يوماً مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ)

تەرجەمە :

عومەری کوڕی ئەبوسەلەمە ، لە ئوممو سەلەمەی حەرەمی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنهم ـ ئەفەرموێ : منـــاڵ بووم لــە پەروەردەی پێغەمەرا بووم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژێ لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نانم خوارد ، دەستم بە ئەملاوئەولای طەبەقەکەدا ئەگێڕا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ فەرمووی : ئەی غولام (بسم الله) بکە ، بە دەستی راستت بخۆ ، لە بەردەمی خۆتەوە بخۆ . لە دوای ئەو رۆژەوە هەر بەو نەوعە نان ئەخۆم .

٢٦٤٧/٣٦ ـ عن حذيفة [رضي الله تعالى عنه] قال : كنا إذا حضرنـا مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ طعاماً لم نضـع أيدينـا حتى يبـدأ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فيضع يده . وإنا حضرنا معه مرة طعاماً ، فجاءت جارية كأنها تدفع [تطرد . أخرى] ، فذهبت لتضع يدها في الطعام ، فأخذ رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ بيدها ، ثم جـاء أعرابي كأنما يدفع ، فأخذ بيده فقال رســـول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ : ان الشيطان يستحلّ الطعام أن لا يذكر اسم الله تعالى عليه ، وانه جاء بهذه الجارية ليستحل بها ، فأخذت بيدها ، فجاء بهذا الأعرابي ليستحل بـه ، فأخذت بيده ، والذي نفسي بيده ! ان يده في يدي مع يدها [وفي أخرى في آخرها : ثم ذكر اسم الله عليه وأكل] م ـ ٨/٢٧٣ ، ٢٧٦ .

تەرجەمە :

حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حازری طەعامێ ببووینایە ، تا ئەو دەستی بۆ نەبردایە دەستمان بۆ نەئەبرد • دەفعەیێ لە خزمەتیا حازری طەعامێ بووین ، کچێ هات هەروەك بەرەدوای بنێی چوو دەست بخاتە ناو طەعامەکەوە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی گرت ، لە پاشا عەرەبێکی بەڕانی هات وەك بەرەدوای نێی ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی ئەویشی گرت ، فەرمووی : شەیتان طەعامێ کە ناوی خوای لەسەر نەهێنرێ بۆ خۆیی بە حەلاڵ ئەزانێو لێیی ئەخوا ، ئەم کچەی هێنا کە طەعامەکەی پێ حەلاڵ بکا بۆ خۆی دەستم گرت ، ئەمجارئەم عەرەبەی هێنا کە طەعامەکەی پێ حەلاڵ بکا،دەستی ئەویشم گرت•قەسەم بەوەی کە نەفسم بە دەستی قودرەتیەتی دەستی شەیتان لە دەستمایە لەگەڵ دەستی جاریەکە • [لە پاشا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ (بسم الله)ی کردو دەستی کرد بە خواردن] •

٢٦٤٨/٣٧ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] عن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تأكلوا بالشمال ، فإن الشـيطان يأكل بالشمال • م ـ ٨/٢٧٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بـە دەستی چەپ مەخۆن ؛ چونکی شەیتان بە دەستی چەپ ئەخوا •

٢٦٤٩/٣٨ ـ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] ان رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : اذا أكل أحدكم فليأكـل بيمينه ، واذا

شرب فليشرب بيمينه ، فإن الشيطان يأكل ويشرب بشماله •
م ـ ٢٧٨/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : كە یەكێكتان شتی خوارد بە دەستی راستی بیخوا ، كە شتی خواردەوە بە دەستی راستی بیخواتەوە ؛ چونكی شەیتان بە دەستی چەپی ئەخواو ئەخواتەوە • [نافیع لەم ریوایەتە ئەوەی لێ زیادكردوە كە لە دەستی چەپ ئەخذو عەطایش نەكا • نەوەویی] •

٣٩/٢٦٥٠ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] سمع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إذا دخل الرجل بيته فذكر الله ـ عز وجل ـ عند دخوله وعند طعامه قال الشيطان [لإخوانه] : لا مبيت لكم ولا عشاء • وإذا دخل فلم يذكر الله عند دخوله قال الشيطان : أدركتم المبيت ، واذا لم يذكر الله عند طعامه قال : أدركتم المبيت والعشاء •
م ـ ٢٧٦/٨ •

تەرجەمە :

جابیری بنی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ ی بیست ئەیفەرموو : پیاو [ژنیش وایە ، یەعنی ئینسان] كە چوە ماڵەوەو ناوی خوای تەعالای برد لە وەختی چوونە ژوورەوەو نانخواردنا شەیتان بە برادەرەكانی خۆی ئەڵێ : لەم ماڵەدا نە جێتان هەیە نە خۆراك • كە چوە ماڵەوە لە وەختی چوونەژوورەوەدا ناوی خوای نەبرد پێیانئەڵێ : وا جێتان دەستكەوت ، كە لە وەختی نانخواردنا ناوی خوای نەبرد پێیان ئەڵێ : وا جێیش و نانیشتان دەستكەوت •

٢٦٥١/٤٠ ـ سلمة بن الأكوع [رضي الله تعالى عنه] ان رجلاً أكل عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بشماله ، فقال : كل بيمينك • قال : لا أستطيع • قال : لا استطعت ! ـ ما منعه إلا الكبر ـ قال : فما رفعها إلى فيه • م ـ ٨/٢٧٨ •

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نانی بە دەستی چەپ خوارد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێیفەرموو : بە دەستی راستت بخۆ ، وتی : ناتوانم • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : یاخوا نەتوانی ! ـ هەر کیبر لەوەی مەنع‌کرد کە بە دەستی راستی بخوا ـ سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئیتر دەستی بەرز نەکردەوە بۆ دەمی[1] •

ئەمەیش موعجیزەیەکی گەورەیە بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [ئەو پیاوە صەحابە بوو ناوی بوسر بوو ، بەوە کافر نەبوو ، نیهایەت تەرکی واجب یا سوننەتێکی کرد •

دروستە دۆعاکردن لەوەی موخالەفەی شەرع بکا بە بێ عوزر • ئەمر بە مەعرووف‌و نەهی لە مونکەر سوننەتە •

دەست لستنەوە :

٢٦٥٢/٤١ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا أكل أحدكم فلا يمسح يده حتى يَلْعَقها أو يُلْعِقها [بمن لا يتقذر منه] • ح ـ ٨/٢٣٤ ، م ـ ٨/٢٩٣ • ن ، جه

(١) واتە دەستی راستی وشك‌بوو و نەیتوانی دوای ئەوە بیبا بۆ دەمی •

تەرجەمە :

ئيبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووى : كە يەكێكتان نانى خوارد دەستى نەسڕێ تا خۆى ئەيلێستەوە ، يا بە يەكێ ئەيلێسێتەوە كە بێزى لێ نەكا •

٢٦٥٣/٤٢ ـ عن كعب بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قـال : رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يلعق أصـــابعه الثلاث من الطعـام • م ـ ٨/٢٩٤ •

تەرجەمە :

كەعبى بنى ماليك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : چاوم بە پێغەمەر كەوت سێ پەنجەى دەستى خۆى ئەلستەوە كە طەعامى نۆش ئەكرد •

٢٦٥٤/٤٣ ـ وعنه كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يأكل بثلاث أصـــابع م ـ ٨/٢٩٤ •

تەرجەمە :

كەعب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە سێ پەنجە نانى ئەخوارد •

٢٦٥٥/٤٤ ـ جابر [رضي الله تعالى عنه] ان النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ أمر بلعق الأصابع والصحفة ، وقال : إنكم لا تدرون في أيـه البركة • م ـ ٨/٢٩٥ •

تەرجەمە :

جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ ئەمرى فەرموو بە لستنەوەى پەنجەو ئەو زەرفەى كە طەعامى تيا ئەخورێ • فەرمووى : ئێوە نازانن كە لە كاميانا بەرەكەت هەيە •

٢٦٥٦/٤٥ - وعنه قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - إذا وقعت لقمة أحدكم فليأخذها فليمط ما كان بها من أذى وليأكلها ، ولا يدعها للشيطان ، ولا يمسح يده بالمنديل حتى يلعق أصابعه ، فإنه لا يدري في أي طعامه البركة • م ٨/٢٩٥ •

٢٦٥٧/٤٦ - وعنه : سمعت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : ان الشيطان يحضر أحدكم عند كل شيء من شأنه حتى يحضره عند طعامه ، فإذا سقطت من أحدكم اللقمة فليُمِط ما كان بها من أذى ثم ليأكلها ، ولا يدعها للشيطان ، فإذا فرغ فليلعق أصابعه ، فانه لا يدري في أي طعامه تكون البركة • م - ٨/٢٩٦ • وعن أنس وأبي هريرة نحوه • م - ٨/٢٩٦ ، ٢٩٧ •

تەرجەمە :

جابیر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - م بیست ئەیفەرموو : شەیتان حازری کوللی کەسێ لـە ئێوە ئەبێ لە هەموو ئیش‌و کارێکیا ، لە هەموو ئەحوالێکیا ، حەتتا لـە وەختی خواردنیا حازری ئەبێ ، کە لە دەســت یەکێکتان لوقمەیێ کەوتەخوارێ هەڵیبگرێ ، ئەو شتەی کە تێوەچوە لێی لابەرێ‌و پاکی بکاتەوەو بیخوا ، تەرکی نەکا بۆ شەیتان ، کە لە خواردن بوەوە پەنجەکانی بلێســێتەوە ؛ چونکی نازانێ کە لە چ طەعامێکیا بەرەکەت ئەبێ [لـە ئەووەڵیەوە ؟ لـە ناوەڕاستیەوە ؟ یا لە ئاخریەوە ئەبێ ؟] تا ئەمانە نەکا دەستی بە دەستەسڕی نەسڕێ •

٢٦٥٨/٤٧ - الطاعم الشاكر مثل الصائم الصابر • فيه عن أبي هريرة عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ح - ٨/٢٣٦ معلق وصله ابن ماجه

في الصوم عنه ، والترمذي في الزهد عينا ، والبخاري في التأريخ ، والحاكم في المستدرك عنه بلفظ : ان للطاعم الشاكر من الأجر مثل ما للصائم الصابر ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : کەسێ کە نیعمەتی خوا بخواو شوکری بەجێبێنێ ، یەعنی صەرفی بکا لەوەدا کە خوا ـ عز وجل ـ بۆی خەڵق کردوە ٠٠ لە ثەوابا وەکوو کەسێ وایە کە بەڕۆژووبێ ، صەبر بکا لەسەر فەقرو ضەروورەت ، گلەیی لە ئەحواڵی خۆی نەکا هیچ فەرقیان نیە لە ئەجرا ٠

دەوڵەمەندیی ، فەقیریی ، قووەت ، شەوکەت ، نەخۆشیی ، هەموو نیعمەتو بەڵاو موصیبەتی دنیا هەمووی لە طەرەفی خواوەیە ـ عز وجل ـ ئەگەر ئینسان لە هەموو ئەحواڵێکیا وەظیفەی عوبوودییەت بەجێبێنێ بەڵاو موصیبەتیش بۆی ئەبێ بە نیعمەت ، وەك تەداویی حەکیمی حاذیقو دەرمانە ناخۆشو بۆگەنەکانی ٠ ئەگەر وەظیفەی عوبوودییەت بەجێنەهێنێ موصیبەتو فەلاکەت ئەبێ بە خوسرانی دنیاو ئاخیرەت ، نیعمەتی دنیای ئەبێ بە فەلاکەتی عوقبای ٠

(وفقنا الله وملا حسينا ـ حفظه الله من آفات الدارين ـ لذكره وشكره وحسن عبادته ٠ آمين) ٠

كثرة الاكل ـ زۆر خواردن :

٣٦٥٩/٤٨ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ضافه ضيف ، وهو كافر ، فأمر رسول الله

- صلى الله تعالى عليه وسلم - بشاة فحلبت فشرب حلابها ، ثم أخرى = فشربه ، ثم أخرى فشربه = حتى شرب حلاب سبع شياه • ثم انه أصبح فأسلم ، فأمر له رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - بشاة فشرب حلابها ، ثم أمر بأخرى فلم يستتمها • فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : المؤمن يشرب في مِعى واحد ، والكافر يشرب في سبعة أمعاء •
م - ٨/٣٥٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - كافرێ میوانی بوو ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەمری فەرموو مەڕێكیان بۆ دۆشییە ناو كاسەیێكەوە ئەو كاسەیەی خواردەوە ، لە پاشا ئەمری فەرموو مەڕێكی تریان بۆ دۆشی = شیرەكەی خواردەوە ، یەكێ تریشیان بۆ دۆشی شیری ئەویشی خواردەوە = تا حەوت كاسەی شیری حەوت مەڕی خواردەوە • ئەو میوانە كەوتە سبەینێ موسوڵمان بوو پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەمری فەرموو مەڕێكیان بۆ دۆشی شیری ئەو مەڕەی خواردەوە ، لە پاشا ئەمری فەرموو مەڕێكی تریان بۆ دۆشی تەواوی نەكرد • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - = فەرمووی : = موئمین لە ریخۆڵەیێكا ئەخواتەوە ، كافر لە حەوت ریخۆڵەدا ئەخواتەوە •

٤٩/٢٦٦٠ - عن نافع كان ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] لا يأكل حتى يؤتى بمسكين يأكل معه ، فأدخلت رجلا [أبو نهيك] يأكل معه • فأكل كثيراً ، فقال : يا نافع لا تدخل هذا علي ، سمعت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : المؤمن يأكل في معى واحد ، والكافر يأكل في سبعة أمعاء • ح - ٨/٢١٠ ، م - ٨/٣٥١ بفرق ما •

تەرجەمە :

نافیع ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ئیبنو عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تا فەقیرێکی بانگ نەکردایە لەگەڵی بخوا نانی نەئەخوارد ، پیاوێکم بردە لا [نەهیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ] زۆری خوارد فەرمووی : یا نافیع ئەمەم مەهێنەرە لا ، لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : موسوڵمان لە ریخۆڵەیێکا ئەخوا کافر لە حەوت ریخۆڵەدا ئەخوا •

٢٦٦١/٥٠ ـ عن عروة [بن دينار] قال : كان أبو نهيك [رضي الله تعالى عنه] رجلاً أكولا • فقال له ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ان الكافر يأكل في سبعة أمعاء ، فقال : فأنا أومن بالله ورسوله • ح ـ ٨/٢١٠ •

تەرجەمە :

ئەبونەهیك لە ئەهلی مەککە پیاوێکی زۆرخۆر بوو ، ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی فەرموو : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : کە کافر لە حەوت ریخۆڵەدا ئەخوا • ئەبونەهیك عەرزی کرد: من ئیمانم بە خواو رەسوولی خوا هەیە •

٢٦٦٢/٥١ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان رجلاً كان يأكل أكلاً كثيراً فأسلم ، فكان يأكل أكلاً قليلاً ، فذكر ذلك للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : ان المؤمن يأكل في مِعى واحد ، والكافر يأكل في سبعة أمعاء ح ـ ٨/٢١١ •

(تەماشای نەوەوی و قەسطەلانی بکەن)

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ زۆری ئەخوارد ، لە دواییدا موسوڵمان بوو کەمی ئەخوارد • عەرزی پێغەمەرکرا

ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : موئمین لە ریخۆڵەیێکا ئەخوا ، کافر لە حەوت ریخۆڵەدا ئەخوا •

بەچۆکاهاتن لە خواردنا سوننەتە :

٢٦٦٣/٥٢ ـ أبو جحيفة [رضي الله تعالى عنه] قال : كنت عند النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال [رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] لرجل عنده : لا آكل وأنا متكيء • ح ـ ٨/٢١٢ •

تەرجەمە :

ئەبوجوحەیفە وەهەبی بنی عەبدوڵلا ـ رضـــي الله تعـــالی عنـــه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا بووم ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ بـە پیاوێکی فەرموو کە لە خزمەتیا بوو : من بە چوارمەشقیی ناخۆم •

ئیبنوحەجەری عەسقەلانیی ئەفەرموێ ســەبەبی ئەم حەدیثە ئەوەیە : مەڕێکیان بە هەدیە تەقدیمی پێغەمەر کرد ـ صـــلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ چۆکی‌داداو ئەیخوارد ، عەرەبێــکی بەڕانی عەرزی‌کرد : ئەمە چ نەوعە دانیشـــتنە ؟ فەرمووی : خـوا منی بـە کەریم خەلق‌کردوە ، بە جەبباری عەنیدی خەلق نەکردووم • (جه عن عبدالله بن بسر ـ رضي الله تعالى عنـهما ـ) •

٢٦٦٤/٥٣ ـ جابر [رضي الله تعالى عنهما] يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : طعام الواحد يكفي الاثنين ، وطعـام الاثنين يكفي الأربعة ، وطعام الأربعة يكفي الثمانية • م ـ ٨/٣٥٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ فەرمووی : طەعامی یـەکێ کیفایەتی دوان ئەکا ، طەعامی دوان کیفایەتی چـوار ئەکـا ، طەعامی چوار کیفایەتی هەشت ئەکا ٠

٢٦٦٥/٥٤ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : طعام الاثنين كافي الثلاثة وطعام الثلاثة كافي الأربعة ٠ ح ـ ٢٠٩/٨ ٠ م ـ ٣٤٩/٨ ٠ ت ، ن ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فەرمووی : طەعـامی دوان بەشی سیان ئەکا ، طەعامی سیان بەشی چوار ئەکا ٠

یەعنی طەعامی ئینسانی کەم یەك بەدوو بەشی زۆر ئەکا ، هەموویـان تێر ئەکاو نامرنو پێی لە قووەت ناکەون ٠

حەریص‌بوون لەسەر زۆر خواردن چاك نیەو ئینسان نەخۆش ئەخا ٠

٢٦٦٦/٥٥ ـ عن عبدالله بن بسر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : نزل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على أبي ، قال : فقربنا اليه طعامـاً ووطبة [حيسا : خورماو ڕۆنی بە کەشکی کوتراو] فأكل منهـا ، ثم أتي بتمر فكان يأكله ويلقي النوى بين إصبعيه ، ويجمع السبابة والوسـطى ٠ قال شعبة : هو ظني ، وهو فيه إن شاء الله تعالى إلقاء النوى بين الإصبعين ، ثم أتي بشراب فشربه ، ثم ناوله الذي عن يمينه ٠ قال : فقال أبي ، وأخـذ بلجام دابته ، : ادع الله لنا ٠ فقال أللهم بارك لهم فيما رزقتهم ، واغفر لهم ، وارحمهم ٠ وفي رواية بدون الشـك في إلقاء النوى بين الإصـبعين م ـ ٣١٩/٨ ٠

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی بوسر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی هات لای باوکم دابەزی • باوکم طەعامو خورماوڕۆنی بەکەشکی کوتراوی هێنایە خزمەت لێی عافیەت فەرموو • خورمایشی هێنایە خزمەت ئەیخواردو دەنکەکانی ئەخستە بەینی پەنجەی شەهادەتو ناوەڕاست ، ئەو دوو پەنجەی ئەهێناوە یەك نەیەخستەوە ناو زەرفی خورماکەوە ، لە پاشا شەرابی [یەعنی شتێکی خواردنەوە] هێنایە خزمەت خواردیەوەو ئەمجا دای بەوەی لای راستیەوە بوو •

شوعبە لە ریوایەتێکیا شکی بوە دەنکەخورماخستنی لە بەینی ئەو دووپەنجەدا لە حەدیثەکەدا هەیە یان نیە ، ظەنتم وایە (إن شاء الله) تیایە • لە ریوایەتێکا هیچ شکی نیە کە تیایەتی •

عەبدوڵلا ئەفەرموێ : باوکم دەستەجلەوەکەی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -ی گرت ، عەرزیکرد : دۆعامان بۆ بکە ، فەرمووی : خوایا بەرەکەتیان بۆ بخەرە ئەو رزقەی کە پێت عەطا فەرموون ، خوایا لێیان خۆش ببەو رەحمیان پێبکە •

٢٦٦٧/٥٦ - عن أنس [رضي الله تعالى عنه] ان جاراً لرسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فارسياً كان طيب المرق ، فصنع لرسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ثم جاء يدعوه فقال : وهذه ؟ لعائشة - رضي الله تعالى عنها - فقال : لا • فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لا • فعاد يدعوه • فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : وهذه ؟ قال : لا • قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لا • ثم عاد

يدعوه ، فقال رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : وهذه ؟ قال : نعم في الثالثة ، فقاما يتدافعان حتى أتيا المنزل . م ـ ٨/٢٩٨ .

تەرجەمە :

پیاوێکی دراوسێی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فارسیی بوو پیتەی چاکی دروست ئەکرد ، پیتەیێکی بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دروستکردو هات بانگی کرد پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [حەزرەتی عائیشەی لە خزمەتا بوو] فەرمووی : ئەمەیش بێ ؟ فارسیەکە وتی : خەیر . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی کە وابێ [منیش] نا . دووبارە هاتەوە دەعوەتی کرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەمەیش ؟ فارسیەکە وتی : خەیر . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـیش فەرمووی : نا . سێبارە هاتەوە خزمەتی دەعوەتی کرد . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەمەیش ؟ فارسیەکە لەم جاری سێیەمەدا عەرزیکرد : بەڵێ . ئەو وەختە تەشریفیان هەڵسا لە دوای یەکتریەوە تەشریفیان ئەڕۆیی .

رەنگە ئەو پیاوە چێشتەکەی کەم بووبێ مەبادا کیفایەتی هەردوکیان نەکا ، بۆیە دوو جار جوابی پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە نا دایەوە . دەفعەی سێیەم زانیی کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئارەزووی وایە کە حەزرەتی عایشەیشی ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە خزمەتا بێ جوابی بە بەڵێ دایەوە .

حەزرەتی عایشەیش ـ رضي الله تعالى عنها ـ رەنگە برسیی بووبێ ، بۆیە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بێ ئەو تەشریفی ئیجابەتی دەعوەتەکەی نەکرد ، حەزی نەکردوە خۆی تێر بێو ماڵو منالی برسیی بێ .

کەسێ کە دەعوەت کرا بۆ ئیذنی صـــاحێب دەعوەکە بۆی نیــە کەسێکی تر لەگەڵ خۆی بیا •

لە دوای ئەمە دوو جار ئەو فارسی‌یە کە رەددی حەزرەتی عایشـــەی کردەوە ئیجابەتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە دەفعەی سێیەما دەلیلە لەسەر حوسنی خولوقی پێغەمەر ـ صـــلى الله تعالى عليه وسلم ـ و تەواضوع‌و کەم نەفسیی •

٢٦٦٨/٥٧ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : خرج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ذات يـوم ، أو ليـلة ، فإذا هو بأبي بكر وعمر [رضي الله تعالى عنهما] فقال : ما أخرجكما من بيوتكما هذه الساعة ؟ قالا : الجوع يا رسول الله • قال : وأنا والذي نفسي بيده لأخرجني الذي أخرجكما ! قوموا • فقاموا معه ، فأتى رجلاً من الأنصـار ، فإذا هو ليس في بيته ، فلما رأته المرأة قالت : مرحباً وأهلاً • فقال لها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أين فلان ؟ قالت : ذهب يستعذب لنـا من الماء ، إذ جاء الأنصاري فنظر الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وصاحبيه ، ثم قال : الحمد لله ما أحد اليوم أكرم أضيافاً مني ، قال فانطلق فجـاءهـم بعذق فيه بسر وتمر ورطب ، فقال : كلوا من هذه ، وأخذ المُدية ، فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إياك والحلوب ، فذبح لهم ، فأكلوا من الشاة ومن ذلك العذق وشربوا ، فلما أن شبعوا وروَوْا قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لأبي بكر وعمر [رضي الله تعـالى عنهما] : والذي نفسي بيده لتسألُنّ عن هـذا النعيم يوم القيامـة ! أخرجكم من بيوتكم الجوع ثم لم ترجعوا حتى أصابكم هذا النعيم • م ـ ٨/٣٠٠ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژێ یا فەرمووی : شەوێ تەشریفی چوەدەرێ ، بە ئەبوبەکرو عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ گەیی ، فەرمووی : لەم سەعاتەدا چی بوە بە سەبەبی ئەوە کە لە ماڵ هاتوونە دەرێ ؟ عەرزیانکرد : برسێتی• پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ یش فەرمووی : قەسەم بەوەی نەفسم وا لە دەستی قودرەتیا برسێتی منیشی لە ماڵ هێناوەتە دەرێ ، هەڵسن • تەشریفیان هەڵسا لە خزمەتیا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوو بۆ ماڵی پیاوێکی ئەنصاریی ، پیاوەکە لە ماڵەوە نەبوو ، کە ژنەکەی چاوی بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کەوت عەرزیکرد: بەخێرهاتی (مرحبا وأهلا) پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێیپرسیی : فلان لە کوێیە ؟ عەرزیکرد : چوە ئاومان بۆ سارد[1] بکا • ئەوەندەی پێنەچوو ئەنصاریەکە هاتەوە ، تەماشای پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و دوو رەفیقەکەیی کرد ، عەرزیکردن : (الحمد لله) ئیمرۆ هیچ کەس نیە کە میوانی لە میوانی من گەورەتری بێ (درعقب)[2] چوو هێشوویێ خورمای هێنا ، بوسریش و روطەبیش و خورمایشی پێوە بوو ، یەعنی جامیعی ئەنواع بوو تا کامیان ئارەزوو بێنێ لەوە بخۆن • عەرزیکردن : ئێستە لەوە بخۆن • ئەمجا کێردی هەڵگرت • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : زینهار دۆشەنیی سەرنەبڕی ! مەڕێکی بۆ سەربڕین ، لە گۆشتەکەیان و لە هێشوە خورماکەیان عافیێت کرد ، لە خواردنەوە نۆشیگیانیان کرد ، کە تێرو تێراو بوون پێغەمەر

---

(١) بە گوێرەی حەدیثەکە ئەبێ بکوترێ : « ئاومان بۆ شیرین ئەکا » •

(٢) (در عقب) : واتە دوای ئەوە •

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ به ئەبوبەكرو عومەری ـ رضي الله تعــالى عنهما ـ فەرموو : قەسەم بەوە كە نەفسی منی لە دەستایە ! خوا لـە رۆژی قیامەتا لەم نیعمەتەتان لێ ئەپرسێتەوە • برسێتی ئێوەی لە ماڵ كردە دەرێو نەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە تا ئەم نیعمەتەی دانێ •

ئـەو صـــەحابە ئەبولهەیثەم مالیكی كوڕی تەیهان بوۋ ـ رضـي الله تعــالى عنه ـ •

تەوەكول‌و قەناعەت‌و ئیختیاری زوهد بەسەر غینادا ســونەتە ، لـە شەمائیلی حەسەنەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و ئەصـــحابی كیرامیە • ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعــالى عنـــه ـ دوای فەتحی خەیبەر موسوڵمان بوە هاتۆتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لـە دوای فەتحی خەیبەر پێغەمەریش‌و ئەصحابی ـ صلى الله عليه وسلم وعلى آله وأصحابه ـ ئیقتیداری ماڵییان زۆر بوە ، لەگەڵ ئەمە قەناعەتیان بە كـەم كردوە ، ئیختیاری زوهدیان كردوە بە دەرەجەیێ كە بەعزێ وەقت هیچیان لە ماڵا نەبوە كە بیخۆن ، هەرچیەكیان لە دەستا بووبێ لە وجووهی خەیرا صەرفیان كردوە •

بێ ئەمە كە شكایەتی لە ئەحواڵی خۆی بێ دروستە ئینسان ئیظهـاری ضەروورەتی بكا ، بە طەریقی خۆی دەفعی ضەروورەتی بكا •

دروستە كەسێ كە بچێ بۆ ماڵێ خەڵقی تریش لەگەڵ خۆی بیا ، كـە بزانێ پێی ناخۆش نیە •

سونەتە ئینسان كە میوانی هات بەخێراتنی بكاو ئیظهاری سووروور بە قودوومیان بكا •

لە حینی حاجەتا دروستە ئینسان لەگەڵ ژنی بێگانەدا قسە بكا •

دروستە ژن میوان قەبووڵ بکا ، بێ ئیذنی مێردەکەی ، بەو شەرتە بزانێ مێردەکەی پێی ناخۆش نیە •

ئینسان کە نیعمەتێکی بۆ بوو سوننەتە حەمدو ثەنای خوا بکا •

سوننەتە ئینسان کە لێی مەعلووم بوو میوانەکەی برسییەتی عەجەلە بکا بۆ دەفعی برسێتییان بەوەی کە مومکین بێ •

حەیوانی دۆشەنیی سەربڕین مەکرووهە بە بێ لوزووم •

گاگاه تێرخواردن دروستە بە شەرتی خۆی •

شوکری نیعمەت واجبە •

موراد لە لێپرسینەوەی نیعمەت لە دوای ئەمە کە شوکری بەجێ هێنرا سوئالی تەوبیخ نیە ، موراد سوئالی ئیمتینانو تەعدادی نیعمەتە •

سـرکە :

٥٨/٢٦٦٩ - عن جابر [رضي الله تعالى عنه] ان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - سأل أهله الأدم ، فقالوا : ما عندنا إلا خل فدعا به ، فجعل يأكل به ويقول : نعم الأُدُم [ككتاب وكتب • نووي] الخل • نعم الأدم الخل [أو الإدام أخرى • بالشك] • م - ٨/٣٣٠ •

٥٩/٢٦٧٠ - عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : نعم الأدم الخل • م - ٨/٣٢٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - داوای پێخۆری لە ماڵەوەی کرد ، عەرزیانکرد : هەر سرکە هەیە • فەرمووی : بیهێنن ، هێنایانو نانی پێوەئەخواردو ئەیفەرموو ، تا دوو جار : سرکە چ طەعامێکی باشە !

٦٠/٢٦٧٠ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعـالى عنهما] قـال : كنت جالساً في داري فمر بي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأشــــار إلي فقمت إليه ، فأخذ بيدي فانطلقنا حتى أتى بعض حجر نسائه ، فدخـل ثم أذن لي • فدخلت الحجاب عليها • فقال : هل من غداء ؟ فقالوا : نعم ، فأتي بثلاثة أقرصة فوضعن على نبي [سەللەی لقه خورما] فأخذ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قرصاً فوضعه بين يديه ، وأخذ قرصاً آخـر فوضعه بين يدي ، ثم أخذ الثالث فكسره اثنين ، فجعل نصـفه بين يـديـه ونصفه بين يديّ ، ثم قال : هل من أُدُم ؟ قالوا : لا إلا شـيء من خـل ، قال : هاتوه فنعم الأُدُم هو • م ـ ٨/٢٣١ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لـە ماڵەوەدا دانیشتبووم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەلاما رابوردو ئیشــــارەتی کردمێ هەڵسامە خزمەتی دەستی گرتم رۆیین تا تەشریفی چوە حوجرەی بەعزێ لە حەرەمەکانی ئیذنی‌منیشی‌دا چوومە ناو ئەو حیجابەی کە حەرەمەکەیی لێ‌بوو [ئەمما بێ ئەمە چاوی بە جەسەدی بکەوێ] پرسیی : هیچ خۆراك هەیە ؟ عەرزیان‌کرد : بەڵێ هەیە ، سێ ئەستورکیان هێنایە خزمەتی خستیانە سەر سەللەیێك • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ یەکێکیانی لـە بەردەمی خۆیاو یەکێکیانی لە بەردەمی منا داناو ، یەکێکیانی کرد بە دوو لـەتـەوە ؛ لەتێکی لەبەردەمی خۆیو لەتێکی لەبەردەمی منا دانا ، لە پاشا فەرمووی : پێخۆر هەیە ؟ عەرزیان‌کرد : نەختێ سرکە نەبێ هیچی تر نیە ، فەرمووی : بیهێنن ئەوە پێخۆرێکی باشە •

رەفیق دەستی یەکتری بگرن لە رۆیینا دروستە •

تەقسیمی خواردەمەنی لە بەینا بە موساوات سوننەتە •

رازیبوون بە هەموو پێخۆرێ لە شەمائیلی ئەخلاقو تەواضوعە • سرکە نیعمەتێکی مەمدووحە •

٦١/٢٦٧١ ـ عن أفلح مولى أبي أيوب [رضي الله تعالى عنهما] عن أبي أيوب [رضي الله تعالى عنه] ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نزل عليه فنزل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في السفل وأبو أيوب [رضي الله تعالى عنه] في العلو ، قال : فانتبه أبو أيوب [رضي الله تعالى عنه] ليلة فقال : نمشي فوق رأس رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ! فتنحوا فباتوا في جانب ، ثم قال للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : السفل أرفق • فقال : لا أعلو سقيفة أنت تحتها ، فتحول النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في العلو وأبو أيوب في السفل • فكان يصنع للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ طعاماً فإذا جيء به إليه سأل عن موضع أصابعه فيتتبع موضع أصابعه ، فصنع له طعاماً فيه ثوم • فلما رد إليه سأل عن موضع أصابع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقيل له : لم يأكل • ففزع وصعد إليه فقال : أحرام هو ؟ قال النبي : لا ، ولكني أكرهه • قال : فإني أكره ما تكره أو ما كرهت = قال : وكان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يؤتى = م ـ ٣٣٤/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [کە هیجرەتی کرد بۆ مەدینە] لای ئەبوئەییوبی ئەنصاریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ دابەزی • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە نهۆمی خوارەوەو ئەبوئەییووب ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە نهۆمی سەرەوەدا بوو • شەوێ ئەبوئەییووب [رضي الله تعالى عنه] خەبەری بۆوە فەرمووی : من لە سەرەوە بەسەر سەری پێغەمەردا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ برۆم ؟ [یەعنی تەرکی ئیحتیرامە]

ئەو شەوە لە گۆشەیێ رایانبوارد ، سبەینێ تەشریفی بردە خزمەت پێغەمەر - صلی الله تعالی علیەوسلم - عەرزیکرد ، پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - فەرمووی : خوارەوە بۆ من رەحەتترە ، ئەبوئەییوب - رضي الله عنە - فەرمووی : من لەسەر سەقفێ نابم تۆی لە ژێردا بێ ! پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - نەقلیکردە سەرەوەو ئەبوئەییووب - رضي الله تعالی عنە - نەقلیکردە خوارەوە • ئەبوئەییووب - رضي الله تعالی عنە - طەعامی بۆ پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - دروستئەکرد ، کە طەعامەکە ئەگەڕایە دواوە بۆ لای ، ئەبوئەییووب - رضي الله تعالی عنە - لە جێ پەنجەی پێغەمەری - صلی الله تعالی علیە وسلم - ئەپرسی لەوێوەی ئەخوارد • طەعامێکی بۆ دروستکرد سیری تیا بوو ، کە بۆی گەڕایەوە لە جێپەنجەی پێغەمەری - صلی الله تعالی علیە وسلم - پرسی ، عەرزیانکرد : لێی نەخواردوە • لەوە ترسا تەشریفی چوە سەرێ خزمەت پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - عەرزیکرد : بۆ ئەم طەعامە حەرامە ؟ فەرمووی : حەرام نیە ئەمما ئەیکەرهێنم • ئەبوئەییووب - رضي الله تعالی عنە - عەرزیکرد : ئەوی تۆ ئەیکەرهێنی ، یا فەرمووی کەرهانووتە منیش ئەیکەرهێنم •

تەئەددوب بە ئادابی پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - و ئیکرامی موسافیرو تەبەڕوك بە شوێندەستی پیاوی موبارەكو بە پاشماوەی سوننەتە •

سیرخواردن دروستە ، ئەمما بۆ کەسێ پێوە بچێتە ناو خەڵق - خەڵق بە بۆنی موتەئەذذی ببێ مەکرووهە ، بەڵکو حەرامە •

التواضع في الأكل والقناعة بكل غذاء(١) :

٦٢/٢٦٧٣ ـ عن قتادة [رحمه الله تعالى] قال : كنا عند أنس [رضي الله تعالى عنه] وعنده خباز له [يخبز له الحوّاري ، ويعجنه بالسمن • طبراني] فقال : ما أكل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خبزاً مرققاً ، ولا شاة مسموطة حتى لقي الله [تعالى] ح ـ ٨/٢٠٦ •

تەرجەمە :

قەتادە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : له خزمەت ئەنەسا بووین ـ رضي الله تعالى عنه ـ نانەواییەکی لە خزمەتا بوو [نانی تەنکی بۆ ئەکردو بە رۆنەوە بۆی ئەشێلا] فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تا مولاقاتی بە خوا کرد ـ عز وجل ـ نانی تیریی‌و مەڕی ئاوەڕووتکراوی نەخواردوە • [پیاوی دەوڵەمەند بەرخ‌و کارژۆڵەیان بۆ ئاوەڕووت ئەکردن‌و ئەیانخواد • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وای نەخواردوە • فەقەط پێچکەی حەیوانی خواردوە کە تا ئاوەڕووت نەکرێ ناخورێ] •

٦٣/٢٦٧٤ ـ وعنه عنه قال : ما علمت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أكل على سُكُرّجة قط ، ولا خبز له مرقق قط ، ولا أكل على خِوان قط • قيل لقتادة : فعلا ما كانوا يأكلون ؟ قال : على السُّفَر • ح ـ ٨/٢٠٦ ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

قەتادە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : نازانم کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قەت لەسەر

(١) تەواضوع لە خواردناو قنیاتکردن‌و داکەوتن بە هەموو پێخورێك •

طەبەقی گەورەی نان خواردبێ • قەت نانی تەنکی بۆ نەکراوە ، قەت لەسەر خوان خواردنی نەخواردوە • لە قەتادەیان پرسیی : ئەی لەسەر چی نانیان خواردوە ؟ فەرمووی : لە سەر سوفرە •

(سُكُرُّجة) : زەرفێکی گەورەیە شەش تـا نۆ ئووقیە ئەگرێ ، ئووقیە چل دیرهـەمـە • لای ئێمە رەنگە تەبـەقی گەورە بێ • یا لەگەنی گەورە بێ •

٢٦٧٥/٦٤ - عن أبي حازم [سـلمة بن دينار - رحمه الله تعالى -] قال : سألت سهل بن سعد [رضي الله تعالى عنه] فقلت : هل أكل رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - النقي ؟ فقال سهل [رضي الله تعـالى عنـه] ما رأى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - النقي من حين ابتعثـه الله حتى قبضه الله ! قال : فقلت : هل كانت لكم في عهد رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - مناخل ؟ قال : ما رأى رسول الله - صلى الله تعالى عليـه وسلم - مُنْخُلا من حين ابتعثه الله حتى قبضه الله • قـال : قلت : كيف كنتم تأكلون الشـعير غير منخـول ؟ قـال : كنـا نطحنه وننفخـه فيطير ما طار ، وما بقي ثرّيناه فأكلناه • ح - ٨/٢١٧ •

تەرجەمە :

ئەبوحازم - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : لە سەهلی بنی سـەعدم پرسیی [رضي الله تعالى عنه] : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - هیچ نانی = ئاردی = بێژراوەی خواردوە ؟ فەرمووی : لەو وەختەوە کە خوا ناردوویەتی تـا بردوویەوە لای خۆی نانی بێژراوەی نەدیوە • لێم‌پرسیی : لە زەمانی پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - هێلەکتان بوە ؟ فەرمووی : لەو رۆژەوە کە خوا ناردوویەتی تا بردوویەوە لای خۆی هێلەکی نەدیوە !

عەرزمکرد : ئەی جۆتان چۆن ئەخوارد ؟ فەرمووی : ئەمانهاڕیی ، فوومان لێ ئەکرد ، یەعنی بە فوو بە بامان ئەکرد ، ئەوی ئەڕۆیی ـ ئەڕۆیی ، ئەوی ئەمایەوە بە ئاو تەڕمان ئەکردو ئەمانخوارد .

[نانی ئەستامووڵ جوانو سپیی بوو ، پێی رازیی نەئەبووین ، هەڵمان ئەبژارد . لە پێشا بە قیمەت زیادیان لە میقداریشا کەمیان کرد ، لە پاشا شتی تریان تێکەڵ کرد ، ئێبستە بە قسە لە صەد پەنجای گەنمە ، سیی جۆیە ، بیستی چاو دارە ، یا بە عەکسەوەیە . ئەمما چی تری تیایە ؟ چەندەی خۆڵی خالیصە ؟ گەنمو جۆو چاو داری تیایە یان نا ؟ هەر خوا ئەیزانێ ! رەنگە بە زۆر بمانخەنەوە سەر ئەحواڵی صەحابە . فەقەط ئەوان پێی شوکور بوونو ئێمە بە نانە گەنمەکەی ناشوکور بووین . خوا ئەمیشمان لێ نەشارێتەوە باشە] .

٢٦٧٦/٦٥ ـ عن أبي عثمان النهدي [رحمه الله تعالى] عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قسّم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوماً بين أصحابه تمراً ، فأعطى كل انسان سبع تمرات ، فأعطاني سبع تمرات إحداهن حشفة ، فلم يكن فيهن تمرة أعجب إليّ منها شدّت في مضاغي . ح ـ ٨/٢١٦ ت ، ن ، جه . سبق بأخصر في ٣/٢٦١٤ فليكتب هذا معه[1] .

٢٦٧٧/٦٦ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه ـ أنه مر بقوم بين أيديهم شاة مصلية [مشوية] فدعوه فأبى أن يأكل ، قال : خرج رسول الله

(١) دانەر ـ وەك خۆی دیاریی کردوە ـ تەرجەمەی ئەم حەدیثەی نەنووسی چونکە پێشتر لە ژمارە ٣/٢٦١٤دا تەرجەمەی کردوە . ئەیشفەرموێ ئەم لەگەڵ ئەودا بنووسن ، بەڵام لە بەر تێکچوونی ژمارەکان ناگونجێ .

- صلى الله تعالى عليه وسلم - من الدنيا ولم يشبع من الخبز الشـــعير •
ح - ٨/٢١٦ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - تەشریفی بە لای قەومێکا رابورد مەڕێکی برژاویان لە بەردەما بوو ، بانگیان کرد ، ئیمتیناعی لـە خواردنی کرد ؛ فەرمووی : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی لـە دنیـا چوە دەرێ لە نانی جۆ تێری نەخوارد !

دۆعای دوای نانخواردن :

٢٦٧٨/٦٧ - عن أبي أمامة [رضي الله تعالى عنـــه] أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان إذا ُرفع مائدته قال : الحمد لله [حمداً] كثيرا طيباً مباركاً فيــه ، غير مكفي [غير مردود ولا مقلوب • من كفـأت أو من الكفاية ، أي لا يكن كافياً فينقطع] ولا مودّع [متروك] ولا مستغنى عنه ربنـا • ح - ٨/٢٣٥ • ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - كـە ســــفرەكەی هەڵگیررا ئەیفەرموو : (الحمد لله) : حەمدێكی زۆرو طەییبو بە بەرەكەت نوخوون نەبێتەوەو برژێ ، یـا ئەم دەفعە بۆمـان كـافیی نەبێ ، لـە دوایەوە بە بێ ئینقیطاع هەر بێو تەرك نەكرێو ئیستیغنای لێ نەكرێ • ئەی خوای ئێمە • یەعنی یا حەمد لە سەر نیعمەتەكە هــەر یەك لـە دوای یەك بێو نەبڕێتەوەو نیعمەتەكەمان پێی زیادبێ • یـا یەعنی نیعمەتەكە بە دەوام بێو بـە دەوام ئێمەیش لە شوكریا بین •

---

(١) ئەم حەدیثەم لە شوێنی دیاریكراودا نەدۆزیەوە •

٦٨/٢٦٧٩ ـ وعنه ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان إذا فرغ من طعامه ، وقال مرة : إذا رفع مائدته قال : الحمد لله الذي كفانا وأروانا غير مكفي ولا مكفور • وقال مرة : لك الحمد ربنا غير مكفي ولا مودع ولا مستغنى ربنا • ح ـ ٨/٢٦٦ •

وفي حديث أبي سعيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ وأبي داود : الحمد لله الذي أطعمنا وسقانا وجعلنا مسلمين • وفي حديث أبي أيوب ـ رضي الله تعالى عنه ـ عند الترمذي وأبي داود : الحمد لله الذي أطعم وسقى وسوّغه وجعل له مخرجا • قسطلاني •

تەرجەمە :

دوای ئەمە كە سوفرەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هەڵەگیرا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەم حەمدانە حەمدی ئەكرد •

الاكل في آنية الذهب(١) = والفضة = :

٦٩/٢٦٨٠ ـ عبدالرحمن بن أبي ليلى [رحمه الله تعالى] أنهم كانوا عند حذيفة [رضي الله تعالى عنه ـ بالمدائن فاستسقى حذيفة ـ رضي الله تعالى عنه ـ فجاءه دهقان بشراب في إناء من فضة • م] فاستسقى فسقاه مجوسي • فلما وضع القدح في يده رماه به [فكسره • م] وقال : لولا اني نهيته غير مرة ولا مرتين ! كأنه يقول لم أفعل هذا • ولكني سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : لا تلبسوا الحرير ولا الديباج ، ولا تشربوا في آنية الذهب والفضة ، ولا تأكلوا في صحافها ؛ فإنها لهم في الدنيا ولنا في الآخرة • ح ـ ٨/٢٢٢ • م ـ ٨/٣٦٥ ، ٣٦٧ • د ، ن ، جه •

---

(١) خواردن لە قاپو قاچاغی زیوو ئاڵتوونا .

تەرجەمە :

عەبدوڕەحمانی بنی ئەبی لەیـلا ـ رحمه الله تعـالی ـ ئەفەرموێ : لـە مەدائین لە خزمەت حوذەیفەدا بووین داوای ئاوی لـە مەجووسی‌یێ کرد ، ئاوی لە زەرفێکی زیوا بۆ هێنـــا ، کـــە دایـە دەســـتی زەرفەکەی بۆ مەجووسیەکە هاویتو شکانی ، فەرمووی : ئەگەر جارێ یا دوو جار یـا زیاتر نەهیم لێ نەکردایە وام نەئەکرد ، لە پێغەمەرم ـ صلی الله تعالی علیـە وسلم ـ بیستوە ئەیفەرموو : ئاوریشم ، تاقە ، دێبا لەبەر مەکەن ، لە زەرفی زیوو ئالتوونا ئاو مەخۆنەوەو نانو چێشت مەخۆن ؛ ئەوانە بۆ ئەوانە لـە دنیادا لە ئاخیرەتا بۆ ئێمەیە ، خوا لێمان حەرام نەکا ئامین ،

الصيد والذبائح

ئەمانەیش لـە ئەطعیمەن

بەچی حەیوان بکوژرێ خواردنی دروستە

١/٢٦٨١ – رافع بن خديج – رضي الله تعالى عنـه – قـال : كنـا مع النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – بذي الحليفة ، فأصـاب الناس جوع ، وأصبنا إبلاً وغنماً ، وكان النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – في أخريات الناس ، فعجلوا فنصبوا القدور ، فأمر بالقدور فأكفئت ، ثم قسم فعـدل عشرة من الغنم ببعير ، فندّ منها بعير ، وفي القوم خيل يسـيرة فطلبوه ، فأعياهم ، فأهوى إليه رجل بسهم فحبسه الله ، فقال : هذه البهائم لها أوابد [متنفرات ووحشيات] كأوابد الوحش ، فما ندّ عليكم فاصـنعوا بـه هكذا • [قال عباية بن رفاعة :] فقال جدي : إنا نرجو أو نخاف أن تلقى العدو غداً ، وليس معنا مُدى ، أفنذبح بالقصـب ؟ [فنذكي بالليط • م قشور القصب • نووي] فقال : ما أنهر الدم وذكر اسم الله [عليه] فكل ، ليس السن والظفر ، وسأحدثكم عن ذلك : أما السن : فعظم ، وأما الظفر فمدى الحبشة • ح – ١٧٦/٥ • م – ١٩٦/٨ • ح – ٢٧٤/٤ • د ، ت ، جه ح – ٢٦٦/٨ ، بأخصر بتمامه •

تەرجەمە :

عەبایەی کوڕی ڕەفاعەی کوڕی خەدیج لە رافیعەوە - رضي الله تعالی عنه - ریوایەت ئەکا کە فەرمووی : لە (ذي الحليفة) لە خزمەت پێغەمەرا بووین - صلی الله تعالی علیه وسلم - برسێتیمان تووش بوو ، لە پاشا وشترو مەڕێکی زۆرمان بە تالآنی گرت ٠ پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە پاش خەڵقەوە بوو ، عەجەلەیان کرد لێیان سەربڕی‌و ، دیزەیان خستە سەر ئاگر ٠ پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - ئەمری فەرموو ، دیزەکان سەرەونوخوون کرانەوە ٠ لە پاشا بەشی کرد ؛ دە مەڕی بەرابەر بە وشترێ کرد ، وشترێ یاخیی بوو ، لە ناو لەشکرەکەدا ئەسپ‌سوار کەم بوو ، بە شوێنیا چوون ماندووی‌کردن نەیانگرت ، پیاوێ تیرێکی بۆ هاویت خوا بەو تیرە وەستانی ٠ پێغەمەر - صلی الله علیه وسلم - فەرمووی : ئەم حەیوانانە سەرکێش‌و وەحشییان تیایە وەك حەیوانی وەحشیی ، هەر کامێکیان لێتان یاخیی بین وەهای لێ بکەن ٠ عەبایە ئەفەرموێ : رافیعی باوکم عەرزی پێغەمەری کرد - صلی الله تعالی علیه وسلم - : ئومێدمان وایە ، یا فەرمووی : ئەترسین سبەینێ تووشی دوشمن ببین ، کێردمان پێ نیە ، بە قامیش حەیوان سەربڕین ؟ فەرمووی : غەیری ددان‌و نینۆك هەرچی خوێن بڕژێنێ‌و ناوی خوای لەسەر ببرێ بیخۆ ٠ قسەتان بۆ ئەکەم لە نینۆك‌و ددان : ددان ئێسکە ، نینۆك کێردی حەبەشەیە ٠

٢/٢٦٨٢ - عن كعب بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أنه كانت لهم غنم ترعى بسَلْع ، فأبصرت جارية لنا بشاة من غنمنا موتاً ، فكسرت حجراً فذبحتها به ٠ فقال لهم : لا تأكلوا حتى أسأل النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أو أُرْسِل الى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - من يسأله ٠

وانه سأل النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - عن ذاك أو أرسل ، فأمره بأكلها •

قال عبيدالله : فيعجبني أنها أمة ، وأنها ذبحت • ح - ٤/١٥١ • ح - ٨/٢٦٦ • جه •

تەرجەمە :

کەعبی بنی مالیك - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : رانێ مەڕمان بوو لە سەلع ئەلومڕا جاریەیێکمان چاوی کەوت بە مەڕێکیان کە لە مردنا بوو • بەردێکی شکانو تیژی کرد پێی سەربڕی • کەعب پێیفەرموون : مەیخۆن تا لە پێغەمەر ئەپرسم - صلى الله تعالى عليه وسلم - یا فەرمووی : یەکێك ئەنێرم کە لێی بپرسێ ، خۆی لێی پرسی یا یەکێکی نارد ، پێیفەرموون کە بیخۆن •

عوبەیدوللای کوڕی ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - فەرمووی : عەجایبم لێ ما جاریە بێ حەیوان سەربڕێ •

٢٦٨٣/٣ - عن أبي ثعلبه الخُشَني [رضي الله تعالى عنه] قال : قلت : يا نبي الله إنا بأرض قوم أهل كتاب ، أفنأكل في آنيتهم ؟ وبأرض صيد أصيد بقوسي ، وبكلبي الذي ليس بمعلم ، وبكلبي المعلم فما يصلح لي ؟ قال : أما ما ذكرت من أهل الكتاب فإن وجدتم غيرها فلا تأكلوا فيها ، وإن لم تجدوا فاغسلوها وكلوا فيها • وما صِدت بقوسك فذكرت اسم الله فكل • وما صِدت بكلبك المعلم فذكرت اسم الله فكل ، وما صِدت بكلبك غير معلم فأدركت ذكاته فكل • ح - ٨/٢٤٨ ، ٢٥٣ م - ٨/١٤٦ •

تەرجەمە :

ئەبوثەعلەبەی خوشونیی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەرم کرد - صلى الله تعالى عليه وسلم - : (يا نبي الله) ئێمە لە ئەرزی

قەومێکاین ئەهلی کیتابن ، ئایا لە ناو زەرفی ئەوانا شـت بخۆین یان نـا ؟ [چونکی هەموو شتی پیسی تیا ئەخۆن] لە ئەرزێکاین راوی تیا ئەکرێ ، بە تیرو کەوانی خۆم بە کەلبی موعەللەمم[1] بە کەلبی غەیرە موعەللەمم راو ئەکەین لەوانە کامیان بۆم ئەگونجێ کە بیخۆم ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر غەیری زەرفی ئەهلی کیتابتان دەســـت بکەوێ لە زەرفی ئەهلی کیتابا مەخۆن ، ئەگەر دەستان نەکەوێ بیشۆنو لە ناویا شت بخۆن • ئەوی بە تیرو کەوان ئەیکوژی (بسم الله)ی لەســەر بکەی بیخۆ • ئەوی بـە کەلبی موعەللەم ئەیکوژی لـە وەختی تێبەردانـا (بســـم الله) بکەی بیخۆ ، ئەوی بـە کـەلبی غـەیرە موعەللەم ئەیکوژی بەسەربڕینیا بکەی بیخۆ •

ظاهیری ئەم حەدیثە وایە زەرفی ئەهلی کیتاب بەو شــەرتە شتی تیـا ئەخورێ کە شتی تری دەستنەکەوێ بیشی شوا • راوکــەر لـە وەختی تیرهاویتنو سەگبەردانا (بسم الله) نەکا راوەکەی مرداربێتەوە ناخورێ • فەقەط شەرع بە خیلافی ئەوەیە ، کە وابێ ئەمرەکە بۆ (ندب)ە •

٤/٢٦٨٤ ـ عن عدي بن حاتم [رضي الله تعالى عنــه] قال : قال لي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اذا أرسلت كلبك فاذكر اســم الله ، فإن أمسك عليك فأدركته حياً فاذبحه ، وان أدركته قد قتل ولم يأكل منه فكله ، وان وجدت مع كلبك كلبـاً غيره وقـد قتل فلا تأكـل ؛ فإنـك لا تدري أيهما قتله وإن رميت بسهمك فاذكر اسم الله [عليه] فإن غاب عنك يوماً [أو يومين • أخرى] فلم تجد فيه إلا أثر سهمك ، فكل ان شــئت • وان وجدتهغريقاً في الماء فلا تأكل • م ـ ١٤٤/٨ • ح ـ ٢٥٢/٨ •

---

(١) واتە : سەگی فێرەبۆاو ؛ ئەو سەگەی نێچیر بگرێو لێی نەخوا .

٢٦٨٥/٥ ـ وعنه قال : قلت : يا رسول الله اني أرسل كلبي وأسـمي فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اذا أرسلت كلبك وسميت فأخذ فقتل فأكل فلا تأكل ، فإنما أمسك على نفسه • قلت : إني أُرسل كلبي أجد معه كلباً آخر لا أدري أيهما أخذه ! فقال : لا تأكل فإنما سميت على كلبك ولم تسم على غيره • وسألته عن صيد المِعراض [خشـبة في رأسها كالزج يلقيها على الصيد] فقال : اذا أصبت بحده فكل ، واذا أصبت بعرضه فقتل فإنه وقيذ [ميتة] فلا تأكل • ح ـ ٨/٢٥٣ • م ـ ٨/١٣٩ •

٢٦٨٦/٦ ـ وعنه قال : سألت النبي [رسول الله] ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن صيد المعراض قال : ما أصاب بحده فكله ، وما أصـاب بعرضه فهو وقيذ • وسألته عن صيد الكلب فقال : ما أمسك عليك فكل ؛ فإن أخذ الكلب ذكاة ، وان وجدت مع كلبك أو كلابك كلباً غيره فخشيت أن يكون أخذه معه وقد قتله فلا تأكل ؛ فإنما ذكـرت الله على كلبـك ولم تذكره على غيره • ح ـ ٨/٢٤٥ • م ـ ٨/١٣٩ • ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

دەرحەق ئەو حادیثەیە لە موسلیمیشاو لە بوخاریشا ریوایەتی تر زۆرە مەئالی هەموویان ئەمەیە : عەدیی کوڕی حاتەمی طائیی ـ رضي الله عنـه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیـە وسـلم ـم پرسیی بە پەلار یا تیزە راوکردن چۆنە ؟ فەرمووی : ئەگەر بە تیژیەکەی لێیبدەی بیخۆ ، ئەگەر بە پانیەکەی لێیبـدەیتو بیکوژی ئـەوە مردارەوە بـوە • عەرزم = کرد = : راوکردن بە سەگ چۆنە ؟ فەرمووی : ئەوی بۆ تۆی گرتبێ ، یەعنی لێی نەخوا ، بیخۆ ؛ چونکی کوشتنی سەگی موعەللەم بە شـــەرتی لێنەخواردنی بە سەربڕین حســـێبە • ئەگەر لێی بخوا مەیخۆ چونکی بۆ

خۆیی گرتوه بـۆ تۆی نەگرتوه • ئەگەر سـەگی تری لەگەڵ بێ نـەزانی کامیان کوشتوویەتی لێی مەخۆ ؛ چونکی (بسم الله)ت لەسەر ســەگی غەیـر نەکـردوه ، ئەگـەر بـە تیر لێت دا رۆژێ دوو رۆژ ون بوو ، کـە دۆزیتەوە تێیفکریت غەیری جێ تیرەکەت هیچ برینی تری نەبوو بیخۆ • ئەگەر بووی مەیخۆ • ئەگەر کەوتبوە ناو ئاوو غەرق بوو مەیخۆ ؛ چونکی ئیحتیمالی هەیە بە ئاوەکە خنکابێ •

٢٦٨٧/٧ ـ عن أبي ثعلبة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [في الذي يدرك صيده بعـــد ثلاث : فكله ما لم ينتن م ـ ١٤٨/٨] قال : إذا رميت بسهمك فغاب عنك فأدركته فكله ما لم ينتن م ـ ١٤٨/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : تیرت گرتە راو لێت ون بوو لە دوای سێ رۆژ دۆزیتەوە ئەگەر بۆگەن نەبووبێ بیخۆ •

پــەلــەپیتــکە :

٢٦٨٨/٨ ـ عن عبدالله بن مغفّل [رضي الله تعالى عنه] أنه رأى رجلا [قريباً لعبدالله بن مغفل • أخرى • م] يخذف ، فقال له : لا تخذف ، فـإن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن الخذف ، أو كان يكـره الخذف [بالشك • وفي رواية أحمد عن وكيع : نهى عن الخذف بغير شك ، والشك من كهمس الراوي] وقال : إنه لا يصاد به صـيد ، ولا ينكأ بـه عدو ، ولكنها قد تكسر السّنّ وتفقأ العين • ثم رآه بعد ذلك يخذف فقال له : أحدثك عن رســـــول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه نهى عن

الخذف ، أو كره الخذف وأنت تخذف لا أكلمك كذا وكذا [وعند مسلم لا أكلمك أبدا] ح - ٨/٢٤٨ • م - ٨/١٧٦ • ن

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی موغەففەل ـ رضي الله تعالى عنه ـ یەکێ لە خزمانی خۆی ئەبینێ کـە پەلەپیتکە ئەهـاوێ پێیفەرموو : پەلەپیتکە مەهـاوە ، چونکی پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـە وسـلم ـ نەهیکردوە لـە پەلەپیتکەهاویتن ، یـا فەرمووی : ئەیکەرهێنێ [لـە ریوایەتی ئـەحمەدا ئەفەرموێ : نەهی لێکردوە ، بە بێ شك] چونکی پەلەپیتکە نە راوی پێ ئەکرێ ، نە دەفعی دوشمنی پێ ئەکرێ • ئەمما بەعزێ جار لە خەڵق ئەکەوێ یا دانی ئەشـکێنێ ، یا چاوی دەرئەهێنێ • لـە دوای موددەیێ چاوی پێیئەکەوێتەوە کە پەلەپیتکە ئەهاوێ پێی ئەفەرموێ : من لە پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعـالی علیـە وسـلم ـ خەبەرت ئەدەمێ کـە نەهی لێکردوە یـا فەرمووی : ئەیکەرهێنێ کەچی ئێشـتا تۆ پەلەپیتکە ئەهاوی • ئەوەنـدەو ئەوەندە نابێ قسەت لەگەڵ بکەم • لە موسلیما : پێیفەرموو : بە ئەبەدیی قسەت لەگەڵ ناکەم • بەندەقەیش وایە[1] •

پەلەپیتکە هاویتن مەکرووهە ، ئەگەر بە بێ لوزووم بێ •

نەهی لە مونکەر لازمە • ئەگەر بە گوێی نەکرا دروستە قسـەی لەگەڵ ببڕێتەوە •

مریشكو رۆحلەبەر بەنیشانەوە :

٢٦٨٩/٩ ـ عن هشـام بن زیـد [بن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : دخلت [مع جدي] أنس [رضي الله تعالى عنه] على الحكم بن أيوب

---

(١) بەندەق ـ وەك دانەر ـ خ ـ لەمەودوا ئەینووسێ ـ گوللەی قوڕینە ، بە کەوان هاویتوویانە بۆ نێچیرو راویان پێکردوە •

[الظالم ابن عم الحجاج الظالم] فرأى غلماناً أو فتياناً نصبوا دجاجة يرمونها فقال أنس : نهى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أن تُصـبَر البهائم [أي تحبس لترمى حتى تموت] • ح - ٢٧١/٨ • م - ١٧٩/٨ • د ، جه •

تەرجەمە :

هیشامی کوڕەزای ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە خزمەت باپیرما چووینە لای حەکەمی ئامۆزای حەججاجی کوڕی یوسف ، لە رێدا چاوی بە بەعزێ کوڕ کەوت مریشکێکیان نابوەوە بە نیشانە تیریان تێئەگرت • ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - نەهیکردوە لە حەیوان کە بە ئەذیەت بکوژرێ •

١٠/٢٦٩٠ - عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أنه دخل على يحيى بن سعيد [أخو عمر الأشدق] وغلام من بني يحيى رابط دجاجة يرميها ، فمشى إليها ابن عمر - رضي الله تعالى عنه - حتى حلها ، ثم أقبل بها وبالغلام معه • فقال : ازجروا غلامكم عن أن يصبر هذا الطير للقتل ؛ فإني سمعت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - نهى أن تُصبْر بهيمة أو غيرها للقتل • ح - ٢٧١/٨ • م - ١٧٩/٨ ، بمعناه •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - تەشریفی ئەچێتە لای یەحیای کوڕی سەعیدی کوڕی عاص ، کوڕێ لە ئەولادەکانی یەحیا مریشکێکی بەستۆتەوە تیری تێئەگرێ • ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - تەشریفی ئەچێ مریشکەکە ئەکاتەوە لەگەڵ کوڕەکەی یەحیادا ئەیباتە لای یەحیا ، پێی ئەفەرموێ : کوڕەکەتان مەنع بکەن لەوە کە طەیر حەبس بکا بۆ کوشتن • لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -م بیستوە نەهیکردوە

کە حەیوان یا غەیری حەیوان [هەرچی رۆحلەبەر بێ] حەبس بکرێن بۆ کوشتن •

٢٦٩١/١١ ـ عن سعيد بن جبير [رحمه الله تعالى] قال : كنت عند ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] فمروا بفتية أو بنفر نصـــبوا دجاجة يرمونها ، فلما رأوا ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] تفرقوا عنها • وقـال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : من فعل هذا ؟ ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لعن من فعل هذا • [لعن من اتخذ = شـــيئاً = فيه الروح غرضا • م] ح ـ ٨/٢٧٢ • م ـ ٨/١٧٩ •

٢٦٩٢/١٢ ـ وعنه قال : مر ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] بفتيان من قريش قد نصبوا طيراً وهم يرمونه ، وقد جعلوا لصـــاحب الطير كل خاطئة من نبلهم ، فلما رأوا ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] تفرقوا • فقال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : من فعل هذا ؟ ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لعن من اتخذ شيئاً فيه الروح غرضـا • م ـ ٨/١٧٩ • (بەســـە) •

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی جوبەیر ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە لای چەند جەهێڵێکی قورەیشـــــــا رابورد ، طەیرێکیان [مریشکێکیان • أخرى] نابۆوە بە نیشانە تیریان تێئەگرت ، بەم شەرتە هەر کامێکیان تیرەکەی بە خەطا چوو بیـــدا بـە صـــاحێبی مریشکەکە • کە چاویان بە ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کـەوت بڵاوەیان لێکرد • ئیبنوعومەر ـ رضـــي الله تعـالى عنهما ـ فەرمووی : کێ ئەمەی کردوە ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ لەعنی کردوە لـە

کەسێك رۆحلەبەر بکا بە نیشانە • [لە ریوایەتەکەی پێشەوەدا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەعنی کردوە لەوەی ئەمەی کردوە] •

٢٦٩٣/١٣ ـ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] لعن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من مثّل بالحيوان • ح ـ ٢٧٢/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی کردوە لەمە کە حەیوان (موثله) بکرێ ، یەعنی کلكو گوێ بکرێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەعنی کردوە لەوەی کلكو گوێی حەیوان بکا •

٢٦٩٤/١٤ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تتخذوا شيئاً فيه الروح غرضا • ح ـ ٢٧٢/٨ مختصراً • م ـ ١٧٩/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : شتێك کە رۆحلەبەر بێ مەیکەن بە هەدەف •

چ حەیوانێ گۆشتی ناخورێ ؟

٢٦٩٥/١٥ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : نهى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن كل ذي ناب من السباع ، وكل ذي مخلب من الطير • م ـ ١٥٠/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی کردوە لەو حەیوانەی کەڵبەی بێو ، لەو طەیرەی پەنجەی قولاپی بێ •

لـە ئەبوهورەیرەو ئەبوثەعلەبە ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ دەرحەق درِندەی حەیوان • ح ـ ٢٧٧/٨ • م ـ ١٤٨/٨ ، ١٥٠ ئەبوهورەیرە •

ئیحســـانی (في القتل)(١) :

١٦/٢٦٩٦ ـ عن شداد بن أوس [رضي الله تعالى عنه] قال : ثنتـان حفظتهما عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ان الله =تعالى= كتب الإحسان على كل شيء • فإذا قتلتم فأحســـنوا القتل ، واذا ذبحتم فأحسنوا الذبح ، وليحدَّ أحدكم شفرته ، وليرح ذبيحته • م ـ ١٧٧/٨ •

تەرجەمە :

شەددادی کوڕی ئەوس ـ رضي الله تعـالى عنـە ـ ئەفەرموێ : دوو شتم لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حیفظ کردوە : فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ لەسەر کوللی شتێك ئیحســـانی فەرزکردوە دەرحەقی بکرێ • کە ئینسانتان [بە وەجهی شەرعیی] کوشت چاکی بکوژن ، بـە عەذاب مەیکوژن • کە حەیواتتان سەربڕی جوانی سەربڕن ئەذیەتی مەدەن کێردەکەتان تیژ بکەن • ئەوی سەری ئەبڕن رەحـەتی بکەن بـە ئەذیـەت سەری مەبڕن •

لە موسلیمو بوخاریدا دەرحەق بەو حەیوانانەی کە گۆشتی ئەخورێ هەر ئەم حەدیثانە ریوایەتکراوە ، چ حەیوانێکی تر گۆشتی ئەخورێ یـا ناخورێ ذیکر نەکراوە • لە کتێبی (فقه)ا ئەوانە کە گۆشتیان ئەخورێو ناخورێ گەلێ زۆرترە ، لە ئایەتیشا مردارەوە بووو ، بەرازو ، خوێـنو ، ئەوەی کـە بـە ناوی بتـەوە سەربڕابێ بەیانکراوە ، ئەوانی تر لـە کوێوە

(١) نەرمو لەسەرخۆیی لە کوشتنەوەو سەربڕیندا .

هێنراوەو لە چی (استنباط) کراوە ؟ بەعزێ ئاثار لە بوخاریدا ذیکر کراوە نەبراوەتەوە سەر پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - ئەو ئاثارە ئەمانەیە کە لە صەحیفەی دواوەیە :

لە ئایەتی (حرمت علیکم المیتة ...)[1] الآیەدا .

(منخنقة) : ئەوەیە بیخنقێنی بمرێ . (موقوذة) ئەوەیە بە دار یا بە بەرد لێیدەی تا ئەمرێ . (متردیة) ئەوەیە لە بەرزاییەوە بکەوێتە خوارەوەو بمرێ . (نطیحة) ئەوەیە کە حەیوان بە قۆچ بیکوژێ . ئەمانە هەموو مردارەوەبوون . لەمانە ئەوی پیا بگەیتو کلکی بلەقێنێ ، یا چاوی بتروو کێنێ سەری بڕەو بیخۆ . ح - ٨/٢٤٥ .

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالی عنه - ئەفەرموێ : ئەوی بە بەندەق ئەکوژرێ مەوقوودەیە گۆشتی ناخورێ .

سالمی کوڕی قاسمی کوڕی محەمەدو ، موجاهیدو ، ئیبراهیمی نەخەعیی ، عەطای ئیبنی رەباح ، حەسەنی بەصریی - رحمهم الله - ئەفەرموون : مەکرووهە . لە زەمانی پێشوا لە قوڕ گوللەیان دروستکردوەو بە کەوان هاویتوویانە ، ناوی بەندەقەیە .

حەسەنی بەصریی - رحمه الله - ئەفەرموێ : بەندەقە لە شاراو دێهاتاو جێێ کە خەڵقی زۆری لێ بێ هاوێتنی بەندەقە مەکرووهە . نە بەر زەرەرێ کە لە پەلەپیتکەدا بەیانکرا لە جێی خالی کە زەرەری نەبێ زەرەری نیە . ح - ٨/٢٤٦ .

حەسەنی بەصرییو ئیبراهیمی نەخەعیی - رحمهما الله - ئەفەرموون : ئەگەر لە صەیدێکیدا دەستێ یا پێیێکی پەڕان دەستو پێکەی ناخورێ ،

(١) المـائـدة / ٣ .

باقیـەکـەی ئەخورێ • ئیبراهیم ئەفەرموێ : ئەگـەر لـە ملت دا یـا لـە ناوەڕاستت دا بیخۆ •

زەیدی بنی وەهەب ـ رحمە اللە ـ ئەفەرموێ : (گەورێ)[٢] عاصیی بوو لە ئالی عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ، ئەمری = پێ =کردن کـە لـە هەر جێیێکی بدەن ئەو جێیەی ئەگەر بپەڕێ فڕێیدەن‌و ئەوی تری بخۆن • ح ـ ٨/٢٤٧ •

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : حەیوانێ کە سەگی راو لێی‌خوارد خواردنی مەکرووهە • عەطـا ئەفـەرموێ : ئـەگـــەر لـە خوێنەکەی خواردەوەو لە گۆشتەکەی نەخوارد بیخۆ • ح ـ ٨/٢٥١ •

(أحل لكم صيد البحر وطعامه)[١] : ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : صەیدی بەحر ئەوەیە کە راوی بکەی • طەعامی بەحـر ئەوەیە کە بەحرەکە بیخاتە لاوە •

ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعـالی عنـە ـ ئەفەرموێ : (طافي) ـ حەیوانی بەحریی کە لە بەحرا ئەمرێ‌و سەر ئاو ئەکەوێ ـ حەڵاڵە •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : طـەعـامی بەحـر مردارەوەبووی بەحرە ، ئەوەی نەبێ کە بێزی لێ ئەکرێ • ح ـ ٨/٢٥٥ •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : (جِرّی) جەریت : مارماسیی یا سەروقنگ باریك‌و ناوقەد ئەســـتوور •• جوولەکە نایخواو ئێمە ئەیخۆین • شورەیحی صاحێبی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ

---

(٢) گەورێ : واتە کەرێکی وەحشیی •

(١) المـائـدة / ٩٦ •

ئەفەرموێ : هەرچی لە بەحرا بێ بە مەذبووح حســێبە ، مردارەوەبووی ئەخورێ . عەطاء ئەفەرموێ : طەیری ئاویی رەئیم وایە ئەبێ سەرببڕرێ .

ئیبنوجورەیج ئەفەرموێ : لە عەطام پرسیی : صەیدی ئەنهارو گۆل حەلاڵە ؟ فەرمووی : داخڵی صەیدی بەحرە . ئیمامی حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی - رضي الله تعالى عنهما - سواری زینی نەرمەزین لە پێستی ســـەگی ئاویی بوە . ح - ٨/٢٥٦ .

شیعبی - رحمه الله - ئەفەرموێ : ئەگەر ئەهلی من ئارەزوویان بوایە کە قورباغە بخۆن ئەمدانێ کە بیخۆن . حەسەنی بەصـــریی - رحمه الله - ئەفەرموێ : گۆشتی رەقە بەئس لە خواردنیا نیە . ح - ٨/٢٥٧ .

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : صـــەیدی بەحـر گـاور بیـکاو جوولەکە بیکاو مەجووس بیـکا ئەخورێ . (أبو الدرداء) - رضـــي لله تعـالى عنه - ئەفەرموێ دەرحەق (موری) - طەعامێکە - : سەربڕینی شەراب : ماسیو ، رۆژە . یەعنی ماسی خوێی پێوە بکە بیخەیتە ناو شەرابەوە لە بەر هەتاوی دابنێی ئەوە شـــەرابەکە ســـەرەبڕێ پاکی ئەکاتەوەو خواردنی دروستە . ح - ٨/٢٥٧ .

(موری ئەوەیە) .

(بسم الله) نەکردن لەسەر ذەبیحە : ئیبنوعەباس - رضي الله تعـالی عنه - ئەفەرموێ : (بســم الله) لـە فکر بچێ زەرەری نیـە . زەبیحەکەی ئەخورێ . خوا ئەفەرموێ : ئەوی ناوی خوای لەسەر نەبرێ مەیخـۆن ، خواردنی فیسقە . ئیبنوعەباس ئەفەرموێ : ناســیی[1] فاســـق نیـە . ح - ٨/٢٦١ .

(١) واتە کە (بسم الله)کردنی لەبیربچێ ، نەك بە ئارەزوو نەیکا .

ذەبائیحی ئەهلی کیتاب ئەخورێ حەربیی بن یا غەیری حەربیی • خوا ئەفەرموێ : ئیمڕۆ طەیب خواردن بۆتان حەلاڵکراوە • طەعامی ئەوانەی کە کیتابیان بۆ نێرراوە ، بۆ ئێوە حەلاڵە ، طەعامی ئێوە بۆ ئەوان حەلاڵە • یەعنی دروستە طەعامیان بدەنێ • زوهریی ئەفەرموێ : ذەبیحەی نەصارای عەرەب بەئس لە خواردنیا نیە • ئەگەر گوێت لێ بێ کە بە ناوی غەیری خواوە سەری ئەبڕێ مەیخۆ • ئەگەر گوێت لێ نەبێ بیخۆ • خوا بۆی حەلاڵ کردووی علیمیشی بە کوفریان هەیە • لە ئیمامی عەلیشەوە - رضي الله تعالى عنه - وا ریوایەتکراوە • حەسەنو ئیبراهیمی نەخەعیی - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموون : خەتەنەنەکراو حەیوان سەربڕێ ئەخورێ • ئیبنوعەباس ئەفەرموێ : طەعامی ئەهلی کیتاب ذەبائیحیانە • ح - ٨/٢٦٨ ، ٢٦٩ •

ئیبنومەسعوودو ئیبنوعەباسو عەلیو ئیبنوعومەرو عایشە - رضي الله تعالى عنهم - ئەفەرموون : = کە = عاجز بووی لەمە کە ئەو حەیوانەی لە دەستتایە سەری ببڕی ، یەعنی یاخیی بێ ، وەك وەحشیی وایە بە هەر نەوعێ مومکینت بێ راوی بکەی ، بە تیر بێ ، بە شیر بێ ، بە سەگی راو بێ ... بیکوژەو حەلاڵە • ح - ٨/٢٦٩ •

ئیبنوجورەیج لە عەطاوە ریوایەت ئەکا کە فەرموویەتی : لە غەیری مەذبەحو مەنحەرا(١) سەربڕینو نەحرکردن نیە • ذەبح : لە قوڕگا لای سەری بۆ ملکورت • نەحر : لە ملا لای سنگیەوە بۆ حەیوانی ملدرێژ • ئیبنوجورەیج ئەڵێ : لێم پرسیی : دروستە حەیوانی ملکورت لای

(١) مەنحەرو مەذبەح : مەبەستی قوڕگو ملە . واتە دروست نیە شوێنێکی تری ببڕی تا گیانی دەرئەچێ .

سنگەوەو ، ملدرێژ لای ســــەرەوە ســــەربڕێ ؟ فەرمووی : بەڵێ ، سەربڕین بە بڕینی دوو شاڕەگی ئەملاو ئەولای ملی ئەبێ • وتم : دروستە لە ئەوداج[1] تێپەڕ بکەیتو تا چاڵایی پشت ملی ببڕیو شاڕەگەکان نەبڕی ؟ فەرمووی : ظەن نابەم • خەبەری دامێ کە ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - نەهی لێ کردوە • ئەیفەرموو : تا سەر ئێسکی ئەبڕیو تەرکی ئەکەی تا ئەمرێ • ئیبنوعەباس - رضـــي الله تعـالى عنهما - ئەفەرموێ : سەربڕین لە گەردنا لای سەر نەحر لە لای سنگەوە ئەبێ • ئیبنوعەباسو ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهم - ئەفەرموون : لە وەختی ســـەربڕینـا سەری لێجوێ بکرێتەوە لە خواردنیا باس نیە • ح - ٨/٢٧٠ •

تا ئێرە موعەللەقاتو مەوقووفاتی بوخاریی •

ئەنواعی صەیدی بەحر سیانە •

هەموو ئەنواعی ماسیی حەڵاڵە •

قوڕباغە هەموو ئەنواعی حەرامە •

غەیری ئەم دوانە خیلافی تیایـە : = لای = ئەبوحەنیفە : حەرامـە • ئەکثەری عولەما حەڵاڵە • قەسطەلانیی ح - ٨/٢٥٥ •

سوفیانی ثەوریی ئەفەرموێ : رجام وایە قرژاڵخواردن بەئسی نەبێ •

ماسی هەمووی ئەخورێ بـە هـەر نەوعێ بمرێ • غەیری ماسی دوو قیسمە : قیسمێکی لە بەڕڕا[2] ئەژی وەك : قوڕباغە ، قرژاڵ ، رەقە ••• ئەمانە حەرامن • قیســـمێکی لـە بەڕڕا ئاژی لـە دوای قەدمرێ ئەمرێ ، ئەبوحەنیفە ئەفەرموێ : ناخورێ • مەذهەبی شافیعیی ئەخورێ با صوورەتی - صوورەتی ماسی نەبێ ، وەك مارماسی •

(١) مەبەستی لە ئەوداج وردەرەگەکانی ملە .

(٢) واتە لە وشکیدا ئەژی .

بەعزێك ئەڵێن : ئەگەر لە ئەرزا لە جینسی ئەو حەیوانە حەڵاڵ بێ ئەخورێ وەك گای بەحریی • ئەوی لە ئەرزا نەظیری نەخورێ وەك سەگ و ورچی ئاوییو بەرازی ئاویی ناخورێ •

قورباغەی بەرپی ئینسـان ئەکوژێ • هی ئاویی (مضر)ە • قیرش حەرامە • موحیببی طەبەریی : حەڵاڵە • (دنیلس)[1] حەڵاڵە •

وەلحاصل : ئەوی لە قورئاناو لە حەدیثا بە نەص ثابت نەبووبێ ئەوی کە بە طەبیعەت بێزی لێ نەکرابێ بە حەڵاڵیان داناوە • ئەوی طەبعی سەلیم بێزی لێ بکاو دڵی لێی تێکەڵ بێ بە حەرامیان داناوە • قسطلاني ٥/٢٥٧ •

تمت الاطعمة ، فلنشرب بعدها ١٩٤١/٦/٢٢ یەك شەممە

---

(١) (دنیلس) جۆرێکە لە گیانلەبەری نـاو ئاوو ، هەندێ لـە زانـایـان دەفەرموون : ئەگەر لە رەگەزی قرژانگ بێ ناخۆری .

الأشربة[1]

شــــەراب ئەوەی ئەخورێتەوە حەلاڵی هەیە کــە موسکیر[1] نەبێ • حەرامی هەیە کە موسکیر بێ • قیسمی حەلاڵی :

٢٦٩٧/١ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ يقول : قـال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اذا وقـع الذبـاب في [طعـام • في إنـاء • أخرى] شراب أحدكم فليغمسه [ثلاثاً مع بسم الله • بزار] ثم [ليطرحه • أخرى] لينزعنه [كله • أخرى] فإن في إحدى جناحيه داء وفي الأخـــرى شفاء • ح ـ ٥/٣٠° • جه • د •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە مێش کەوتە ناو شەرابی یەکێکتانەوە = سێ جار لەگەڵ (بسم الله)کردندا = تیـا نوقوم بکا لە پاشا دەری‌هێنێ ؛ چونکی باڵێــکی [کــە باڵی چەپیەتی] دەردی تیایە ، باڵەکەی تری [کە باڵی راستیەتی] شیفای تیایە •

---

(١) باسی شتی خواردنەوە •

(٢) مسکر ـ موسکیر : سەرخۆشکەر •

ئاوی کەم بە شتی بێخوێن ، یـا خوێنی بیێو ئەوەندە نەبێ کـە جەرەیان بکا پیس نابێ ، با تیایا بمرێ • بەو شەرتە نەیگۆڕێ • ئەگەر گۆڕی لای وەجهی صەحیح پیس ئەبێ • هەم بەو شەرتە ئەو شتە لەوانە بێ کە خەڵق پێی موبتەلا بێ وەك : مێشو ، مێشوولەو ، پەپوولە • ئەمما دووپشكو قالۆچە پیسی ئەکا ؛ چونکی عیللەتی عەفو بێخوێنیو بێبۆنپیسی‌یە •

٢٦٩٨/٢ ـ عن سهل بن سعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أتي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بقدح فشرب منه ، وعن يمينه غلام أصغر القوم ، والأشياخ عن يساره • فقال : يا غلام أتأذن لي أن أعطيه الأشياخ ؟ قال : ما كنت لأوثر بفضلي منك أحدا يا رسول الله ! فأعطاه إياه • ح ـ ١٨٦/٤ • م ـ ٢٨٩/٨ • وفي أخرى : فتلّه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في يده • م ـ ٢٨٩/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەدەحێکیان بۆ هێنا لێیخواردەوە ، لە تەنیشتی راستیەوە کوڕێك بوو بوچووکی قەومەکە بوو • پیاوی گەورە لای چەپیەوە بوون ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەی غولام ئیذنت هەیە بیدەم بە پیاوە گەورەکان ؟ عەرزیکرد : (یا رسول الله) بە پاشماوەی تۆ هیچکەس بەسەر خۆما تەرجیح نادەم ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پاشماوەکەی خۆی دا بەو غولامە = خستیە ناو دەستیەوە = • [ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ نووي] •

٢٦٩٩/٣ ـ حدث أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنها حُلِبت لرسول الله شاة داجن [ألفت البيوت] وهي في دار أنس بن مالك [رضي

الله تعالى عنه] وشيب لبنها بماء من البئر التي في دار أنس ، فأعطي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ القدح فشرب منه حتى اذا نزع القدح عن فيه ، وعلى يساره أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] وعن يمينه أعرابي ، فقال عمر [رضي الله تعالى عنه] وخاف أن يعطيه الأعرابي : أعط أبا بكر يا رسول الله عندك ، فأعطاه الأعرابي الذي على يمينه • ثم قال : الأيمن فالأيمن ح ـ ٤/١٨٦ ، ح ـ ٨/٣١٤ • م ـ ٨/٢٨٨ • د ، ت ، جه •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویٰ : مەڕێکی ماڵیی بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دۆشرا ، شیرەکە ئاوی تێ‌کرا [تا سارد بێتەوە] لە بیرێ کە لە ماڵی ئەنەسا بوو • قەدەحەکە درا بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێی‌خواردەوە کە لە دەمی موبارەکی جوێ‌کردەوەو لای چەپیەوە ئەبوبەکر بو ـ رضي الله عنه ـ ئەعرابیێك لە تەنیشتی راستیەوە بوو ، عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەوە ترسا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پاشماوەکەی بدا بە ئەعرابیەکە •• عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : (يا رسول الله) بیدە بە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە خزمەتتایە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پاشماوەکەی عەطا فەرموو بە ئەعرابیەکەو فەرمووی : لە لای راستەوە دەست پێ‌بکەن [تا ئاخری] •

وفي أخرى مثله ثم قال : الأيمنون ، الأيمنون • ألا فيمّنوا • قال أنس : فهي سنة ، فهي سنة ، ثلاث مرات • ح ـ ٤/٣٢٤ • م ـ ٨/٢٨٨ •

لە پاشا فەرمووی : ئەوانەی لە لای راستەوەن پێش ئەخرێن • ئەوانەی لای راستەوەن پێش ئەخرێن • خەبەرتان بێ کە لە هەموو

ئیـکرامێکا لە لای راستەوە دەست پێبکەن • ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە لای راســــتەوە دەستپێکردن ســـــوننەتە • سێ جار وای فەرموو •

٢٧٠٠/٤ ـ عن سهل بن ســـعد [رضي الله تعالى عنه] قـال : دعـا أبو أسيد الساعدي [رضي الله تعالى عنه] رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في عرسه • وكانت امرأته [أم أسيد سـلامة بنت وهب] يومئـذ خادمهم ، وهي العروس • قال سهل : تدرون ما سقت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ أنقعت له تمرات من الليل [في تور • أخرى] فلما أكل سقته إياه • ح ـ ٨/٧١ ، ٣٠٥ م ـ ٨/٢٥٩ • جه •

تەرجەمە :

سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەبوئوســــەیدی ساعیدیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە تەئەهھولی[1] کرد پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ بانگکرد ، ئەو رۆژە ژنەکەی [کە ئوممو ئوسەید سەلامەی کچی وەهەبە] خزمەتی ئەکردن بووك بوو • سەهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەزانن چی دا بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خواردیەوە ؟ شەو خورمای کردبوە نـاو ئـاو بۆی کردبوو بە خۆشاو ، کە نانی خوارد دایێ خواردیەوە •

٢٧٠١/٥ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] يقول : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ينتبذ له أول الليل فيشربه اذا أصـــبح يومه ذلك والليلة التي تجيىء والغد ، والليلة الأخرى والغد الى العصـــر ؛ فإن بقي شيء سقاه الخادمَ أو أمر به فصبّ • م ـ ٨/٢٥٦ •

(١) واتە کە ژنی گواستەوە .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ئەووەڵی شـــــەوەوە نەبیذیان[1] بۆ ئەکرد ، سبەینێ ئەیخواردەوە ، ئەو رۆژەیش تا عەســری رۆژی سێیەم ئەیخواردەوە ، ئەگەر لێی بمایەوە ئەیدا بـە خادیمەکەی یـا ئەمری ئەکرد ئەیانڕژان • یەعنی ئەگەر ئەثەری سەرخۆشکردنی تیا حیس نەکردایە ئەیدا بە خادیمەکەی ، ئەگەر ئەثەری سەرخۆشکردنی تیا بوایـە ئەمری ئەکرد ئەیانڕژان •

٦/٢٧٠٢ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضـــي الله تعالی عنهما ـ ان النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دخل علی رجل من الأنصار ومعه صاحب لـه [أبو بكر الصديق ـ رضي الله تعالی عنه ـ] فقال له النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ان كان عندك ماء بات هذه الليلة في شنة (بۆمان بێنە) وإلا كَرِعنا • قال والرجل يحوّل الماء في حائطه قال : فقال الرجل : يا رسول الله عندي ماء بائت ، فانطلق الى العريش [سابات] قال : فانطلق بهما فسكب فيقدح ، ثم حلب عليه من داجن له • قال : فشرب رسول الله ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ ثم شرب الرجل الذي جاء معه • ح ـ ٣١٤/٨ • جه ، د

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ تەشریفی چوە ماڵە ئەنصاری‌یەکەوە ، صەحابەیەکی لە خزمەتا بوو کە ئەبوبەکری صەدیقە ـ رضي لله تعالی عنه ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە صاحێب ماڵەکەی فەرموو : ئەگەر ئاوی شەویت لـە نـاو کونەدا لە لایە بماندەرێ ، ئەگەر نیە دەم ئەتێینە ناو ئاوەکە ئەیخۆینەوە •

(١) نەبیذ : خۆشاوو شەربەتی مێوژو خورما •

صـــــاحێب ماڵـەکە ئاوی بـە نـاو باغی خورمادا ئەگێڕا ، عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) ئاوی شـــەویم لایە تەشـــریفت بچێتە ژێر کەپرەکەوە • لـە خزمەتیاڵا چوو تا بردنیە ژێـر ساباتەکەوە ، ئاوی کردە قەدەحێـکەوە ، بەسەر ئاوەکەدا حەیوانێکی ماڵیی بۆ دۆشین ، پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ نۆشی فەرموو ، لە دوای ئەو ئەو پیاوەیش کە لە خزمەتیا بوو نۆشی کرد •

٢٧٠٣/٧ ـ وعنه قال : جاء أبو حميد ، رجل من الأنصار ، بقدح من لبن من النقيع [موضع] فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ألا خمّرته ولو ان تَعْرُضَ عليه عوداً • ح ـ ٣١١/٨ • م ـ ٢٦٦/٨ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەبوحەمیدی ئەنصـــاریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە نەقیعەوە کاسەیێکی بەسەردانەپۆشراوی شیری هێنـایـە خزمـەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بـۆ دات‌نەپۆشیوە ؟ با بەوەیش بێ کە دارێـکی بەسەرا رابانـگێوی •

الشرب قائما(١) :

٢٧٠٤/٨ ـ عن أنس [رضـــي الله تعـالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ انه نهى أن يشـــــرب الرجل قائماً • قال قتادة : فقلنا [لأنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : فالأكل ؟ فقـال : ذلك أشَرّ أو أخبث م ـ ٢٨١/٨ •

---

(١) خواردنەوە بە پێوە .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنە ـ لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليــە وسلم ـ ريوايەت ئەكا كە نەهى‌كردوە لەوە كــە ئينســـان بــە پێوە ئــاو بخواتەوە • قەتادە ـ رحمە الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لــە ئەنەســمان‌پرسيى : ئەى خواردن بــە پێــوە چۆنە ؟ فەرمووى : شــــــــەڕترە ، يا فەرمووى خەبيثترە •

ئەم نەهيە بۆ كەراهەتە بۆ تەحريم نيە •

٢٧٠٥/٩ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعـالى عنه] ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زجر عن الشرب قائماً • م ـ ٢٨١/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زەجرى فەرموە لەوە كــە بــە پێوە ئاو بخورێتەوە • ئەم زەجرە بۆ كەراهەتە بۆ تەحريم نيە •

٢٧٠٦/١٠ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا يشربن أحدمنكم قائماً ، فمن نســــــي فليستقيء • م ـ ٢٨٢/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووى : كەس بەپێوە ئــاو نەخواتەوە • ئەگەر لە فكرى چوو هەڵى‌هێنێتەوە • ئەم ئەمرە بۆ (ندب)ە بۆ (وجوب) نيە •

٢٧٠٧/١١ ـ ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : سقيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من زمزم [واستقى وهو عنـــد البيت • أخرى • م • من دلو • أخرى] فشرب وهو قائم • م ـ ٢٨٢/٨ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله عنهما ـ ئەفەرموێ : ئاوم لە دۆڵچەیێکا دا بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەپێوە خواردیەوە • ئەم خواردنەوە بۆ بەیانی جەوازە ، بەیانی جەواز بە قەول یا بە فیعل واجبە بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بۆ ئەو مەکرووهـ نیە •

٢٧٠٨/١٢ ـ عن النزال [بن سبرة] قال أتى علي بن أبي طالب [رضي الله تعالى عنه] على باب الرَّحَبة فشرب قائماً ، فقال : ان ناساً يكره أحدهم أن يشرب وهو قائم ، واني رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فعل كما رأيتموني فعلت • ح ـ ٣١٥/٨ • د ، ن •

٢٧٠٩/١٣ ـ وعنه يحدث عن علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه صلى الظهر ثم قعد في حوائج الناس في رحبة الكوفة حتى حضرت صلاة العصر ، ثم أتي بماء فشرب وغسل وجهه ويديه ، وذكر رأسه ورجليه [وهذا وضوء من لم يُحدث • ن] ثم قام فشرب فَضْلَه ، وهو قائم ، ثم قال : ان ناساً يكرهون الشرب قائماً ، وان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ صنع مثل ما صنعت • ح ـ ٣١٦/٨ •

تەرجەمە :

نەزالی کوڕی سەبرە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ نوێژی نیوەڕۆی کرد لە پاشا لە حەوشەی مزگەوتی کووفەدا بۆ ئیحتیاجیی خەڵق دانیشت تا نوێژی عەصر داهات ، لە پاشا ئاویان بۆ هێنا خواردیەوە ، دەستو دەموچاوو سەرو پێی شت ، لە پاشا تەشریفی هەڵسایە سەر پێیان ، ئەو ئاوەکە لە دەزنوێژەکەی مابووەوە بەپێوە

خواردیەوه ، لە پاشا فەرمووی : بەعزێ خەلْق ئەکەرهێنن کە بە پێوه ئاو بخۆنەوه ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وای‌کرد کە من کردم •

١٤/٢٧١٠ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : نهى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن اختناث الأسقية ، يعني أن تُكْسَر أفواهها فيُشْرب منها • ح ـ ٣١٨/٨ ، م ـ ٢٨٠/٨ • د ، ت ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی‌کردوه لەمە کە کونە دەمی خوار بکرێتەوەو لێی بخۆنەوه •

١٥/٢٧١١ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] نهى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن الشرب من فم القربة أو السقاء ، وأن يمنع جاره أن يغرز خُشُبه في داره [جداره • نسخة] ح ـ ٣١٩/٨ • جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی‌کردوه لەوه ئینسان لە دەمی کونە یا فەرمووی (سقا)(١) بخواتەوه [چونکی وا ئەبێ شتێکی موضیرِی تیا ئەبێ • یا ئاوی کونەکە موستەقذەر ئەکا • مەئەلا] هەم نەهی‌کردوه لەوه کە نەیێڵێ دراوسێی دار بخاتە سەر دیواری [بە نەهی تەنزیهی] •

١٦/٢٧١٢ ـ عن أبي الزبير عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قال : كان ينتبذ لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في سقاء ، فإذا لم يجدوا سقاء نبذوا له في تَوْر من حجارة ، فقال بعض القوم : وأنا أسمع لأبي

(١) (سقا)یش هەر کونەو جەوەنەیە •

الزبير [الراوي] من بِرام [بالكسر جمع بُرمة بالضم (ديزه)] قال : من برام • م ـ ٨/٢٤٨ •

تەرجەمە :

جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : رەنگاویان بۆ پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە كونەدا ئەكرد ، ئەگەر كونە نەبوايە لە دیزەی بەردا بۆیان ئەكرد •

٢٧١٣/١٧ ـ عن بريدة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : نهيتكم عن النبيذ إلا في السقاء ، فاشربوا في الأسقية كلها ، ولا تشربوا مسكرا • م ـ ٨/٢٤٩ •

٢٧١٤/١٨ ـ وفي أخرى عنه : قال : نهيتكم عن الظروف ، وان الظروف أو ظرفاً لا يحل شيئاً ولا يحرمه ، وكل مسكر حرام • = م ـ ٨/٢٤٩ = •

تەرجەمە :

پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : نەهیم لێ كردوون كە هەر لە كونەدا نەبیذ دروستبكەن ، لە زەرفی ترا مەیكەن ، زەرف نە شت حەڵاڵ ئەكاو نە شت حەرام ئەكا • لە هەموو زەرفێكا = رەنگاو بكەنو = بخۆنەوە موسكیر مەخۆنەوە هەموو موسكیرێ حەرامە •

٢٧١٥/١٩ ـ سأل قوم ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن بيع الخمر وشرائها والتجارة فيها • فقال : أمسلمون أنتم ؟ قالوا : نعم • قال : فإنه لا يصلح بيعها ، ولا شراؤها ، ولا التجارة فيها • قال : فسألوه عن النبيذ ، فقال : خرج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في سفر ثم

رجع ، وقد نبذ ناس من أصحابه في حناتم ونقير ودباء ، فأمر به فأهريق ، ثم أمر بسقاء فجُعل فيه زبيب وماء ، فجعل من الليل فأصبح فشرب منه يومه ذلك ، وليلته المستقبلة ، ومن الغد حتى أمسى فشرب وسقى ، فلما أصبح أمر بما بقي منه فأهريق • م - ٢٥٨/٨ •

تەرجەمە :

قەومێ دەرحەق بەیع‌و شیرای شەراب‌و تیجارەتییان لـە ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنه - پرسیی • فەرمووی : ئێـوە موسـولمانن ؟ عەرزیان‌کرد : بەڵێ • فەرمووی : کە واێ نابێ • لـە نەبیذیان لێ‌پرسیی • فەرمووی : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشـریفی چوو بۆ سەفەرێ ، کە عەودەتی‌کردەوە بەعزێ خەڵق لە کووپەو لـە بنەدارخورمای هەڵکۆڵلاوو لە کوولەکەدا نەبیذیان دروسـتکردبوو ، ئەمری فەرموو رژانیان • لە پاشا ئەمری‌کرد مەشکەیێکیـان هێناو مێوژو ئاوی تێکرد ، سبەینێی شەوی دوایی‌و ، رۆژی دوای ئەو ، شەوی دوای ئەو خواردیەوەو بە خەڵقی دا ، کە کەوتە رۆژی دوایی‌تر • ئەمری‌کرد رژانیان •

لـە ئەووەڵەوە نەهی لەو زەرفانە بۆیـە کردوە زوو مێوژو خورمـاو سائیرە[1] ••• ئەکەن بە شەراب ، لە پاشـا ئەوە نەسخ بۆوە ، نەهی لـە موسکیر کرا لە هەرچی زەرفێکا بێ •

٢٧١٦/٢٠ - عن عبدالله بن عمرو - رضي الله تعالى عنهما - قال : لما نهى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - عن الأسقية قيل للنبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : ليس كل الناس يجد سقاء • فرخص لهم في الجر غير المزفت • ح - ٣٠٦/٨ • م - ٢٥٠/٨ • د ، ن •

---

(١) واتە شتی تریش زیاد لە مێوژو خورما .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص - رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە نەهی‌کرد لەمە کە نەبیذ لە غەیری کونەدا بکرێ عەرزیانکرد : هەموو کەس کونەی دەست ناکەوێ • ئیذنیان لە جەڕەی زفتنەدراوا درا کە بیکەن •

٢٧١٧/٢١ – عن جابر – رضي الله تعالى عنه ـ قال : نهى رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – عن الظروف • فقالت الأنصار : إنه لا بد لنا منها • قال : فلا إذاً • ح – ٨/٣٠٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی‌کرد کە شیرە لە زەرفا بکرێ [غەیری کونەو مەشکە] ئەنصار عەرزیانکرد : لە غەیری زرووفا چارەمان نیە • فەرمووی : کە وابێ نەهی لێ ناکەم •

٢٧١٨/٢٢ ـ ثمامة بن عبدالله قال : كان أنس – رضي الله تعالى عنه ـ يتنفس في الإناء مرتين أو ثلاثاً ، وزعم ان النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – يتنفس ثلاثاً • ح – ٨/٣٢٠ ، م – ٨/٢٨٦ • ت ، جه ، ن •

٢٧١٩/٢٣ ـ وعنه ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يتنفس في الشراب ثلاثاً ، ويقول : إنه أروى وأبرأ وأمرأ • قال أنس [رضي الله تعالى عنه] فأنا أتنفس في الشراب ثلاثاً • م – ٨/٢٨٧ •

تەرجەمە :

ثەمامەی کوڕی عەبدوڵلا ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە شتی ئەخواردەوە دوو دەفعە یا سێ دەفعە [دەمی لە

زەرفەکە لا ئەداو] نەفەسی ئەدا ئەیفەرموو : پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە خواردنەوەدا سێ نەفەسی ئەداو ، ئەیفەرموو : بە سێ نەفەس شتخواردنەوە زیاتر ئینسان تێراو ئەکاو ، دوورترە لە زەرەرو ، چاتر ئەچێتە خوارەوەو جێگیر ئەبێو ، رەحەتترە • ئەنەس فەرمووی : منیش لە خواردنەوەدا سێ نەفەس ئەدەم •

٢٤/٢٧٢٠ - عن أبي قتادة [رضي الله تعالى عنه] ان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - نهى أن يتنفس في الإناء • م - ٨/٢٨٦ - ح - في الطهارة بأتم •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - نەهی فەرموە لەوە کە ئینسان شتێکی خواردەوە لە ناو زەرفەکەدا نەفەس بدا • یەعنی لە زەرفەکە دەمی لابەرێو ئەمجا نەفەس بدا ، مەبادا پریشکی دەمی بچێتەوە ناو زەرفەکە •

الشرب في إنـاء الفضة والذهب(١) :

٢٥/٢٧٢١ - عن أم سلمة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : الذي يشرب في إناء الفضة [أي والذهب بطريق الأولى] إنما يجرجر في بطنه نار جهنم • ح - ٨/٣٢١ • م - ٨/٣٥٤ • ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : ئەوی لە زەرفی = ئاڵتوونو = زیوا شتبخواتەوە لە زگیا قوڵتەقوڵت بە ئاگری جەهەنم ئەکا •

---

(١) خواردنەوە لە دەفری ئاڵتوونو زیودا •

٢٧٢٢/٢٦ - أبو حازم - رحمه الله تعالى - عن سهل بن سعد - رضي الله تعالى عنه - قال : ذكر للنبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - امرأة من العرب ، فأمر أبا أسيد الساعدي [رضي الله عنهما] أن يرسل إليها ، فأرسل إليها فقدمت فنزلت في أجم بني ساعدة ، فخرج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - حتى جاءها ، فدخل عليها ، فإذا امرأة منكسة رأسها ، فلما كلمها النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قالت : أعوذ بالله منك ! فقال : قد أعذتك مني • فقالوا لها : أتدرين من هذا ؟ قالت : لا • قالوا : هذا رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - جاء ليخطبك • قالت : كنت أنا أشقى من ذلك • فأقبل النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يومئذ حتى جلس في سقيفة بني ساعدة هو وأصحابه • ثم قال : اسقنا يا سهل • فخرجت لهم بهذا القدح فأسقيتهم فيه • فأخرج لنا سهل ذلك القدح فشربنا منه • قال : ثم استوهبه عمر بن عبدالعزيز [- رضي الله تعالى عنه - پڕ بە ئەرزو ئاسمان] فوهبه له • ح - ٣٢٣/٨ • م - ٢٦١/٨ •

تەرجەمە :

ئەبو حازم لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیی ریوایەت ئەکا ئەفەرموێ : ژنێکی عەرەبیان بۆ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ذیکر کرد • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بە ئەبوئوسەیدی ساعیدیی - رضي الله تعالى عنه - فەرموو کە کەسێك بنێرێ بیهێنن ، ناردی هێنایان ، لە قەسری بەنی ساعیدەدا دایانبەزان ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی چوە لای تێفکری ژنێ بوو سەری داخستبوو • کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - قسەی لەگەڵ کرد وتی : پەنا ئەگرم بە خوا لە تۆ ! پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : پەنامدای بەخوا لە من • پێیانوت : ئەزانی ئەوە کێ بوو ؟ وتی : خەیر •

پێیان‌وت : ئەوە رەسوولولڵلا بوو هاتبوو خوازبێنی تۆ بکا • وتی : مـن لەوە بەدبەخترم [کە ئەو شەرەف‌و نیعمەتەم لە کیس خۆم دا • ئەمما ئەو بەستەزمانە لەوەدا بێ‌خەتایە ، ئەبوایە خەبەریان بدایێ کـە بۆچی‌و بۆ کێ هێنراودەتە ئەوێ] • لە دوای ئەوە پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ تەشریفی چوو تـا لـە سەقیفەی بەنی ساعیدەدا خۆی‌و ئەصحابی دانیشتن • فەرمووی : ئەی سەهل شتێکمان بدەرێ بیخۆینەوە • سەهل ـ رضـي الله تعالی عنه ـ پیاڵەیێکی دەرهێنا فەرمووی : ئەم پیاڵەم بۆ دەرهێنا بەمە شتم دایێ خواردیـەوە • ئەبـوحـازم ئەفـەرمـوێ : ئێمەیش بـۆ تـەبـەرِوك پێمان‌خواردەوە • لە پاشا عومەری بنی عەبدولعەزیز داوای لە سەهل کرد بیداتێ دایێ •

مەقصـــــود لـەم حەدیثە ئاخریەکەیەتی • ئەووەڵەکەی لە نیکاحا بە نەوعێکی تر (إن شاء الله) لە طەلاقا یێت •

٢٧٢٣/٢٧ ـ عن عاصم الأحول [رحمه الله تعالى] قال : رأيت قدح النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عند أنس بن مالك [رضـي الله تعـالى عنه] وكان قد انصدع فسلسله [ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ أو أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ] بفضة • قال : وهو قدح جيد عريض من [خشب] نضار • قال : قال أنس : لقـد سقيت رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ : في هذا القدح أكثر من كذا وكذا [ولمسلم عنه : لقد ســـــقيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بقدحي هذا الشراب كله : العسل ، والنبيذ ، والماء ، واللبن] قال : وقال ابن سيرين [رحمه الله تعالى] انه كان فيه حلقة من حديد • فأراد أنس أن يجعل مكانها حلقة من ذهب أو فضة ، فقال له أبو طلحة [رضي الله تعالى عنهما] : لا تغيرن شيئاً صنعه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فتركه • ح ـ ٣٢٤/٨ •

تەرجەمە :

عاصمی ئەحوەل ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : چاوم کەوت بە قەدەحی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لای ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ درزێکی تیا بوو • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ یا ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە تەلێکی زیو بەیەکەوە مەحکەمی کردبوو • عاصم ئەفەرموێ : ئەو قەدەحە ـ قەدەحێکی باش بوو لە داری جەوهەر بوو • ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بەم قەدەحە لەوەندەو لەوەندە دەفعە زیاتر [هەموو شتێکم داوە بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هەنگوینو ، نەبیذو شیرو ئاو] شتم داوە بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خواردوویەتەوە • عاصم ئەفەرموێ : ئیبنوسیرین فەرمووی : حەڵقەیێکی ئاسنی تیا بوو ، ئەنەس تەمای بوو لە باتی ئەو حەڵقەیێکی ئاڵتوون یا زیوی تێ بخا • ئەبوطەلحەی باوەپیارەی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەمری پێفەرموو : شتێك مەگۆڕە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کردبێتی •

ئەم ئەمرە جێی خۆیەتی ؛ چونکی پوشکەیێ کە دەستی موبارەکی پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێ کەوتبێ لە هەموو ئاڵتوونو زیوو موجەوهەراتی دنیا بە قیمەتترە •

گلی خوشبوی در حمام روزی ... الخ(١) :

ئەم حەڵقە ئاسنە غەیری ئەو تەلە زیوە بوە کە درزەکەی پێ قایمکراوەتەوە • (فلا منافاة) •

---

(١) تا ئێستە چەند جار دانەر ـ خ ـ ئەم شیعرەی نووسیوە . بۆ نموونە بڕوانە : ل : ٤٦ی بەرگی چوارەم .

پینەو حەڵقەی زیوو ئالتوون حەڵاڵە ، تەقییدی بە ئیحتیاجیو کەمێتی قەولی موجتەهیدە • بە دەلالەتو قیاس لە ئاوریشم •

الاشربة المحرمة(١) :

٢٧٢٤/٢٨ ـ عن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من شرب الخمر في الدنيا ثم لم يتب منها حرمها في الآخرة • ح ـ ٢٩٨/٨ • م ـ ٢٥٥/٨ •

تەرجەمە :

کەسێ لە دنیادا موسکیر بخواتەوەو تەوبەی لێ نەکا لە ئاخیرەتا لێی مەحرووم ئەبێ •

٢٧٢٥/٢٩ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : = لقد = حرمت الخمر وما بالمدينة منها شيء • ح ـ ٣٠٠/٨ •

تەرجەمە :

شەراب حەرام کرا لە مەدینەدا لە شەراب هیچ ئەثەرێ نەبوو •

٢٧٢٦/٣٠ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : حرمت علينا الخمر حين حرمت وما نجد يعني بالمدينة خمر الأعناب إلا قليلا ، وعامة خمرنا البسر والتمر • ح ـ ٣٠٠/٨ • م ـ ٢٣٢/٨ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : شەراب حەرام کرا لەو وەختەدا کە حەرام کرا لە مەدینەدا کەمێ نەبێ شەرابی ترێ نەبوو ، عموومی شەرابی ئێمە بوسرو(٢) خورما بوو •

---

(١) خواردنەوە حەرامەکان •

(٢) (بسر ـ بوسر) : خورمای ئاڵو بۆڵو نەگەیشتوو •

٢٧٢٧/٣١ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قام عمر [رضي الله تعالى عنه] على المنبر فقال : أما بعد : نزل تحريم الخمر [تاسع شوال سنة ٣ ـ ٤] وهي من خمسة : العنب ، والتمر ، والعسل ، والحنطة ، والشعير • والخمر : ما خامر العقل • ح ـ ٨/٣٠١ وفي آخرها في أخرى : وثلاث أشياء وددت أيها الناس أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان عهد إلينا فيها : الجد ، والكلالة ، وأبواب من أبواب الربا • ح ـ ٨/٣٠٣ • م ـ ١٠/٤٨١ •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە سەر مینبەر راوەستا فەرمووی : (أما بعد) حەرامیی شەراب نازڵ بوو ، شەراب لە پێنج شتە : ١ ـ ترێ • ٢ ـ خورما • ٣ ـ هەنگوێن • ٤ ـ گەنم • ٥ ـ جۆ • = خەمر ; شەراب ئەوەیەکە عەقڵ تێکداو بێشێوێنێ‌و خەڵق سەرخۆش‌کا = جەزم ئەکرد پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێمان جوێ‌نەبوایەوە کەلالەو ، جەددو[1] ، ئەبوابی ریبای بۆ بەیانبکردینایە • [یەعنی بە واضیحیی بە بێ ئیحتیاج بە ئیجتیهاد • گینا هەموو شتێکی بۆ بەیان‌کردووین ئەگەر تێی‌بگەین] • (اليوم أكملت لكم دينكم)[2] •

٢٧٢٨/٣٢ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنت أسقي أبا عبيدة وأبا طلحة وأبي بن كعب [رضي الله تعالى عنهم] من فضيخ زهو [أي مشدوخ ، بسر صب عليه ماء وترك حتى يغلي] وتمر ، فجاءهم آت • فقال : إن الخمر قد حرمت • فقال أبو طلحة [رضي الله تعالى عنه] : قم يا أنس فأهرقها ، فأهرقتها • ح ـ ٨/٣٠١ ، م ـ ٨/٢٣٢ بفرق ما •

---

(١) (کەلالە)و (جەد) دوو بابەتی میراتن لە شوێنی خۆیاندا باس‌کراون •

(٢) المائدة / ٣ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : شەرابم ئەدا بە ئەبوعوبەیدەو ئەبوطەلحەو ئوبەیی کوڕی کەعب ـ رضي الله تعالى عنهم ـ [شەرابەکە بوسرو خورما بوو ئاوی بەسەرا کرابوو دانرابوو تا کەفی کردبوو هەڵچوو] یەکێ هات وتی : شەراب حەرام‌کراوه • ئەبوطەلحه ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی ئەنەس هەڵسه ئەو شەرابە بڕێژه ، رژانم •

له ریوایەتێکا فەرمووی : ئەو جەڕەیه بشکێنه • بە دیبەگێکی بەرد له بنەکەییم دا ، شکانم •

٢٧٢٩/٣٣ ـ عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : سئل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن البِتْع ، وهو نبيذ العسل ، وكان أهل اليمن يشربونه • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : كل شراب أسكر فهو حرام • ح ـ ٨/٣٠٢ • م ـ ٨/٢٥٢ •

تەرجەمە :

عایشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : شەرابی هەنگوینیان له پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پرسی ، که ئەهلی یەمەن ئەیخۆنەوه ، فەرمووی : هەر شەرابێ ئینسان سەرخۆش بکا حەرامه •

٢٧٣٠/٣٤ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ [قال • م] كنت ساقي القوم في منزل أبي طلحة ، وكان خمرهم يومئذ الفضيخ ، فأمر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مناديا ينادي : ألا إن الخمر قد حرّمت • قال : فقال لي أبو طلحة : أخرُجْ فأهرقها ، فخرجت فهرقتها ، فجرت في سكك المدينة • فقال بعض القوم : قد قتل قوم وهي في بطونهم ! فأنزل

الله : (ليس على الذين آمنوا وعملوا الصـــــالحات جنـــاح فيما طعِموا •••)[1] الآية • ح ـ ٤/٢٥٧ • م ـ ٨/٢٢٨ • د •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ساقیی قەوم بووم شەرابم ئەدانێ لە ماڵی ئەبوطەلحەدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ شەرابیان لـەو رۆژەدا لـە بوســـرو خورما بوو • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری فەرموو بە بانگدەرێ بانگی‌کرد کە : خەبەرتان بێ شەراب حەرام‌کراوە • ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی‌فەرمووم : بچۆرە دەرێ ئەو شەرابە برێژە ، چوومەدەرێ رژانم [خەڵقی تریش لە هەموو کۆڵانەکانا رژانیان] شەراب لە کۆڵانەکانی مەدینەدا جاریی ئەبوو ! بەعزێ قەوم وتیان : بەعزێ کەس [لە ئوحودا] شەهیدکرانو ئەو شەرابەی کە خواردوویانەوە ئێشتا وا لە زگیانا • خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتەی نازڵ‌کرد : گوناه نیە لە سـەر ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو عەمەلی صـــــالحیان کردوە لەو طەعامەدا کـــە خواردوویانە •

٣٥/٢٧٣١ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعـالى عنه] قـال : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يخطب بالمدينة قال : يا أيها الناس إن الله يعرض بالخمر ، ولعل الله سينزل فيها أمرا • فمن كـان عنده منها شيء فليبعه ولينتفع به • قال : فما لبثنا إلا يســـــيرا حتى قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن الله تعالى حرم الخمر ، فمن أدركته هذه الآية وعنده منها شيء فلا يشرب ولا يبع • قال : فاستقبل الناس بما كـان عندهم منها في طريق المدينة فسفكوها • م ـ ٦/٤٦٢ •

---

(١) المـائـدة / ٩٣ .

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ = ئەفەرموێ : = پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوطبەی ئەخوێند فەرمووی : ئەی ئینسانان خوا ـ عز وجل ـ تەعریض[1] بە شەراب ئەکا ، رەنگە خوا دەرحەق بە شەراب شتێ نازڵ بکا . هەرکەسێ شتێکی لە شەراب لایە بیفرۆشی ، بە پارەکەی موتەفیع ببێ . ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەوەندەی پێنەچوو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا شەرابی حەرام کردوە ، هەرکەسێ ئەم ئایەتەی (مائدة)ی پێبگا هەر شەرابێکی لە لا بێ نەیخواتەوەو نەیفرۆشێ . خەڵق شەرابیان بردە سەرەڕێی مەدینەو رژانیان .

٣٦/٢٧٣٢ ـ سئل عبدالله بن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عما يعصر من العنب قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : إن رجلا أهدى لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ راوية خمر . فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هل علمت ان الله قد حرمها ؟ قال : لا . قال : فسارّ إنساناً ، فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : بم ساررته ؟ فقال : أمرته ببيعها . فقال : إن الذي حرّم شربها حرم بيعها . قال : ففتح المزاد حتى ذهب ما فيها . م ـ ٦/٤٦٤ .

تەرجەمە :

سوئالکرا لە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە شەرابی ترێ . فەرمووی : پیاوێ راویەیێ[2] شەرابی بە هەدیە هێنا بۆ پێغەمەر ـ صلى

(١) واتە لە لاوە بێ ئەوەی ناوی بەرێ بە کینایە باسی ئەکا .

(٢) راویە : کوننەو جەوەنە .

الله تعالى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێی‌فەرموو : ئەزانی کە خوا ـ عز وجل ـ حەرامی کردوە ؟ عەرزی‌کرد : خەیر • پیاوێ[1] بەدزییەوە قسەیێکی پێ‌وت • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بەدزییەوە چیت پێ وت ؟ عەرزی‌کرد : پێم‌وت : کە بیفرۆشە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەوی خواردنەوەی حەرام کردوە فرۆشتنیشی حەرام کردوە • دەرکی کوننەکەی کردەوە تا ئەوی تیایا بوو هەمووی رۆیی •

٢٧٣٣/٣٧ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : الخمر من هاتين الشجرتين : النخلة ، والعنبة • م ـ ٨/٢٣٤ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : شەراب لەم دوو درەختەیە : لە مێوو ، لە خورمایە •

٢٧٣٤/٣٨ ـ عبدالعزيز بن صهيب [رحمه الله تعالى] قال : سألوا أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] عن الفضيخ • فقال : ما كانت لنا خمر غير فضيخكم هذا الذي تسمونه الفضيخ ، إني لقائم أسقيها أبا طلحة وأبا أيوب ورجالاً من أصحاب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في بيتنا اذ جاء رجل فقال : هل بلغكم الخبر ؟ قلنا : لا • قال :

---

(١) بە گوێرەی دەقەکە وا باشترە کە بڵێ : پیاوەکە بە دزییەوە بە پیاوێکی تری وت ؛ چونکە دەقەکە ئەڵێ (فسار إنسانا)و ناڵێ (فساره إنسان) .

فإن الخمر قد حرمت • فقال : يا أنس أرق هذه القلال • قال : فما رجعوها ولا سألوا عنها بعد خبر الرجل • م – ٨/٢٣١ •

تەرجەمە :

عەبدولعەزیزی کوڕی صوهەیب ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە ئەنەسیان پرسیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە فەضیخ حەرامە یان نا ؟ فەرمووی : لە ماڵی خۆمانا من راوەستا بووم فەضیخم ئەدا بە ئەبوطەلحەو ئەبو ئەییوبو چەند پیاوێ لە ئەصحابی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ورضي عنهم ـ غەیری ئەو فەضیخەی کە ئێوە پێی ئەڵێن فەضیخ شەرابی ترمان نەبوو ، لەو وەختەدا پیاوێ هات • وتی : خەبەرتان هەیە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شەرابی حەرام کردوە ؟ = وتمان : نە • وتی : شەراب حەرام بوو = هیچ موراجەعەتیان پێنەکردەوەو لێیان نەپرسییەوە ، دوای خەبەری ئەو پیاوە ، ئەبو طەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی ئەنەس ئەو جەڕڕانە بڕێژە • یەعنی رژانم • دوای ئەوە هیچ شەرابیان نەخواردەوە هەر لەو دەقیقەدا تەرکیان کرد •

٣٩/٢٧٣٥ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سئل عن الخمر تتخذ خلا ، فقال : لا • م – ٨/٢٣٣ •

تەرجەمە :

لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـیان پرسیی : شەراب دروستە بیکەی بە سرکە ؟ فەرمووی : دروست نیە •

٤٠/٢٧٣٦ ـ طارق بن سويد الجعفي [رضي الله تعالى عنه] سأل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن الخمر فنهاه ، أو كره أن يصنعها

فقـال : إنما أصـــنعها للدواء • فقـال : إنـه ليس بـدواء ولـكنه داء • م - ٨/٢٣٤ •

تەرجەمە :

طاریقی کوڕی سوەیدی جەعفیی - رضي الله تعالی عنه - لە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم -ی پرسیی کە دروستە شەراب دروست بکا ؟ نەهی لێ‌کرد • یا فەرمووی : کەرهانی کە دروستی بکا • عەرزی‌کرد : بۆ دەوای دروست ئەکەم • فەرمووی : ئەوە دەوا نیە هەر دەردە •

٢٧٣٧/٤١ - ئەبوسەعید - رضي الله تعالی عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : کەسێ نەبیذ بخواتەوە = بـا = یا مێوژ بە تەنها ، یا خورما بە تەنها ، یا بوسر بە تەنها بکا بە خۆشـــاو [یەعنی تێکەڵیان نەکا زوو ئەبێ = بە = شەراب پێ نازانێو سـەرخۆشی ئەکـا] •

٢٧٣٨/٤٢ - عن جابر [رضي الله تعالى عنه] ان رجـلاً قـدم مـن جيشان ، وجيشان من اليمن ، فسأل النبي - صلى الله تعالى عليه وسـلم - عن شراب يشربونه بأرضهم من الذرة يقال له : المزر • فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أو مسكر هو ؟ قال : نعم • قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : كل مسكر حرام ، ان على الله - عز وجل - عهداً لمن يشرب المسكر أن يسقيه من طينة الخبال • قالوا : يا رسـول الله وما طينـة الخبال ؟ قال : عرق أهل النار ، أو عصارة أهل النار • م - ٨/٢٥٤ •

تەرجەمە :

جابیر - رضي الله تعالی عنه - ئەفەرموێ : پیاوێ لە جەیشـــانەوە هات ، جەیشان جێێکە لە یەمەن • عەرزی پێغەمەری‌کرد - صلی الله تعالی

علیه وسلم ـ : شەرابێکیان هەیە لە ذەڕات دروستی ئەکەن‌و ئەیخۆنەوە پێی ئەڵێن : مزر ، حەرامە یان نا ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئینسان سەرخۆش ئەکا یان نا ؟ عەرزی‌کرد : سەرخۆشی ئەکا • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرچی ئینسان سەرخۆش بکا حەرامە • خوا ـ عز وجل ـ دەرحەق ئەوەی کە موسکیر بخوانەوە عەهدی کردوە کە (طینة الخبال)ی پێ‌بخواتەوە • عەرزیان‌کرد : (طینة الخبال) چیە ؟ فەرمووی : (طینة الخبال) عەرەقی جەهەنەمییە • یا فەرمووی : لە عوصارەی ئەهلی جەهەنەمییان ئەداتێ بیخۆنەوە • [یەعنی ئەهلی جەهەنەمییان بۆ ئەگوشرێ ، لە کێماوو زووخاوی ئەوانەیان دەرخوارد ئەدرێ] •

٢٧٣٩/٤٣ ـ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : كل مسكر خمر وكل مسكر حرام ، ومن شرب الخمر في الدنيا فمات وهو يدمنها لم يتب ، لم يشربها في الآخرة م ـ ٢٥٤/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرچی موسکیر بێ خەمرە ، هەرچی موسکیر بێ حەرامە ، هەرکەسێ شەراب بخواتەوەو دەوامی لەسەر بکاو = بمرێ‌و = تۆبەی لێ نەکا لە ئاخیرەتا شەراب ناخواتەوە •

لەم حەدیثەدا لە (شرابا طهور) مەحرووم ئەکرێ ، لە حەدیثەکەی پێشەوەدا (طینة الخبال)ی دەرخوارد ئەدرێ ، لە هەردوو حەدیثەکە دەرەکەوێ لە باتی (شرابا طهور) کە لە ئەلەذذی مەشرووباتی بەهەشتە

لە جەهەننەما بۆگەنو تاڵوپیسو ناخۆشترینی مەشرووباتی جەهەننەمیان دەرخوارد ئەدرێ •

٤٤/٢٧٤٠ ـ عن أبي قتادة [رضي الله تعالى عنه] أن نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن خليط التمر والبسر ، وعن خليط الزبيب والتمر ، وعن خليط الزهو والرطب ، وقال : انتبذوا كل واحد على حدته • م ـ ٢٣٧ • ح ـ ٨/٣١٠ وعن جابر • د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی‌کردوە لەوە کە لە خورماو بەرسیلەی ، مێوژو خورما ، ئاڵوبۆڵی خورماو روطەبی تێکەڵ بکرێنو بکرێن بە نەبیذ • فەرمووی : بە جویێ ـ جویێ بیانکەن •

حـد الشـرب :

٤٥/٢٧٤١ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ضرب في الخمر بالجريد والنعال • وجلد أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أربعين • ح ـ ٩/٤٣٨ ، م ـ ٧/٢٥٢ • ت ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە شەرابخواردنەوەدا بە دارو بە نەعل = ئەو کەسەی خواردبێتیەوە لێیداوە • [ئەمما عەدەدی مەعلووم نیە] ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ چل داری لێداوە •

٤٦/٢٧٤٢ ـ عن عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] أن رجلاً كان على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان اسمه عبدالله ، وكان

يلقب حماراً ، وكان يضحك النبي ـ صلى الله تعالى عليــه وسلم ـ وكــان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد جلده في الشرب ، فأتي بــه يومـاً فأمر به فجلد • فقال رجل من القوم : أللهم العنــه ! ما أكثر ما يؤتى به ؟! فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تلعنوه ، فوالله ما علمت أنــه يحب الله ورسوله • ح ـ ٩/٤٤٣ •

تەرجەمە :

عومەری بنی خەطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لــە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعــالى عليــه وسلم ـ نــاوی عەبــدوڵلا بوو ، لەقەبی (حمار) بوو ، قسەی وای لە خزمەت پێغەمەرا ـ صــلى الله تعــالى عليه وسلم ـ ئەكرد ئەیهێنایە پێــكەنین • پێغەمەر ـ صــلى الله تعــالى عليــه وســـلم ـ لەبەر شـــــەرابخواردنەوەی داری حەددی لێدابوو ، رۆژێ [بە سەرخۆشیی] هێنایانە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری فەرموو حەدیان لێدا • پیاوێ لە قەوم [ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فەرمووی : خوایا بە لەعنەتی بكــە ! چەنــدە زۆر ئەهێنــرێ [و حەددی لێ ئەدرێ ؟! چ زۆر ئەخواتەوە ؟] پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لەعنی لێ مەكەن ، وەڵلاهی ئەوەی من ئــەیزانــم ئەوەیە كە خواو پێغەمەری خوای خۆشەوێ •

مورتەكیبی كەبیرە كافر نابێ •

لەم حەدیثەیشا عەدەد بەیان نەكراوە •

میزاحكردن[1] دروستە •

٤٧/٢٧٤٣ ـ عن عقبة بن الحرث [رضي الله تعالى عنه] قــال : جيء بالنعيمان أو ابن النعيمان شارباً ، فأمر رسول الله ـ صلى الله تعــالى عليــه

(١) گاڵتەو سوعبەتو یاریكردن •

وسلم ـ من كان في البيت أن يضربوا ، قال : فكنت أنا فيمن ضربه ، فضربناه بالنعال والجريد [وهو ممن شهد بدراً ، وكان مزاحاً] .
ح ـ ٤/١٦١ .

تەرجەمە :

عوقبەی کوڕی حەرث ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نوعەیمان ، یا فەرمووی : ئیبنو نوعەیمانیان هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شەرابی خواردبوەوە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری بەوانە فەرموو کە لە ماڵا بوون لێی‌بدەن ، منیش لەوانە بووم کە لێیان ئەدا بە نەعل‌و بە شووڵ لێمان دا . = ئەم نوعەیمانە لەوانە بووە کە بەشداریی جەنگی بەدریان کردوە ، پیاوێکی گاڵتەچی بوو = .

لەمەیشا عەدەد نیە .

میزاح حەڵاڵە .

٤٨/٢٧٤٤ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أتي برجل قد شرب الخمر فجلده بجريدتين نحو أربعين ، قال : وفعله أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] فلما كان عمر [رضي الله تعالى عنه] استشار الناس ، فقال عبدالرحمن بن عوف [رضي الله تعالى عنه] : أخفّ الحدود ثمانين ، فأمر به عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ .
م ـ ٧/٢٥١ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پیاوێکی = هێنرایە خزمەت = شەرابی خواردبوەوە ، نزیکی چل داری لێدا بە دوو شووڵ ، ئەبوبەکریش ـ رضي الله تعالى عنه ـ

وای کرد • کە ئیمامی عومەر بوو بە خەلیفە ئیستیشارەی بە خەڵق کرد ، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : سووکترینی حەددی لێ بدە کە هەشتایە • عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەمری بە هەشتا کرد •

لەم حەدیثەیشا ، ئەگەر چی عەدەدی چل هەیە ئەمما ، جەزم نیە ؛ شوولەکان چونکی دوان بوە بەوە ئەبێ بە هەشتا •

٢٧٤٥/٤٩ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أتي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ برجل قد شرب ، قال : اضربوه • قال أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : فمنا الضارب بيده ، والضارب بنعله ، والضارب بثوبه ، فلما انصرف قال بعض القوم [عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : أخزاك الله ! قال : لا تقولوا هكذا ، لا تعينوا عليه الشيطان •

ح ـ ٤٤١/٩ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێکیان هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ شەرابی خواردبوەوە ، فەرمووی : لێیدەن• بەعزێکمان بەدەست ، بەعزێکمان بە کەوش ، بەعزێکمان بەجل لێمان ئەدا ، کە لە لێدان بووینەوە = و پیاوەکە رۆیی = پیاوێ لە قەومەکە [کە ئیمامی عومەر بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فەرمووی : خوا بتگرێ ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : وا مەڵێن ، یاریەی شەیتان مەدەن لەسەری •

ئەم حەدیثەو حەدیثەکەی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ حادیثەیێکە ، کەس بۆی نیە قسە بڵێ بە مورتەکیبی کەبیرە •

لەم حەدیثەیشا عەدەد نیە •

٢٧٤٦/٥٠ ـ عن علي [رضي الله تعالى عنه] قال : ما كنت أقيم على أحد حداً فيموت فيه فأجد منه في نفسي إلا صاحب الخمر ؛ لأنه إن مات وَدَيته = وذلك = لأن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لم يسنه • ح ـ ٩/٤٤١ •

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : هیچ حەددێکم ئیقامە نەکردوەو کە تیا بمرێ بە دڵ بەتەنگیەوە بم غەیری شەرابخۆر ، ئەگەر بمرێ دییەی بۆ ئەدەم ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ نەیکردوە بە سونەت [کە میقدارێکی بۆ تەعیین بکا ، وەك زینا ، وەك قەذف] •

٢٧٤٧/٥١ ـ عن السائب بن يزيد [رضي الله تعالى عنهما] قال : كنا نؤتى بالشارب على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وإمرة أبي بكر ، وصدراً من خلافة عمر [رضي الله تعالى عنهما] فنقوم إليه بأيدينا ونعالنا وأرديتنا ••• حتى كان آخر إمرة عمر [رضي الله تعالى عنه] فجلد أربعين ، حتى اذا عتوا وفسقوا جلد ثمانين • ح ـ ٩/٤٤٢ •

تەرجەمە :

سائیبی کوڕی یەزید ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و ئیمارەتی ئەبوبەکرو ئەووەڵی ئیمارەتی ئیمامی عومەرا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ شەرابخۆریان ئەهێنا بە دەستو کەوش‌و ریدا لێمان ئەدا ، تا ئاخری ئیمارەتی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەو وەختە چل داری لێدا ، کە خەڵق لێیان زیادکردو دەستیان بە فیسق‌و فوجوور کرد • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەشتا داری لێ ئەدان •

خۆلاصەی ئەم بابە ئەوەیە هەموو نەوعە شـــــەرابێك ئەخورێتەوە حەلاڵە ، ئەو شەرابەی کـــە ئینســـــان سەرخۆش بکـات لـــە هەرچی دروست‌بکرێ : لـە گەندم بێ ، لە مێوژ بێ ، لـە جـۆ بێ ، لـە ذەڕات‌و گەندمەشامیی بێ ، لە خورماو بوسرو روطەب بێ ••• هەمووی حەرامە ، هەرکەسێ بیخواتەوە حەددی لێ ئەدرێ ، بـە حەددەکە گوناهی نامێنێ • دروست نیە بە غەیری حـەد تەحقیر بکرێ • حەددی ئەو هـەر لێدانە بـە دەســـت بێ ، بە دار بێ ، بـە چل بێ ، عەدەدی مەعلوومی نیـە • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کردوویەتی بە چل ، لە پاشـــا گەیانوویەتیە هەشتا • لای ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ چل دارە ، ئەوەیشـــی نابەدڵ‌و بەترسەوە لێداوە • فەقەط تەماشای ئەحادیثی فەضایلیان بکـرێ عەقڵ قوبووڵ ناکا ئەم پیاوە مەردانە ئیجتیهادیان بـە خەطا بچێ • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەرحەق عومەر ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ فەرموویەتی : مولهەمە • دەرحەق ئەوو ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرموویەتی : ئەگەر ئینسانان تابیعی ئەبوبەکرو عومەر بین ڕێگەی روشدو هیدایەت ئەگرن • دەرحەق عەلی ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ فەرموویەتی : رازیی نابی بەوە کە لە منەوە ئەو مەنزیلەیەت بێ کە هاروون ـ عليه الصلاة والسلام ـ بوویەتی بەنیسبەت مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـەوە ؟ کەسێ بە نیسبەت پێغەمەرێکی وەك پێغەمەری ئێمە گەورەو حەبیب‌و خەلیلی خـوا ـ عز وجل وصلى الله تعالى عليه وسلم ـ وە مەنزیلەی پێغەمەرێکی بێ بـە نیسبەت پێغەمەرێکی گەورەو کەلیمی خوا ـ عز وجل وصلى الله تعالى عليه وسلم ـ ەوە بوویەتی عەقڵ قوبووڵ ناکا کە لە ئیجتیهادا بـە خەطا بچێ • ئیعتیقادی من وایە ئیجتیهادی ئەم زاتانە قەطعی‌یەو (واجب الاتباع)ە •

٥٢/٢٧٤٨ - حضين بن المنذر [رحمه الله تعالى] أبو ساسان قال : شهدت عثمان بن عفان [رضي الله تعالىعنه] أتي بالوليد قد صلى الصبح ركعتين ، ثم قال : أزيدكم • قال : فشهد عليه رجلان أحدهما حمران أنه شرب الخمر ، وشهد آخر أنه رآه يتقيأ • فقال عثمان [رضي الله تعالى عنه] : إنه لم يتقيأ حتى شربها • فقال : يا علي قم فاجلده ، فقال علي [رضي الله تعالى عنه] قم يا حسن فاجلده • فقال الحسن - رضي الله تعالى عنه - : ولِّ حارَّها من تولَّى قارَّها • فكأنه وجد عليه • فقال : يا عبدالله بن جعفر قم فاجلده فجلده • وعلي [رضي الله تعالى عنه] يَعد حتى بلغ أربعين • فقال : أمسك • ثم قال : جلد النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أربعين ، وجلد أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] أربعين ، وعمر [رضي الله تعالى عنه] ثمانين ، وكلٌّ سنة ، وهذا أحب إليَّ • م - ٢٥٣/٧

تەرجەمە :

حەضینی کوڕی مونذیر ، باوکی ساسان - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : لە خزمەت ئیمامی عوثمانا بووم - رضي الله تعالى عنه - وەلیدی دایكبراییان هێنایە خزمەت ، شەرابی خواردبوەوە ، نوێژی سبەینێی بۆ کردبوون لە پاشا وتبووی : بۆتان لێی زیاد ئەکەم ! دوو پیاو شەهادەتیان لەسەر دا کە شەرابی خواردۆتەوە ، یەکێکیان حەمران کە خواردوویەوە ، یەکێکی تر کە دیویە ئەڕشایەوە • ئیمامی عوثمان - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : تا نەیخواردبێتەوە نەڕشاوەتەوە • فەرمووی : یا عەلی هەڵسە حەددی لێبدە • عەلی - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی :

یا حەسەن هەڵسە حەددی لێبدە • حەسەن [رضي الله تعالى عنه] فەرمووی : گەرمییو تاڵیی خەلافەت تەولیەی کەسێ بکە کە ساردییو فێنکی‌یەکەیو خۆشیەکەیت تەولیە کردوە • (کأنە) ئیمامی حەسەن [رضي الله تعالى عنه] لێی دڵگیر بوە [کە ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە ئەصحابی کیرامو بەنی هاشمی تەرك‌کردوەو وەزیفەیێ لایەق بێ بە شەئنی ئەوانی پێ تەودیع نەکردوون ، ئەکثەری وەزیفەی گەورە ـ گەورەی تەودیع‌کردوە بەو فەسەقەو فەجەرەی ••• ••• کە ••• ••] قوبووڵی جەللادیی نەکرد ، حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی عەبدوڵلای کوڕی جەعفەر هەڵسە تۆ حەددی لێبدە • عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ حەددی لێئەداو ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەیژمارد ، تا گەیی بە چل‌دار • لە پاشا پێی‌فەرموو : بوەستە • لە پاشا ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چل داری لە شەرابخۆر داوە • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى‌عنه ـ چل داری لێداوە • عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەشتا داری لێداوە • ئەمانە هەموو سوننەتن • ئەمما چل دار کە فیعلی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـو فیعلی ئەبوبەکرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە لام خۆشترە لە فیعلی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە هەشتایە = هەموویشی سوونەتە = ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فیعلی عومەریشی ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە سوننەت عەدکردوە •

وفي ح ـ ٦/١٠٣ : فجـــلده ثمانين • وفي ح ـ ٦/١٨٩ : أربعين • التوفيق في النووي والقسطلاني فراجع[١] •

تم الشرب بحمد الله چار شەنبە ١٩٤١/٦/٢٥ •

إذا أكلنا وشربنا فلنلبس ونتزين بالمباح[٢] •

(١) لە دوو شوێنی جیاجیای بوخاریدا ئەفەرموێ : هەشـــتا ، چل داری لێدا . گونجاندنی ئـــەم دوو ریوایەتـــە جیاوازە لە قەســـــطەلانیو نەوەویدایە سەیریان بکە .

(٢) باسی خواردنەوە تەواو ، بە یارمەتی خوداو لە گەڵ ســـــــوپاس بۆ خودادا . کە خواردمانو خواردمانەوە ، با لە حەڵاڵ لەبەرکەینو بـــە حەڵاڵ خۆمان برازێنینەوە .

ليباس‌و زينه‌ت

پێنج شه‌مبه ١٩٤١/٦/٢٦

٢٧٤٩/١ - بسم الله الرحمن الرحيم (**قل من حرم زينة الله التي أخرج لعباده والطيبات من الرزق ؟**)[1] •

(معلق) وقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : كلوا واشربوا ، والبسوا ، وتصدقوا في غير إسراف ولا مخيلة [وصله أبو داود الطيالسي ، والحرث بن أسامة • وليس في رواية أبي داود : في غير ••• إلخ ، ولا في رواية حرث : وتصـــدقوا • وفيها : فإن الله يحب أن يرى أثر نعمته على عبـده] ح - ٣٩٩/٨ •

تەرجەمە :

ئەی محەمەد بڵێ : کێ ئەو زینەتەی کە خوا لـە عەدەمەوە هێناویەتە وجوودو ، ئەو رزقە پاکو تەمیزەی کە خوا هێناویە وجوود = بۆ بەندەکانی خۆی •• حەرامی کردوە ؟ یەعنی هەرچی رزقی خوایەو زەرەری نەبێ بـۆ بەدەنو عەقڵی ئینسان ، مەئکوول بێ یا مەشرووب بێ ، بۆ ئینسان حەڵاڵە بە کەیفی خۆی عەیش‌و نۆشی خۆی بکا • هەرچی زینەت‌و لیباس هەیـەو

(١) الأعراف / ٣٢ •

خوا خەلقی کردوە ، غەیری ئاڵتوونو زیوو ئاوریشم بۆ پیاو ، هەمووی حەلاڵە بە کەیفی خۆت بپۆشەو ، لیباسی جوان لەبەر بکەو ، بە موجەوهەرات خۆت برازێنەرەوە ، ئەگەر ژنیشە ئاڵتوونو زیوو خشڵو ئاوریشمیش بە کەیفی خۆی لە عەمەل بێنێ •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : بخۆن بخۆنەوە ، بپۆشن ، صەدەقە بکەن ، ئەمما لە حەد تەجاوز مەکەن کە ببێ بە ئیسراف ، تەکەببورو ئیفتیخار مەکەن بەسەر خەڵقا ؛ چونکە خوا حەزەکا کە ئەثەری نیعمەتی خۆی لەسەر عەبدی خۆی ببینێ •

(أثر) (وقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : كل ما شئت) : چیت هەوەس بێنێ لە موباحات بخۆ • (والبس ما شئت): چیت هەوەس بێنێ لە ئەسبابی زینەت بپۆشە • پیاو هی پیاو ، ژن هی ژن • (ما خطئتك اثنتان) : بەو شەرتە دوو شتت نەبێ (سرف أو مخيلة) : کە ئیسرافو تەکەببور بکەی ، بێ لوزووم شت لە غەیری مەحەللا لە عەمەل بێنی ، نیعمەتی خوا بکەی بە ئەسبابی عیصیان لە خواو ، دەعیەو عینوان بەسەر عیبادی خوادا بکەی •

٢/٢٧٥٠ ـ عيسى بن طهمان قال : أخرج إلينا أنس [رضي الله تعالى عنه] نعلين جَرْداوين [خَلِقَين] لهما قِبالان [ئاوزونگە] • [قال ابن الطهمان] فحدثني ثابت البُناني بعدُ عن أنس أنهما نعلا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ • ح ـ ١٩٢/٥ • ح ـ ٤٣٤/٨ •

تەرجەمە :

عیسای کوڕی طەهمان [رحمه الله تعالى] ئەفەرموێ : ئەنەسی کوڕی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ دوو کەوشی کۆنی بۆ دەرهێناین ، دوو

ئاوزونگه‌یان بوو = ئیبنوطه‌همان ئه‌ڵێ = : ئاییتی بوئانی له ئه‌نه‌ســـه‌وه بۆی ریوایه‌ت کردم که ئه‌و جووته که‌وشه کۆنـــه که‌وشی پێغه‌مه‌ر بوو ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ •

٢٧٥١/٣ ـ عن أبي بردة [رحمه الله تعالى] قال : أخرجت إلينا عائشة [رضي الله تعالى عنها] كساء ملبّداً [مرقعاً] وقالت : في هـذا نزع روح النبي ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ ح ـ ١٩٣/٥ • م ـ ٣٩١/٨ • د ، ت ، جه ، ح ـ ٣١٥/٨ •

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوبورده [رحمه الله تعالى] ئه‌فه‌رموێ : حه‌زره‌تی عایشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ لێباســـێکی پینه‌پیناوی بۆ ده‌رهێناین ، فه‌رمووی : پێغه‌مه‌ر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ له‌مه‌دا رۆحی موقه‌دده‌سی کێشرا •

٢٧٥٢/٤ ـ وعنه قال : أخرجت إلينا عائشة [رضي الله تعالى عنهـا] إزاراً غليظاً مما يصنع باليمن ، وكســـاء من هذه التي يدعونها الملبدة • قال : فأقسمت بالله : أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قبض في هذين الثوبين • م ـ ٣٩١/٨ ، ح ـ ١٩٣/٥ ، ح ـ ٣١٥/٨ •

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوبورده ـ رحمه الله تعالى ـ ئه‌فه‌رموێ : حه‌زره‌تی عایشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ کراسێکی ئه‌ستوور له‌وانه‌ی که له یه‌مه‌ن دروست‌ئه‌کرێ‌و ، کیسائێکی له‌وانه‌ی که پێی ئه‌ڵێن له‌باد بۆ ده‌رهێناین ، ســوێنی خوارد : که پێغه‌مه‌ر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ له‌م دوانه‌دا رۆحی شـــه‌ریفی کێشرا •

بۆچی نەیبوو ؟ یا مومکینی نەدەبوو ئەوەندە فەقیر بوو ؟ خەیر وەڵلا دنیای لە لا هیچ بوو • گینا هەموو حیجازو ئەکثەری یەمـەنو نەجـد تـا بەحرەینو نزیکی شامی فەتحکردبوو ، هەوەسی بوایە هەموو لیباسـی لـە موجەوهەرات دروست ئەکرد •

٢٧٥٣/٥ ـ ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : بينا رجل يجر إزاره [من الخيلاء • أخرى] خسف بـه • فهـو يتجلجـل في الأرض الى يـوم القيـامـــة • ح ـ ٤٣٧/٥ • ح ـ ٤٠٢/٨ • ن •

٢٧٥٤/٦ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] يقول : قـال النبي [صلى الله تعالى عليه وسلم] أو قال أبو القاسم ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ [الشك من آدم شيخ البخاري] : بينما رجل يمشي في حلة تعجبه نفسه ، مرجل جمته إذ خسف الله بـه فهو يتجلجـل الى يوم القيـامـــة • ح ـ ٤٠١/٨ • م ـ ٣٩٨/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : وەختێ پیاوێ لـە دەستێ لیباسا ئەڕۆیی بە خودبینی ساچو پەرچەمی داهێنابوو ، لـە پڕ بـە ئەرزا چوە خوارێ ، گلۆر ئەبێتەوە تا رۆژی قیامەت •

٢٧٥٥/٧ ـ وعنـه عن النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ قـال : ما أسفل من الكعبين من الإزار ففي النار • ح ـ ٤٠١/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = فەرموویە = : لـە لیبـاس ئەوی خوار قولەپێ بکەوێ لە ئاگرایە •

٨/٢٧٥٦ ـ عن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : مررت على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وفي إزاري استرخاء فقال : يا عبدالله ارفع إزارك ، فرفعته ، ثم قال : زد ، فزدت • فما زلت أتحراها بعد • فقال بعض القوم : إلى أين ؟ فقال : أنصاف الساقين • م ـ ٨/٣٩٧

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : بە لای پێغەمەرا ـ صـــلى الله تعـــالى عليـــه وســـلم ـ رابوردم کەواکەم شۆڕبووبوەوە ، فەرمووی : یا عەبدوڵلا کەواکەت هەڵکێشە • هەڵم کێشا ، فەرمووی : زیاتر • لێم زیادکـــرد ، ئیتر بـە دەوام دیقـــەتم ئەکرد کـــە شۆڕنەبێتەوە • بەعزێ لەوانەی کـــە حازربوون عەرزیان کرد : تا کوێ ؟ فەرمووی : تا نیوەی قاچ •

ئە لیباس زیاد لە ئیحتیاج درێژیی مەکرووهە •

٩/٢٧٥٧ ـ عن جابر بن عبدالله [رضـــي الله تعـــالى عنهما] قال : أتي بأبي قحافة [رضي الله تعالى عنه] يوم فتح مكة ورأســـه ولحيته كالثغامة بياضاً [نبت ابيض الزهرة والثمر] فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : غيروا هذا بشيء واجتنبوا السواد • م ـ ٨/٤١٤ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضـــي الله تعـــالى عنـــه ـ ئەفەرموێ : رۆژی فەتحی مەککە ئەبوقوحافەی باوکی حەزرەتی ئەبوبەکریان هێنا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ســـەرو ریشی وەك ئەغامە وابوو [بـە زمانی ئێمە : وەك کوڵوو وابوو ئەوەندە سپی بوو] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەمە بگۆڕن ، ئەمما ئیجتیناب لە رەش بکەن •

ریش و سەر رەنگکردن سوننەتە بە غەیری رەنگی رەش •

١٠/٢٧٥٨ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - انها قالت : واعد رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - جبريل - عليه السلام - في ساعة يأتيه فيها ، فجاءت تلك الساعةُ ولم يأته ، وفي يده عصا فألقاها من يده وقال : ما يخلف الله وعده ولا رسله . ثم التفت فإذا جرو كلب تحت سريره . فقال : يا عائشة متى دخل هذا الكلب ههنا ؟ فقالت : والله ما دريت ، فأمر به فأخرج . فجاء جبريل - عليه السلام - فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - واعدتَني فجلستُ لك فلم تأت . فقال : منعني الكلب الذي كان في بيتك ؛ إنا لا ندخل بيتاً فيه كلب ولا صورة . م - ٨/٤١٥ .

وعن ميمونة - رضي الله تعالى عنها - نحوه وفيه الأمر بقتل الكلاب .

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : جیبریل - علیه السلام - وەعدەی دابوو بە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کە لە سەعاتێکا تەشریفی بێتە خزمەتی ، ئەو سەعاتە هاتو ئەو تەشریفی نەهات . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - دارێکی بەدەستەوە بوو فڕێیدا فەرمووی : خوا وەعدە خیلافیی ناکا رەسوولیشی نایکا ، لە پاشا تێفکری توتکەسەگێك لە ژێر تەختەکەیا بوو ، فەرمووی : یا عائیشە ئەم سەگە کەی هاتۆتە ئێرە ؟ عەرزی‌کرد : وەڵڵاهی نازانم . ئەمری کـرد هێنایانە دەرێ فڕێیان دا . [لە پاشا ئاوی هێنا لە جێگەکەیی پرژان . (ریوایەتەکەی‌تر)] ئەمجا جیبریل - علیه السلام - تەشریفی هات . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : وەعدەت دامێ مونتەظیرت بووم ، تەشریفت نەهات ، فەرمووی : لەبەر ئەو سەگەی کە لە ماڵتانا بوو = نەهاتم = ؛ ئێمە ناچینە ماڵێکەوە سەگو صوورەتی تیابێ .

٢٧٥٩/١١ ـ قتادة عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـال قلت لـه : أي الثياب [اللباس • م] كان أحب الى النبي ـ صـلى الله تعـالى عليــه وسلم ـ ؟ قال : الحِبَرَة [برد يمانى يصنع من قطن] • ح ـ ٤١٤/٨ • م ـ ٣٩٠/٨ د •

تەرجەمە :

قەتادە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : لە ئەنەسـم پرسی : چ لیباسێ لای پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ باشتربوە ؟ فەرمووی : لیباسی حیبەرە [کە لیباسێکی رەنگ‌سەوزە لە لۆکە لە یەمەن ئەکرێ ، حاشــــیەکەی نەوعێکی ترە] •

٢٧٦٠/١٢ ـ عن ابن عمر وأبي هريـرة [رضي الله تعالى عنهم] عـن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا ينظر الله الى من جر ثوبه خيلاء • ح ـ ٣٩٩/٨ من جر ثوبه خيلاء لم ينظر الله إليه يوم القيـامـة • م ـ ٣٩٦/٨ •

٢٧٦١/١٣ ـ وعن ابن عمر عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من جر ثوبه خيلاء لم ينظر الله إليه يوم القيامة • قال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] : يا رسول الله ان أحد شقي إزاري يسترخي إلا أن أتعاهد ذلك منه • فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لستَ ممن يصـنعه خيلاء • ح ـ ٤٠٠/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ لیباسی شۆڕبێو بەسەر ئەرزا بیکێشێ لە بـەر تەکەبورو عینوان خوا لـە رۆژی قیامەتا بە نەظەری رەحمەت تەماشای ناکا • ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله

تعالى عنه ـ فەرمووی : یا رەسوولەڵلا من صەرەفێکی ئیزارەکەم شۆڕ ئەبێتەوە مەگەر دیقەتی زۆری لێ بکەم ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تۆ لەوانە نیت کە بە دەعیە ئەیکەن •

١٤/٢٧٦٢ ـ عبدالوارث [القائم الصائم ليله ونهاره] ـ رحمه الله تعالى ـ قال : أتانا كتاب عمر [رضي الله تعالى عنه] ونحن مع عُتْبَة بن فَرْقَد بآذربيجان : ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن الحرير إلا هكذا ، وأشار بإصبعيه اللتين تليان الإبهام • قال [أبو عثمان النهدي] فيما علمنا أنه يعني الأعلام • ح ـ ٤٢٠/٨ • د ، ن ، جه •

١٥/٢٧٦٣ ـ عن أبي عثمان النهدي [رحمه الله تعالى] قال : كنا مع عتبة فكتب إليه عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يُلبَس الحرير في الدنيا إلا لم يُلبَس منه شيء في الآخرة • ح ـ ٤٢٠/٨ إلا هكذا قال أبو عثمان بإصبعيه اللتين تليان الإبهام فرأيتهما ازرار الطيالسة حتى رأيت الطيالسة • م ـ ٣٧٩/٨ •

١٦/٢٧٦٤ ـ وعنه قال : كتب إلينا عمر [رضي الله تعالى عنه] ونحن بآذربيجان : يا عتبة بن فرقد إنه ليس من كدك ، ولا من كد أبيك ، ولا من كد أمك فاشبع المسلمين في رحالهم مما تشبع منه في رحلك ، وإياكم والتنعم وزي أهل الشرك ولبوس الحرير ؛ فإن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن لبوس الحرير ، قال : إلا هكذا ، ورفع لنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إصبعيه ورفع زهير إصبعيه الوسطى والسبابة وضمهما • م ـ ٣٧٦/٨ •

تەرجەمە :

خۆلاصەی هەمووی یەکێکە کە ئیمامی = عومەر = رضي الله تعالى عنه ـ نووسیویەتی بۆ عوتبەی کوڕی فەرقەد ـ رحمه الله تعالى ـ ئەی

خوبه له هونەری خۆت نیه ، نه هونەری باوكت نیه ، لـه هونەری دایكت نیه • موسولمانان له جێو ڕێی خۆیانا تێر بكه لەوه كه خۆنی به مانەوه لێ تێر نەكەی • زینهار ! تەنەعموم نەكەن ، له لیباسی ئەهلی شـــیرك خۆتـان پارێزن ، له لیباسی ئاوریشم خۆتان بپارێزن ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی له لیباسی ئاوریشم كردوه ، مەگەر ئەوەندە • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دوو پەنجەی هەڵبڕی ، زوهەیری راویش دوو پەنجەی شـــــــەهادەتو ناوەڕاستی هەڵبڕی •

له حەدیثێكیانا ئەفەرموێ : هەركەسێ لیباسی ئاوریشمین له دنیـادا بپۆشێ له ئاخیرەتا له ئاوریشم هیچ ناپۆشێ • یەعنی بۆ پیـاو پەڕاوێـزی كەواو عەباو سوخمه به قەت دوو پەنجه دروسته • ژن به هەوەسی خۆی ـ خۆی غەرقی ئاڵتوونو موجەوهەراتو ئاوریشم بكا •

١٧ / ٣٧٦٥ ـ عن أبي بردة [رحمه الله تعـالى] عن علي [ـ رضي الله تعالى عنه ـ نهاني رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسـلم ـ أن أتختم في أصبعي هذه أو هـذه ، قال : فأومأ الى الوســـــطى والتي تليها • أخرى م ـ ٤٠٨/٨] قال : نهاني يعني النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن أجعل خاتمي في هذه أو التي تليها ، لم يدر عاصـــم [الراوي] في أي الثنتين • ونهاني عن لبس القسي ، وعن جلوس على المياثر • قال : فأما القسي فثياب مضلعة يؤتى بها من مصر والشام فيها شبه كذا ، وأما المياثر فشـــيء كانت تجعله النساء لبعولتهن على الرحل كالقطائف الأرجوان • م ـ ٤٠٧/٨ •

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ نەهی لیكردم كـه ئەنگوســـتەویله بكەمه پەنجەی

شەهادەت‌و ناوەڕاستم[1] نەهیشی لیٚ‌کردم کە لەسەر نەرمەزینی ئاوریشمی ئەرغەوانی دابنیشم •

١٨/٢٧٦٦ – عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] خطب بالجابية فقال : نهى نبي الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – عن لبس الحرير إلا موضع إصبعين ، أو ثلاث ، أو أربع • م – ٨/٣٨٠ •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر – رضي الله تعالى عنه – ئەفەرمویٚ : پیٚغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – نەهی لیٚ‌کردم[2] کە ئاوریشم بپۆشم مەگەر بەقەد دوو پەنجە ، یا سیٚ پەنجە ، یا چوار پەنجە •

١٩/٢٧٦٧ – جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : لبس النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – يوماً قباء من ديباج أهدي له ، ثم أوشك أن نزعه ، فأرسل به إلى عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] فقيل له : قد أوشك ما نزعته يا رسول الله • قال : نهاني جبريل [عليه السلام] فجاء عمر يبكي ، فقال : يا رسول الله كرِهتَ أمراً وأعطيتنيه ! فما لي ؟ فقال : إني لم أعطكه لتلبسه ، إنما أعطيتكه تبيعه ، فباعه بألفي درهم • م – ٨/٣٨٢ •

(١) دانەر – خ – مانای (ونهاني عن لبس القسي) لەبیرچوە ، کە ئەڵیٚ (قسي) جۆرە پۆشاکیٚکی گوڵ‌گوڵ بوە لە میصرو شامەوە ئەیان‌هیٚنا . واتە پیٚغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – نەهی لیٚ‌کردم کە ئەو پۆشاکە لەبەر کەم .

(٢) بە گویٚرەی دەقە عەرەبییەکە ئەگەر دانەر لە تەرجەمەکەیدا بینووسیایە نەهی کرد لە لەبەرکردنی حەریر راستتر دەبوو ، چونکە دەقەکە (نهى)یە نەك (نهاني) .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسـلم ـ رۆژێ کـەوايێکی دیبای لەبەرکرد ، زۆری پێ‌نەچوو دایکەند ، ناردی بۆ ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ عەرزیان‌کرد : زوو داتکەند یا رەسوولەڵلا ! فەرمووی جیبریل ـ علیه السلام ـ نەهی لێ‌کردم • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعـالی عنـه ـ بەگریانەوە هاتە خزمەتی عەرزی‌کرد : یا رەسوولەڵلا تۆ خۆت شـــتێکت کەرهان کـە لەبەری‌کەی کەچی دات بـە من ! = من چیمە ؟ = فەرمووی : بۆیێکم نەداویتێ کە لە بەری‌کەی ، بۆیێکم داویتێ بیفرۆشی ، فرۆتی بـە دوو هەزار درهەم •

۲۷٦۸/۲۰ ـ عن أنس قال : نهی رسول الله ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ أن یتزعفر الرجل • ح ـ ۸/٤١٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی‌کردوە لەمە کە = پیاو = زەعفەران لە خۆی بسوێ •

۲۷٦۹/۲۱ ـ عبدالله بن عمرو بن العاص [رضـــي الله تعـالی عنهما] قال : رأی النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عليَّ ثوبين معصفرين فقال : أأمك أمرتْكَ بهـذا ؟ قلت : أغسلهما قال : بل أحرقهما • م ـ ۸/۳۸۹ • وعنه رأی رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عليَّ ثوبين معصفرين ، فقال : إن هذه من ثياب الكفار فلا تلبسها • م ـ ۸/۳۸۷ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دوو لیباسی بە عەصـــفەر رەنگ‌کراوی لەبەرا دیم

فەرمووی : ئەمە لیباسی کافرانە لەبەری مەکە • لە ریوایەتەکەی تردا فەرمووی : دایکت ئەمری پێکردی کە ئەمە لەبەر بکەی ؟ عەرزم کرد : نەیشۆم فەرمووی : بیسووتێنە ••

٢٧٧٠/٢١ – عن علي [رضي الله تعالى عنه] قال : نهاني رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – عن التختم بالذهب ، وعن لباس القسي ، وعن القراءة في الركوع والسجود ، وعن لباس المعصفر • م – ٣٨٩/٨ •

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی – رضي الله تعالى عنه – ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – نەهی لێ کردووم لە ئەنگوستەویلەی ئالتوونو ، لیباسی بە عەصفەر رەنگ کراوو ، قورئان خوێندن لە روکووعو لە سوجوودا •

٢٧٧١/٢٢ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – : صنفان من أهل النار لم أرهما : قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس • ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة ، لا يدخلن الجنة = ولا يجدن ريحها = وإن ريحها لتوجد من مسيرة كذا وكذا • م – ٤٤٠/٨ • م – ٣٢٥/١٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – ئەفەرموێ : دوو صینف لە ئەهلی جەهەننەمن ، نەمدیون ، یەعنی تا ئێستە نەبوون لەمەولا پەیدا ئەبن • [ئەوەوی خۆی تێ نەگەیاندوە] : یەکێکیان قەومێکە قەمچییان بە دەستەوەیە وەك كلكی گاجووت ، بەوە لە خەڵق ئەدەن • دوەم ئەو ژنانەن جلیان لەبەرایەو رووتن ، یەعنی ئەکثەری ئەعضایان بەدەرەوەیە ، لە رۆیینا

لەنجەولار ئەکەن بەخەڵق‌و خۆیشـــــیان ئەیکەن بۆ جیلوەو تەکەبور • سەریان وەك کۆپارەی وشترێ وایە کە لەبەر غوروور ئەملاو ئەولا ئەکا •• ئەوانە ناچنە بەهەشتەوەو بۆنی ناکەن ، حاڵ‌وایە بۆنی بەهەشت لەوەندەو لەوەندە مەسافەوە بۆنی ئەکرێ •

ئەم موعجیزەیە بە چاو ئەیبینین •

٢٧٧٢/٢٤ ـ في آخر ليس فيها النساء يغدون في غضب الله ويروحون في سخط الله • م ـ ١٠/٣٢٥ •

تەرجەمە :

لـە غەضـەبی خوادا بەیانییـان لێ‌یێ‌و لە قەهری خوادا ئێوارێـان لێ یێ •

٢٧٧٣/٢٥ ـ عن علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أهدي إلي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حلة سيراء فلبستها ، فرأيت الغضب في وجهه فشققتها بين نسائي • ح ـ ٣٤٦/٤ ن ، م ـ ٣٨٢/٨ • وفيه : إني لم أبعث بها إليك لتلبسها ، إنما بعثت بها إليك لتشققها خمرا بين النساء[1] •

---

(١) دانـەر ـ خ ـ تەرجـەمـەی حەدیثی (٢٥)ی لـەبیرچوە کـە ئەمـە پوختەکەیەتی : « حەزرەتی عەلی ـ خ ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ پۆشـاکێکی سیرای بـە هەدیە داپێم ، منیش لەبەرم کرد ، بەوە توورەییم لە ناوچاوی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليـە وسـلم ـ بەدی‌کرد ، کە ئەوەم دی کەرت‌ـکەرتم‌کردو دام بـە ژنەکانم . لە ریواتەکەی دیکەدا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بۆیەم بۆ نەناردی لەبـەری کـەی ، بۆیـەم بـۆ نـاردی کەرت‌کەرتی کەی بۆ سەرپۆشی ژنەکان .

٢٧٧٤/٢٦ ـ وعنه أن أكيدر دومة [بلدة بين المدينة والشام] أهدى الى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثوب حرير فأعطاه علياً [رضي الله تعالى عنه] فقال : شققه خمرا بين الفواطم • م ـ ٣٨٣/٨ •

تەرجەمە :

ئوکەیدیری رەئیسی دەومە لیباسێکی ئاوریشمی بە هەدیە نارد بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەویش دای بە حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لەتی بکە بیکە بە سەرپۆش بۆ فاطمەکان : (١) فاطمەی کچی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ورضي الله تعالى عنها ـ (٢) دایکی ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کچی ئەسەدی هاشمی (٣) کچی حەمزە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

٢٧٧٥/٢٧ ـ أيمن قال : دخلت على عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ وعليها درعُ قِطر ثَمَن خمسة دراهم • فقالت : ارفع بصرك الى جاريتي أنظر إليها ، فإنها تزهى [تتكبر] أن تلبسه في البيت ، وقد كان لي منهن درع على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فما كانت امرأة تقيَّن [تزين] بالمدينة إلا أرسلت إلي تستعيره • ح ـ ٣٥٣/٤ •

تەرجەمە :

ئەیمەن ئەفەرموێ : چوومە خزمەت حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ کراسێکی قیطری لە بەرابوو [قیطر جاوێکی ئەستووری زبرە ، لە یەمەن دروست ئەکرێ] قیمەتی پێنج درهەم بوو • فەرمووی : چاو هەڵبڕە تەماشای جارییەکەم کە دەعیەی نایێنێ لە ماڵەوە لە بەری بکا ! من لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کراسێکم بوو لەوانە هەر ژنێ کە لە مەدینەدا خۆی برازانایەوە ئەیناردە لام لێی ئەخواستم •

٢٧٧٦/٢٨ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيت فاطمة بنته [رضي الله تعالى عنهـا] فلم يدخل عليها ، وجاء علي [رضي الله تعـالى عنـه] فذكرت له ذلك ، فذكره للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إني رأيت على بابها ستراً موشياً • فقال : ما لي وللدنيا ؟ فأتاها علي [رضي الله تعالى عنه] فذكر ذلك لهـا ، فقالت : ليأمرني فيه بما شاء • قال : ترسل به إلى فلان أهل بيت بهم حاجة • ح ـ ٣٤٦/٤ • د •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوە ماڵی فاطمەی كچی ـ رضي الله تعالى عنها ـ نەچوە ژوورێ • ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ تەشریفی هاتەوە ، حەزرەتی فاطمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەوەی عەرزكرد ، ئەویش عەرزی پێغەمەری كرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : چاوم پێكەوت بە دەرگاكەیەوە پەردەیێكی نەقشینم دی ، فەرمووی : من چیمە لـە دنیـا ؟ فاطمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : بـە چی ئەمرم پێ ئەكا بیكەم ؟ فەرمووی : بینێری بۆ فلان كە ماڵێكی موحتاج بوون •

٢٧٧٧/٢٩ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أنها كانت اتخـذت على سـهوة لها [تاق ، صوفه ، گەنجینه ، رەقه] سـترا فيه تمائيـل ، فهتكه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فاتخذت منه نمرُقتين فكانتا في البيت يجلس عليهما • ح ـ ٢٦٨/٤ • م ـ ٤٢١/٨ بالمعنى •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : تاقێ یا گەنجینەیێكم بـە پەردەیێ كە صوورەتی تیا بوو سەتر كرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه

وسلم ـ لای برد ، کردم بە دوو دۆشەکی بچکۆلە لە مالا لە سەریان دائەنیشت •

٢٧٧٨/٣٠ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أنها اشترت نمرقة فيها تصاوير ، فلما رآها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قام على الباب فلم يدخل ، فعرفتُ ، أو فعرفَتْ في وجهه الكراهية ، فقالت : يا رسول الله أتوب الى الله والى رسوله فماذا أذنبت ؟ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ما بال هذه النمرقة ؟ قالت : اشتريتها لك تقعد عليها وتوسدها ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ان أصحاب هذه الصور يعذبون ويقال لهم : أحيوا ما خلقتم ، ثم قال : إن البيت الذي فيه الصور لا تدخله الملائكة • م ـ ٨/٤٢٣ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ دۆشەکۆلەیێك ئەکرِێ صوورەتی تیا ئەبێ کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چاوی پێی‌کەوت لە بەر ددرگاکە وەستا تەشریفی نەهاتە ژوورێ ، حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە رووی پێغەمەرا ـ صلى الله بعالى عليه وسلم ـ فەرق ئەکا کە حەزی لێ ناکا ، عەرزی ئەکا : یارەسوولەڵلا روجووع ئەبمەوە لای خواو تۆ چ گوناهێکم کردوە ؟ ئەفەرموێ : ئەو دۆشەکە چیە ؟ ئەفەرموێ : کرِیومە بۆ تۆ لە سەری دانیشیو پالی پێوە بدەی • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەوانەی ئەم صوورەتانە ئەکەن عەذاب ئەدرێنو پێیان ئەڵێن : رۆح بکەن بە بەر ئەوانەدا کە خەلقتان کردوون • لە پاشا فەرمووی : مەلائیکە ناچنە ماڵێکەوە صوورەتی تیا بێ •

٢٧٧٩/٣١ ـ عن أبي زرعة قال : دخلت مع أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ [في دار مروان فرأى فيها تصاوير • أخرى م] داراً [لمروان] بالمدينة فرأى في أعلاها مصوراً يصور ، فقال : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول [أي قال الله تعالى] : ومن أظلم ممن ذهب يخلق كخلقي فليخلقوا حبة ، وليخلقوا ذرة [أو ليخلقوا شعيرة • م] ثم دعا بتور من ماء فغسل يديه حتى بلغ إبطه • فقلت : يا أبا هريرة أشيء سمعته من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قال : منتهى الحلية • ح ـ ٨/٠٧٤ • م ـ ٨/٤٢٥ ليس فيه الوضوء ، وفيه بيان أن الدار لمروان •

تەرجەمە :

ئەبوزەرعە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت ئەبوهورەیرەدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ چوومە مالی مەروانی کوری حەکەم ، لای سەریەوە چاوی کەوت بە رەسسامێ رەسمی ئەکرد • ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست فەرمووی : خوا ئەفەرموێ : کێ لەو کەسە زالمترە کە بێت وەکوو خەلقی من خەلق دروست ئەکا ؟ با حەبیەیێ خەلق بکەن ، یا زەرڕەیێ یا دەنکە جۆیێ خەلق‌بکەن ! لە پاشا لەگەنێکی ویست [دەزنوێژی شت] هەردوو دەستی تا بن‌باخەڵی شت • وتم : یا ئەبوهورەیرە ئەمە شتێکە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـت بیستوە ؟ فەرمووی : تا بن‌باخەڵ شتن نهایەتی بازنە کە تێی ئەکرێ • یەعنی ئینسان تا کوێ بشوا تا ئەوێی = لە رۆژی قیامەتا موزەییەن‌و مونەووەر ئەبێ •

٢٧٨٠/٣٢ ـ عن مسلم بن صبيح قال : كنت مع مسروق [رحمه الله تعالى] في بيت فيه تماثيل مريم • فقال مسروق : هذا تماثيل كسرى • فقلت : لا هذا تماثيل مريم • فقال مسروق : = أما = أني سمعت عبدالله

بن مسعود [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أشد الناس عذاباً = يوم القيامة = المصورون •
م ـ ٤٢٢/٨ •

تەرجەمە :

موسلیمی کوڕی صەبیح ئەفەرموێ : لەگەڵ مەسرووقا ـ رحمهما الله تعالى ـ لە خانوویێکا بووین صوورەتی مەریەمە ـ عليها السلام ـی تیابوو ، فەرمووی : ئەمە صوورەتی کیسرایە ؟ وتم : خەیر ئەمە صوورەتی مەریەمەیە ـ عليها السلام ـ فەرمووی : = با بزانن = لە عەبدوڵڵا کوڕی مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـم بیستوە ئەیفەرموو : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بە شیددەتترینی ئینسان لە عەذابا ئەوانەن کە صوورەت دروست ئەکەن •

٢٧٨١/٣٣ ـ أبو طلحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ صاحب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وكان شهد بدراً مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [يقول : سمعت رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ح ـ ٢٦٣/٥] أنه قال : لا تدخل الملائكة بيتاً فيه كلب ولا صورة •
قال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : يريد التماثيل التي فيها الأرواح •
م ـ ٤١٩/٨ • ح ـ ٤٦٩/٨ • ح ـ ٢٦٣/٥ • ح ـ ٢٥٦/٦ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە ئەبوطەلحەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مەلائیکە ناچنە ماڵێ سەگی تیابێ یا صوورەتی رۆحلەبەری تیابێ •

۲۷۸۲/۳٤ ـ بُسر بن سعيد [رحمه الله تعالى] حدث أن زيد بن خالد الجهني ـ رضي الله تعالى عنه ـ حدثه ومع بسر بن سعيد [رحمه الله تعالى] عبيدالله الخولاني الذي كان في حجر ميمونة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حدثهما زيد بن خالد أن أبا طلحة حدثه أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تدخل الملائكة بيتاً فيه صورة • قال بسر : فمرض زيد بن خالد [رضي الله تعالى عنه] فعدناه ، فإذا نحن في بيته بستر فيه تصاوير فقلت لعبيدالله الخولاني : ألم يحدثنا في التصاوير ؟ فقال : إنه قال : إلا رَقْم في ثوب • ألا سمعته ؟ قلت : لا • قال : بلى قد ذكره • ح ـ ٥/٢٦٣ • ح ـ ٨/٤١٩ • د ، ن •

تەرجەمە :

بوسری کوڕی سەعید ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : منو عوبەیدیللای خەولانی کە لە حەجری مەیموونەی حەرەمی پێغەمبەرا بوو ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە یەکەوە بووین زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ئەبوطەلحەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ بۆی ریوایەت کردین کە پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مەلائیکە ناچنە ماڵێکەوە کە صوورەتی تیا بێ • زەیدی کوڕی خالید ـ رضي الله تعالى عنه ـ نەخۆش کەوت لەگەڵ عوبەیدیللادا عەیادەتمان‌کرد ، کە تێمکرین لە ماڵەکەیا پەردەیێکی کە صوورەتی پێوە بوو[1] ، بە عوبەیدیللام وت : زەید خۆی دەرحەق صـــوورەت خەبەری نەداینێ ؟ عوبەیدیللا وتی : گوێت لێ نەبوو کە فەرمووی : مەگەر نەقش نەبێ = لە پۆشاکا = ؟ وتم خەیر • فەرمووی : بەڵێ ئەوەیشی فەرموو •

(۱) ئەگەر لێرەدا بگوترێ : « بوومان دی » باشترە •

المدعو يرجع اذا رأى منكرا في بيت صاحب الدعوة في الوليمة وغيرها(١) :

(أثر) ٢٧٨٣/٣٥ - رأى ابن مسعود [رضي الله تعالى عنه] صورة في البيت فرجع . ودعا ابن عمر أبا أيوب [رضي الله تعالى عنهم] فرأى في البيت ستراً على الجدار ، فقال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : غلبنا عليه النساء ، فقال : من كنت أخشى عليه فلم أكن أخشى عليك . والله لا أطعم لكم طعاماً ! فرجع . ح - ٧٣/٨ .

تەرجەمە :

ئیبنومەسعوود - رضي الله تعالى عنه - [بۆ دەعوەتێ بانگکرا بوو ، کە تەشریفی چوو] صووورەتێکی تیا دی ، گەڕایەوە . ئیبنوعومەر ئەبوئەییووبی ئەنصاریی - رضي الله تعالى عنهم -ی دەعوتکرد ، لە خانووەکەیا لەسەر دیوارێ پەردەیێکی دی . ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : چییکەم ژنان غالب بووز بەسەرمانا ؟! ئەبوئەییووب - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : لە هەرکەسێ بترساماپە لە تۆ نەئەترسام کە وا بکەی . وەللاهی لە طەعامتان ناچێژم ! گەڕایەوە .

٢٧٨٤/٣٦ - أبو هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : إن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : ان اليهود والنصارى لا يصبغون فخالفوهم. ح - ٤٢٤/٥ . ن م - ٤١٤/٨ . ح - ٤٥٣/٨ ن ، د ، ت جه .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : گاورو جوو سەرو ریشیان رەنگ ناکەن ئێوە موخالەفەیان بکەن .

(١) دەعوەتکراو ئەگەر لە ماڵی دەعوەتکەرەکەدا ، شایی بێ یا غەیری شایی ، ئەگەر مونکەرێکی بینێ ناچێتە دەعوەتەکەو ئەگەڕێتەوە .

٣٧/٢٧٨٥ ـ عن محمد [بن سيرين] قـال : كنـا عنـد أبي هريـرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ وعليه ثوبان ممشّقان من كتان ، فتمخّط ، فقال : بخٍ بخٍ ! أبو هريرة يتمخط في الكتان ؟! لقد رأيتني وإني لأخِرّ فيما بين منبر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الى حجرة عائشة [رضي الله تعالى عنها] مغشياً عليّ ، فيجيء الجائي فيضع رجـله على عنقي • ويُرى أني مجنون ، وما بي جنون ، ما بي إلا الجوع ! ح ـ ٣١٨/١٠ • ت •

تەرجەمە :

ئیبنوسیرین ئەفەرموێ : لای ئەبوهورەیرە ـ رضـي الله تعالى عنه ـ بووین دوو جلی نەخشینی کەتانی لەبەرا بوو ، لووتی سڕی ، لـە پاشـا فەرمووی : بەهـ بەهـ ! ئەبوهورەیرە لـە لیباسی کەتـانـا لووت ئەسڕێ ! چاوم بە خۆم کـەوت لـە بەینی مینبەری پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـو حوجرەی حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ دا بە بێهۆشیی ئەکەوتم ، خەڵق ئەهاتن پێیان بە ملما ئەنا ، وا تێئەگەیین کە شێتم ، هیچ شێتیم نەبوو ، هەر برسێتیم بوو !

٣٨/٢٧٨٦ ـ أذن النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ للزبير ولابن العوف ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ في لبس الحريـر لحكة كـانت بهما • م ـ ٣٨٦/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ ئیذنی دا کـە زوبەیرو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە بەر خارشتێ کـە بوویان ، ئاوریشم لەبەرکەن •

عن أبي عمران قال : نظر أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ إلى الناس يوم الجمعة [بمسجد البصرة] فرأى طيالسة ، فقال : كأنهم الساعة يهود خيبر •
ح ـ ٦/٣٥٢ •

تەرجەمە :

ئەبوعیمران ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : رۆژێکی جومعە لە مەسجیدی بەصرەدا ئەنەسی کوڕی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەماشای کرد چەند طەیلەسانێکی دی ، فەرمووی : ئەمانە ئێستاکە (كأنه) جوولەکەی خەیبەرن •

٢٧٨٧/٣٩ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال له : فراش للرجل ، وفراش لامرأته ، والثالث للضيف ، والرابع للشيطان • م ـ ٨/٣٩٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە جابیری فەرموو : دەستێ نوێن بۆ پیاو ، دەستێ بۆ ژنەکەی ، دەستی سێیەم بۆ میوان ، دەستی چوارەم بۆ شەیتان • یەعنی بەقەد حاجەت •

٢٧٨٨/٤٠ ـ عبدالله بن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] يخطب يقول : لا تلبسوا نساءكم الحرير ، فإني سمعت عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تلبسوا الحرير فإنه من لبسه في الدنيا لم يلبسه في الآخرة • م ـ ٨/٣٧٦ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر ـ رضـي الله تعـالی عنهما ـ ئەفەرموێ : لیباسی ئاوریشم مەکەنە بـەر ژنەکانتانەوە ؛ لـە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـم بیست ئەیفەرموو : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئاوریشم لەبەر مەکەن ؛ چونکی هەرکەسێ لە دنیادا لەبەری بکا لە قیامەتا لەبەری ناکا •

ظاهیر وایە ئەحادیثی دائیر بە حەلاڵبوونی ئاوریشـــم بۆ ژنان بـە عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالی عنه ـ نەگەیبێ •

٢٧٨٩/٤١ ـ عن عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالی عنـه ـ قـال : سمعت النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یقول : إن أشد الناس عذابـاً عندالله یوم القیامة المصورون • ح ـ ٨/٤٧٠ • ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : بەشـــیددەتترینی خەڵق لە عەذابا لە رۆژی قیامەتا ئەوانەن صوورەت دروست ئەکەن •

٢٧٩٠/٤٢ ـ عن أبي هریرة [رضي الله تعالی عنه] قال : قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم : لا تدخـل الملائکة بیتـاً فیـه تماثیـل أو تصاویر • م ـ ٨/٤٢٥ •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : مەلائیکە ناچێتـە ماڵێ صوورەتی = یا پەیکەری = تیا بێ •

٢٧٩١/٤٣ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : خرج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ذات غداة وعليه مِرْط" مرحل من شعر أسود • م ـ ٣٩٢/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەیانییێ تەشریفی چوە دەرێ لیباسێکی مووی رەشی لەبەرابوو •

٢٧٩٢/٤٤ ـ عن سعيد بن أبي الحسن قال : كنت عند ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ إذ أتاه رجل ، فقال : يا ابن العباس إني إنسان إنما معيشتي من صنعة يدي ، وإني أصنع هذه التصاوير • فقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : لا أحدثك إلا ما سمعته من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من صور صورة فإن الله معذبه حتى ينفخ فيها الروح ، وليس بنافخ فيها أبدا • فربا الرجل [مرض مرضاً يعلو منه النفس ويضيق صدره] ربوة شديدة واصفر" وجهه ، فقال : ويحك إن أبيت إلا أن تصنع فعليك بهذا الشجر كل شيء ليس فيه الروح • ح ـ ١٠٣/٤ ، م ـ ٤٢٥/٨ •

٢٧٩٣/٤٥ ـ وعنه جاء رجل الى ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فقال : إني رجل أصور هذه الصور فافتني فيها ، فقال له : ادن مني ، فدنا منه ، ثم قال : ادن مني = فدنا = حتى وضع يده على رأسه قال : أنبئك بما سمعت من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كل مصور في النار ، يجعل له بكل صورة صورها نفساً فتعذبه في جهنم • وقال : إن كنت لا بد فاعلا فاصنع الشجر وما لا نفس له • م ـ ٤٢٤/٨ •

تەرجەمە :

مەعنای هەردوو حەدیثەکە بەسەریەکەوە :

سەعیدی کوڕی ئەبولحەسەن ئەفەرموێ : لای ئیبنوعەبباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دانیشتبووم پیاوێ هاتە خزمەتی عەرزیکرد : من پیاوێکم مەعیشەتی من بە واسیطەی صـــنعەتەوەیە ، ئـەم صـــوورەتانە ئەکـەم • ئیبنوعەبباس ـ رضـي الله تعـالى عنه ـ فەرمووی : لێم نزیك بەرەوە ، لێی نزیك بۆوە ، فەرمووی : لێم نزیك بەرەوە ، لێی نزیك بۆوە تـا دەســـتی خستە سەر ســەری ، فەرمووی : هــەر بــەوە خەبەرت ئـەدەمێ کـە لـە پێغەمەرم بیستوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : هەرکەســێ صوورەتێ دروســـت بکا خـوا عەذابی ئەدا تـا رۆحی بەبەرا ئەکا ، خۆ رۆحیشی بە بەرا ناتوانێ بکا • پیاوەکە لەوەوە تووشی تەنگەنەفەسییێکی بەشیددەت بوو ، رەنگی زەرد بوو ، ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنـە ـ پێیفەرموو : بەدبەخت ئەگەر هەر ئەیکەی ئەم دارو درەختانە دروســـت بکەو ئەوانەی کە رۆحلەبەر نین •

٤٦/٢٧٩٤ ـ عبدالله مولى أسماء بنت أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] قال : أرسلتني أسماء [رضي الله تعالى عنها] الى عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] فقالت : بلغني أنك تحرم أشـــياء ثلاثة : العلَم في الثوب ، وميثرة الأرجوان ، وصوم رجب كله ! فقال لي عبدالله [رضـي الله تعـالى عنه] : أما ما ذكرت من رجب فكيف بمن يصوم الأبد ؟ وأما ما ذكرت من العلَم في الثوب فإني سمعت عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إنما يلبس الحرير من لا خلاق له ، فخفت أن يكون العلم منه • وأما ميثرة الأرجوان فهـذه

میثرة عبدالله فإذا هي أرجوان • فرجعت الى أسماء [رضي الله تعالى عنها] فأخبرتها فقالت : هذه جبة رســـــول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأخرجت لي جبة طيالســة كسروانية لها لِبْنَة ديبــاج وفرجيهــا مكفوفين بالديباج ، فقالت : هذه كانت عند عائشـــــة [رضي الله تعالى عنها] حتى قبضت ، فلما قبضت قبضتها ، وكان النبي ـ صلى الله تعالى عليــه وسلم ـ يلبسها فنحن نغسلها للمرضى يستشفى بها • = م ـ ٣٥٥/٨ = •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای مەولای ئەسمای کچی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەسما ـ رضي الله تعــالى عنهــا ـ ناردمیە خزمەت ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : وام پێ گەییوە کە تۆ سێ شتت حەرام کـردوە : نەقش و نیگار لـە لیباســــــا ، نەرمەزینی رەنگ ئەرغەوانی ، بەڕۆژووبوونی مانگی رەجەب بە تەواویی ! عەبدوڵلا ـ رضـي الله تعـالى عنه ـ فەرمووی : رۆژووی رەجەب حەرام بێ تۆ چی ئەکەی لە رۆژووی دەهر کە رەجەبیشی تیایە ؟ [یەعنی نەموتوە حەرامە] عەلـەم لـە جلا لـە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـم بیستوە ئەیفەرموو : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیستوە ئەیفەرموو : بەدئەخلاق نەبێ ئاوریشم لەبـەر ناکا • ئەترسم گوڵی ئاوریشم لە لیباسا لەوە بێ کە حەرام کراوە [ئەمەی لە بـەر ئیحتیاط بوە ، بۆیـە نەبوە کـە لـە لای حـەرام بوە] نەرمەزینی ئەرغەوانیش ئەڵێی •• ئەمە نەرمەزینی منە • عەبدوڵلای مەولای ئەســـما ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : تێفکریم نەرمەزینێکی ئەرغەوانی بوو • گەڕامەوە خزمەت ئەسما ـ رضي الله تعالى عنها ـ و خەبەرم داێ فەرمووی: ئەمە جبەی پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ جبەیێکی کڵاوداری کیسرایی دەرهێنا لە بەرۆکیا پارچەێ دێبای پێوە دووروابوو ، هـەردوو

طەرەفی كەنــاری بەرۆكەكانی بــە دێبــای ئاوریشـــــم گیرابۆوە ، یەعنی پەراوێزەكانی هەموو دێبای ئاوریشم بوو ، فەرمووی : ئــەم جبەیــە لای عایشە بوو ـ رضي الله تعالى عنها ـ تا وەفاتی كرد ، كە وەفاتی كرد هێنامــە لای خۆم پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ لــەبــەری ئەكــرد ئێمەیش ئەیشۆین بۆ نەخۆش بە ئاوەكەی طەلەبی شیفای پێ ئەكرێ •

پەراوێزی ئاوریشم ، گوڵی ئاوریسم ، بەوشەرتە لــە چوار پەنجــە تێپەڕ نەكا ، دروستە • رۆژووی رەجــەب ، رۆژووی دەهر بــە تــەواویی دروستە • جلی رەنگاورەنگ دروستە •

٤٧/٢٧٩٥ ـ وعن أسماء وعائشة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن امرأة من الأنصار زوجت ابنتها [ثم أصابها شكوى فتمرق • خ أخرى] فتمعط شعر رأسها ، فجاءت إلى النبي ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ فذكرت ذلك له فقالت : ان زوجها [يستحثني • خ أخرى] أمرني أن أصل في شــعرها [فسب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الواصلة والمستوصلة • خ أخـرى] فقــال : لا إنــه قــد لعن الموصـــلات • ح ـ ٨/٩٨ ، ٤٦٤ • م ـ ٨/٤٣٤ •

تەرجەمە :

عایشەو ئەسماء ـ رضـــي الله تعـــالى عنهما ـ ئەفەرموون : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ژنێ لە ئەنصار هــاتــە خزمەتی عەرزیكرد : كچێكم داوە بە شوو نەخۆشكەوت ، ســـــــەری رووتایەوە ، مێردەكەی تەكلیفم لێ ئەكا پرچی (لاعیە)[1]ی بۆ بكەم • پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى علیه وسلم ـ فەرمووی : لەعنەت كراوە لەوانەی كە پرچی لاعیە ئەكەن •

(1) لاعیــە : قژی لاوەكیو خــوازراو ، واتــە بــەزمــانی خەڵــكی ئیمرۆ (باروكە) •

٤٨/٢٧٩٦ - معاوية بن أبي سفيان [٠٠٠ ٠٠] عام حج = وهو = على المنبر فتناول قصة من شعر كانت في يدي حرسيّ ، فقال : يا أهل المدينة أين علماؤكم ؟ سمعت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ينهى عن مثل هذه ويقول : إنما هلكت بنو إسرائيل حين اتخذها نساؤهم ٠
م - ٨/٤٣٩ ٠ ح - ٥/٤٣٠ ت ، د ، ن ٠

تەرجەمە :

موعاويە ٠٠٠ لەو ساڵەدا کە حەجی کرد ، لە سەر مینبەری مەسجیدی نەبەوی - علیه الصلاة والسلام - باقەیێ موو بە دەست پۆلیسێکەوە بوو وەری گرتو وتی : ئەی ئەهلی مەدینە مەلاکانتان لە کوێن ؟ لە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم -م بیست نەهی لەمە ئەکرد ئەیفەرموو : بەنوئیسرائیل هەر لەبەر ئەمە بە هیلاکا چوون کە ژنەکانیان ئەمەیان‌کرد ، یەعنی پرچی لاعیەیان بەسەرا کرد ٠

[٠٠٠ ٠٠]

٤٩/٢٧٩٧ - أنس بن مالك - رضي الله تعالى عنه - رأى على أم كلثوم [رضي الله تعالى عنها] بنت [النبي] رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - برد حرير سِيَراء ٠ ح - ٨/٤٢٧ ٠ ن ٠

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - لەبەر ئوممو کولثوومی کچی پێغەمەرا - صلی الله تعالی علیه وسلم ورضي عنها - لیباسێکی گاوریشمی گوڵداری دی ٠

النعـل ـ كەوش :

٢٧٩٨/٥٠ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا انتعل أحدكم فليبدأ باليمين ، واذا نزع فليبدأ بالشمال لتكن اليمنى أولهما تنعل وآخرهما تنـزع [ولينعلهما جميعاً ، أو ليخلعهما جميعاً • م] ح ـ ٨/٤٣٣ ، م ـ ٨/٤٠٩ ، د ، ت •

٢٧٩٩/٥١ ـ وعنه أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يمشـــي أحدكم في نعـل واحـــدة ليحفهما جميعاً أو لينعلهما جميعاً • ح ـ ٨/٤٣٤ ، م ـ ٨/٤٠٩ • د ، ت •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـــالى عليـه وسـلم ـ فەرمووی : کـە کەوشی لەپێ‌کرد لە پێشا پێی راستی‌بکا بەکەوشا لە پاشا پێی چەپی ، کە دایکەن لە پێشا لە پێی چەپی لە پاشا لە پێی راستی دابکەنێ • پێی راستی لە لەپێ‌کردنا ئەووەڵ بێ‌و لە داکەندنا ئاخر بێ • لە لنگێکا نەڕوا ، یـا هەردووکی لەپێ کا ، یا هەردووکی داکەنێ •

٢٨٠٠/٥٢ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ حدث أن نعل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان لها قبالان • ح ـ ٨/٤٣٤ • د ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نەعلی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دوو قایشی تیابوو پێی قایم ئەکرا ، هەر تاکێ قایشێك •

٢٨٠١/٥٣ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قـال : ســمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في غزوة غزوناها يقول : استكثر من النعال ؛ فإن الرجل لا يزال راكباً ما انتعل • م ـ ٨/٤٠٩ •

تەرجەمە :

جابیر - رضي الله تعالی عنه - ئەفەرموێ : لە غەزاییێکا کە کردمان لە پێغەمەرم بیست - صلی الله تعالی علیه وسلم - ئەیفەرموو : کەوشتان زۆر بێ ؛ چونکی ئینسان تا کەوشی لە پێدا بێ هەر سوارە ، یەعنی بە سوار حسێبە •

٢٨٠٢/٥٤ - عن جابر [رضي الله تعالی عنه] قال : قال رسول الله - صلی الله تعالی علیه وسلم - : أو سمعت رسول الله - صلی الله تعالی علیه وسلم - یقول : اذا انقطع شِسع أحدکم ، أو من انقطع شسع نعله فلا یمشِ في نعل واحدة حتی یصلح شسعه ، ولا یمشِ في خف واحد ، ولا یأکل بشماله ، ولا یحتبي بالثوب الواحد [کاشفاً عن فرجه • م أخری] ولا یلتحف الصماء • م - ٨/٤١١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : کە قایشی کەوشی یەکێکتان بچڕا لە تەنها تاکێکیا نەڕوا تا قایشەکەی چاك ئەکاتەوە ، بە تەنها مەسحێکەوە نەڕوا ، بە دەستی چەپ نەخوا ، لە سەریەوە تا پێی بە جلێ دانەپۆشێ‌و دەستی بەدەرەوە نەبێ ، لە ناو تەنها جلێکا سمتی لەسەر ئەرز دانەنێ‌و هەردوو ئەژنۆی هەڵبنێ‌و کەشفی عەورەتی بکا •

٢٨٠٣/٥٥ - عن أبي رزین قال : خرج إلینا أبو هریرة [رضي الله تعالی عنه] فضرب بیده علی جبهته فقال : ألا إنکم تحدثون أني أکذب علی رسول الله - صلی الله تعالی علیه وسلم - لتهتدوا وأضل ، ألا وإني أشهد لسمعت رسول الله - صلی الله تعالی علیه وسلم - یقول : إذا انقطع شسع أحدکم فلا یمش في الأخری حتی یصلحها • م - ٨/٤١٠ •

تەرجەمە :

ئەبورەزین ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ هاتەدەرەوە لامـان بە دەسـتی لـە ناوچاوانی خۆیی ئەدا ، فەرمووی : ئێوە وام پێ ئەڵێن کە من درۆ بە دەم پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ ئەکەم • با ئێوە لەسەر رێی راستبن و من گومـڕا بم ! شەهادەت ئەدەم کە لە پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى علیه وسـلم ـ بیسـت ئەیفەرموو : کە قایشی کـەوشی یەکێکتان بچڕا تـا چاکی نەکاتەوە بـەوی تریەوە نەڕوا •

الخـاتم ـ ئەنگوستیلە :

٥٦/٢٨٠٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ أنـه نهى عن خاتـم الـذهب • ح ـ ٨/٤٣٧ ، م ـ ٨/٤٠٠ • ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ نەهی کردوە لە ئەنگوستیلەی ئاڵتوون •

٥٧/٢٨٠٥ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسـول الله صلى الله تعالى عليه وسلم ـ اتخذ خاتماً من ذهب ، وجعل فَصّه مما يلي كفه ، فاتخذه الناس ، فرمى به واتخذ = خاتماً = من وَرِق أو فضـة [مترادفان ، وأو للشك من الراوي] • ح ـ ٨/٤٣٧ • م ـ ٨/٤٠١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ ئەنگوسـتیلەیێکی ئاڵتوونی دروستکرد ، نقێمەکەی کردە لای بەری دەستی ، خەڵقیش دروستیانکرد•

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فڕێیداو ئەنگوستیلەیێکی زیوی دروستکرد ٠

٥٨/٢٨٠٦ ـ وعنه أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ اتخذ خاتماً من ذهب ، أو من فضة ٠ وجعل فَصّه [وبالضم غير فصيح] مما يلي كفه ونقش فيه : محمد رسول الله ٠ فاتخذ الناس مثله ، فلما رآهم قد اتخذوها رمى به وقال : لا ألبسه أبداً ٠ [فنبذ الناس خواتيمهم ٠ أخرى خ] ثم اتخذ خاتماً من فضة فاتخذ الناس خواتيم الفضة ٠ قال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] فلبس الخاتم بعد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أبو بكر ، ثم عمر ، ثم عثمان [رضي الله تعالى عنهم] حتى وقع من عثمان في بئر أريسَ ٠ ح ـ ٨/٤٣٨ ٠ م ـ ٨/٤٠٢ ٠

٥٩/٢٨٠٧ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ اتخذ خاتماً من فضة ونقش فيه محمد رسول الله ، وقال : إني اتخذت خاتماً من وَرِق ونقشت فيه محمد رسول الله فلا ينقشن أحد على نقشه ٠ = ح ـ ٨/٤٥٧ = ٠

٦٠/٢٨٠٨ ـ وعنه كان خاتم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في يده ، وفي يد أبي بكر بعده ، وفي يد عمر بعد أبي بكر ٠ فلما كان عثمان [رضي الله تعالى عنهم] جلس على بئر أريس ٠ قال : فأخرج الخاتم فجعل يعبث به فسقط [في البئر] قال : فاختلفنا [في الدخول والخروج] ثلاثة أيام مع عثمان فننزح البئر فلم نجده [ومن يومئذ انتقض أمر عثمان حتى استشهد ، وتوالت الفتن] ح ـ ٨/٤٤٣ ٠ م ـ ٨/٤٠٣ ٠

٦١/٢٨٠٩ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان خاتمه من فضة ، وكان فصه منه ٠ ح ـ ٨/٤٣٩ ٠ م ـ ٨/٤٠٦ ٠ وفيه : كان فصه حبشياً م ٠

تەرجەمە :

ئەم حەدیثانە هەمووی یـەك حادیثەیەو عیبارەت موختەلیفە ، مەئـالی هەموویان ئەمەیە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەنگوستیلەیێ لـە ئاڵتوون دروست ئەکا ، خەڵقیش لـە ئاڵتوون دروستی ئەکەن • پێغەمـەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ کـە چاوی پێیـان ئـەکـەوێ ئەوانیش دروستیانکردوە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ ئەنگوستیلەکەی خۆی فڕێئەدا خەڵقیش فڕێیان دا • لە پاشـــا ئەنگوستیلەیێکی لە زیو دروست کرد ، نەقشەکەی (محمد رسول الله) بو ، نقێمەکەی لە خۆی بوو [موســلیم ئەفەرموێ : حەبەشی بوو ، یەعنی ڕەنگی لـە ڕەنگی حەبەش ئەچوو ، یا لە بەردی حەبەش بوو • لە هەردوو نەوعەکەی ئەنگوسـتیلەی بوە ، هــەر جـارە یەکێکی کردۆتـە پـەنجەی موبـارەکی] فەرمووی : ئەنگوستیلەیێکم دروستکردوە (محمد رسول الله)م لێ نووسیوە ، هیچ کەس لە نەقشی ئەو نەقش لە ئەنگوستیلەی نـەکـا • ئەو ئەنگوستیلەیەی لە دەستا بوو ، لە دوای ئەو ئەبوبەکر ، لە دوای ئەو عومەر ، لە دوای ئەو عوثمان ـ رضي الله تعالی عنهم ـ لە دەستیان کرد • ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالی عنه ـ شەش مانگ لـە دەستیا بوو ، ڕۆژێ تەشریفی چوە سـەر بیری ئەریس ، ئەنگوستیلەکەی لە دەست دەرهێناو یاریی پێ ئەکرد ، لـە دەستی کەوتە ناو بیرەکەوە ، تا سێ ڕۆژ یەك لە دوای یەك ئەچوونە نـاو بیرەکەوە بۆی ئەگەڕان ، ئاوی بیرەکەیان دەرداو نەدۆزرایەوە •

لە دوای ئەوە ئیشی ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالی عنه ـ تێکچوو ، فیتنەی شەهادەتی واقیع بـوو ، فیتنە لـــە دوای فیتنـە تەوالییان کـــرد تـا ئیمڕۆ •

٢٨١٠/٦٢ - عن أنس [رضي الله تعالى عنه] كان خاتم النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - في هذه ، وأشار الى الخِنصِر من يده اليسرى • م - ٤٠٧/٨ •

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : ئەنگوستیلەی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لەمەیا بوو ، ئیشارەتی کردە پەنجەی بوچووکی دەستی چەپی •

٢٨١١/٦٣ - وعنه أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - لبس خاتم فضة في يمينه فيه فص حبشي كان يجعل فصه مما يلي كفه • م - ٤٠٧/٨ •

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەنگوستیلەیێکی زیوی کردە دەستی راستی نقێمێکی حەبەشی بوو ، نقێمەکەی ئەخستە لای بەری دەستیەوە •

٢٨١٢/٦٤ - عن عبدالله بن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - رأى خاتماً من ذهب في يد رجل فنزعه فطرحه وقال : يعمد أحدكم الى جمرة من نار فيجعلها في يده • فقيل للرجل بعد ما ذهب رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : خذ خاتمك انتفع به ، قال : لا والله لا آخذه أبداً وقد طرحه رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - م - ٤٠٠/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - چاوی کەوت بە ئەنگوستیلەیێکی ئاڵتوون لە دەستی پیاوێکا دەری‌هێناو فڕێی‌دا ،

فەرمووی : یەکێکتان پشکۆیێ ئاگرینێیو ئەیخاتە نـاو دەسـتیەوە • لـە دوای ئەمـە کـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسـلم ـ تەشریفی رۆیی پێیانوت : ئەنگوستەویلەکەت هەڵگرەو پێی موتەفیع ببـە ، فەرمووی : وەڵلاهی لە دوای ئەمە پێغەمەر فرێی دا هەڵی ناگرمەوە •

لەم حەدیثانە دەرەکەوێ کە ئەصحابی کیرام ـ رضي الله تعالی عنهم ـ چەندە تابیعی ئەفعالی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بوونو ، چەندە موطیعی ئەمرو نەهی ئەو بوون •

٢٨١٣/٦٥ ـ عائشة ـ رضي الله تعالی عنها ـ حدثت أن النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لم یکن یترك في بیته شیئاً فیه تصالیب إلا نقضه •

ح ـ ٤٧٠/٨ • د ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هیچ شتێکی لە ماڵا نەهێشتوە کە صوورەتی تیابوویێ هەمووی تێکداوە •

پیاوی ژنانیو ژنی نێرکورکە :

٢٨١٤/٦٦ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ قال : لعن رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ المتشبهین من الرجال بالنساء ، والمتشبهات من النساء بالرجال • ح ـ ٤٤٦/٨ • د ، ت ، جه •

٢٨١٥/٦٧ ـ وعنه لعن النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ المخنثین من الرجال والمترجلات من النساء • وقال : أخرجوهم من بیوتکم • قال : فأخرج النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فلاناً [أنجشة ، العبد الأسود] وأخـرج عمر [رضـي الله تعـالی عنـه] فلانـاً [ماتعـاً] ح ـ ٤٤٦/٨ ، د ، ت ، ن •

ئەرجامە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەعنی کردوه لە پیاوی ژنانی و ، ژنانی (مقلد)ی پیاوان • فەرمووی : لە ماڵ بیانکەنە دەرێ ، مەیێڵن بێنە ماڵتان ، خۆی ـ عليه الصلاة والسلام ـ ئەنجەشەی حەبەشی دەرکردو ، ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ماتیعی دەرکرد • یەعنی لە مەدینەی کردنەدەرێ •

کـاکـۆڵ :

٢٨١٦/٦٨ ـ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : سمعت رسول الله ينهى عن القَزَع ، قال عبيدالله قلت [لعمر بن نافع] : وما القـزع ؟ فأشار لنا عبيدالله : قال [نافع] : إذا حلق الصبي وترك ههنا شعرة ، وههنا ، وههنا فأشار لنا عبيدالله الى ناصيته وجانبي رأسه • قيل لعبيدالله : فالجارية والغلام ؟ قال : لا أدري هكذا قال الصبي • قال عبيدالله : وعاودته [أي عمر بن نافع في ذلك] فقال : أما القُصّة [شعر الصدغين] والقفا للغـلام فلا بأس بهما ، ولكن القزع [المكروه تنزيها] أن يترك بناصيته شعر وليس في رأسه غيره ، وكذلك شق رأسه هذا وهذا [أي جانبيه] ح ـ ٤٥٩/٨ ، م ـ ٤٣٢/٨ مختصراً د ، ن ، جه •

ئەرجامە :

ئیبنوجورەیج لە عوبەیدوڵلای کوڕی حەفصەوە ریوایەت ئەکا کـــە عومەری کوڕی نافیع لە نافیعەوە ، نافیعیش لـە ئیبنوعومەرەوە ریوایـەت ئەکا کە ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیســـت نەهی ئەکـرد لـە قەزەع • عەبەیدوڵلا فەرمووی : لـە نافیعم پرسی ـ لـە بوخـاریـدا لـە عومەری کوڕی نافیعم پرسی ـ : قەزەع بـە چی ئەڵێن ؟

ئیبنوجورەیج ئەفەرموێ : عوبەیدوللاّ ئیشارەتی کرد کە نافیع فەرمووی : کە منالّ سەری بتاشرێ لێرەو لەوێو لەوێ یەعنی بەعزێ جێی بهێلرێتەوە ، عوبەیدوللاّ ئیشارەتی ناوچاوانیو هەردوو لاجانگی کـرد • ئیبنوجورەیج لە عوبەیدوللاّی پرسی : کچو کوڕ = وەك یەك = وایە ؟ فەرمووی : نازانم نافیـع هـەر وتی منـالّ • عوبەیدوللاّ فەرمووی : دووبـارە موراجەعەتی عومەری کوڕی نافیعم کردەوە فەرمووی : مووی لاجانگو مووی پشتی سەر زەرەری نیە • ئەوی مەکرووهـ بێ ئەمەیە ناوچاوانی نەتاشیو بـاقی سەری بتاشی • یا ئەملاو ئەولای سەری بێلیەوە ، وەك زلّفی جوولەکە •

[منالّ قەیدی ئیحتیرازیی نیە ، گەورەیش ، پیاوو ژن ، وایە • لای ئیمامی مالیك کوڕو کچ وەکوو یەکن لە کەراهەتا] •

خـالّکوتـان :

٢٨١٧/٦٩ ـ عن عبدالله بن مسعود [رضي الله تعالى عنه] قال : لعن الله الواشمات والمستوشمات والنامصات والمتنمصات ، والمتفلجات للحسن المغيرات خلق الله • فبلغ ذلك امرأة من بني أسد يقال = لها = : أم يعقوب ، وكانت تقرأ القرآن ، فأتته ، فقـالت : ما حديث بلغني عنـك أنـك لعنت الواشمات والمستوشمات والمتنمصات والمتفلجات للحســـــن المغيرات خلق الله ؟ فقال عبدالله [رضي الله تعالى عنه] : ما لي لا ألعن من لعن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و = من = هو في كتاب الله ـ عز وجل ـ ؟ فقالت المرأة : لقد قرأت ما بين لوحي المصـــحف فما وجدته • فقال : لئن كنت قرأتيه لقد وجدتيه ، قال الله عز وجل : (وما آتاكم الرسول فخـذوه وما نهاكم عنه فانتهوا)[١] [أما قرأت : (وما آتاكم الرسول فخـذوه وما

(١) سوورەتی حەشر / ٧ •

نهاكم عنه فانتهوا ؟) قالت : بلى • قال : فإنه قد نهى عنه • بخاري]
قالت : فإني أرى [أهلك يفعلونه • ح] شيئاً من هذا على امرأتك ! قال :
اذهبي فانظري • قال [علقمة] : فدخلت على امرأة عبدالله فلم تر شيئاً •
فجاءت إليه ، فقالت : ما رأيت شيئاً • فقال : أما لو كان ذلك لم نجامعها
[لو كانت كذلك ما جامعتنا • ح - ٧/٣٥٩] ح - ٨/٤٦٢ ، ٤٦٥ ،
٤٦٧ • م - ٨/٤٣٧ •

تەرجەمە :

عەبدوللای کوڕی مەسعوود - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : خوا لەعنەتی کردوە لەوانەی : کە خاڵی خەلق ئەکوتن ، لەوانەی کە بە خەلق خاڵی خۆیان ئەکوتن ، لەوانەی دەموچاوی خەلق هەڵەگرن ، لەوانەی کە بە خەلق دەموچاوی خۆیان هەڵەگرن ، لەوانەی کە ددانیان بە بڕبەند تیژو باریك‌و بچووك ئەکەنەوە بۆ جوانی ، خەلقی خوا ئەگۆڕن • ئەمە گەیی بە ژنێ لە بەنی ئەسەد ناوی ئوممویەعقووب بوو ، قورئان خوێند بوو • هاتە خزمەت عەبدوللا - رضي الله تعالى عنه - عەرزی‌کرد : ئەم حەدیثە چیە لە تۆوە پێم گەییوە ؟ : لەعنەتت کردوە لە خاڵ‌کوتو ، دەموچاو هەڵگرو ، ددانتیژکەر ؟ فەرمووی : بۆچی لەعنەت نەکەم = لە کەسێ = کە رەسوولی خوا لەعنی لێ کردوە لە کیتابوللایشا هەیە ؟ ژنەکە وتی : مابەینی هەردوو بەرگی قورئانم خوێندوە تووشی نەبووم • فەرمووی : بە دیقەت نەتخوێندوە ، ئەگەر بتخوێندبوایە ئەتدۆزیەوە • خوا ئەفەرموێ : ئەوی پێغەمەر ئەمرتان پێ بکا قەبوولی بکەن ، ئەوی نەهیتان لێ بکا لێی موتەهی بین مەیکەن ، =ئەمانە= لەوانەیە وا ئەو نەهی لێ‌کردوون • وتی : من شتێك لەوانە بە ژنەکانتەوە ئەبینم • فەرمووی : بچۆرە ژوورێ تەماشا

بکه ، چوه ژووریّ تهماشای ماڵو منالەکانیکرد هیچی نەبینی ، هـاتـەوه خزمەتی خەبەری دایه : که هیچم نەدی • فەرمووی : ئەگـەر وەکوو تـۆ ئەڵێی وابوایه من لەگەڵی نەئەنوستم •

٧٠/٢٨١٨ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لعن الله الواصـــلة والمستوصلة ، والواشـــمة والمستوشمة • ح ـ ٨/٤٦٣ ، م ـ ٨/٤٣٦ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرمویّ : خوا لەعنی لـەوه کردوه که پرچی لاعیه بۆ خەڵقی ئەکاو ، لەوەی ئەیکا بـه سەری خۆیاو ، لەوەی که خەڵق ئەکوتیّو ، لەوه خۆی به خەڵق ئەکوتیّ •

حەیوان داغکردن :

٧١/٢٨١٩ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قال : نهى رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن الضرب في الوجه ، وعن الوســـــم في الوجه • م ـ ٨/٤٢٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهیکردوه لەمه که ئینســـان له دەموچاوی حەیوانو ئینسان بداو ، لەمه که حەیوان دەموچاوی به داغ نیشانه بکریّ •

٧٢/٢٨٢٠ ـ ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] يقول : ورأى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حماراً موسوم الوجه فأنكر ذلك ، قـال

[ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] فوالله لا أسِمه إلا في أقصى شيء من الوجه ، فأمر بحمار له فكوي في جاعرتيه [طرفي وركه المشرفين مما يلي الدبر] فهو أول من كوى الجاعرتين • م ـ ٨/٤٢٩ •

٧٣/٢٨٢١ ـ وعن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مر عليه حمار قد وسم في وجهه ، فقال : لعن الله الذي وسمه • م ـ ٨/٤٢٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کەرێکی دی دەموچاوی داغ کرابوو [لە ریوایەتی جابیرا فەرمووی : ئەوی ئەمەی داغکردوە بە لەعنەتـ =ی خوا= بێ • لە ریوایەتی ئیبنوعەباسا ئەفەرموێ :] کەرهانی • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : مادام پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لە داغکردنی دەموچاوی حەیوان کرد ، وەڵڵاهی من کوێی حەیوان لە دەموچاوی دوورترە ئەوێی نەبێ داغی نەکەم • کەرێکی بوو ئەمری فەرموو لاتەسمتیان داغکرد • ئەووەڵ کەسێ کە کەفەڵی حەیوانی داغکردبێ ئیبنوعەباس بو ـ رضي الله بعالى عنهما ـ •

جەرەس ـ زەنگ :

٧٤/٢٨٢٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تصحب الملائكة رفقة فيها كلب ولا جرس • م ـ ٨/٤٢٦ •

٧٥/٢٨٢٣ ـ وعنه أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : الجرس مزامير الشيطان • م ـ ٨/٤٢٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ فەرمووی : مەلائیکە رەفیقایەتی ئەو رەفیقانە ناکا کە سەگ یان زەنگیان لـە ناوا بێ ٠ هـەم فەرمووی : زەنگ سازو سەمتووری شەیتانە ٠

تم ولله الحمد ترجمة اللباس والزينة ٢٩/٦/١٩٤١ يەك شەمە

الطب والمرض

٢٩/٦/١٩٤١

نوێژی زیندوو بە روکووع‌و ســـــوجوودو تەشەهودو ئەبوابی موناسب بەو تەواو بوو (إن شاء الله) دەست ئەکەین بـە نوێژی مردووی بێ روکووع‌و سوجوود کردن‌و ئەبوابی موناسب بەو •

(أكثريا) ئینسان (١) نەخۆش ئەکەوێ حەکیمی بۆ یێنن ، نوشتەی بۆ ئەکەن • (٢) کە ئومێدی چابوونەوەی نەما وەصـــــیەت ئەکـا • (٣) کـە وەعـدەی تـەواو بـوو ئەمـرێ نوێژو تـەجهیزو دەفنی ئەکرێ • (٤) ئیمجا میراتی بێ تەقسیم ئەکرێ • (ان شاء الله) بەم تەرتیبە ذیکریان ئـەکـەم •

المرض والطب والرقية :

بسم الله الرحمن الرحيم

١/٢٨٢٤ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ انه قال : لكل داء دواء فإذا أصيب دواء الداء برأ بإذن الله ـ تعالى ـ م ـ ٩/٣٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : کوللی دەردێ دەوایێکی هەیە ، ئەگەر دەواکە ئیصابەتی دەردەکە بکا [یەعنی نەخۆشیەکە تەشخیص بکرێ ، دەوای ئەو نەخۆشیە بدرێ بە نەخۆشەکە لە وەختی خۆیا] بە ئیذنی خوا ئەو نەخۆشە چاك ئەبێتەوە • •

٢٨٢٥/٢ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : ما أنزل الله داء إلا أنزل له شفاء •
ح - ٣٤٥/٨ • ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : خوا - عز وجل - هیچ دەردێ نیە کە ناردبێتیو دەوایێكو سەبەبی شیفایێکی بۆ نەناردبێ • یەعنی بۆ کوللی نەخۆشییەك دەوایێکی خەلق کردوە ، شەرت ئەوەیە دەواکە بدۆزرێتەوە ، نەخۆشییەکە تەشخیص بکرێ ، لە وەختی خۆیا بە شەرایطی طەبابەت دەواکەی بدرێتێ •

(من يعمل سوء يجز به)[1]

هەرکەسێ خراپەیێ بکا بەوە جەزای ئەدرێتەوە

کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو ئەبوبەکری صەدیق - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : لە دوای ئەم ئایەتە ئیتر ئینسان چۆن نەجاتی ئەبێ ؟ پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : خوا خۆشت بکا ! نەخۆش ناکەوی ؟ مانگو نابی ؟ مەحزوون نابی ؟ زەحمەتو فەقیریو موصیبەتت

(١) النساء / ١٢٣ •

بەسەرا نایی ؟ عەرزی کرد : بەڵێ ، فەرمووی : ئەوە جەزای خەراپی کردنەکەتانە •

حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەم ئایەتەی لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پرسی ، فەرمووی : ئەی عایشە ئەمە بەیعێکە خوا لەگەڵ عەبدی خۆی کردوویەتی بە موقابەلەی ئەوەی کە غەم و موصیبەتی بەسەرا یێنێ ، حەتتا ئینسان شتێکی بە دەستەوە بێ و ونی بکا لە پاشا لە بن کۆمەڵێ شتا بیدۆزێتەوە بە ونکردنەکەی مەحزوون ئەبێ ئەو مەحزوونییەیش ئەبێ بە جەزای عەمەلی ، حەتتا ئینسان بەو نەوعە حوزنانە لە گوناه ئەچێتە دەرێ چۆن ئاڵتوونی سوور لە بۆتە یێتە دەرێ بە خاڵصی • قسطلاني ٨/٣٢٦ عن أحمد بيهقي ت •

٣/٢٨٢٦ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - زوج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قالت : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : ما من مصيبة تصيب المسلم إلا كفر الله بها عنه [من سيئاته] حتى الشوكة يشاكها • ح - ٨/٣٢٦ • م - ١٠/٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هیچ موصیبەتێ نیە کە تووشی موسوڵمان ببێ و خوا بەو موصیبەتە گوناهێکی نەبەخشێ حەتتا درکێکیش بە جێییکیا بچێ [گوناهێك لائەبا] •

٤/٢٨٢٧ - عن أبي سعيد الخدري وعن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : ما يصيب المسلم من نَصَبٍ [تعَب] ولا وَصَب [مرض دائم أولا] ولا هم ، ولا حزن

[بفتحتين ، أو بضم فسكون من أمراض الباطن ، أو الهم مما يأتي والحزن مما مضى] ولا أذى [يلحقه من الغير قولاً وفعلاً] ولا غم [ضيق القلب] حتى(١) الشوكة يشاكها ، إلا كفر الله بهـا من خطايـاه ٠ ح ـ ٨/٣٢٦ ، م ـ ١٠/٧ ٠ ت ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هیچ موسـولمانێ نیە كە ماندوبوونێ یا نەخۆشیێ یا غەمو خەفەتێ لەسەر شـتی رابوردوو ، یا لە شتێ كە بترسێ لەمەولا بۆی بێ یـا دڵتەنگیێكی تووش بێ حـەتتـا درِكێ بە جێییێكیا بچێ خوا ئەوە نەخاتە بری گوناهێكی ٠

٦/٢٨٢٩ ـ عن كعب بن مالك [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : مثل المؤمن كالخامة [كمثل الخامة ٠ م] مـن الزرع تفيؤها الريح [تصرعها ٠ م] مرة وتعدلها مرة [حتى تهيج ٠] ومثل المنافق [الكافر ٠ م] كالارزة [المجذبة ـ الثابتة المنتصبة على أصـلها ـ لا يصـيبها شيء ٠ م] حتى يكون انجعافها [انقـلاعهـا] مرة واحدة ٠ ح ـ ٨/٣٢٧ ٠ م ـ ١٠/٢٨٣ ٠ ن ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مەثەلی موسولمان وەك مەثەلی چڵە زمراعەتێكی ضەعیف وایە با بەملاو بەولایا ئەخـا ؛ گـاه لاری ئەكاتەوە ، گاه راستی ئەكاتەوە ، تـا وشـك ئەبێ ٠ مەثەلی مونافیقو

(١) دانەر ـ خ ـ لێرەدا یە هەڵە ژمارە (٢٨٢٨/٥)ی نەنووسیوە ، ئێمەیش وەك هەمیشـــە لەبەر تێكنەچوونی ژمارەی گشـتی كتێبەكە چاكمان نەكـرد ٠

کافر ، وەك داری صنەوبەرە مەحکەم‌و قایم لەسەر رەگ راوەستاوە هیچ موصیبەتێکی تووش نابێ تا بە دەفعەیێ لە رەگ ێنرێتە دەرێ •

٧/٢٨٣٠ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : مثل المؤمن كمثل الخامة من الزرع : من حيث أتتها الريح كفأتها [أمالتها] فإذا اعتدلت تكفأ بالبلاء [تقلب بها] والفاجر كالأرزة [لا تهتز حتى تستحصد • م] صماء [لا تجويف له] معتدلة حتى يقصمها الله [تعالى] إذا شاء • ح - ٣٢٧/٨ • م - ١٠/٢٨٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : مەثەلی موئمین وەك مەثەلی زەراعەتێکە لە هەر لایێکەوە بای بۆ بێ بە لادا ئەیهێنێ ، کە راست بووەوە بەلاو موصیبەت بەلایا ئەخا ، فاجیرو فاسق وەك داری صنەوبەر[1] وایە ، پتەوە ناوی بۆش نیە ، راستە تا خوا کە ئیرادەی کرد ئەیشکێنێ •

٨/٢٨٣١ - أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : من يرد الله به خيرا يُصِب منه • ح - ٣٢٨/٨ • ن [إذا أحب الله قوماً ابتلاهم ، فمن صبر فله الصبر ، ومن جزع فله الجزع • أحمد] •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هەرکەسێ خوا ئیرادەی خەیری پێ بکا ئەیخاتە موصیبەتەوە • [خوا قەومێکی خۆش بوێ تووشی بەلای ئەکا ، هەرکەسێ صەبری لەسەر بکا موکافاتی صەبری هەیە ،

(١) ئەرز : ئەو دارە ناسراوەیە کە لە لوبناندا وێنەی هەیە .

ئەوی جەزەع بکا لە ئاخیرەتا جەزەعی ئەبێ] یەعنی بەڵاو موصیبەت بە شەرتی صەبر لەسەرکردن ئەبێ بە سەبەبی حوببی خوا • وەئیللا خوا موسوڵمانی لێ بپارێزێ ، ئامین •

٩/٢٨٣٢ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : ما رأيت أحداً أشد عليه الوجع من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ح ـ ٣٢٨/٨ • م ـ ١٠/٢ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : هیچ کەسێکم نەدی کە ئازاری بە شیددەتتر بێ لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

١٠/٢٨٣٣ ـ عن عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : دخلت [أتيت • م] على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو يوعك [وعكاً شديداً • أخرى] فقلت : يا رسول الله إنك توعك وعكاً شديداً • قال : أجل إني أوعك كما يوعك رجلان منكم • قلت : ذلك أن لك أجرين ؟ قال : أجل ذلك كذلك ، ما من مسلم يصيبه أذى شوكة فما فوقها إلا كفر الله بها سيآته ، كما تحط الشجرة ورقها • ح ـ ٣٢٩/٨ •

تەرجەمە :

ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : چوومە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تایێکی زۆر بەشیددەتی لێ هاتبوو ، عەرزمکرد : (یا رسول الله) تایێکی زۆر بەشیددەتت لێ هاتوە ؟ فەرمووی : بەڵێ بەقەد دوو پیاو لە ئێوە تام هەیە • عەرزم = کرد = ئەوە بۆیێکە دوو ئەجرت هەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەوە وایە هیچ موسوڵمانێ نیە تووشی

ئەذیەتی درکێ یا لە کەمیدا ئێشی لە ئێشی درك زیاتر بێ ، یەعنی لەو کەمتر بێ‌و بەوە وەك گەلای دار گوناهی هەلنەوەرێنێ .

١١/٢٨٣٤ - عطاء بن أبي رباح قال : قال لي ابن عباس [رضـي الله تعالى عنهما] : ألا أريك امرأة من أهل الجنة ؟ قلت : بلى . قال : هذه المرأة السوداء [سعيرة - رضي الله تعالى عنها -] أتت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقالت : إني أُصرَع واني أتكَشّفُ ، فادع الله لي . قال : إن شئت صبرت ولك الجنة ، وإن شئتِ دعوتُ الله أن يُعافيكِ ؟ فقـالت : أصبِرُ . فقالت : إني أنكشف فادع الله أن لا أنكشف [من الانكشـاف والتكشف] فدعا لها . ح - ٣٣١/٨ ، م - ١٠/٨ ن .

١٢/٢٨٣٥ - عن أنس - رضي الله تعالى عنه - قال : سـمعت النبي - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - يقول : إن الله قـال : إذا ابتليت عبـدي بحبيبتيه فصبر عوضته منهما الجنة . يريد عينيه . ح - ٣٣١/٨[1] .

تەرجەمە :

کە عەبدی خۆمم موبتەلا کرد بە هەردوو چاوی‌و صەبری لەسـەر کرد لە باتی چاوەکانی بەهەشتی پێ عەطا ئەکەم .

عەطای کوڕی رەباح - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : ئیبنوعەبـاس - رضي الله تعالى عنه - پێی فەرمووم : ئەتەوێ ژنێکی بەهەشـتیت پێ نیشان‌بدەم ؟ عەرزم‌کرد : بەڵێ . فەرمووی : ئەو ژنە رەشە [سـعیرە - رضي الله تعالى عنها -] هاتە خزمەت پێغەمەر - صـلی الله تعالى عليـه وسلم - عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) من صەرع ئەمگرێ ، کـە ئەمگرێ

(١) دانـەر - خ - تـەرجـەمـەی حەدیثـەکـانی پاش‌وپێش‌کـردوە .
صەرع : فێ . پەرکەم .

دەرەکەوم دۆعام بۆ بکە لە خزمەت خوادا کە شیفام بدا ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر هەوەست هەیە صـــــەبر بکەو موقابیل بەوە بەهەشتت بێ ، ئەگەر هەوەست هەیە دۆعات بۆ ئەکەم کـە خوا شیفات بدا • عەرزیکرد : صـــــەبر ئەکەم ، فەقەط کە گرتمی خۆم رووت ئەکەمەوە ، دۆعام بۆ بکە خۆم رووت نەکەمەوە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دۆعای بۆکرد •

ئیبنوقەییم ئەفەرموێ : ئینسان بیستو پێنج ساڵ یا بەرەوژوور بێ کە تووشی صەرع بوو ئەوە چاك نابێتەوە ، ئەبێ ئەو وەبە لەوانە بێ کـــە لـە بیستوپێنجا بووبێ ، یا بەرەوژوورتر بووبێ • بۆیـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەعدی پێدا کە صەبر بکا بەهەشتی بۆ ببێ •

لام وایـە ئەمـە قســـــەیێکی پڕوپووچە مونافی شیقی[1] دوەمی حەدیثەکەیە • ئەوە قسەی ئەطیببایە ، قسەی ئەطیببا بینای لە تەجرەبەیە ، تەجرەبەیێکی ناتەواوە ، ناتەواو ئیفادەی یەقین ناکا بە تەواوی • (ولو) کە قەطعی بێ لە هیچ مادەیێکا تەخەللوفی نەبێ ئەوە لە ئومووری عادیەیە ، بە عادەت مومتەنیعە ئەوی بتوانێ کاسەیێ ئاوی کـــەم زۆر بکا بەشی تـا هەزار کەس بکا بیخۆنەوەو دەزنوێژی پێ بشۆن • ئەوی بتوانێ ئاگـری نەمروود بکا بە ئاوی زولاڵو گوڵزار ، ئەوی بتوانێ بـە ضـــــەربەیێکی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ لە بەردێکی بچکۆلانە ئـاو بۆ ئیحتیاجی شەشصەد هەزار کەس بێنێتە دەرێ تـا چل سـاڵ دەوام بکا بۆیـان ، بـە ضـــــەربەیێکی بەحری ئەحمەر شـــەق بکاو دوانزە رێی تێ بخا ، هەموو بەنی ئیسرائیل لە میصرەوە بچن بۆ ئەرزی فەلەسطین •• بۆ نەتوانێ ژنێکی

---

(۱) شیققی دوەم : مەبەستی بەشی دوەمی حەدیثەکەیە .

(مصروع) بە بەرەکەتی دۆعای پێغەمەرێکی (ذي شأن) چاك بکاتەوە ؟ بەلکو ئەو ژنە عەرزی بکردایە دۆعام بۆ بکە چاك بمەوەو صەبری نەکردایە. ئەگەر پێغەمەر - صلی الله علیه وسلم - دۆعاکەی ئەوەندە تەئثیری نەبوایە کە خوا شیفای بدا ئەو وەختە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - چی ئەکرد ؟ حەیف صەد حەیف بۆ (ابن القیم) کە لە هودای نەبەویدا ئەم ئیحتیماله باطیلەی وتوە ! موعجیزە شتێکە ، طەبابەت شتێکی ترە . حەزرەتی عیسا - علیه الصلاة والسلام - چیکردوە بە ئیذنی خوا ؟

۱۳/۲۸۳٦ - أبو هريرة - رضي الله عنه - قال : ان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : لا عدوى ، ولا صَفَر ، ولا هامة [کونەبەبوو ، بایەقوش] فقال أعرابي : يا رسول الله فما بال إبلي تكون في الرمل كأنها الظباء ، فيأتي البعير الأجرب فيدخل بينها فيجربها ؟ فقال : فمن أعدى الأول ؟ ح - ۸/۳٦۲ ، ۲۹۳ . م - ۹/٦۲ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : (بالطبع) سیرایەتی نەخۆشی نیە ، بەدیومنی مانگی صەفەر نیە ،بەدیومنی بایەقوش و کونەبەبوو نیە . ئەعرابیێ عەرزی پێغەمەری کرد - صلی الله تعالی علیه وسلم - : ئەی بۆچی وشترەکانم لە ناو تۆزو لما وەك ئاسك وانە [صاف و لووس و تۆز ناگرنە خۆیان] کە وشترێکی گەڕۆلیان بێتە ناو هەموویان گەڕۆل ئەکا ؟ پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : ئەی کێ گەیانوویەتی بە ئەووەل وشترەکە ؟ [یەعنی هەمووی لە خواوەیە ، سیرایەتکردن و نەکردن هەمووی بە ئیرادەی ئەوە] . صەفەر بە نەخۆشییەکی ساریش ئەلێن .

١٤/٢٨٣٧ ـ أبو سلمة بن عبدالرحمن بن عوف [رضي الله تعالى عنه ، ورحمه الله تعالى] حدث أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا عدوى ، ويحدث أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يورد ممرض على مصح • قال أبو سلمة [رحمه الله تعالى] كان أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] يحدثهما كلتيهما عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم صمت أبو هريرة بعد ذلك عن قوله لا عدوى ، وأقام على أن لا يورد ممرض على مصح • قال فقال الحرث بن أبي ذئاب ، وهو ابن عم أبي هريرة : قد كنت أسمعك يا أبا هريرة تحدثنا مع هذا الحديث حديثاً آخر قد سكتت عنه ؛ كنت تقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لا عدوى • فأبى أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن يعرف ذلك ، وقال : لا يورد مُمرِض على مُصِح ، فماراه الحرث في ذلك حتى غضب أبو هريرة ، فرطن بالحبشية • فقال للحرث : أتدري ماذا قلت ؟ قال : لا • قال أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] : = إني = قلت : أبيت • قال أبو سلمة : ولعمري لقد كان أبو هريرة يحدثنا أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال لا عدوى ؛ فلا أدري أنسيَ أبو هريرة أم نسخ أحد القولين الآخر ؟ م ـ ٩/٦٢ ، ح ـ ٨/٣٩٣ بعد حديث الأعرابي بأخصر • وفيه : قال أبو سلمة : فما رأيته نسي حديثاً غيره •

تەرجەمە :

ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ؛ ورحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : سیرایەتکردنی نەخۆشی نیە • هەم ئەوەیشی ئەفەرموو کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : صاحێبی وشتری نەخۆش وشترەکانی نەباتە سەر صاحێبی وشتری ساغ • یەعنی وشترەکانی

تێکەڵ بە وشتری ساغی خەڵق نەکا • ئەبوسەلەمە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ئەبوهورەیرە ئەم دوانەی بۆ ریوایەت ئەکردین لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە پاشـــا لێی بێ دەنگ بوو (لاعدوى)ی ریوایەت نەئەکرد ، لە سەر حەدیثی (لا يورد ممرض [وشتری نەخۆش] على مصح [وشتری ســاغ]) قەراری گرت • حەرثی کوڕی ئەبوذیئابی ئامۆزای ئەبوهورەیرە پێی‌وت : تۆ لەگەڵ ئەم حەدیثەدا حەدیثێکی ترت بۆ ریوایەت ئەکردین ، ئێســتە لێی بێدەنگ بووی ; ئەتفەرموو : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : عەدوا نیە • ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیبای لە زانینی ئەوە کرد ، هەر فەرمووی : وشتری نەخۆش نەبەنە ســەر وشتری ســاغ • حەرث لەگەڵ ئەبوهورەیرەدا کەوتە جەدەل • ئەبوهورەیرە تووڕە بوو دەستی کرد بە قسەی حەبەشیی • لە پاشـــا بە حەرثی فەرموو : تێگەییت وتم چی ؟ عەرزی‌کرد : خەیر • فەرمووی : وتم ئیبا ئەکەم لەوە کــە بزانم (عدوى)ی فەرموە • ئەبوسەلەمە ئەفەرموێ : ئازانم ئەبوهورەیرە لە فکری چوەتەوە یا قسەیێکیان قسەیەکیانی نەســخ کردوەتەوە ؟ ئیتر نەمدی کە ئەبوهورەیرە غەیری ئــەو حەدیثی عەدوایــە حەدیثی تری لە فکر چوویێتەوە •

١٥/٢٧٣٨ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعــالى عليــه وسلم ـ : لا عدوى ، ولا طيرة ، [ولا غول ، في رواية جابر ، وليس فيها ما بعده] ولا هامة ، ولا صفر ، وفر من المجــذوم كما تفر من الأســد • ح ـ ٣٩٨/٨ • م ـ ٦٢/٩ • ليس فيــه الفــرار ، وفيه : ولا نوء م ـ ٦٥/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : سیرایەتی نەخۆشی نیـە ، بەدیومنی نیـە ، بایەقوش‌و كونەبەبوو نیـە ، مانگی بێ قودوومی صەفەر نیە (أما) لە ئینسانی گول فیرار بكە ، وەك لە شێر فیرار ئەكەی • لـە ریوایەتێكی موسلیما لە باتی فیرار لـە گول ئەفەرموێ : نـەوء نیـە ، یەعنی طولووعی ئەستێرەیێك‌و بە موقابیلی ئەو غورووبی ئەستێرەیێكی تر تەئثیری نیە لە بارانبارینا وەك مونەججیم زەعم ئەبەن • هەموو ئەمانە بـە تەئثیری قودرەتی خوایە ـ عز وجل ـ •

هامە سێ مەعنای هەیە :

(١) بایەقوش ، لە لایان وایە بە سەر بانی ماڵی كەسێكەوە بنیشـێ ئەوە خەبەر بە مردنی یەكێ لە ئەهلی ئەو ماڵە ئەدا •

(٢) ئێسقانی مردوو ئەبێ بە طەیرێك •

(٣) كەسێ بكوژرێ‌و خوێنی نەستێنرێ رۆحی ئەو كەسە ئەبێ بـە طەیرێ كە ئەخوێنێ ، ئەڵێ : ئاوم بدەنێ ، ئاوم بدەنێ • كە قاتیلەكـەیـان كوشت ئەفرێ‌و ئەڕوا •

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ فەرموویە : ئەمانە هەموو درۆن ، خوا لە ئەزەلا تەقدیری كردبێ كە كەسێ بە شتێك بمرێ مومكین نیە ئەو كەسە خۆی بپـارێزێ ، خۆی نەپارێزێ ، بایەقوش ببێ یـا نەبێ ، صـــەفەر بێ یا نەبێ •• هەر ئەبێ ئـەو كەســـە لـەو وەختەدا بەو دەردە بمرێ •

١٦/٢٨٣٩ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : ســـمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : لا طيرة وخيرهـا الفأل •

قالوا : وما الفأل ؟ قال : الكلمة الصالحة يسمعها أحدكم • ح – ٨/٣٨١ ، م – ٩/٦٨ • وعن أنس أيضاً• ويعجبني الفأل الصالح : الكلمة الحسنة [الكلمة الطيبة • م] ت ، د •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلی الله علیه وسلم – فەرمووی : طیەرە تەشائومکردن نیه • چاکترینی طیەرە تەفائولە • عەرزیانکرد : تەفائول چیە ؟ فەرمووی : کەلیمەیێکی صالحە کە یەکێکیان لە خەڵقی ئەبیێ •

[نەخۆش گوێی لە کەسێ بێ بڵێ ئەی سالم ، بەوە تەفائول بە شیفا بکا ، کەسێ بۆ ئیحتیاجییێکی خۆی بگەڕێ لە یەکێ ببیێ یەکێ بانگ بکا بڵێ ئەی (واجد) بەوە تەفەئول بکا بەوە کە ئەوەی بە شوێنیا ئەگەڕێ جێبەجێ ئەبێ (شەمالە)[1]ی کە ژنان لە سولەیمانیە ئەیگرنەوە داخلی ئەوەیەو مەشرووعە •

ئەبوداود لە عوروەی ئیبنی عامیر ریوایەت ئەکا کە لە طیەرە لە خزمەت پێغەمەرا – صلی الله تعالی علیه وسلم – بەحثکرا فەرمووی : چاکترینی طیەرە فەئلە (ولا ترد مسلما) : طیەرە بۆ هیچ موسوڵمانێ نابێ ، کە یەکێکتان شتێکی وای بینی کە لە لای خراپ بێ بڵێ : (أللهم لا يأتي بالحسنات إلا أنت) : خوایا غەیری تۆ هیچ = کەس = چاکە نایێنێ

(١) شەمالە : ئەوەیە ئافرەتێ ، یان پیاوێك ، شتێکی لە دڵدایەو ئەیەوێ بزانێ خێر ئەبێ یا خێر نابێ ، لە بەر دەرکا یان شوێنێکدا دەوەستێو سوورەتی فاتیحە یان سوورەتێکی تر دەخوێنێتو ، بێدەنگ ئەوەستێو وەڵامی قسەیش ناداتەوە ، تا شتێك لە یەکەم کەسێکەوە کە بەوێدا رادەبوورێ .. دەبیسێ ، ئەنجامی شتەکەی دڵی لەو بیسراوەوە سەیر دەکاتو ، ئەگەر قسەی باشی بە دەمدا هات دڵخۆش دەبێتو ، ئەگەر نا ئەوا هیچ .

(ولا يدفع السيئات إلا أنت) : غەیری تۆ هیـچ کـەس دەفعی خراپە لـە ئینسان ناكا (ولا حول) : لە خراپەگەڕانەود نیە (ولا قوة) : بـە سـەر چاكەكردنا قودرەتو تەوانـا نیـە (إلا بالله) : مەگـەر ئیرادەو قودرەتی خوای لەگەڵا بێ • قسطلانی •] = ٣٩٧/٨ = •

[قامووس ئەڵێ : فەئل ضیددی (طیرة)ەیە ، لـە خێریشـاو لـە شەڕیشا لە عەمەل یێنرێ] •

لەم حەدیثانە وا دەرەكەوێ فەئلیش لە جینسی طیەرە بێ ، لە شەرحی میشـكاتـا ئەفەرموێ : مەعنای (وخيرها الفـأل) وەك ئەوە وایـە بلێی هاوین لە زستان گەرمترە • دیارە كە زسـتان گەرم نیەو سـاردە • طیەرەیش دیارە هیچ خێری تیا نیە • وەك بلێی صـالح لە فاسیق چاكترە • دیارە كە فاسیق چاك نیە • ئەمە بینا لەسـەر ئەوەیە كە ضیددی یەك بن ، طیەرە بۆ شەڕ بێو فەئل بۆ خێر بێ • فەقەط ترمذی لە حابیسی تەمیمییەوە - رضي الله تعالى عنه - ریوایەت ئەكا كە لە پێغەمەری بیسـت - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەیفەرموو : چاوەزاری حەقە ، راستترینی طیەرە فەئلە • لەم حەدیثەدا تەصریح بەوە = هـەیـە = كـە فەئـل لـە جینسی طیەرەیە • ئەهلی لوغەت ئەڵێن : طیەرە لـە خێریشـاو لە شەڕیشا لـە عەمەل یێنرێ • یەعنی طیەرە ئیستیدلالە بە شت لە سەر شت ؛ بە بایەقوش لە سەر خراپە ، بە باز لەسەر چاكە ، بە قسەی خێر لە سەر خێر ، بە قسەی شەڕ لە سـەر شەڕ • فەئل بە قسەی چاك لە سەر چاكی ، بۆیە لـە حەدیثەكەدا فەئل لـە طیەرە (إستثنا) كراوە • فەقەط مەشهوور وایە كە ضیددی یەك بن وەكوو لە (یاسین)[1] جەبارەكان بە فروستادەكانی حەزرەتی عیسـایان - عليه

(1) مەبەستی سـوورەتی یاسینە كە ئایەتی (١٣)و دوای ئەو باسی بەسەرهاتی (أصحاب القرية) دەكات .

الصـــلاة والســـلام ـ وت : (إنا تطيرنا بكم) ئەوانیش جوابیان دانەوە (طائرکم معکم) ئەوان وتیان : ئێمە بە واسیطەی ئێوەوە تووشی قودووم شەڕی بووین • فروستادەکان فەرموویان : سەبەبی شـەئامەتو قودووم شــــەڕیتان لەگەڵ خۆتانە کـە ئیختیاری کوفرتان بەســـەر ئیمانا کرد • من قسطلاني] •

١٧/٢٨٤٠ ـ عن الأسود قال : دخل شباب من قريش على عائشـــة [رضي الله تعالى عنها] وهي بمنى وهم يضحكون ، فقالت : ما يضحككم ؟ قالوا : فلان خر علي طنب فسطاط فكادت عنقه ، أو [شـــــك] عينه أن تذهب • فقالت : لا تضحكوا ؛ فإني سمعت رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليه وسلم ـ قال: ما من مسلم يشاك شوكة فما فوقها إلا [رفعه الله بها درجة، أو حط عنه بها خطيئة • م • قص الله بها من خطيئته • م أخرى] كتبت لـه بها درجة ، ومحيت عنه بها خطيئة • م ـ ٤/١٠ ، ٥ ، ٦ •

تەرجەمە :

ئەسوەد ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : بەعزێ کوڕی جەهێڵ چوونە خزمەت حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ تەشریفی لە مینا بوو ، ئەو کوڕانە پێئەکەنین ، لێیپرسین : بۆ پێئەکەنن ؟ عەرزیانکرد : فلاّنەکەس کەوت بەسەر تەنافی خێوەتێکا وەختبوو ملی بشکێ ، یا وتیان : وەختبوو چاوی دەرپەڕێ • فەرمووی : پێمەکەنن لە (رسول الله) ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست فەرمووی : هەر موسوڵمانێ دڕکێ بە جێیێکیا بچێ ، یـا لـە بێ ئەذیەتیـدا لـە دڕك بەرەوژوورتر بێ خوا ـ عز وجـل ـ بـەوە دەرەجەیێك بەرزی ئەکاتەوە گوناهێکی مەحو ئەکاتەوە •

١٨/٢٨٤١ ـ حدث جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دخل على أم الســائب ، أو أم المسيب ،

فقال : ما لكِ يا أم السائب ، أو يا أم المسيب تزفزفين ؟ قالت : الحمّى لا بارك الله فيها ! فقال : لا تسبّي الحمّى فإنها تذهب خطايا بني آدم كما يذهب الكير خبث الحديد • م – ١٠/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوە لای (آم السائب) یا فەرمووی : چوە لای (أم المسيب) فەرمووی : ئەی (أم السائب) یا فەرمووی : ئەی (أم المسيب) چیت لێ قەوماوە وا فڕکەفڕکتە ؟ عەرزی‌کرد : تایە خوا موبارەکی نەکا • فەرمووی : جوێن بە تا مەدە ؛ چونکی تا گوناهی بەنی ئادەم لا ئەبا وەك مووشەدەمەی ئاسنگەر خەڵتەی ئاسن لائەبا •

الطاعون(١) :

١٩/٢٨٤٢ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالت : سألت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن الطاعون فأخبرني أنه عذاب يبعثه الله على من يشاء ، وان الله جعله رحمة للمؤمنين ليس من أحد [عبد • أخرى] يقع الطاعون [في بلده] فيمكث في بلده صابراً محتسباً يعلم أنه لا يصيبه إلا ما كتب الله له ، إلا كان له مثل أجر شهيد • ح – ٤٣٣/٥ • ح – ٣٧١/٨ • ن •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله بعالى عنها ـی حەرەمی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : طاعوونم لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ

---

(١) چاوەقوولـە •

پرسی ، فەرمووی : طاعوون عەذابێکە خوا - عز وجل - ئەینێرێتە سەر ئەوانەی کە ئیرادەی فەرمووبێ • خوا - عز وجل - کردوویەتی بە رەحمەت بۆ موئمینان ، هەرکەسێ طاعوون بکەوێتە ئەو جێیەی کە ئەوی تیایە ،لە شاری خۆیا بوەستێو فیرار نەکاو صەبری لەسەر بکا ، بە وەستانو صەبرەکەی ئومێدی ثەوابی بێو بزانێ هەرچی خوا دەرحەق ئەوی نەنووسیبێ بۆی نابێ ، ئەوە = ئەو = کەسە بە قەد ئەجری شەهیدی مەعرەکە ئەجری هەیە •

[لە موسنەدی ئیمامی ئەحمەدا بە مەرفووعیی ئەفەرموێ : شەهیدی مەعرەکەو ئەوانە لە جێی خۆیان بە نەخۆشیی وەفاتیان کردوە لە دەرحەق ئەوانەی بە طاعوون وەفاتیان کردوە ئەکەونە جەدەل ، مورافەعە ئەبەنە حوزووری خوا ، شوهەدا عەرزی ئەکەن : یارەببی ئەوانەی بە طاعوون وەفاتیان کردوە کوژراون وەك ئێمە کوژراوین ، یەعنی ئەوانیش حەقیان هەیە وەك ئێمە بن • ئەوانەی لە ناو جێی خۆیانا وەفاتیان کردوە عەرزی ئەکەن : یارەببی چۆن ئێمە لەسەر جێی خۆمان وەفاتمانکردوە ئەوانەی بە طاعوونیش مردوون لە سەر جێی خۆیان وەفاتیان کردوە ، بۆ لە ئێمە زیاترن ؟ خوا - عز وجل - ئەمر ئەفەرموێ : بچن تەماشای برینەکانیان بکەن ، ئەگەر برینی ئەوانیش وەك برینی شەهید بێ ؛ یەعنی خوێنەکەیان بۆنی میسکی لێ بێ بەطاعوونمردوویش لەوانەن کە لە مەعرەکەدا شەهید بوون • ئەچن تەماشایان ئەکەن برینەکانیان وەك برینی شەهیدی مەعرەکەیە • نەسائیو طەبەرانیش ریوایەتیانکردوە • یەعنی شەهیدی طاعوون لەگەڵ شەهیدی مەعرەکەدا فەرقی نیە ، ئەمما بەو شەرتانە • قسطلاني] •

٢٨٤٣/٢٠ ـ عن أسامة [رضي الله تعالى عنه] عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه قال : ان هذا الوجع أو السَّقَم رِجز عذب بـه بعض الأمم قبلكم ، ثم بقي بعد بالأرض ، فيذهب المرة ويأتي الأخـرى • فمن سمع به بأرض فلا يقدمَنَّ عليـه ، ومن وقـع بأرض وهو بهـا فـلا يخرجنه الفرار منه • م ـ ٥٢/٩ • وفي روايـة أبي النضر هـــذا الحديث : لا يخرجكم إلا فرار منه • م ـ ٥١/٩ • ح ـ ٤٣٣/٥ • ن ، ت •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ فەرمووی : ئـەم ئـازارە ، یا فەرمووی : ئەم نەخۆشییە عەذابێـکە خوا ـ عز وجل ـ بەعزێ ئوممەتی پێش ئێوەی پێ عەذاب داوە ، لە ئەرزا ماوەتەوە ، یێت‌و ئەڕوا ، هەرکەس ببیێ کە لە ئەرزێکا هەیە نەچێتە ئەوێ ، کەسێکیش کە [طاعوون] کەوتە ئەو جێیەی کە تیایەتی (محضا) لەبەر فیرارکردن لەو جێیە نەچێتەدەرێ • یەعنی ئەگەر فیرار لە طاعوون نەبێ بـە دڵیاو بـە ئیشێکی تر بچێتە دەرێ زەرەری نیە ، خوا عالمە بەوەی لە دڵی ئینسانایە ، تەفرەی نادرێ •

٢٨٤٤/٢١ ـ عن عبدالله بن عبـاس [رضـي الله تعـالى عنهما] أن عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ خرج الى الشـــام [ربيع الآخـــر سنة ١٨] حتى اذا كان بسَرْغ [قرية] لقيه أمراء الأجناد ، أبو عبيدة بن الجراح وأصـحابه [رضي الله تعالى عنهم] فأخبروه أن الوباء قـد وقـع بأرض الشام • قال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فقال عمر [رضي الله تعالى عنه] : ادع لي المهاجرين الأولين ، فدعاهم فاستشارهم وأخبرهم أن الوباء قد وقع بالشام ، فاختلفوا فقال بعضهم : قد خرجنا لأمر ولا نرى أن نرجع عنه • وقال بعضهم ، معك بقية الناس وأصحاب رسول الله ـ صلى الله

تعالى عليه وسلم - : ولا نرى أن تُقدِمَهم على هذا الوباء • فقال : ارتفعوا عني • ثم قال : ادع لي الأنصار ، فدعوتهم ، فاستشارهم ، فسلكوا سبيل المهاجرين ، واختلفوا كاختلافهم • فقال : ارتفعوا عني ، ثم قال : ادع لي من كان ههنا من مشيخة قريش من مهاجرة الفتح • = فدعوتهم = فلم يختلف منهم عليه رجلان • فقالوا : نرى أن ترجع بالناس ولا تقدمهم على هذا الوباء ، فنادى عمر بالناس : إني مصبح على ظَهْرٍ فأصبحوا عليه •

قال = أبو = عبيدة بن الجراح [رضي الله تعالى عنه] : أفِراراً من قدر الله ؟ فقال عمر [رضي الله تعالى عنه] : لو غيرك قالها يا أبا عبيدة ! نعم نفِرّ من قدر الله الى قدر الله • أرأيت لو كان لك إبل هبطت وادياً له عُدْوتان [شاطئان وحافتان] إحداهما خصبة والأخرى جدبة •• أليس ان رعيت الخصبة رعيتها بقدر الله ، وان رعيت الجَدْبةَ رعيتها بقدر الله ؟ قال : فجاء عبدالرحمن بن عوف [رضي الله تعالى عنه] وكان متغيباً في بعض حاجته ، فقال إن عندي في هذا علماً : سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : إذا سمعتم به بأرض فلا تقدموا عليه • وإذا وقع بأرض وأنتم بها فلا تخرجوا فراراً منه • قال : فحمد الله [تعالى] عمر ، ثم انصرف ح - ٣٦٨/٨ ، م - ٥٣/٩ ، ن ، د •

تەرجەمە :

لە ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - وە = ریوایەت کراوە = کە عومەری بنی خەطاب - رضي الله تعالى عنه - [لە ربیع الآخرةی ساڵی ١٨دا] تەشریفی بۆ شام چوو تا گەییە (سەرغ) ، ئومەرای لەشکری کە ئەبوعوبەیدەی جەڕاحو روفەقای بوو - رضي الله تعالى عنهم - پێگەیی ،

خەبەریان دایێ کە وەبا (طاعوون) کەوتۆتە شام ، ئیبنوعەباس - رضي الله تعالی عنهما - ئەفەرموێ : ئیمامی عومەر - رضي الله بعالی عنه - فەرمووی • موهاجیرینی پێشووم بۆ بانگ کە ، بانگم‌کردن ، ئیستیشارەی لەگەڵ کردن کە بچێ یا بگەڕێتەوە ؟ ئیختیلافیان بوو ؛ بەعزێکیان فەرموویان : بۆ ئیشێ هاتووینە دەرێ رەئیمان نیە کە بگەڕێینەوە • بەعزێکیان فەرموویان: بەقییەی خەلەفت لە خزمەتایە ، کە ئەصحابی پێغەمەرن - صلی الله تعالی علیه وسلم - رەئیمان نیە کە بیان‌بەیتە ناو ئەو وەبایە • پێی‌فەرموون : هەڵسن لە لام •

لە پاشا فەرمووی : ئەنصارم بۆ بانگ کە ، بۆم بانک‌کردن • ئەوانیش ئیختیلافیان بوو وەك موهاجیرینی پێشوو ، بەوانیشی فەرموو : لە لام هەڵسن •

لە پاشا فەرمووی : مەشایخی قورەیش‌و موهاجیری ساڵی فەتحم بۆ بانگ کە ، کە بانگم‌کردن دوو کەس لەوان ئیختیلافیان نەبوو • (بالاتفاق) عەرزیان‌کرد : کە خەڵق بگێڕەرەوە مەیان‌بەرە سەر ئەو وەبایە [نیوەی موهاجیری پێشوو نیوەی ئەنصارو هەموو موهاجیری ساڵی فەتح بە ئیتیفاق عەرزیان کرد : بگەڕێینەوە ، بەوە ئەکثەرییەت حاصڵ بوو لەسەر گەڕانەوە] •

ئیمامی عومەر - رضي الله تعالی عنه - ئەمری فەرموو بانگیان دا بە ناو لەشکرا : کە سبەینێ من لە سەر پشتی زینم • سبەینێ هەموو لێی سواربوون • ئەبوعوبەیدەی جەڕاح - رضي الله تعالی عنه - عەرزی‌کرد لە قەدەری خوا فیرار ئەکەی ؟ فەرمووی : کاشکی غەیری تۆ ئەمەی وتایە ! [یەعنی چاوی بە خۆی ئەکەوت] بەڵێ لە قەدەری خوا فیرار ئەکەم بۆ قەدەری خوا • تۆ وشترت ببێ‌و بچیە ناو وادییەکەوە ، بەرێکی گیاو

پووشی زۆری لێ بێو ، بەرێـکی هیچی لێ نەبێ لـە هــەر بەرێکیـدا بیانلەوەڕێنی بۆ بە قەدەری خوا نایان لەوەڕێنی ؟ ئیبنوعەباس فەرمووی : عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف - رضي الله تعالى عنهم - بۆ ئیشێ چووبوو لە موشاوەرەکەدا نەبوو ، هاتەوە عەرزیکرد : عیلمی ئـەوەم لـە لایـە ؛ لـە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -م بیست فەرمووی : بیستتان کە لـە ئەرزێکا وەبا هەیە مەیچنێ ، کەوتە ئەو جێیەی کە ئێوەی تیان فیراری لێ مەکەن‌و مەچنە دەرێ • ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - ئەمەی بیست حەمدی خوای کردو تەشریفی گەڕایەوە •

عن الشريد [رضي الله تعالى عنه] قال : كـان في وفـد ثقيف رجـل مجذوم ، فأرسل إليه النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : إنـا قد بايعناك فارجع • م - ٩/٧٩[١] •

تەرجەمە :

لەوەفدی ثەقیفا پیاوێکی گول بوو ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليـه وسلم - ناردیەلای : کە موبایەعەمان لەگەڵکرد بگەڕێتەوە[٢] •

٢٨٤٥/٢٢ - قاسم بن محمد قال : قالت عائشة : وارأساه [أحمد ، ن ، جه ، عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - رجع رسـول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - من جنازة من البقيع فوجدني وأنا أجد صداعاً في رأسي وأنا أقول] وارأساه ! فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليـه وسـلم - : ذاكِ لو كان وأنا حي فأستغفر لكِ وأدعو لك • فقالت عائشـة [رضي الله تعالى عنها] : وا ثكلياه ، والله إني لأظنك تحب موتي ، ولو كان ذاك لظللت

(١) دانەر - خ - ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە .

(٢) بـە گوێرەی دەقە عەرەبییەکە (موبایەعەمان لەگەڵ کردی بگەڕێرەوە) بێ باشترە .

آخر يومك مُعرِسا ببعض أزواجك فقال النبي ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ : أنا وا رأساه ، لقد هممت أو أردت أن أرســـــل الى أبي بكر وابنــه وأعهَدَ [كراهة] أن يقول القائلون أو يتمنى المتمنون ، ثم قلت : يأبى الله ويدفع المؤمنون ، أو يدفع الله ويأبى المؤمنون • أحمد ، ن ، جه • ح – ٨/٣٣٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى لله تعالى عليـه وسلم ـ تەشريفى لـە جەنازەیێك لـە بەقیعەوە ئەگەڕێتەوە لای حەزرەتی عایشە ـ رضي الله بعالى عنها ـ حەزرەتی عیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : تووشی ســـەرئێشــە بووبووم ئەموت : ئای سەرم ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : ئەوەی کە ئەیلێی ئەگەر بیىو من زیندووبم ئیستیغفارت بۆ ئەکەمو دۆعات بۆ ئەکەم • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : وای دایك رۆڵەڕۆم بۆ بکا ! وەڵلاهی ظەننت دەبەمێ کـە حـەز بە مردنم ئەکەی ، ئەگەر بمرم ئێوارێی ئەو رۆژەت بە زاوایی ئەچیە لای یەکێ لـە ژنـەکانت • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : من ئای سەرم • یەعنی مەترسـە تۆ لە پێش منا نامری ئەمێنی • ئیرادەم کرد کە بنێرم بە شوێن ئەبوبەکراو کوڕەکەی ، کە وەصیەت بکەم بە خەلافەت بۆی ، مەبـادا بەعزێ کـەس قسەی لێ بکەن ، ئەو بلێ بۆ منو ئەم بلێ بۆ من • یا بەعزێ ئومێددار بە ئومێد بن بۆی • لە پاشا وتم : خوا ئیبا لەوە ئەکاو موئمینان دەفعی ئـەوە ئەکەن کە خەلافەت بۆ غەیری ئەو بێ • یـا فەرمووی : خـوا دەفعی ئەوە ئەکاو موئمینان ئیبای لێ ئەکـەن [یەعنی وا مەزانە کـە حەزەکەم بمری ، نیەتم وایە کە لە حوضووری باوكو براتـا وەصـیەت بکەم کە خەلیفە لـە دوای من ئەبوبەکرە • أخرجه في الاحكام أيضا] •

٢٨٤٦/٢٣ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أنهـا قالت : كان اذا اشتكى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ رقـاه جبريل ـ عليـــه السلام ـ = قال = : بسم الله يبريك ، ومن كل داء يشفيك ، ومن شـــر حاسد اذا حسد ، ومن شر كل ذي عين • م ـ ٨/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە ناساغ بوایە جیبریل ـ عليه السـلام ـ نوشتەی بۆ ئەکرد ئەیفەرموو : بـە ناوی خـوا ، خوا چاکت ئەکاتەوە ، لە هەموو دەردێ شیفات دەدا ، لە شەڕی حاسید کە حەسەدی پێ‌بردی‌و تەمای بوو زەرەرت پێ‌بگەیێنێ ، لە شـــەڕی هەموو چاوپیسێ موحافەظەت ئەکا •

٢٨٤٧/٢٤ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] ان جبريل ـ عليه السلام ـ أتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا محمد اشتكيتَ ؟ قال : نعم • قال : بسم الله أرقيك ، من كل شيء يؤذيك ، من = شر = كل نفس أو عين حاسد الله يشفيك ، بسم الله أرقيك • م ـ ١٠/٩

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خدری ـ رضي الله تعالى عنه ـ = ئەفەرموێ : جیبریل ـ عليه السلام ـ = تەشریفی هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : ئەی محەمەد ئەوە ناســـــاغی ؟ فەرمووی : بەڵێ • جیبریل ـ عليه السلام ـ فەرمووی : بە ناوی خوا نوشتەت بۆ ئەکەم ، لـە شەڕی کوللی شتێك کە ئەذیەتت بدا ، لە شەڕی کوللی نەفسێك ، یا چاوی پیس‌و حەسوود خوا شیفات بدا ، بە ناوی خوا نوشتەت بۆ ئەکەم •

٢٨٤٨/٢٥ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : العين حق • م ـ ٩/١١ ونهى عن الوشـــــم • ح ـ ٨/٣٧٤ • وفي اللباس •

تەرجەمە :

تەئثیری چاو بـە عادەت حەقـە = و پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـە وسلم ـ نەهی کرد لە خاڵکوتان = •

٢٨٤٩/٢٦ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : العين حق ، ولو كان شيء سابق القدر سبقته العين ، واذا استغسلتم فاغتسلوا م ـ ٩/١١ ســـهل بن حنيف ـ رضي الله تعالى عنه ـ لما أصيب بالعين عند اغتساله فأمر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عائنه أن يتوضأ ، موطأ • نووي ـ ٩/١٢ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بە چاوەوەکردنو بـە چاوەوەبوون حەقـە ، ئەگەر شتێك ببوایە کە لە قەدەر پێش بکەوتایە چاو لێیپێشـــەکەوت • ئەگەر خەڵقتان بەچاوەوەکردو طەڵەبیان لێکردن کـە غوسڵیان بۆ بکەن ، بیکەن •

کە ســەهلی کوڕی حەنیف بەچاوەوە بوو پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ ئەمری بەو کەســـە کرد کـە چاوی پێهەڵهێنابوو دەزنوێـژ بشـــــوا •

چاوپیس چۆن دەزنوێژ ئەشوا ؟

عولەما ئەڵێن : ظەرفێ ئاو بێنرێ لە ئەرزا نابێ دابنرێ ، یەکێ بیگرێ بە دەستیەوە ، چاوپیســـەکە لوێچێ ئاوی لێ هەڵبگرێ لـە دەمی وەرداو بیتفێنێتەوە ناو ئەو ظەرفە ، لە پاشا بە دەستی چەپی لوێچێکی تر هەڵبگرێ دەستی راستی تا مەچەکی بشوا ، لە پاشا بە دەستی راســتی لوێچێــکی تر هەڵبگرێ دەستی چەپی پێ بشوا ، لە پاشا بە دەستی چەپی لوێچێکی تر هەڵبگرێ ئانیشکی راستی پێ بشوا ، بەدەستیڕاستی ئەنیشکی چەپیبشوا، بە دەستی چەپی بەینی ئانیشکی راستیو مەچەکی بشوا ، بە دەستی راستی بەینی ئانیشکی چەپیو مەچەکی بشوا ، لە پاشا پێی راستی بە دەستی چەپی، پێی چەپی بە دەستی راستی ، ئەمجا ئەژنۆی راستی بـە دەسـتی چەپی ، ئەژنۆی چەپی بە دەستی راستی • ئەمجا قاچی راســتی مابەینی قولەپێو ئەژنۆی بە دەستی چەپی ، مابەینی قولەپێی چەپیو ئەژنۆی بە دەســـتی راستی بشوا • ئەم ئیشانە هەمووی لە ناو زەرفەکەدا بکا ، هەموو ئاوەکە لـە نـاو ئـەو زەرفەدا کۆببێتەوەو نەڕێژرێ ، ئەمجا دیوی ناوەوەی لای راستی دەرپێکەی لە لای سمتی راستیەوە لە ناو ئەو زەرفەدا بشـــوا • کە ئەمانەی کرد ئەو ئاوو چڵکاوە لە پشتەوە بکا بەسەر سەریا [ســـەری بەچاوەوە بوو ، یاخو سەری چاوپیس ؟ نەوەوی بەیانی نەکردوە لەمێدا ، فەقەط لە زوهریەوە دوو ریوایەت هەیە : ئیبنوئەبی ذیئب ، عەقیل :

ئیبنوئەبی ذیئب : چاوپیس کە دەموچاوی بشوا بەم نەوعە ئاوەکە بە دەستی راستی بکا بە دەموچاویا ئەعزاکانی تریشی هەروا ، وەك شـــتنی ئەعزا نیە لە دەزنوێژی راستەقینەدا • ناوی دەرپێشتنیش ئەوەیـە دیـوی ناوەوەی لە زەرفەکە هەڵکێشێو بیگوشێتەوە ناو زەرفەکە • ئەمجـا ئـەو

کەسەی کە زەرفەکەی بە دەستەوەیە رابوەستێ‌و ئەو ئاوو چڵکاوە لە پشتەوە بکا بەسەر هەموو جەسەدی ئەو کەسەدا کە بە چاوەوە بوە ، لە پاشا لە پشت بەچاوەوە بوەوە ئەو زەرفە لەسەر ئەرز نوخون بکاتەوە • بەعزێك ئەڵێن : لە پڕ بە غەفڵەت بەسەریا بکا • ئەم ریوایەتی ئیبنوئەبی ذیئبە لە زوهرییەوە وایە بە ئاوی دەزنوێژی چاوپیس بە چاوەوە بوو غوسڵ بکا •

ریوایەتی عەقیلیش وایە ، فەقەط ئەڵێ : لە پێشا دەموچاوی بشوا ئەمجا ئاو لە دەمی وەربدا • پێیشی بە تەواوەتی شتنی لازم نیە ، لە بن پەنجەی پێیەوە بیشوا] •

موراد لە دیوی ناوەوەی دەرپێ :

١ - ئەو دیوەی کە بەجەسەدەوە نووساوە •

٢ - ئەو جەسەدەی کە دەرپێکە دای‌پۆشیوە لای سمتی راستیەوە •

٣ - عەورەتی •

٤ - جێ‌بەندەخوێنی • (أقوال)(١)

مالیك - رضي الله تعالی عنه - لە حەدیثی سەهلی کوڕی حەنیفا وا ریوایەت ئەفەرموێ : صیفەتی غوسڵەکەی وایە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - ئەمری بەوە کرد کە چاوی پێ‌هەڵهێنابوو کە غوسڵ بکا • چاوپیسەکە دەموچاوی شت ، هەردوو دەست‌و ، هەردوو ئانیشك‌و هەردوو ئەژنۆو هەردو پەنجەی پێی‌و ناوی دەرپێکەیی شت •

(١) مەبەستی لە (أقوال) ئەوەیە چەند قسەو قەولێك لێرەدا هەیە .

له ریوایەتێکا دەموچاوی و پشتی دەستی و ئانیشکی و سنگی و ، ناوی دەرپێکەیی و ئەژنۆیی و پەنجەی پێی لە ناو زەرفەکەدا شت • ئەڵێ : ظەنم وایە چەند قومێکیشی لە ئاوەکە پێخواردەوە •

ئەم دەزنوێژو غوسلە عەقڵ ظەفەر بە حیکمەتی نابا ، وەك ظەفەر نابا بە سەبەبی تەئثیری چاوی چاوپیس • وەك چۆن ظەفەر نابا بە حیکمەتی دەزنوێژی راستەقینە کە بایێ لە ئینسان بەربێتەوەو ، بە حیکمەتی غوسڵ لە دوای موجامەعە • قەباحەت ئەعضایێك ئەیکاو ئەعزاکانی تری جەزای ئەکێشێ • ئەمرێکی (تعبدي)یە حیکمەتەکەی هەر شاریع ئەیزانێ ، واجبە کە بکرێ •

چاوپیس ئەبێ مەنع بکرێ لە ئیختیلاط لە جێیێکا کە چاوی بە کەس نەکەوێ و بە هیچ • لە (بیت المال) ئیدارەی مەعیشەتی ئەدرێ • (لدفع ضرر العامة) •

بەم دەزنوێژە چاوپێهەڵاتوو بە ئیذنی خوا چاك ئەبێتەوە (نووي) • [رەنگە بەرگرتنی منال کە بوە بە عادەت کە ژنان ئەیکەن لە شتێکی واوە ئیستینباط کرابێ] •

٢٨٥٠/٢٧ ـ عن عثمان بن العاص الثقفي [رضي الله تعالى عنه] أنه شكى الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وجعاً يجده من جسده منذ أسلم • فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ضع يدك على الذي تألم من جسدك ، وقل بسم الله ثلاثاً ، وقل سبع مرات أعوذ بالله وقدرته من شر ما أجد وأحاذر • م ـ ٩/٣٣ •

تەرجەمە :

عوثمانی کوڕی عاصی ثەقەفی ـ رضي الله بعالى عنه ـ شکاتی ئازارێکی بەدەنی بردە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە لەو وەختەوە

موسولمان بوە ئەو ئازارەی هەیە ، پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - پێیفەرموو : دەست بنێرە سەر ئەو جێئازارەو سێ دەفعە بڵێ (بسم الله) ، حەوت دەفعە بڵێ پەنا ئەگرم بە خواو قودرەتی خوا لە شەڕی ئەو ئازارەی کە هەمەو لێی ئەترسم •

٢٨٥١/٢٨ - جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : أرخص النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - في رقية الحية لبني عمرو ، قا أبو الزبير - رحمه الله تعالى - : سمعت جابر = بن عبدالله = - رضي الله تعالى عنه - = يقول = : لدغت رجلا منا عقرب ونحن جلوس مع رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال رجل : يا رسول الله أرقي ؟ قال : من استطاع منكم أن ينفع أخاه فليفعل • م - ٣٠/٩ •

تەرجەمە :

جابیر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئیذنی دا بۆ بەنیعەمر کە نوشتە بکەن بۆ مارگەزیدە • هەم ئەفەرموێ پیاوێ لە ئێمە دووپشکێکی پێوەدا ئێمە لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - دانیشتبووین ، پیاوێ عەرزیکرد : (يا رسول الله) من نوشتەی بۆ ئەکەم ؟ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : ئەگەر لە ئێوە کەسێ بتوانێ نەفع بە برای دینی خۆی بگەیێنێ با بیکا •

٢٨٥٢/٢٩ - عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان اذا اشتكى الإنسان منا ، أو كانت به قرحة ، أو جرح قال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - بإصبعه هكذا ، ووضع سفيان [ابن عيينة] سبابته بالأرض ثم رفعها بسم الله تربة أرضنا ، بريقة بعضنا يشفي [وفي رواية ليشفى] سقيمنا بإذن ربنا • م - ٢٧/٩ • ح - ٣٧٧/٨

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : کە ئینسانێ لە ئێمە نەخۆش بوایە یا برینێکی پێوەبوایە وای ئەکرد ، سوفیانی بنی عویەینە پەنجە شەهادەتی نایە سەر ئەرزیو هەڵی بڕیەوە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەو دۆعایەی خوێند : بە ناوی خوا گڵی ئەرزی ئێمە ، بە تفی بەعزێ لە ئێمە ، بە ئیذنی پەروەردگاری ئێمە نەخۆشمان شیفای ئەبێ •

٢٨٥٣/٣٠ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : رخص رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لآل حزم في رقية الحية ، وقال لأسماء بنت عميس [رضي الله تعالى عنها] : ما لي أرى أجسام بني أخي ضارعة [نحيفة • والمراد أولاد جعفر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] تصيبهم الحاجة ؟ قالت : لا ولكن العين تسرع إليهم • قال ارقيهم ، قالت : فعرضت عليه فقال : ارقيهم • م ـ ٩/٢٩ •

نەوەوی مەعنای لێنەداوەتەوە •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیذنی داوە کە ئالی حەزم نوشتە بۆ مار بکەن • بە ئەسمای کچی عومەیسی فەرموو : بۆچی من ئەولادی جەعفەری برام بە زەردو زەعیف ئەبینم ؟ ئایا موحتاجن ؟ فەرمووی : خەیر موحتاج نین ئەمما چاو زوو تەئثیریان لێ ئەکا • فەرمووی : نوشتەیان بۆ بکە • ئەسما ـ رضي الله

تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێنیشانی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليــه وسلم ـ دران ، فەرمووی : نوشتەیان بۆ بكە •

[ئەمە مەعنای من • تۆیش مەعنای لێ بدەرەوە][1]

٣١/٢٨٥٤ ـ وعنه كان لي خال يرقي من العقرب فنهى رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن الرقى ، قال : فأتاه فقال : يا رسول الله إنك نهيت عن الرقى وأنا أرقي من العقرب ، فقال : من استطاع منكم أن ينفع أخاه فليفعل • م ـ ٩/٣٠ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : خاڵێكم بوو نوشتەی بۆ دووپشك ئەكرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لــە روقیــە كرد ، خاڵم هاتە خزمەتی عەرزیكرد : (يا رســـــول الله) تۆ نەهیت لــە نوشتەكردن فەرموە من نوشتە ئەكەم بۆ دووپشك فەرمووی : كەسێ لە ئێوە بتوانێ نەفع بگەیێنێ بە برای دینی خۆی با بیكا •

٣٢/٢٨٥٥ ـ وعنه قال : نهى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن الرقى ، فجاء آل عمرو بن حزم الى رسول الله ـ صلى الله تعــالى عليــه وسلم ـ فقالوا : يا رسول الله إنه كانت عندنا رقية نرقي بهــا من العقرب ، وانك نهيت عن الرقى ، قال : فعرضوها عليه ، فقال : ما أرى بأسـاً ، من استطاع منكم أن ينفع أخاه فلينفعه • م ـ ٩/٣٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهیكرد لە نوشتەكردن ، ئالی عەمری كوڕی حەزم هاتنە خزمەتی عەرزیانكرد : (يا رســـول الله) ئێمە

(١) ئەم قسە دانەر خۆیەتیو لەوانەیە لەگەڵ مامۆستا مەلا حسەینی بێ •

نوشتەیێکمان لایە بۆ دووپشك نوشـــتەی پێ ئەکەین تۆیش نەهیت لـە نوشتە فەرموە • نوشتەکەیان نیشان دا ، فەرمووی : زەرەرێکی تیا نابینم ، هەرکەسێ لە دەستی بێ کە نەفع بـە بـرای دینی خۆی بگەیێنێ بـا پێی بگەیێنێ •

٢٨٥٦/٣٣ ـ عن عوف بن مالك الأشجعي [رضي الله تعـالى عنـه] قال : كنا نرقى في الجاهلية فقلنا : يا رسول الله كيف ترى في ذلك ؟ فقال : أعرضوا عليّ رقاكم ، لا بأس بالرقى ما لم يكن فيه شرك • م ـ ٣١/٩ •

تەرجەمە :

عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعی ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەفەرموێ : لـە زەمانی جاهیلیەتا نوشتەمان ئەکرد ، عەرزی پێغەمەرمان کرد ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ئەفەرمووی چی ؟ فەرمووی : نوشتەکانتانم پێ نیشان بدەن [پێ نیشانمان‌دا] فەرمووی : نوشـــــــتە مادام شـیرکی تیـا نەبێ زەرەری نیە •

٢٨٥٧/٣٤ ـ عن أم سلمة [رضي الله تعالى عنها] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رأى في بيتها جارية رأى في وجهها سفعة [صفرة • م] فقال : استرقوا لها فإن بها النظرة ح ـ ٣٧٤/٨ ، م ـ ٢٩/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ماڵی ئوممو سەلەمەدا ـ رضي الله تعالى عنها ـ جاریەیەکی دی دەموچاوی لەکەیێکی پێوە بوو فەرمووی : ئەمە چاو لێی کارگیر بوە نوشتەی بۆ بکەن •

٢٨٥٨/٣٥ ـ عن الأسود قال : سألت عائشة [رضي الله تعالى عنها] عن الرقية من الحمة • فقالت : رخص رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليـه

وسلم ـ لأهل بيت من الأنصار في الرقية من كل ذي حمة • ح ـ ٣٧٥/٨ •
م ـ ٢٧/٩ •

تەرجەمە :

ئەسوەد ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : سوئالمکرد لە حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە حەقی نوشتەکردن لە حەیوانی زەهردار ، فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیذنی داوە بۆ ماڵێکی ئەنصاری کە نوشتە بکەن بۆ هەموو جانەوەرێکی زەهردار •

سەعیدی کوڕی موسەییب ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : وام پێ گەییوە هەرکەسێ ئێواران بڵێ (سلام على نوح في العالمين) دووپشکی پێوە نادا •

[ئەبولقاسمی قوشەیری ـ قدس سره ـ ئەفەرموێ : لە بەعزێ تەفاسیرا هەیە کە مارو دووپشك هاتنە خزمەت حەزرەتی نوح ـ عليه الصلاة والسلام ـ عەرزیانکرد : کە هەڵمانبگرە ، فەرمووی : هەڵتانناگرم چونکی موضیرن ، عەرزیانکرد : کە ضامنی ئەکەین لە خزمەت تۆدا کە زەرەرمان بۆ هیچ کەسێ نەبێ کە ذیکری تۆ بکا • قسطلاني • ئەمانە حەدیثن یان نا ؟ سەنەدو مەئخەذیان بەیاننەکراوە ، راویەکانیش گەورەن • والله أعلم] •

٢٨٥٩/٣٦ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يأمرني أن أسترقي من العين • م ـ ٢٨/٩ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری پێ ئەکردم کە لە چاوەزار نوشتە بکەم •

٢٨٦٠/٣٧ - عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : رخص رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - في الرقية من العين والحُمة والنملة . م - ٢٨/٩ .

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئیذنی داوە کە نوشتە بکرێ بۆ چاوەزاریو ، جانەوەری صاحێب زەهرو ، نەملە - نەملە : بەعزێ برینە کە لە تەنیشتی ئینسان پێ (نووي) .

٢٨٦١/٣٨ - عن عبدالعزيز قال : دخلت أنا وثابت على أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] فقال ثابت : يا أبا حمزة اشتكيتُ . فقال أنس [رضي الله تعالى عنه] : ألا أرقيك برقية رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟ قال : بلى . قال : اللهم رب الناس ، مذهب الباس ، اشف أنت الشافي ، لا شافي إلا أنت ، شفاء لا يغادر سَقَما . ح - ٣٧٥/٨ . د ، ت ، ن .

تەرجەمە :

عەبدولعەزیزی کوڕی صوهەیب ئەفەرموێ : منو ثابیتی بەنانی - رحمهما الله تعالى - چووینە خزمەت ئەنەسی بنی مالیك - رضي الله تعالى عنه - ثابیت عەرزیکرد : ئەی ئەباحەمزە ئازارێکم هەیە ، فەرمووی : نوشتەیێکت بۆ بکەم کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کردوویەتی ؟ عەرزمکرد : بەڵێ . فەرمووی : (أللهم رب الناس مذهب الباس اشف ... الى آخره) .

٢٨٦٢/٣٩ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان يعوذ بعض أهله ؛ يمسح بيده اليمنى ويقول : أللهم رب الناس اذهب الباس واشفه ، وأنت الشافي ، لا شفاء إلا شفاؤك ، شفاء لا يغادر سقما . ح - ٢٧٦/٨ ، م - ٢٤/٨ ، ن .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - عەیادەتی[1] بەعزێ لە ئەهلی خۆیی = ئەكرد = بە دەستی راستی موبارەكی مەسحی ئەكردو ئەم دۆعایەی ئەخوێند ...

٢٨٦٣/٤٠ - وعنها أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان يَرْقي يقول : امسح الباس رب الناس ، بيدك الشفاء ، لا كاشف إلا أنت. ح - ٣٧٦/٨[2] .

الطب[3] :

٢٨٦٤/٤١ - عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : الشفاء في ثلاثة : في شرطة مِحْجم ، أو شربة عسل ، أو كية بنار . وأنهى أمتي عن الكي . ح - ٣٤٦/٨ ، جه . وفي أخرى : أو لذعة بنار توافق الداء . ح - ٣٤٨/٨ .

---

(١) دانەر - خ - لە باتی (كان یعوّذ) ، (كان یعود)ی نووسیوەو ، لێرەیشدا بەو جۆرەی مانا لێداوەتەوە . بەڵام (یعوّذ) راستەو ، دەبێ لە تەرجەمەكەیدا بوترێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - دۆعای بەسەر هەندێ لە ئەهلی خۆیدا ئەخوێندو ...

(٢) دانەر تەرجەمەی ئەم حەدیثەی نەنووسیوە چونكە وەك حەدیثەكانی پێشوو وایە .

(٣) باسی پزیشكی .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە سێ شتا شیفا هەیە : لە کەڵەشاخگرتنا لە شەربەتی هەنگوینا ، لە داغکردنا ٠ نەهی = لە = ئوممەتم ئەکەم لە داغ ٠ = شیفا = لە ریوایەتەکەی ترا لە چزانی بە ئاگرایە کە موافیقی دەردەکەی بێ ٠

٢٨٦٥/٤٢ ـ جابر [رضي الله تعالى عنه] عاد المُقَنَّعَ ثم قال : لا أبرح حتى تحتجم ، فإني سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن فيه شفاء ٠ م ـ ٤١/٩ ٠

تەرجەمە :

جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەیادەتی موقەننەعی کرد فەرمووی : لاناچم تا حەجامەت[1] ئەگریت ، لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : شیفای تیایە ٠

٢٨٦٦/٤٣ ـ عاصم بن عمر بن قتادة قال : جاءنا جابر بن عبدالله في أهلنا ورجل يشتكي خُراجاً أو جراحاً ٠ فقال : ما تشتكي ؟ فقال : خراج بي قد شق علي ٠ فقال : يا غلام ائتني بحجام ، فقال له : ما تصنع بالحجام يا أبا عبدالله ؟ قال : أريد أن أعلق فيه مِحجَما ٠ قال : والله إن الذباب ليصيبني أو يصيبني الثوب فيؤذيني ويشق علي ٠ فلما رأى تبرمه [تضجره وسآمته] من ذلك قال : إني سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : ان كان في شيء من أدويتكم خير ففي شرطة محجم ، أو شربة من عسل ، أو لذعة بنار ٠ قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : وما أحب أن أكتوي ٠ قال : فجاء بالحجام فشرطه فذهب عنه

(١) حەجامەت : کەڵەشاخ ٠

ما يجد • م ـ ٤١/٩ ، ح ـ ٣٥٥/٨ وليس فيه حديث الرجل المشـــتكي من الخراج •

تەرجەمە :

عاصـــیمی کوڕی عومـــەری کوڕی قـەتـادە ـ رحمهم الله تعالى ـ ئەفەرموێ : جابیری کوڕی عەبدوڵلا ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ تەشریفی هاتە لامان لە ماڵەوە ، پیاوێ لە برینێ ، یا لە دومەڵێ ئازاریکی بوو ، لێی پرسی : ئازارەکەت چیـە ؟ عەرزی کـرد : دومەڵێکە زۆرم ئەذیەت ئـەدا ، جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی غولام حەججامێکم[1] بـۆ بانگ بکە ، عەرزی کرد : چی لە حەجامەتگر ئەکەی ؟ فەرمووی : حەجامەتی لێ ئەکرم • عەرزی کرد : وەڵلاهی مێشم لێ ئەکەوێ ، یا جلێکم لێ ئەکەوێ ئەذیەتم ئەدا ، زەحمەت ئەبێ لەسەرم • جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ زانی کە لەوە سڵ ئەکاتەوەو لێی ئەترسێ • فەرمووی : لە پێغەمەر ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : ئەگەر لە شتێکا لەوانەی کـە ئێوە تەداوی پێ ئەکەن خێرێ بێ لە حەجامەتگرتنایە ، یـا لـە شــــــەربەتی هەنگوینایە ، یا لە ئاگرپیاچزانانیە • حەز ناکەم کە داغ بکەم • عاصـــیم ـ رحمه الله تعالى ـ فەرمووی : حەجامەتیان لێ گرت چابۆوە •

٤٤/٢٨٦٧ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه ســـئل عن أجر الحجام ، فقال : احتجم رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حجمه أبو طَيبة ، وأعطاه صاعين من الطعام ، وكلم مواليه فخففوا عنه ، وقـال : إن أمثل ما تداويتم به الحجامة والقســـط البحري ، وقال : لا تعـذبـوا صبيانكم بالغمز من العذرة ، وعليكم بالقســـــط • ح ـ ٣٥٣/٨ وعن ابن عباس نحوه مختصرا • م ـ ٤٣/٩ •

---

(١) حەججام : کەڵەشاخگر •

تەرجەمە :

لە ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ یان پرسی لە دەرحەق ئوجرەتی حەجامەتگر ، فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەجامەتی گرت ، ئەبوطەیبە حەجامەتی لێ گرت ، دوو صاع طەعامی پێ عەطا فەرموو ، قسەی لەگەڵ صاحێبەکانیا[1] فەرموو ، رجای بۆ کرد کە خەراجەکەیان لەسەر سووككرد . فەرمووی : چاترینی ئەوەی کە تەداوی پێ ئەکەن حەجامەتەو قوسطی[2] بەحری ، فەرمووی : عەذابی منالەکانتان مەدەن لە عوذرە کە بە دەست مەلاشوویان بگوشن ، بە قوسط تەداوییان بکەن .

٢٨٦٨/٤٥ ـ أبو الزبير عن جابر [رضي الله تعالى عنه ، ورحمه الله تعالى] ان أم سلمة [رضي الله تعالى عنها] استأذنت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في الحجامة فأمر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أبا طيبة أن يحجمها . قال : حسبت أنه قال : كان أخاها من الرضاعة ، أو غلاماً لم يحتلم . م ـ ٩/٤١ .

تەرجەمە :

ئەبوزوبەیر ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : کە جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئیذنی لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خواست کە حەجامەت بگرێ . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری فەرموو بە ئەبوطەیبە کە حەجامەتی لێ بگرێ ، ئەبوزوبەیر ـ رحمه الله تعالى ـ فەرموو : وابزانم کە جابیر

(١) لەگەڵ هاوڕێکانیا . واتە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە دۆستەکانی خۆی فەرموو ...

(٢) قوسط : جۆرە دارێکە دەرمانی پێ دەکرێ .

ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ فەرمووی کــه ئەبوطەیبه لــه شــــیرەوە بــرای ئوممو ســــــەلەمە بوو ـ رضـــي الله تعـالى عنهما ـ یـا منـالێـکی (دون البلوغ) بوو •

٢٨٦٩/٤٦ ـ عن أبي سعيد [الخدري ـ رضي الله تعالى عنــه ـ] ان رجلا أتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أخي يشتكي بطنــه ، فقال : اسقه عسلاً ، ثم أتى الثانية ، فقال : اسقه عســـلاً ، ثم أتاه الثالثة [فقال : إني سقيته فلم يبرأ • فقال ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] : اسقه عسلاً ، ثم أتاه فقال : فعلت • فقال : صدق الله وكذب بطن أخيك ! اسقه عسلاً ، فسقاه فبرأ • ح ـ ٣٤٨/٨ • م ـ ٤٩/٩ ، ت ، ن •

تەرجەمە :

پیــاوێ هــاتــه خزمــەت پێغەمــەر ـ صلى الله تعـالى **علیــه وسلم** ـ عەرزی‌کرد : براکەم زگ‌چوونیه ، فەرمووی : شــــــەر**بەتی هەنگوینی** بدەرێ • دەفعەی دوەم‌و سێیەم هاتەوە خزمەتی ، فەرمووی : شــــەربەتی هەنگوینی بدەرێ • دەفعەی چوارەم هاتەوە خزمەتی ، عەرزی‌کرد : دامێ نەوەستایەوە • فەرمووی : خوا راســـــتی فەرموە ، **زگی** براکەت درۆی کردوە ! شەربەتی هەنگوینی بدەرێ ، داییێ ، پێی چاك بۆوە •

٢٨٧٠/٤٧ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قال : **بعث** رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الى أبي بن كعب [رضي **الله تعالى عنه**] طبيباً فقطع منه عرقاً ثم كواه عليه • م ـ ٤٢/٩ •

٢٨٧١/٤٨ ـ وعنه قال : رمي أبي يوم الأحزاب على أكحله = **قال** =: فكواه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ • م ـ ٤١/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ طەبیبێکی نارده لای ئوبەییی کوڕی کەعب ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئوبەی ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە رۆژی ئەحزابا له رەگی جانی ضەربەیێکی لێدرابوو ، ئەو طەبیبە رەگێکی بڕیو داغیکرد .

٢٨٧٢/٤٩ ـ وعنه رمي سعد بن معاذ ـ رضي الله تعالى عنه ـ في أكحله ، قال : فحسمه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيده بمشقص ثم ورمت ، فحسمه الثانية . م ـ ٤٢/٩ .

تەرجەمە :

سەعدی کوڕی مەعاذ ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە ئەحزابا تیرێ لە (أكحل)[1]ی درابو ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە دەستی موبارەکی به تیرێکی نووك پان داغیکرد ، قۆڵی ئاوسا ، دووبارە داغیکردەوە .

خەلیل ئەفەرموێ [أكحل] رەگی حەیاتە ، نەهری حەیاتی پێ ئەڵێن ، لەهەر ئەعزایێکا لکێکی هەیەو ناوێکی هەیە . غەیری خەلیل ئەڵێ : رەگێکە لە دەستا پێی ئەڵێن (أكحل) ، لە رانا (نەسا)ی پێ ئەڵێن ، له پشتا (ئەبهەر)ی پێ ئەڵێن . (نەوەوی) .

٢٨٧٣/٥٠ ـ أم قيس بنت محصن [رضي الله تعالى عنها] وكانت من المهاجرات الأول اللاتي بايعن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهي أخت عكاشة بن محصن أحد بني أسد بن خزيمة ، أتت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بابن لها لم يبلغ أن يأكل الطعام ، وقد أعلقت عليه

(١) رەگی گیان ، رەگێکی ئەستوورە له باسکدا ببچڕێ کوشندە ئەبێ .

من العذرة . قال يونس : أعلقت غمزت فهي تخاف أن تكون بـه عـذرة ، قالت : فقال رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ : علامه تدغرن أولادكن بهذا الأعلاق ؟ عليكم بهذا العود الهندي ، يعني به الكُسـت ؛ فإن فيه سبعة أشفية منها ذات الجنب [يسعط من العذرة ، ويُلَدّ من ذات الجنب . م – ٤٦/٩ ، ح – ٣٦٠/٨ أحد الرواة] : وأخبـرتني أن ابنهـا ذاك بال في حجر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فدعا رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بماء فنضحه على ثوبه ولم يغسله غســلا . م – ٤٧/٩ .

[أعلقتُ عليه عالجتُ وجع لَهاته بأصبعي . العذرة : وجع في الحلق يهيج من الدم . والأعلاق أن تأخذ المرأة خرقة فتفتلها فتلاً شديداً وتدخلها في أنف الصبي ، وتطعن به موضع الوجع فيتفجر منه دم أسود ، والهمزة للسلب ، أي إزالة العلوق وهي الآفة . والطعن بـه يســـمى دغرا . من نووي] .

تەرجەمە :

ئومموقەیسی کچی موحصەن ـ رضي الله تعالى عنها ـ لەو موهاجیرانە بوو کە لە پێش هەموو کەسێ هیجرەتیان کردبوو ، خوشکی عەکاشە بوو ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ کوڕێکی شیرەخۆرەی هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئێشتا لەوانە نەبوو خواردن بخوا ، لـەبـەر نەخۆشی عوذرە(١) بە پەنجەو پلیتە ناو لووتو گەرووی بریندار کردبوو . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لەسەر چی منالەکاتتـان بـەم پلیتەیە کونـە لووتو نـاو گەروویان برینـدار ئەکەن ؟ بەم عوودی

(١) عوذرە : نەخۆشییەکە لە گەروودایە لە خوێنی پیسەوە سەرهەلدەدا .

هیندییە تەداوییان بکەن • لەم عوودەدا حەوت شیفای تیایە یەکێ لەوانە (ذات الجنب)ە ، لە نەخۆشی عوذرە وەك بڕنووتی پێی ئەپژمێنرێ لە (ذات الجنب) ا بەملاو بەولای دەمیا پێی هەڵەقوڕێنرێو پەنجە لە مەلاشووی هەڵەسوورێ • عوبەیدوڵلای راوی ئەفەرموێ : ئوممو قەیس ـ رضي الله تعالى عنها ـ خەبەری دامێ کە ئەو کوڕەی میزی کرد بە باوەشی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئاوی طەڵەب فەرموو لە جێ میزەکەی هەڵپرژان ، نەیشت •

بە بێ موشاوەرەی طەبیبی حاذیق تەداوی دروست نیە ، لە ئیشارەی طەبیب تەجاوز نابێ بکرێ •

میزی کوڕی شیرخۆر کە ئێشتا طەعامی نەخواردبێ بە ئاولێپرژانن پاك ئەبێتەوە ، شتنی لازم نیە •

٢٨٧٤/٥١ ـ عن خالد بن سعد قال : خرجنا ومعنا غالب بن أبْجَر ، فمرض في الطريق ، فقدمنا المدينة وهو مريض ، فعاده ابن = أبي = عتيق ، فقال لنا : عليكم بهذه الحُبَيبة السوداء ، فخذوا منها خمساً أو سبعاً فاسحقوها ، ثم اقطروها في أنفه بقطرات زيت في هذا الجانب = وفي هذا الجانب = فإن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ حدثتني أنها سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن هذه الحبة السوداء شفاء من كل داء إلا =من= السام =قلت : وما السام ؟ قال : الموت= قال ابن الشهاب : والحبة السوداء الشونيز • ح ـ ٨/٣٥٠ • م ـ ٩/٤٨ • جه •

تەرجەمە :

خالیدی کوڕی سەعد ئەفەرموێ : چووینە سەفەر غالبی کوڕی ئەبجەرمان لەگەڵ بوو ، لە رێ نەخۆش کەوت ، هاتینەوە مەدینە هەر

نەخۆش بوو ، ئیبنوئەبی عەتیق عەیادەتی كرد پێیفەرمووین : بەم (حبة السودا)یە ، یەعنی بە (رەشكە) ، تەداویی بكەن ، پێنج یا حەوت دەنك بكوتن ، ئەمجا بە چەند قەترەیێ رۆن زەیتوون لەم تەرەفو لەو تەرەفەوە بیتكێننە ناو لووتیەوە • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ قسەی بۆ كردووم كە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـی بیست ئەیفەرموو : رەشكە شیفایە لە هەموو دەردێ غەیری مردن • لە ئەبوهورەیرەیشەوە حەدیثەكەی عایشە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ریوایەتكراوە • لەو حەدیثەدا ئەفەرموێ : ئیبنوشەهابی زوهری فەرمووی : (حبة السوداء) شەونیزە • تەفسیرەكەی موغلەقترە • كاشكی نەبوایە •

الحمى(١) :

٢٨٧٥/٥٢ ـ عن عائشة وعن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : [إن شدة • م] الحمى من فيح جهنم فاطفؤها [فأبردوها • م] بالماء [البارد • جه] • وعن رافع بن خديج [رضي الله تعالى عنه] ولكن فور بدل فيح • ح ـ ٢٦٦/٨ ، ٣٦٥ ، م ـ ٤٥/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تا لە شیددەتی ئاگری جەهەننەمە ، بە ئاوی سارد بیكووژێننەوە • یەعنی لە جینسی ئەوە •

٢٨٧٦/٥٣ ـ أسماء بنت أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كانت اذا أُتيتْ بالمرأة قد حُمَّت تدعو لها أخذت الماء فصبَّته بينها وبين جيبها •

---

(١) باسی تــا •

قالت : وكان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يأمرنا أن نبردها بالماء • ح ـ ٨/٣٦٥ • م ـ ٩/٤٤ • جـ ، ت ، ن •

تەرجەمە :

ئەسمای کچی ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالى عنها ـ کە ژنی تاداریان بهێنایە خزمەت کە دۆعای بۆ بکا • ئاوی ئەهێنا ئەیکردە ناو بەرۆکیەوە ، ئەیفەرموو : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری پێ ئەکردین کە بە ئاو ساردی بکەینەوە •

المن شفاء للعين ـ دۆمەڵان شیفایە بۆ چاو :

٢٨٧٧/٥٤ ـ سعيد بن زيد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : الكمأة من المنّ ، وماؤها شفاء للعين • ح ـ ٨/٣٥٩ • م ـ ٩/٣٢٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کەما یەعنی دۆمەڵان لە جینسی مەننە [گەزۆ ، چۆن گەزۆ لە خۆیەوە ئەبێ ، بە بێ زەحمەتی ئینسان ئەبارێ وەك باران ، دۆمەلانیش بە بێ ئەرزکێلان و تۆو لە خۆیەوە ئەبێ ، هی سووری کوشندەیەو ، هی سپی و بۆری ئەخورێ] ئاوی دۆمەڵان شیفایە بۆ چاو [کارگیش رەنگە لە جینسی کەما بێ ، ئەویش نەوعێکی ئینسان ئەکوژێ] •

٢٨٧٨/٥٥ ـ عن عائشة وابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ أن أبا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قبل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو ميت • زاد يحيى بن قطان : قالت عائشة : لددناه في مرضه ، فجعل

يشير إلينا أن لا تلدّوني ، فقلنا : كراهية المريض للدواء ، فلما أفاق قال : ألم أنهكم أن تلدّوني ؟! قلنا : كراهية المريض للدواء ، فقال : لا يبقى أحد في البيت إلا لدّ وأنا أنظر إلا العباس فإنه لم يشـهدكم ، ح – ٨/٣٦١ ، م – ٩/٤٥ ،

تەرجەمە :

ئەبوبەکر ـ رضي الله بعالى عنه ـ لە دوای وەفاتی = پێغەمەر = عليه الصلاة والسلام پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ماچ‌کرد ، عایشە ـ رضي الله عنها ـ ئەفەرموێ : لە مەرەضی مەوتیا تەداویمان بە شت‌سوون لەملاو لەولای مەلاشوسوون کرد ، ئیشـــارەتی ئەکردین کـە مەیکەن ، وتمان : نەخۆش دەوای پێ ناخۆشـــــە ، کـە ئیفاقەی بوو فەرمووی : پێم‌نەوتن ئەم تەداوییەم مەکەن ؟! عەرزمان‌کرد وتمان : بۆیە ئیشـــارەتمان ئەکا نەخۆش حەز لە دەرمان ناکا ، فەرمووی : غەیری عەباس کـە لێـرە نەبوە هەرکەسێ لەم ماڵەدایە ئەبێ بەم نەوعە لالەغاوەی بســـــوونەوەو من تەماشای بکەم ،

تم الطب ، پێنج شەمە ١١/٧/١٩٤١

الوصـــية

وصية الرجل مكتوبة عنده : ئینســـان ئەبێ وەصیەتی بە دەوام بــە نووسراوی لای حازر بێ •

بسم الله الرحمن الرحيم

قال الله تعالى : (كُتِبَ عليكم إذا حضر أحدكمُ الموتُ إن ترك خيراً : الوصيةُ للوالدينِ والأقربينَ بالمعروفِ حقّاً على المتقين • فمن بدله بعد ما سمعه فإنما إثمه على الذين يُبدّلونه ، ان الله سميع عليم • فمن خـاف من موصٍ جنفاً أو إثماً فأصْـــلحَ بينهم فـلا إثْم عليــه ، إن الله غفور رحيم)[1] جنفاً ميلاً ، متجانف مائل • ح ـ ٣/٥ •

کە هەرکەسێ لە ئێوە ئەسبابی مردنو عەلامەتی مردنی لێ دیاری دا ئەگەر ماڵێکی کە باش بێو بە ماڵ حسێب بێ بەجێ‌هێشت ، ئەو کەســە بۆ باوكو دایكو خزمی لەسەری فەرزە کە بە عەدالەت وەصیەتیان بۆ بکا • ئەو وەصیەتە حەقە لەسەر ئەوانەی کە صاحیب تەقوان • هەرکەسێ لە دوای ئەمە کە وەصیەتەکەی بیست بێنێ ئەو وەصـیەتە بـە نەوعێکی تر بگۆڕێ گوناهی گۆڕینی مونحەصیرەتە ســـەر ئەو کەســەی کە گۆڕیویەتی

(١) سوورەتی بەقەرە / ١٨٠ ـ ١٨٢ •

(میت)ەکــە وەزیفــەی خۆی بەجێهێنــاوە ، ئەجری لای خوا هــەیــە • خوا ـ عز وجل ـ ئاگای لێبوە کە مەیتەکە لە حاڵی حەیاتیا وەصــــــیەتی کردوەو ، عیلمی بەویش‌و بەوانەی کە ئەیگۆڕن هەیە ، بە پێی عەمەلی خۆیان موکافات‌و موجازاتیان ئەداو ئەداتێ • وەصیەت ئەگەر بــە عەدالەت نەبێ مەیتەکە لە حاڵی حەیاتیا مەیلی زیادی بووبێ بــە لای بەعزێکا زۆریان بۆ دابنێ ، بۆ بەعزێکیان کەم ، لــە واریثەکان زوڵم بکاو ، بــە مەخصووصی بێنێ زیاد لە ثولث وەصیەت بکا ، ئەوانەی کە بە شەرع نەظارەتی ئەوەیان تەودیع‌کراوە[1] ئیصـــــلاح لــە بەینی (موصی لــە)[2]و وەرەثەدا بکا ؛ بیهێنێتەوە دائیرەی حەققانیەت ، ئەوی لــە ثولث زیـاتــرە لێیان‌بگێڕێتەوە بیداتەوە بە موستەحەقی خۆی لەبەر ئەم ئیشەی گوناهی ناگاتێ ؛ چونکی باطیلی تێکداوەو هێناویەتەوە سەر حەق • خوا ـ عز وجل ـ لــە گونــاە خۆش ئەبێ‌و مەرحەمەت کوندەیە بە عیبادی خۆی کــە ئــەم ئەحکامانەی دانــاوە •

لــەم ئایەتەدا حوکمی وەصــــــــیەت بۆ ئەقربیا بــە ئایەتی میراث مەنسووخە ؛ چونکی :

٢٨٧٩/١ ـ ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كان المال للولد وكانت الوصية للوالدين ، فنسخ الله من ذلك ما أحب • فجعل للذكر مثــل حظ الأنثيين ، وجعل للأبوين لكل واحد منهما السدس ، وجعــــل للمرأة الثمن والربع ، وللزوج الشطر والربع • ح ـ ٨/٥ •

[وعن البيهقي وغيره عن ابن عبــاس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : لا وصية لوارث إلا أن تجيز الورثة البيهقي • د ، ت • وعن أبي أمامة ـ رضي الله تعالى عنه ـ إن الله قد أعطى كل ذي حق حقه ، فلا وصـــــية لوارث • أحمد ، بخاري ، ترمذي ، من القسطلاني] •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : لە بیدایەتی ئیسلامەتیدا ماڵ هی ئەولاد بوو ، باوکو دایك حەقی وەصیەتیان بوو خوا ئەوەی نەسخ کردەوە ، کە ئیرادەی بوو بە ئەولادی نێرینە دوو میثلی ئەولادی مێیینەی دا ، بۆ کوللێ لە باوکو دایك شەشیەکی دانا ، بۆ ژن ئەگەر مێردی ئەولادی بێ هەشتیەکی دانا ، ئەگەر نەیبێ چواریەکی دانا ، بۆ مێرد ئەگەر ژنەکەی ئەولادی بێ چواریەکێکی دانا ، ئەگەر نەیبێ نیوەیی دانا [لە ئیبنوعەباسەوە - رضي الله تعالى عنهما - واریث وەصیەتی بۆ ناکرێ مەگەر باقی واریثەکان رەزایان لێ بێ • ئەبوئومامە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : خوا حەقی حەقداری دا ، کە وابێ واریث وەصیەتی بۆ ناکرێ] •

٢/٢٨٨٠ - عن عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - ان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : ما حق امرىء مسلم له شيء يوصى فيه يبيت ليلتين [ثلاث ليال • م] إلا ووصيته مكتوبة عنده • خ - ٣/٥ • م - ٨١/٧ ، د ، ت ، ن ، جه • قال عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : ما مرت عليّ ليلة منذ سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال ذلك إلا وعندي وصيتي • م - ٨٢/٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هەر موسوڵمانێ شتێکی بێ کە لەوانەبێ وەصیەتی تیابکرێو دوو شەو [لە موسلیما سێ شەو] لە لای بمێنێتەوە ، حەقی ئەو موسوڵمانە هەر ئەوەیە دەرحەق بەو شتە بە نووسراوی وەصیەتنامەکەی لە لای بێ [چونکی وا ئەبێ

کوتوپڕ ئەمرێ] • عەبدوللا - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لەو وەختەوە ئەوەم لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بیستوە هیچ شەوێکم بەسەرا رانەبوردوە کە وەصیەتەکەیم لانەبێ •

٣/٢٨٨١ - عن عمرو بن الحرث ختن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - أخي جويرية بنت الحرث [رضي الله تعالى عنهما] قال : ما ترك رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - عند موته درهماً ولا ديناراً [ولا شاة ولا بعيراً ، ولا أوصى بشيء • عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - م - ٧/٩٧] ولا عبداً ، ولا أمة ، ولا شيئاً إلا بغلته البيضاء • وسلاحه ، وأرضاً جعلها صدقة [راجع إلى المجموع لا الى الأرض فقط] • ح - ٥/٤ ، ١٩٠ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -کە وەفاتی فەرموو هیچ شتی بەجێنەهێشت ، نە دیرهەمێ نە دینارێ ، نە مەڕێ ، نە وشترێ ، نە عەبدێ ، نە جاریەیێ ، نە وەصیەتی بە شتێك کرد ، تەنها ئێسترە سپیەکەی [دوڵدوڵ]و سیلاحەکەیی‌و ئەرزێك ، ئەمانەیشی هەموو کرد بە صەدەقە •

٤/٢٨٨٢ - عن الأسود قال : ذكروا عند عائشة أن علياً - رضي الله تعالى عنه وعنها - كان وصياً [بالخلافة في مرض موته] فقالت : متى أوصى إليه وقد كنت مسندته الى صدري ، أو قالت حجري فدعا بالطست فلقد انخنث [انثنى لاسترخاء أعضائه الشريفة] في حجري فما شعرت أن مات ؟ ح - ٥/٤ • م - ٧/٩٨ ن ، جه •

تەرجەمە :

لە خزمەت حەزرەتی عایشەدا ـ رضي الله تعالی عنها ـ بەحث لەوە کرا کە لە مەرەضی مەوتا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ حەزرەتی عەلیی ـ رضي الله تعالی عنه ـ کرد بە وەصیی خەلافەت • حەزرەتی عایشـــــــە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : کەی ئەو وەصیەتەی کرد ؟ لە باوەشما پاڵیم دابوو بە سنگمەوە داوای تەشتی کرد کە خۆی بشوا [کەچی] لـە باوەشما بەلادا هات نەمزانی کە وەفاتی فەرموو • ئیتر کەی وەصـــــیەتی کـرد ؟!

٢٨٨٣/٥ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعـالی عنهما ـ قال : لو غض الناس الی الربع لأن رسول الله ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ قال : الثلث والثلث کثیر أو کبیر • ح ـ ٦/٥ ، م ـ ٩١/٧ • ن ، جه •

٢٨٨٤/٦ ـ طلحة بن مُصَرِّف قال : ســـألت عبدالله بن [علقمة] أبي أوفی ـ رضي الله تعالی عنهما ـ هل کان النبي ـ صـلی الله تعـالی علیه وسلم ـ أوصی ؟ فقـال : لا • فقلت : کیف کُتب علی النـاس الوصیة أو أمروا بالوصیة ؟ [الشك من الراوي] قـال : أوصـــــی بکتـاب الله • ح ـ ٤/٥ • م ـ ٩٧/٧ • ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

طەلحەی کوڕی موصـــــەڕڕیف فەرمووی : لـە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوئەوفا ـ رضي الله تعالی عنهما ـم پرسی : ئایا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەصیەتی کردوە ؟ فەرمووی : خەیر • عەرزمکرد : ئەی چۆن لەسەر خەڵق وەصـــیەت نووسراوە ، یا فەرمووی : وتم ئەی چۆن خەڵق ئەمریان بـە وەصـــیەت پێکراوە [کە چی خۆی وەصـــیەتی نەکردوە] ؟

فەرمووی : وەصیەتی بەعەمەل بە کیتابوڵلا کردوە [یەعنی ماڵی نەبوە کە وەصیەتی پێ بکا] •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : خۆزگە خەڵق لە وەصیەتکردنا چاویان بپۆشیایە لە وەصیەت بە ثولث ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە سەعدی کوڕی ئەبووەقاصی فەرموو : وەصیەت بە سێیەك بکەو سێیەکیش زۆرە •

ریوایەتکراوە کە شورەیحی قاضیو ، عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو ، طاوسو ، عەطاو ، ئیبنوئوذەینە ـ رحمهم الله تعالى ـ فەرموویانە : حەقترینی ئەوەی کە ئینسان بیکا بە صەدەقە ئەو ماڵەیە کە لە ئاخر رۆژی دنیاداو ئەوەڵ رۆژی ئاخیرەتا ئەیکا بە صەدەقە • ئیبراهیمی نەخەعی ـ رحمه الله تعالى ـ و حەکەم ئەفەرموون : ئەگەر ئینسان گەردنی واریثی خۆی لە قەرز ئازاد بکا ئازاد ئەبێ • رافیعی کوڕی خودەیج ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەصیەتی کرد هەرچی شتێ ژنە فەزارییەکەی دەرگای لەسەر داخست نەهێنرێتە مەیدان • حەسەنی بەصری ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ئینسان لە وەختی سەرەمەرگا بە عەبدی خۆی وت : کە تۆم ئازادکردوە دروستەو عەبدەکەی ئازاد ئەبێ • شەعبی ـ رحمه الله تعالى ـ فەرموویە ـ ژن لە وەختی مردنا بڵێ : مێردەکەم حەقی خۆمی داومێو وەرم گرتوە دروستە •

بەعزێ لە خەڵق [کە ئەئیمەی حەنەفین] ئەڵێن : ئیقرار بۆ واریث دروست نیە ؛ چونکی سووئی ظەنتی دەرحەق بەو کەسە هەیە لەوەدا کە ئەیکا بۆ بەعزێ واریث کە زیاتر لە واریثەکانی تر موستەفیدیان بکا ، لە پاش ئەمە کە ئەو بەعزە ئەمەی وتوە بە (استحسان) نەقضی ئەو قسەی خۆیەی کردوە • وتوویەتی دروستە نەخۆش ئیقرار بکا بۆ بەعزێ واریث ،

ئیقرار بکا کە ئەمانەتی لاداناوم ، یا سەرمایەی لامە ، یا شەریکین لە تیجارەتا ، حاڵ وایە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرموویەتی : زینهار سووئی ظەن بە خەڵق مەبەن ؛ چونکی ظەن درۆزترینی قسەیە • ماڵی موسوڵمان کە ئیقراری بۆ کرابێ حەڵاڵ نیە ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرموویەتی : عەلامەتی موونافیق ئەوەیە کە ئەمینێتی پێ‌کرا خەیانەت بکا • خوا ـ عز وجل ـ فەرموویەتی : خوا ئەمرتان پێ ئەکا کە ماڵی ئەمانەت بدەنەوە بە صاحێبەکەی ، واریثی ئیستیثنا نەکردوە ، نەیفەرموە ئەمانەتی واریث مەدەنەوە • ح ـ ٩/٥ و ١٠ •

٢٨٨٥/٧ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رجلا قال للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن أبي مات وترك مالاً ولم يوصِ ، فهل يكفر عنه أن أتصدق عنه ؟ قال : نعم • م ـ ٩٢/٧ •

تەرجەمە :

پیاوێ عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : کە باوکم مرد ماڵی بەجێ‌هێشت وەصیەتی نەکرد ، ئەگەر صەدەقەی بۆ بکەم بری گوناهی ئەکەوێ • فەرمووی : بەڵێ •

٢٨٨٦/٨ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن رجلاً [سعد بن عبادة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] أتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا رسول الله ان أمي افْتُلِتَتْ نفسها ولم توصِ ، وأظنها لو تكلمت تصدقت ، أفلها أجر ان تصدقت عنها ؟ قال : نعم • م ـ ٣٧٧/٤ ، ح ـ ٤٦٧/٢ ، م ـ ٩٢/٧ •

---

(١) واتە : ئەوانەی سەرپەرشتکردنی ئەوەیان پێ‌سپێرراوە .

(٢) (موصی له) : ئەوە ـ یا ئەوانە ـی وەصیەتیان بۆ کراوە .

تەرجەمە :

پیاوێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ عەرزی کرد : دایکم (فجأة)[1] مرد وەصیەتی نەکرد ، لام وایە ئەگەر قسەی بکردایە صەدەقەی ئەکرد ، ئایا ئەگەر صەدەقەی بۆ بکەم خێری ئەبێ بۆی ؟ فەرمووی : بەڵێ ٠

٢٨٨٧/٩ ـ ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ان سعد بن عبادة ـ رضي الله تعالى عنه ـ توفيت أمه [عمرة بنت مسعود سنة خمس] وهو غائب عنها [مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في غزوة دومة الجندل ، وكانت أسلمت وبايعت ـ رضي الله تعالى عنها ـ] فقال : يا رسول الله ان أمي توفيت وأنا غائب عنها أينفعها شيء ان تصدقت به عنها ؟ قال : نعم ٠ قال : فإني أشهدك أن حائطيَ المِخْراف [أي المثمر] صدقة عليها ٠ ح ـ ١٦/٥ ٠

تەرجەمە :

سەعدی کوڕی عوبادە ـ رضي الله تعالى عنه ـ دایکی وەفات ئەکا ، خۆی لە خزمەت پێغەمەرا ئەبێ ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ لە غەزای (دومة الجندل)ا ، لای نابێ ، عەرزی پێغەمەر ئەکا ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ : (یا رسول الله) دایکم وەفاتیکرد لای حازر نەبووم ، ئەگەر شتێکی بۆ بکەم بە صەدەقە هیچ نەفعی پێ ئەدا ؟ فەرمووی : بەڵێ ٠ عەرزیکرد : تۆ شاهید بە کە باغە خورما بەردارەکەم صەدەقە بێ بۆی ٠

ئینسان کە مرد ـ با وەصیەتیش نەکا ـ خێری بۆ بکرێ پێی ئەگا ، مەرگی موفاجات خراپ نیە ئەگەر کەسێ پێی بمرێ ٠ ئەو حەدیثانەی لە

(١) فجـأة : کوتوپڕ ٠

دەرحەق ئیستیعاذە لەو وارید بوە لەبەر خراپی مەرگی موفاجات نیە ، بۆیەکە لە ثەوابی وەصیەت مەحرووم ئەبێ ، حازر نابێ بۆ تۆبەکردن • لە حەزرەتی عایشەو ئیبنومەسعود - رضي الله تعالى عنهما - ریوایەت کراوە کە مەرگی موفاجات رەحەتی‌یە بۆ موئمینان ئەسەفە بۆ کافران • بەعزێ ئەنبیا - عليهم الصلاة والسلام - و زۆر لە صولەحا بەو نەوعە وەفاتیان کردوە • قسطلاني •

خێرو صەدەقە بۆ مردوو سونەتە •

الوصية للاقارب(١) :

لای ئەبو یوسف وەصیەت بۆ خزم بکا بە موطلەقی بۆ باوکو باپیرێکیتی کە لە ئیسلاما بن • ح - ١٣/٥ • یەعنی وا نیە ئەگەر بڵێ : خانوەکەم صەدەقە بێ بۆ خوا دروستە ، با بەیانی ئەوە نەکا کە بە کێ بدرێ ، موخەییەرە بە کێی ئەدا بیدا • بەعزێ فەرموویانە : تا بەیانی مەصرەف نەکا دروست نابێ • ئەمە قەولی دوەمی ئیمامی شافیعی‌یە - رضي الله تعالى عنه - قەولی ئەوەڵی ئەصەححە • ح - ١٦/٥ • بڵێ : بەعزێ لە ماڵم صەدەقە بێ یا وەقف بێ دروستە • ح - ١٦/٥ •

١٠/٢٨٨٨ - عن سعد بن أبي وقاص - رضي الله تعالى عنه - قال : كان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يعودني عام حجة الوداع [سنة عشر] من وجع اشتد بي [من شكوى أشفيت منه على الموت ح - ٢٠٣/٩] فقلت : اني قد بلغ بي من الوجع [ما ترى • أخرى] وأنا ذو مال ولا يرثني إلا ابنة لي ، أفأتصدق [قلت : يا رسول الله أوصي بمالي كله ؟ ح - ٥/٥ ، ٦ قال : لا] بثلثي مالي ؟ قال : لا • فقلت : بالشطر

(١) وەصیەت بۆ خزمو کەس‌و کار •

[أي النصف] ؟ فقال : لا ٠ ثم قال : الثلث ، والثلث كبير ، أو كثير ، انك ان تذر ورثتك أغنياء خير من أن تذرهم عالة يتكففون الناس ، وإنك لن تنفق نفقة تبتغي بها وجه الله إلا أجرت بها حتى ما تجعل في فيّ امرأتك ! فقلت : يا رسول الله أُخَلَّف بعد أصحابي ؟ قال : إنك لن تخلف فتعمل عملاً صالحاً إلا ازددت به درجة ورفعة ، ثم لعلك أن تخلّف [بأن يطول عمرك] حتى ينتفع بك أقوام [كفتح العراق ، وبلاد كسرى] ويضرّ بك آخرون ٠ أللهم امض لأصحابي هجرتهم ولا تردهم على أعقابهم ٠ لكن البائس سعد بن خولة يرثي له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ان مات بمكة ٠ وعسى الله أن يرفعك ٠ أخرى [بأن يطول عمرك ٠ فعاش بعد ذلك قريباً من خمسين سنة ٠] ح ـ ٢/٣٩٠ واللفظ لهذا ٠ ح ـ ٥/٥ ، ٦ ٠ ح ـ ٦/٢٢٥ ، ٤٣٦ ٠ ح ـ ٨/١٨٩ ، ٣٣٩ ، ح ـ ٩/ ٢٠٣ ، ٤١٥ ٠ م ـ ٧/٨٣ ، ٨٧ ٠

تەرجەمە :

سەعدی ئیبنی ئەبی وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە (حجة الوداع)ا لەبەر نەخۆشییەکی بەشیدەت پێی نزیك بوومەوە لە مردن پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هاتە عەیادەتم ، عەرزمکرد : (یا رسول الله) نەخۆشییەکەم گەیانوومیە ئەم حاڵەی کە ئەیبینی ، ماڵم زۆر هەیە ، غەیری کچێکم هیچ واریشم نیە ، هەموو ماڵەکەم بکەم وەصیەت[1] ؟ فەرمووی : خەیر ٠ عەرزمکرد : دوو بەشی ؟ فەرمووی : خەیر ٠ عەرزمکرد : نیوەی ؟ فەرمووی : خەیر ٠ لە دواییدا فەرمووی : سێیەکێکی بکە ، سێیەکیش گەورەیە ، یا فەرمووی : زۆرە ٠ ئەگەر

(١) دانەر ـ خ ـ لێرەدا وەك هەڵەی کردبێ وایەو ، ئەگەر بفەرموێ : هەموو ماڵەکەم بکەم بە خێرو صەدەقە ... ؟ باشترە ٠

وارثەکانت بە دەوڵەمەندی بەجێ‌بێڵی چاکترە لەوە کە بە فەقیری بەجێیان بێڵی‌و دەست لـە خەڵق بگرنەوە • هیچ نەفەقەیێ کەم یا زۆر نیە کـە (محضا) بۆ خوا بیکەیت‌و خوا ـ عز وجل ـ ئەجرت نەداتەوە ، حەتتا ئەو لوقمەی کە هەڵی‌ئەبڕی‌و ئەیخەیتە دەمی ژنەکەتەوە ئەوەیش صەدەقەیـە • [یەعنی بۆچی وارثەکەت مەحرووم ئەکەی لە هەموو ماڵەکەت یا لە بەشی زۆری ماڵەکەت ؟ خواردنی ئەوانیش صەدەقەیە] عەرزم‌کرد : (یا رسـول الله) من لە دوای رەفیقەکانم لـە مەککەدا ئەمێنمەوە ؟ [یەعنی ئـایـا لێرە ئەمرم‌و هیجرەتەکەم لە کیس ئەچێ ؟] فەرمووی : [خەیر لـە رەفیقەکانت پاش ناکەوی‌و لێرە نامری ، لە مردنا] پاش رەفیقەکانت ناکەوی‌و عەمەلێکی صالح بکەی‌و کە خوا بەوە دەرەجەو بلندیت زیاد نەکا ، ئومێدم هەیە کـە لە مردنا دوا بکەوی‌و عومرت درێژ بێ تا خوا بە تۆ قەومێ موتەفیع بکاو ، قەومێ کە موشریکانن زەرەرمەند بکا • خوا ـ عز وجل ـ وای‌کرد کـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : [پێغەمەر ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ] دەســـتی بلندکردەوەو فەرمووی : خوایا هیجرەتی ئەصحابەکەم لە مەککەوە بۆ مەدینە ئینفاذ بکەو بۆیان تەواو بکەو پاشـەو پاش مەیانگێڕەوە بۆ ئـەو جێیەی کـە هیجرەتیـان لێ کردوە ، لـە حاڵی راستیان‌و نیەتی خالیصیان مەیانگێڕەوە کـە لە ثەوابی هیجرەت مەحرووم بین • ئەمما فەقیرو بەستەزمان سـەعدی کوڕی خەولەیە [زوهری ئەڵێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بەمە کە فەرمووی فەقیرو بەستەزمان سەعدی کوڕی خەولەیە] ئیظهاری تەئەثورو تەئەسسوف ئەکا بۆی کە لە مەککەدا وەفاتی کرد •

٢٨٨٩/١١ ـ عن عمران بن حصین ـ رضي الله تعالی عنه ـ ان رجلاً من الأنصار [أوصی عند موته • أخری • فـ]أعتق ستة مملوکین له عند موته

لم يكن له مال غيرهم ، فدعا بهم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فجزّأهم [فعل وفعّل • من نووي] أثلاثاً ثم أقرع بينهم . فأعتق اثنين وأرق أربعة . وقال له قولاً شديداً • م ـ ١٥٨/٧ •

تەرجەمە :

پیاوێ لە ئەنصار لە سەرەمەرگا وەصیەتی کرد ، شەش عەبدی ئازاد کرد ، غەیری ئەوە ماڵی تری نەبوو ، ئەو خەبەرە عەرزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کرا بانگیکردن کردنی بە سێ بەش قورعەی لە بەینیانا کێشا ، دوانی ئازادکردو چواری کردەوە بە عەبد ، قسەیێکی بەشیددەتی فەرموو دەرحەق ئـەو ئەنصـــارییە • لـە ریوایەتێکا فەرمووی : ئەگەر بمزانیایە نوێژم لەسەر نەئەکرد •

تەصەڕوفکردن لە ماڵا (بعد الموت) لە سێیەك زیاتر دروست نیە • سێیەکیش زۆرە ، ئەگەر یەکێ ئیشێکی وای کرد تەصەڕوفەکەی باطیلە • (أولو الأمر) لەســەری فەرزە کـە بیهێنێتەوە دائیرەی شەرع • (نهى عن المنكر) فەرزە • تەقبیحی فیعلی (میت) کە بێ شـــــەرعی بێ ، نەك بۆ تەحقیری ئەو (میت)ە بەڵکو بۆ زەجری خەڵق لە ئیرتیکابی دروســـتە • بۆیە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بمزانیایـە نوێـژم لەسەر نەئەکرد ، گینا نوێژکردن لەسەر مردوو ، با فاسقیش بێ ، فەرزی کیفایەیە ، وەك نوێژی لەسەر قەرزداری بە ئیقتیدار نەکردوە بۆ زەجری خەڵق لەمە کە ئیقتیداریان بێو فەرز دوا بخەن فەرموویەتی : نوێـژ لەسەر رەفیقەکەتان بکەن •

قورعە مەشرووعە بە نەصی شاریع •

١٢/٢٨٩٠ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : خرج رجل من سهم [بديل] مع تميم الداري [رضي الله تعالى عنه ـ قبل أن يسلم] وعدي بن بدّاء ، فمات السهمي بأرض ليس بها مسلم ، فلما قدما بتركته فقدوا جاماً من فضة مخوصاً من ذهب ، فأحلفهما رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم وجد الجام بمكة ، فقالوا : ابتعناه من تميم وعدي . فقام رجلان [عمرو بن العاص ، والمطلب بن أبي وداعة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] من أوليائه فحلفا : لشهادتنا أحق من شهادتهما ، وان الجام لصاحبهم [لبديل] قال : وفيهم نزلت هذه الآية : (يا أيها الذين آمنوا شهادة بينكم)(١) ح ـ ٥/٢٩ .

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لە سەهم [کە ناوی بودەیلە] لەگەڵ تەمیمی داریی‌و عەدیی کوڕی بەددائا لە پێش ئیسلامبوونی تەمیما چوونە دەرێ بۆ تیجارەت ، بودەیل لە رێ نەخۆش ئەکەوێ‌و ئەمرێ [لە پێش مردنیا دەفتەری ئەشیاکانی ئەنووسێ‌و ئەیخاتە ناو بارەکەی‌و بەوان ئەڵێ : ئەم ئەشیایەم تەسلیمی ماڵ‌و منالم بکەن . دوای مردنی ئەشیاکانی ئەگەڕێن جامێکی زیوی تەلی ئاڵتوون تێ هەڵکێشراوی تیا ئەبێ ، دەری‌یێنن ، خەبەریان لە دەفتەرەکە نیە] کە میراتەکەی یێننەوە بۆ کەس‌و کاری دەفتەرەکە لە ناو مەتاعەکەیا ئەدۆزنەوە ، بە پێی ئەو دەفتەرە جامێك لە زیوی بە تەلی ئاڵتوون نەقشکراویان دیار نابێ . یێنە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەمیم‌و عەدی سوێن ئەدا ، سوێن ئەخۆن کە خەبەریان لەو جامە

(١) المائدة / ١٠٦ .

نیە ؛ بودەیل هەر ئەوەندەی تەسلیم کردووین ، لە پاشا جامەکە لە مەککەدا دەرەکـەوێ • ئـەوانـەی کـــە جـامـەکـەیـان لێ دەرەکـەوێ ئەڵێن : لـــە تەمیمو عەدیمان کـڕیـوەو ســـوێنی لەســـەر ئەخۆن • ئیمجا دوو پیـاو لـە ئەولیـای بودەیـل هەڵســـــان شـەهادەتیان داو ســــوێنگیان خوارد لەسەر ئەمە کە جامەکە هی رەفیقەکەیانە کە بودەیلەو لە شــــــام وەفاتی کردوەو سوێنو شەهادەتی ئێمە لـە شـــەهادەتو سوێنی تەمیمو عەدی حەقترە • ئەم ئایەتانەی ئالی عیمران دەرحەق ئەوان نـازڵ بوە کـە مەئالیان وایە :

ئەی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە کە یەکێ لە ئێوە لە سەفەرا بوونو وەفاتی کرد شەهادەتی مابەینی ئێوە لە حینی وەصیەتکردنیا شـــەهادەتی دوو کەسی عەدڵە لـە ئێوە ، یـا دوو کەس لـە غەیری ئێوە ، یەعنی ئەهلی کیتاب ، لە پاش نوێژی عەسر ئەو دوو پیاوە بۆ سوێن رابوەستێنن ، ئەگەر شوبهەتان لێیان بوو کە راست ناڕۆن ، سوێن بخۆن بە خوا کە بەم سوێنە مەنفەعەتێ ، عیوەضێ تەئمین ناکەین ، با ئەوەی شـــــەهادەتی بۆ ئەدەین خزمیشمان بێ ، شەهادەتی خوا کەتم ناکـەین ، ئەگەر کەتمی بکەین ئـەو وەختە ئێمە لە زومرەی گوناهکاران ئەبین •

لە دوای ئەمە کە ئەو دوانە ئەو سوێندەیان خوارد ئەگەر موطەلیع بوون بەسەریانا کە درۆیان کردوە بەو سوێندە درۆیە موستەحەقی گوناهێ بوون دوو کەسی تر لەوانەی کە دوو شاهیدە پێشوەکە بە سەبەبی ئەوانەوە موستەحەقی گوناه بوون لە وەرەثەی یا لە کەسو کاری موتەوەففاکە کـە ئەولا بن بە شەهادەت لە جێی ئەو دوانەکەی پێشوو بوەستن ، بـە خـوا سوێن بخۆن کە شەهادەتی ئێمە لە شەهادەتی ئەوان حەقترە ، درۆ ناکەین

لە شەهادەتماناو راستین ، شـــایەد درۆمان کردبێ ، خیـلافی حەقیقەتمان وتووبێ ئێمە لە زومرەی زاڵمان ئەبین •

ئەم شەهادەت لەسەر درۆی شاهیدو سوێندخواردنی شاهیدی جەرحە نزیکترە لەوەی کە خەڵق بە راستی شەهادەت بدا یا شاهید بترسێ لەوە بە ســوێندی شـــاهیدی جەرح شـەهادەتەکەی رەد ئەکرێتەوە بـە درۆزن دەرەچێ • لە خوا بترسن بە درۆ سوێن مەخۆن ، حەق لە گوێ بگرن لێی لامەدەن ، چونکی بەوە فاسق ئەبن ، خوا ئینسانی فاسقی خۆش ناوێ • [پەڕەیێ لە پێش ئاخری مائیدەوە] •

تمت الوصـــية

الجنـائـز

بسم الله الرحمن الرحيم

١/٢٨٩١ ـ عامر بن سعد بن أبي وقاص [رضي الله تعالى عنه] كـان جالساً عند عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] إذ طلع خباب صـاحب المقصورة ، فقال : يا عبدالله بن عمر ألا تسمع ما يقول أبو هريرة ؟ إنه سمع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من خرج مع جنازة من بيتها وصلى عليها ، ثم تبعها حتى تدفن كان له قيراطان من أجر كـل قيراط مثل أحد ، ومن صلى عليها ثم رجع كان له من الأجر مثل أحد • فأرسل ابن عمر خباباً الى عائشة [رضي الله تعالى عنهم] يسألها عن قول أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ ثم يرجع إليه فيخبر ما قالت • وأخـذ ابن عمر [رضـي الله تعالى عنهما] = قبضة = من حصباء المسجد يقلبها في يده حتى رجع إليـه الرسول ، فقال : قالت عايشة [رضي الله تعالى عنها] : صدق أبو هريرة • فضرب ابن عمر بالحصى الذي كان في يده الأرض ثم قال : لقد فرطنا في قراريط كثيرة • م ـ ٢٨٩/٤ ، ٢٨٦ ، ح ـ ١٣٢/١ • ح ـ ٤١٤/٢ • ح ـ ٤١٢/٢ • جه ، د ، ن •

٢/٢٨٩٢ ـ عن ثوبان [رضي الله تعالى عنه] مولى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من صلى على جنازة فله قيراط ، فإن شهد دفنها

فله قيراطان ، القيراط مثل أحد • م ـ ٢٩٠/٤ فيه أحاديث كثيرة متحدة المعنى •

٢٨٩٣/٣ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من شهد الجنازة حتى يصلي عليها فله قيراط ، ومن شهدها حتى تدفن فله قيراطان ، قيل : وما القيراطان ؟ قال : [القائل أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ كما في ح ـ ٤١٤/٢] مثل الجبلين العظيمين • م ـ ٢٨٦/٤ • وفي : م ـ ٢٨٨/٤ أصغرهما مثل أحد • (يكفي) •

تەرجەمە :

ئەم حەدیثانە مەئالیان ئەوەیە لە عایشەو ، ئەبوهورەیرەو ، ثەوبانی ئازدکراوی پێغەمەرموە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي الله عنهم ـ ریوایەتکراوە ، کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : هەرکەسێ لە سەر جەنازەیێ نوێژ بکاو لە گەڵی بچێتە سەر قەبران تا لە دفنی ئەبنەوەو دایئەپۆشن بوەستێ دوو قیراط ئەجری هەیە ، ئەگەر هەر نوێژی لەسەر بکاو نەچێتە سەر قەبران تەنها قیراطێکی هەیە • قیراط بە قەد کێوی ئوحودە • لە ریوایەتێکا هەرە بچکۆلەی ئەو دوو قیراطە بەقەد ئوحودە • لە ریوایەتێکا ئەو دوو قیراطە بە قەد دوو شاخی گەورەیە •

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ زۆر مەحزوون ئەبێ ؛ چونکی قیراطی چوونەسەرقەبرانی لە کیس خۆی داوە •

٢٨٩٤/٤ ـ عن البراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أمرنا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بسبع ، ونهانا عن سبع ، أمرنا : ١ ـ باتباع الجنائز • ٢ ـ وعيادة المريض • ٣ ـ واجابة الداعي • ٤ ـ ونصر المظلوم •

٥ ـ وإبرار [المُقسِم • م] القسم • ٦ ـ ورد السلام • ٧ ـ وتشميت العاطس • ونهانا عن : ١ ـ آنية الفضة • ٢ ـ وخاتم الذهب • ٣ ـ والحرير • ٤ ـ والديباج • ٥ ـ والقسي • ٦ ـ والاستبرق ٧ ـ وركوب المياثر] • م ـ ٢/٣٥٩ • م ـ ٨/٣٥٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری فەرموە بە حەوت شتو ، نەهی فەرموە لە حەوت شت : ١ ـ ئەمری پێفەرمووین لەگەڵ مردوو بچینە سەر قەبران • ٢ ـ عەیادەتی نەخۆش بکەین • ٣ ـ بانگ بکرێین بۆ سەر دەعوەت [ولو کە ئینسانێکی عادیش بانگمان بکا هەر ئەبێ بچین ؛ چونکی ئەوی لای ئێمە عادییە ئیحتیمالی هەیە لای خوا زۆر بە حورمەت بێ] • ٤ ـ یاریەی مەظلووم بدەین • ٥ ـ کەسێ سوێنمان بدا بڵێ تووخوا ! سوێنەکەی نەخەین [بەو شەرتە مەشرووع بێو لە قووەتمانا بێ] ٦ ـ جوابی سەلام بدەینەوە • ٧ ـ کەسێ بپژمێو (الحمد لله) بکا پێی بڵێین (یرحمك الله) • ئەمانە بەعزێکی سوننەتەو ، بەعزێکی فەرزی کیفایەیە •

نەهی لە حەوت شت لێکردووین : ١ ـ لە خواردنو خواردنەوە لە زەرفی زیواو لە عەمەل هێنانی • [ئاڵتوون بە ئەولا طەریقە] ٢ ـ لە ئەنگوستیلەی ئاڵتوون • ٣ ـ لە پۆشینی =حەریر= ٤ ـ ئاوریشمو ٥ ـ دێباو • ٦ ـ قەسیو • ٧ ـ ئیستەبرەقو نەرمەزینی ئەوانە • ئەمانە لە حەقیقەتا سیانن : زیوو ، ئاڵتوونو ، ئاوریشم • ئەمانە بۆ پیاو حەرامە ، بۆ ژن بە بێ ئیفراط رەنگە سوننەت بن • بە ئەمری مێرد واجبن • لە ریوایەتێکی موسلیما لە باتی ئیبراری قەسەم تەعریفی شتی ونبوو تا صاحێبەکەی بدۆزرێتەوە •

بوخاری ئەم حەدیثەی لە : مەظالیماو ، لیباســاو ، طیبباو ، نەذراو ، نیکاحاو ، ئیستیذانو ، ئەشربیەدا ذیکر کردوە • موسلیم لــە ئەطعیمەدا • ترمذی لە ئیستیذانو لیباسا ، نەســائی لــە جەنائیزو ، ئەیمانو ، نەذرو ، زینەتا • ئیبنوماجەهـ لە کەفارەتاو لیباسا •• ذیکریان کردوە •

٥/٢٨٩٥ ـ أخبر خارجة بن زيد بن ثابت [رضي الله تعالى عنه ـ أحد الفقهاء السبعة في المدينة] ان أم العلاء امرأة من الأنصار [رضي الله تعـالى عنها] بايعت النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسـلم ـ أخبرته أنه اقـْتـُسِـــم المهاجرون قرعة • فطار لنا عثمان بن مظعون [رضي الله تعالى عنه] فأنزلناه في أبياتنا ، فوجع وجعه الذي تـُوُفـِّي فيه ، فلما توفي وغســـل وكفـّن في أثوابه دخل رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليــه وسلم ـ فقلت : رحمة الله عليك يا أبا السائب فشهادتي عليك لقد أكرمك الله فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : وما يدريك ان الله أكرمه ؟! فقلت : بأبي أنت يا رسول الله فمن يكرمه الله ؟ فقال عليه [الصلاة و] الســلام : أما هو فقــد جــاءه اليقين والله إني لأرجو = لــه = الخير • والله ما أدري ، وأنا رسول الله ، ما يفعــل بي ! قالت : فوالله لا أزكي أحــدا بعده أبــدا • ح ـ ٢/٣٦١ • أخرجه أيضاً في الجنائز ، والشـــهادات ، والتفسير ، والهجرة والتعبير • ن في الرؤيا •

تەرجەمە :

خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی ثابیت ـ رضي الله تعالى عنه ـ کـــە یەکێکە لە فوقەهای سەبعەی مەدینە ئەفەرموێ : ئوممولعەلاء کە ژنێکە لە ئەنصار بەیعەتی بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کردوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ خەبەری داومێ کە موهاجیر بە قورعە تەقسیمکران لــە بــەینی ئەنصارا ، عوثمانی بنی مەظعوون ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە قورعە بەر ئێمە

کەوت ، لە هۆدەییکا دامانمەزران ، نەخۆشکەوتو وەفاتی کرد ، کـــە شۆرراو کفنکرا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هـات ، وتم : ئەی ئەبوسائیب رەحمەتی خوات لەسەر بێ ، شەهادەتت لەسەر ئەدەم کە خوا ـ عز وجل ـ ئیکرامی گرتووی • پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : بەچی ئەزانی کـە خوا ئیکرامی گرتوە ؟ عەرزمکرد : (یـا رســـــول الله) باوکم بە فیدات بێ ئەی کێ خوا ئیکرامی ئەگرێ ؟ فەرمووی : ئەو یەقینی بۆ هاتوە کـە چۆنە ، وەڵلاهی من ئومێدی خەیرم بۆی هەیە • وەڵلاهی من کـە رەســــــوولوڵلام نازانم چیم لێ ئەکرێ • ئوممولعەلاء ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : وەڵلاهی لە دوای ئەو ئیتر تەزکیەی هیچ کەس ناکەم !

ئینسان نابێ بـە قەطعیی بۆ هیچ کەسێ بڵێ کـە لـە ئەهلی بەهەشتە مەگەر شاریع خەبەری پێدابێ وەك (عشرەی مبشرە)و بەعزێ لە ئەصحابی تر ؛ چونکی خاتیمە مەجهوولە • (ختم الله لنا بالخیر • آمین) •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ مەعلوومە کە لە دنیاو ئاخیرەتا چاترینی هـەموو مەخلووقـاتو موکەڕرەمترینی هەموویـانـە لای خـــوا ـ عز وجل ـ کە وابێ ئەبێ فەرموودەکەی لـە پێش نوزوولی ئایەتی فەتحـا بووبێ کـە ئەفەرموێ : (لیغفر لك الله ما تقدم من ذنبـك وما تأخـر)[1] ئەم سوورەتە مەدەنیە ، سوورەتی ئەحقاف مەککییە ، لە وەختی حادیثەی ئیبنومەظعوونا خەبەری نەدراوەتێ بەوەی کە لە سوورەتی فەتحایە ، بۆیە وای فەرموە •

---

(١) سوورەتی فەتح / ٢ •

٢٨٩٦/٦ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لقنوا موتاكم لا إله إلا الله • م ـ ٤/٢٥٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليــه وســلم ـ فەرموویەتی : لــه وەختی سەرەمەرگا مردووتان تەڵقینی (لا إله إلا الله) بکەن •

٢٨٩٧/٧ ـ عن أم سلمة [رضي الله تعالى عنها] قالت : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : ما من مسلم تصــيبه مصــيبة فيقول ما أمره الله : إنا لله وإنا إليه راجعون ، أللهم اجُرْني في مصــيبتي وأخلف لي خيراً منها إلا أخلف الله = له = خيراً منها • قالت : فلما مــات أبو سلمة [رضي الله تعالى عنه] قلت : أي المسلمين خير من أبي سلمة ؟ : أول بيت هاجر إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم إني قلتها ، فأخلف الله لي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالت : فأرســـــل إلي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حاطب بنَ أبي بلتعة يخطبني له • فقلت : إن لي بنتاً وأنا غيور • فقال : أما ابنتها فندعو الله أن يغنيهــا عنها ، وأدعو الله أن يذهب بالغيرة • م ـ ٤/٢٥٤ •

تەرجەمە :

توممو سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : هەرکەسێ کـــه موصیبەتێکی تووش بوو ئەوی خوا ئەمری پێفەرموە کە بیڵێ ـ بیڵێ : (إنا لله وإنا إليه راجعون)[1] ئەی خوایا لەم موصیبەتەما ئەجرم بدەرەوە ، لــه باتی ئــەو

(١) البقــرة / ١٥٦ •

نەفعەی کە بەم موصیبەتە لە کیسم چوە خێرێکی چاترم پێ عەطا بفەرموو ••

خوا لەوە چاتری لـە دوا پێنێ • کـە ئەبوسەلەمە ـ رضي الله تعالى عنـه ـ وەفاتی‌کرد وتم : کێ لە ئەبوسـەلەمە چاتر ئەبێ ؟ : ئەووەڵ ماڵێکە کـە هیجرەتی کردوە بۆ خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ لە دواییا ئەوی ئەو فەرمووبووی وتم • خوا ـ عز وجل ـ پێغەمەری ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ لە دوای ئەبوسەلەمە بۆ هێناوم • پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالى علیـه وسلم ـ حاطەبی بنی ئەبوبەلتەعەی ناردە خوازبێنیم • عەرزم‌کـرد : کچێکم هەیە صاحێب غیرەتیشم [یەعنی غەیری من ژنی تریشـت هەیە قینەبەریی لەگەڵ یەکتری ئەکەین] فەرمووی : دۆعا ئەکەم کە کچەی •• خوا ئیحتیاجیی بەو نەیێلێ • دۆعایش ئەکەم کە غیرەتەکەی لابەرێ •

٢٨٩٨/٨ ـ وعنها [رضي الله تعالى عنها] قالت : دخل رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على أبي سلمة [رضي الله تعالى عنه] وقـد شقَّ بصره فأغمضه ، ثم قال : إن الروح إذا قُبض تبعه البصر فضج ناس من أهله ، فقال : لا تدعوا على أنفسكم إلا بخير ؛ فإن الملائكة يؤمّنون على ما تقولون • ثم قال : اللهم اغفر لأبي سـلمة وارفع درجته في المهديين ، وأخلِفه في عقبه في الغابرين ، واغفر لنا وله يا رب العالمين ، وافسـح [أوسع • أخرى] له في قبره ونور له فيه • م ـ ٢٥٣/٤ •

تەرجەمە :

ئوممو‌سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ تەشریفی هاتەلای ئەبوسەلەمە ، ئەبوسەلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ چاوی لێك بووبوەوە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ چاوی لێك‌نا ، لە پاشا فەرمووی : ڕۆح کە قەبض‌کرا چاو تابیعی ئەبێ تێی

ئەفكرێ • بەعزێ لە ئەهلو عەیالی دەستیانكرد بە گریانو دۆعا لەخۆكردن • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بەخێر نەبێ دۆعا لە خۆتان مەكەن ؛ چونكە مەلائیكە لەسەر دۆعاكەتان ئامین ئەكەن • ئەمجا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوایا لە ئەبوسەلەمە خۆش بە ، لە بەینی هیدایەتدراوان پایەی بلند بكە ، لە دوای ئەو لەوانەدا كە ماون یەكێك بنێرە كە جێی ئەو بگرێتەوە ، ئەی پەروەردگاری عالەم لە ئێمەو لەو خۆش بە ، قەبرەكەی بۆ فەرەح بكە ، بۆی رووناك بكە •

٩/٢٨٩٩ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ألم تروا الإنسان إذا مات شخَص بصرُهُ ؟ قالوا : بلى • قال : فذلك حين يتبع بصرُه نفسه • م ـ ٤/٢٥٥

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەبینن كە ئینسان مرد چاوی هەڵەگەڕێتەوە ؟ عەرزیانكرد : بەڵێ ، فەرمووی : ئەوە ئەو وەختەیە كە چاو ـ چاو ئەبڕێتە رۆحەكەی كە بۆ كوێ ئەچێ •

١٠/٢٩٠٠ ـ قالت أم سلمة : لما مات أبو سلمة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قلت : غريب وفي أرض غربة لأبكينه بكاء يتحدث عنه ، فكنت قد تهيأت للبكاء عليه إذ أقبلت امرأة من الصعيد تريد أن تسعدني [أي تساعدني في البكاء والنوح] فاستقبلها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أتريدين أن تُدْخلي الشيطان بيتاً أخرجه الله منه مرتين ؟! فكففت عن البكاء فلم أبك • م ـ ٤/٢٥٥ •

تەرجەمە :

ئوممو‌سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : کـە ئەبوسـەلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەفاتی کرد وتم : غەریبەو لـە ئەرزێکی غوربەتـا مردوە ، ئەبێ وای بۆ بگریم کـە خەڵق بیگێڕنەوەو قسـەی لێ بکەن • بـۆ گریانلەسەری تەدارەکم کردبوو ژنێك لـە ئەطرافی مەدینـە هـات ، ئیرادەی بوو کە لـە گریانو لاواندنەوەدا یاریەم بدا • پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى علیـه وسـلم ـ بەرەوپیری چوو پێی فەرموو : بۆ تەمات وایە کـە شەیتان بێنیە ماڵێك کە خوا لێی کردۆتە دەرێ ؟! دوو جار وای فەرموو ، منیش وازم = لـە = گریان هێناو بۆی نەگریام •

١١/٢٩٠١ ـ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : لما كـان يوم بدر أتي بأ ُساری ، وأتي بالعباس [رضي الله تعالى عنه] ولم يكن عليه ثوب ، فنظر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ له قميصاً فوجدوا قميص عبدالله بن أبي يَقْدُ ُرُ عليه ، فكساه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إياه ، فلذلك نزع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قميصه الذي ألبسه • قال ابن عيينة : كانت له عند النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يد فأحب أن يكافئه • ح ـ ١٣٨/٥

تەرجەمە :

ڕۆژی بەدر ئەسیرانی بەدریان هێنـا ، عەباسی مامی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـیشیان هێنا رووت بوو ، هیچی لەبەرا نەبوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تێفکری کە کراسی کێی بە بەر ئەکا ، کراسی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەییی مونافیقیان دەست کەوت کـە بـە بەری بکا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەو کراسەی کردەبەر عەباس ـ رضي

الله تعالى عنه ـ • بۆیه پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ کـه عەبدوڵلا ئەمرێ کراسەکەی خۆیی داکەندو کردیه بەر عەبدوڵلا • سوفیانی کوڕی عویەینه ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : منەتێکی بوو بە سەر پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ ئیرادەی کرد کە موکافاتی بداتـەوه [یەعنی لە ژێر منەتی موونافیقا نەمێنێ] •

١٢/٢٩٠٢ ـ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ قـال : أتى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عبدالله بن أبي بعد ما أدخل حفرته فأمر به فأخرج فوضعه على ركبتيه ، ونفث عليه من ريقه وألبسه قميصـه [ح ـ ٢/٣٧٥] فالله أعلم وكان كسا عباسا [رضي الله تعالى عنه] قميصـاً قال سفيان بن [عيينة ـ رحمه الله تعالى ـ] وقال [من هنا إلى الآخر معضل] أبو هريرة [الصواب أبو هارون] وكان على رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ قميصان فقال له ابن عبدالله [عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : يا رسول الله ألبِس أبي قميصك الذي يلي جلدك • قال سفيان : فيُرون أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ألبس عبدالله قميصه مكافأة لما صنع ح ـ ٢/٤٣١ • م ـ ١٠/٢٥٢ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ ئەفەرموێ : کـه عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی مرد پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ لە دوای ئەمە کە خرابوە چاڵەوە ـ ئەمری فەرموو دەریانهێنا لەسەر رانی موبارەکی دایان نـا تفی موبارەکی لێکردو کراسەکەی خۆیی کردەبەری[١] •

---

(١) دانەر ـ خ ـ لێرەدا تەرجەمەی بەشی دوایی حەدیثەکەی نەکردوە کە ئەمە پوختەکەیەتی : « کاتێ پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى علیه وسلم ـ

١٣/٢٩٠٣ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن عبدالله بن أبي لما توفّي جاء ابنه [عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه ـ] إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا رسول الله أعطني قميصك أكفنه فيه ، وصـل عليه واستغفر له ، فأعطاه النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قميصه ، فقال : آذني أصلي عليه ، فآذنه ، فلما أراد أن يصلي عليه جذبه عمر ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ فقال : أليس الله نهـاك أن تصـــلي على المنافقين ؟ فقـال : أنا بين خِيَـرتين • قال الله تعالى : (استغفر لهم أو لا تستغفر لهم ، إن تستغفر لهم سبعين مرة فلن يغفر الله لهم)[1] [وســـأزيده على ســــــبعين • قـال : إنه منافق • م] فصلى عليه [رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م] فنزلت : (ولا تصل على أحد منهم مات أبدا [ولا تقم على قبره) م] • [فترك الصلاة عليهم • م] ح ـ ٢/٣٧٥ • م ـ ٩/٢٨٩ • ت ، ن ، جه أخرجه البخاري في اللباس والتفسير أيضاً ، ومسلم في اللباس ، وفي التوبة ، والترمذي والنسائي في التـفسير ، والنسائي في الجنائز • وابن ماجه فيه •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی کـــە وەفاتی کـرد ، عـەبدوڵلای کـوڕی ـ رضي الله تعالى عنه ـ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزیکرد : کراسەکەی خۆتم بدەرێ تیا کفنی بکەم ، نوێژی لەسەر بکەو

چوه سەر قەبری عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی ، دوو کراسی لەبەرا بوو ، عەبدوڵلای کوڕی عەبدوڵلا عەرزی پێغەمەری کرد کە کراســــــە ژێروەکەی خۆی بکاتە بەری باوکی ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـە وسلم ـ داواکەی نەشکان . ئەمەیشی لە پاداشی ئەوەدا کـــرد کــە عەبدوڵلا ـ ی باوك ـ رۆژی بەدر کراسێکی دابوو بە عەباســـی مامی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليە وسلم ـ .

(١) التوبـة / ٨٠ .

ئیستیغفاری بۆ بکە ، کراسەکەی دایێ ، فەرموویشی : خەبەرم بدەرێ نوێژی لەسەر بکەم ، خەبەری دایێ ، کە ئیرادەی فەرموو نوێژی لەسەر بکا ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ راکێشایە دواوە کە نوێژی لەسەر نەکا ، عەرزی‌کرد : بۆ خوا نەهی لێ نەکردووی نوێژ لەسەر مونافیقان بکەی ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا لە بەینی دوو شتا موخەییەری کردووم ، فەرموویەتی : موساویە ئیستیغفاریان بۆ بکەی یا نەیکەی ، فائیدەیان پێ نادا ، حەفتا بار ئیستیغفاریان بۆ بکەی قەط خوا لێیان خۆش نابێ [پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ (سبعينَ)ی حەمل کردە سەر عەدەدی مەخصووص ، حەملی نەکردە سەر موبالەغە فەرمووی : لە حەفتا زیادی ئەکەم] نوێژی لەسەر کرد • ئەو وەختە موافیقی رەئیی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەوە نازڵ بوو کە کام یەکێ لە مونافیقان مرد بە ئەبەدی نوێژی لەسەر مەکە • بۆ دۆعاو ئیستیغفار لەسەر قەبری مەوەستە • ئیتر لە دوای ئەوە تەرکی نوێژ لەسەرکردنیانی کرد •

وفاة النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ(١) :

١٤/٢٩٠٤ ـ أبو سلمة ـ رحمه الله تعالى ـ ان عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالت : أقبل أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ على فرسه من مسكنه بالسُّنْح حتى نزل ، فدخل المسجد ، فلم يكلم الناس حتى دخل على عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ فتيمم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو مسجى [مغشى بثوب ، أخرى] ببرد حبرة ، فكشف عن وجهه ثم أكبّ عليه ، فقبله ثم بكى ،

(١) کۆچی دوایی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

فقال : بأبي أنت وأمي يا نبي الله [والله • أخرى] لا يجمع الله عليك موتتين ، أما الموتة الأولى التي كتبت عليك فقد مُتّها • قال أبو سلمة فأخبرني ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أن أبا بكر - رضي الله تعالى عنه - خرج وعمر - رضي الله تعالى عنه - يكلم الناس ، فقال : اجلس [يا عمر • أخرى] فأبى [عمر أن يجلس • أخرى] فقال : اجلس ، فأبى ، فتشهد أبو بكر - رضي الله تعالى عنه - [فأقبل عليه • أخرى] فمال إليه الناس ، وتركوا عمر ، فقال [أبو بكر • أخرى] : أما بعد فمن كان منكم يعبد محمدا [- صلى الله تعالى عليه وسلم - أخرى] فإن محمداً - صلى الله تعالى عليه وسلم - قد مات ، ومن كان يعبد الله فإن الله حي لا يموت • قال الله تعالى : (وما محمد إلا رسول [قد خلت من قبله الرسل] إلى [قوله • أخرى] الشاكرين)[١] وقال ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - والله لكأن الناس لم يكونوا يعلمون أن الله أنزل [هذه • أخرى] الآية حتى تلاها أبو بكر - رضي الله تعالى عنه - فتلقاها منه الناس [كلهم • أخرى] فما يسمع بشر إلا يتلوها [فما أسمع بشراً من الناس إلا يتلوها • أخرى] ح - ٢/٣٦٠ خارج القوس • ح - ٦/٤٦٠ الزيادات • ن ، جه • وأخرجه في فضل الصديق - رضي الله تعالى عنه - أيضاً عن سعيد بن المسيب[رحمه الله تعالى ، ورضي عنه] ان عمر [رضي الله تعالى عنه] قال : والله ما هو إلا ان سمعت أبا بكر [رضي الله تعالى عنه] حين سمعته تلاها فعقِرتُ [دُهِشت] حتى ما تُقلّني [ترفعني] رجلاي وحتى أهويت [سقطت] إلى الأرض أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قد مات • ح - ٦/٤٦١

(٢) التوبة / ٨٤ •

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالى عنها -ی حەرەمی خۆشەویستی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه- بە سواریی تەشریفی لە ماڵی خۆیەوە کە لە سونحا بوو هات ، دابەزی تەشریفی هاتە مەسجیدی نەبەویی - عليه الصلاة والسلام - قسەی لەگەڵ کەس نەکرد ، رووی‌کردە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بە لیباسێکی حیبەری یەمەنیی داپۆشرابوو ، لەسەر دەموچاوی موبارەکی لادا بەسەریاکەوت ماچی کرد • لە پاشا گریا فەرمووی : (یا نبي الله) باوکو دایکم بە فیدات بێ وەڵلاهی خوا دوو مردنت لەسەر کۆناکاتەوە ، بەو مردنەی کە خوا - عز وجل - لەسەری نووسیوی وەفاتت کردوە •

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - لە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی هاتەدەرێ ، عومەر - رضي الله تعالى عنه - قسەی لەگەڵ خەڵقا ئەفەرموو [(ئیبنوئەبی شەیبە) ئەیفەرموو : رەسوڵڵا - صلى الله تعالى عليه وسلم - وەفاتی نەکردوەو ، تا خوا مونافیقان نەکوژێ نامرێ ، بەوە خەڵق دڵخۆش بوونو سەریان هەڵبڕی] ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : ئەی عومەر دانیشە ، دانەنیشت ، دووبارە فەرموویەوە ، هەر دانەنیشت • ئەو وەختە ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - کەلیمەی شەهادەتی هێناو خەڵق روویانکردە ئەو ، عومەر - رضي الله تعالى عنه - یان بەجێ‌هێشت ، حەزرەتی صەدیق - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : (أما بعد) هەرکەسێ لە ئێوە عیبادەتی محەمەد بکا - صلى الله تعالى عليه وسلم - بە تەحقیق

---

(۱) آل عمران / ١٤٤ •

محەمەد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی کردوە ، هەرکەسێ عیبادەتی خوا بکا خوا (حيّ)ەو نامرێ ، خوا ـ عز وجل ـ فەرموویەتی : محەمەد غەیری رەسوول هیچی تر نیە ، لـە پێش ئەوەوە زۆر پێغەمەر رابوردوون [بۆ ئەگەر ئەو بمرێ یا بکوژرێ ئێوە پاشەوپاش لە دین وەرەگەڕێنەوە ؟ هەرکەسێ لە دین وەربگەڕێتەوە زەرەری هەر بۆ خۆی ئەبێ ، هیچ زەرەرێ ناگەیێنێ بە خوا • هەرکەسێ بە موصیبەت عەقیدەی لە جیی خۆی ثابت بێو لەســـەر دین ثەبات = بکا = ئەو کەسە شوکری خوا بەجێیێنێ • خوا ـ عز وجل ـ موکافاتی شوکرەکەیان ئەداتەوە • تـا (شاکرین) ئـەم ئایەتی ئالی عیمرانەی خوێندەوە • تا ئەو ئایەتەی نەخوێندەوە (کأنە) ئەو ئینسانانە کە لەوێ حازر بوون وەك هیچ نەیانزانیبێ کـە خوا ـ عز وجل ـ ئەو ئایەتەی نازڵکردوە • خەڵق ئەو ئایەتەیان لە دەمی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وە وەرگرتو کەس نەما کە نەیخوێنێتەوە •

سەعیدی کوڕی موسەییب ـ رحمه الله ، ورضي عنــه ـ ئەفەرموێ : عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : وەڵلاهی هەر ئەوە بوو کـە ئەو ئایەتەم لە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بیست کە خوێندیەوە سەرسام بووم تا وام لێ هات خۆم بە پێوە نەئەگرت تا کەوتمە سەر ئەرز کە گوێم لێ بوو خوێندیەوەو فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ وەفاتی کردوە •

١٥/٢٩٠٥ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليــه وسلم ـ مـات وأبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بالسّنح • قال إسماعيل : يعني بالعاليـة [عند زوجته بنت خارجة الأنصـــاري] فقام عمر [رضي الله تعـالى عنه] يقول : والله ما مات رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [وعند أحمد

أن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : جاء عمر والمغيرة بن شعبة - رضي الله تعالى عنهما - فاستأذنا ، فأذنت لهما وجذبت الحجاب ، فنظر عمر إليه فقال : واغشياه . ثم قاما فلما دنوا من الباب قال المغيرة : يا عمر مات ، قال : كذبت إن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - لا يموت حتى يفني المنافقين . الحديث] قالت : وقال عمر : والله ما كان يقع في نفسي إلا ذاك وليبعثنه الله فليقطعن أيدي رجال وأرجلهم . فجاء أبو بكر فكشف عن [وجه] رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقبل [بين عينيه] فقال : بأبي أنت وأمي ! طبت حياً وميتاً و [الله] الذي نفسي بيده لا يذيقك الله الموتتين أبدا .

ثم خرج [وعمر يكلم الناس] فقال : أيها الحالف [إن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ما مات] على رِسلك . فلما تكلم أبو بكر جلس عمر [رضي الله تعالى عنهما] فحمد الله أبو بكر وأثنى عليه ، وقال : ألا من كان يعبد محمداً فإن محمداً - صلى الله تعالى عليه وسلم - قد مات ، ومن كان يعبد الله ، فإن الله حي لا يموت ، وقال : (إنك ميت وإنهم ميتون)(١) وقال : (وما محمد إلا رسول قد خلت من قبله الرسل أفإن مات أو قتل انقلبتم على أعقابكم ؟ ومن ينقلب على عقبيه فلن يضر الله شيئاً . وسيجزي الله الشاكرين)(٢) .

قال [عروة] : فنَشَجَ الناس يبكون [غُصِّشوا بالبكاء] قال : واجتمعت الأنصار الى سعد بن عبادة [رضي الله تعالى عنه] في سقيفة بني ساعدة ، فقالوا : منا أمير ومنكم أمير . فذهب إليهم أبو بكر الصديق ، وعمر بن الخطاب ، وأبو عبيدة بن الجراح [رضي الله تعالى عنهم] فذهب

(١) الزمر / ٣٠ .
(٢) آل عمران / ١٤٤ .

عمر [رضي الله تعالى عنه] يتكلم ، فأسكته أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] وكان عمر [رضي الله تعالى عنه] يقول : والله ما أردت بذلك إلا أني قد هيأت كلاماً قد أعجبني خشيت أن لايبلغه أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] ثم تكلم أبو بكر - رضي الله تعالى عنه - فتكلم أبلغ الناس ، فقال في كلامه: نحن الأمراء وأنتم الوزراء • فقال حباب بن المنذر : لا والله لا نفعل ، منا أمير ومنكم أمير • فقال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] : لا ولكنا الأمراء وأنتم الوزراء ؛ هم أوسط العرب دارا ، وأعربهم أحسابا ، فبايعوا عمر بن الخطاب أو أبا عبيدة ابن الجراح ، فقال عمر [رضي الله تعالى عنه] : بل نبايعك أنت ، فأنت سيدنا وخيرنا ، وأحبنا إلى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فأخذ عمر بيده فبايعه وبايعه الناس • فقال قائل [من الأنصار] : قتلتم سعد بن عبادة • فقال عمر : قتله الله • ح - ٦/٨٧ •

١٦/٢٩٠٦ - عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : شخص بصر النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ثم قال : في الرفيق الأعلى ثلاثاً ، وقص [القاسم] الحديث [السابق] قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فما كانت من خطبتهما من خطبة إلا نفع الله بها : لقد خوف عمر الناس ، وإن فيهم لنفاقا ، فردهم الله بذلك • ثم لقد بصّر أبو بكر الناس الهدى وعرفهم الحق الذي عليهم ، وخرجوا به يتلون : (وما محمد إلا رسول قد خلت من قبله الرسل (إلى) الشاكرين)[1] ح - ٦/٨٩ •

تەرجەمە :

عوروه - رحمه الله تعالى - لە عایشە - رضي الله تعالى عنها - وە ریوایەت ئەكا كە فەرمووی : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - وەفاتی

---

(1) آل عمران / ١٤٤ .

کرد ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە سونح بو [لای ژنە ئەنصاریەکەی • ئیمامی عومەرو موغیرەی کوڕی شوعبە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هاتن ئیذنیان خواست ، ئیذنمدان ، پەردەکەم دادایەوە ، عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەماشای پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وتی : ئای لەم بێهۆشییە • لە پاشا چوونەدەرێ • کە گەیینە لای دەرگاکەوە موغیرە وتی : یا عومەر پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی کردوە • عومەر فەرمووی : درۆ ئەکەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تا مونافیقان لە بن نەییێنێ نامرێ] عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ناو خەڵقا وەستا وتی : وەڵلاهی محەمەد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەمردوە • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : وەڵلاهی هەر وام لە دڵا بوو کە نەمردوەو خوا زیندووی ئەکاتەوە تا دەستو پێی بەعزێ کەس ئەبڕێ •

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هات سەترەی لەسەر رووی موبارەکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لادا ، بەینی هەردوو چاوی ماچکرد ، فەرمووی : باوکو دایکم بە فیدات بێ ! بە زیندوویی و بە مردوویی هەر جوانو بۆنخۆشی • قەسەم بەوەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ! قەت خوا دوو دەفعە تامی مردندت پێ ناچێژێ [یەعنی وا نیە کە عومەر ئەڵێ : دووبارە زیندووئەبیتەوە دەستو پێی مونافیقان ئەبڕیو ئەمجا دووبارە ئەمریەوە] • لە پاشا تەشریفی لە خزمەتی چوە دەرێ ئیمامی عومەر لەگەڵ خەڵقا قسەی ئەکرد • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی سوێن خۆر جارێ راوەستە = پێغەمەر = صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەمردوە = [یەعنی تۆبەی منیش بدە هەر دانەنیشت تا

ئەبوبەکر دەستیکرد بە قسەکردن] ئەمجـا عومـەر دانیشــــــــــت ، ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ حەمدو ثەنـای خوای کردو فەرمووی : ئەی خەڵقینه خەبەرتان بێ ، ئەوی محمد ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ ئەپەرستێ بە تەحقیق محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەفاتی فەرموە ، ئەوی خوا ئەپەرستێ خوا زیندوەو قـەت نامـرێ • خـوا لـه قورئـانـا فەرموویەتی : ئەی محمد تۆ ئەمریو ئەوانیش ئەمرن • هەم فەرموویەتی : محمد غەیری ڕەسوول هیچی تر نیه ئەگەر ئەو بمرێ یا بکوژرێ بۆ ئێوه لە دین ئەچنه دواوه ؟ هەر کەسێ لە دین بگەڕێتەوه هیچ زەرەر ناگـەیێنێ بە خوا ، خوا موکافاتی ئەوانه ئەداتەوه کە شوکری خوا ئەکەنو لەســەر دین ثەبات ئەکەن •

عوروه لە عایشەوه ـ رضي الله تعالی عنها ـ ریوایەت ئەکا کە حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەوەی فەرموو خەڵق دایانه پرمەی گریان [کە خەڵق بە تەواوی لێیان مەعلووم بوو کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەفاتی فەرموه] ئەنصار لە دیواخانی بەنیساعیدەدا لای سەعدی کوڕی عوبباده ـ رضي الله تعالی عنه ـ کۆبوونەوه ، بە قورەیشیان ئەوت : ئەمیرێ لـه ئێمەو ئەمیـرێ لـه ئێوه • ئەبوبەکرو عومەرو ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەراح ـ رضي الله تعالی عنهم ـ تەشریفیان ـ چوه لای ئەنصـار • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەمای بوو قســه بفەرموێ ، ئیمامی صەدیق ـ رضي الله تعالی عنه ـ بێدەنگی کرد ، لە پاشا عومەر ـ رضي الله تعـالی عنـه ـ ئەیفەرموو : وەڵلاهی من کـه تەمام بوو لـه پێش ئەبوبەکرا ـ رضي الله تعالی عنه ـ قسه بکەم هەر بۆیه بوو قسەیێکم حازرکردبوو لام عەجیب بوو ، ترسام کە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ظەفەر بەو قسەیه نەبا • لە پاشا کە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ دەستی کرد بە نوطقدان

لـە هـەمـوو کـەس بەلیغتر بـوو ، نوطقێـکی وای ئیراد فەرموو ، لـــە فەرمودەکەیا فەرمووی : [ئەی ئەنصار] ئێمە ئومەراین و ئێوە وزەران ، حەبابی کوڕی مونذیر ـ رضي الله تعالى عنـە ـ فەرمووی : خەیر وەڵلاهی وا ناکەین ؛ ئەمیرێ لە ئێمەو ئەمیرێ لە ئێوە • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنە ـ = فەرمووی = : خەیر ئێمە ئەمیرو ئێوە وەزیر ؛ چونکی قورەیش ماڵیان لە ناوەڕاستی هەموو عەرەبایە کە مەککەیە ، لە حەسەباو شـەمائیلا عەرەبترینی هەموو عەرەبن ، بەیعەت بە عومەر یا بە ئەبوعوبەیدە بکەن • عومەر ـ رضي الله تعالى عنە ـ فەرمووی : خەیر بەیعەت ئەکەین بە تۆ چونکی تۆ گەورەی ئێمەی چاترینی ئێمەی ، لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خۆشەویسترینی ئێمەی • ئیمامی عومەر ـ رضـي الله تعـالى عنە ـ دەستی صەدیقی ئەکبەری گرت و موبایەعەی لەگەڵا کرد • موهاجیرو ئەنصاریش بەیعەتیان پێکرد • یەکێ لـە ئەنصـــار وتی : سـەعدی بنی عوبادەتان کوشت • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنە ـ فەرمووی : خوا بیکوژێ •

[چونکی تەخەللوفی لە حەق کرد ، بەیعەتی بە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنە ـ نەکرد • لە دوای ئەوە سەعد ـ رضي الله تعالى عنـە ـ چوو بۆ شام لەوێ لە زەمانی عومەرا وەفاتی کـرد ، بەعزێ خەرافەگۆ ئەڵێن : لـە (مغتسل)ا[1] مرد هیچ کەس پێی نەزانی جەســـــەدی مۆربووبووەوە ، یەکێک دەنگی بوو رەنگی نەبوو بانگیکرد : سەعدی کوڕی عوبـادەی گەورەی خەزرەجمان کوشت ، دوو تیرمان دا لە جەرگی ســـەرو ئەملاو ئەولای نەکردو کورتی نەهێنا] •

---

(۱) مغتسل : حەمام ، خۆشۆرگە .

عایشه ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : هیچ خوطبەیێکیان نەبوو کە خوا بەو خوطبەیە خەڵقی پێ مونتەفیع نەکردبێ : ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بە خوطبەکەی خەڵقی ترسان ، نیفاقیان لە ناوابوو بەوە خوا هێنانیەوە سەر حەق • ئەبوبەکریش ـ رضي الله تعالی عنه ـ رێی هیدایەتی پێ نیشان‌دان ، تەعریفی ئەو حەقەی بۆ کردن کـــە لەسـەریان لازم بوو • بە فەرموودەی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ چوونە دەرێو ئایەتەکەیان ئەخوێندەوە •

٢٩٠٧/١٧ ـ عن أنس ـ رضي الله تعـالی عنـه ـ قال : لما ثقل النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ جعل یتغشاه ، فقالت فاطمة ـ علیها السلام ـ [أي رضي الله تعالی عنها] : واکرب أباه ! فقال [علیه الصـلاة والسلام] لیس علی أبیك کرب بعد الیوم • فلما مات قالت :

یـا أبتـاه أجـاب ربـا دعـــاه

یـا أبتـاه من جنة الفردوس مأواه

یـا أبتـاه الی جبـریـل ننعـــاه

[یـا أبتـــاه مـن ربـه مـا أدنـاه • طبراني ، دارمي]

فلما دفن قالت فاطمة ـ علیها السلام ـ [أي رضي الله تعالی عنها] : یا أنس أطابت أنفسکم أن تحثوا علی رسول الله ـ صلی الله تعـــالی علیــه وسلم ـ التراب ؟ ح ـ ٦/٤٦٢ • [ولم یجبها أنس رعایة لها ولسان حالـه یقول : لم تطب أنفسنا بذلك ، إلا أنا قهرنا علی فعل ذلك] •

وروي أنها قالت :

اغبـر آفـاق الســـماء وکوّرت

شمس النهـار واظلم العصــران

والأرض مـن بعـــد النبي كئيبـة
أســـــفا عليـه كثيرة الرجفـــان
فليبـــكه شــــرق البـلاد وغربهـا
ولتبـــكه مضـــــــر وكـــل يماني

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە نەخۆشیەکەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گران بوو بێخودی بەسەرا ئەهـات ، فاطیمە ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ فەرمووی : ئای بۆ نارەحەتی باوکـم ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ فەرمووی : لەمڕۆ بـە دواوە باوکت هیـچ نارەحەتی نابێ • کە وەفاتی کرد فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ئای بابەلێ ئیجابەتی دەعوەتی خوای کرد کە بانگی کردە حوضـووری • ئای بابەلێ مەنزڵی لە (جنة الفردوس)ایە • ئای بابەلێ بە جیبریل ـ عليه السلام ـ خەبەری وەفاتی ئەدەین • ئای بابەلێ چەندە نزیك بۆوە لە خوای خۆی • کە دفنمان کرد فاطیمە ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ فەرمووی : ئەی ئەنەس دڵتان خۆش بوو بەوە کە گڵتان دا بەسەر رەسوولوڵلادا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ •

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ بێدەنگ بوو ، بە دڵ ئەیوت : خەیر وەڵلاهی بەوە دڵخـۆش نەبووین ، ئـەمما چی بکەین ؟ مەجبوور بوویـن بەوە ئیمتیثالی ئەمری ئەومان کرد •

شەش مانگ دوای ئەو ئەویش وەفاتی کـرد ، لـەو موددەیەدا هیچ پێ نەکەنی • حەققی بوو کە پێ نەکەنێ • ریوایەتە کە لە دوای وەفاتی ئـەو شیعرە بەلیغانەی فەرموو کە بە مەئال :

رۆژ گلۆر بۆوه کـهنـاری ئـاســــمان
لـه تـۆزا ون بوو هـهتـاکـو دامـان
تاریـك بوو وهختی نیوەڕۆو عەصــر
ئینســـان بـه جارێ کەوتە نـاو خوسر
لـه دوای پێغەمـەر ـ علیـه السـلام ـ
مەحزوون بوو ئەرزو خەواص‌و عـەوام
ئەرز لەبەر ئەســـەف کەوتـه زەلزەلە
بگرین شـەرق‌و غەرب بۆی به وەلوەلە
هەمـوو بـا بگریـن لـەبـەر نـەمـانی
موضــــەرو هەموو خەڵقی یـەمـانی
گـاڵتـەم پێ مـەکـەن شـیعر نازانم
پیرو خەرەفـاو ، نیـوه ئینســــــانم

١٨/٢٩٠٨ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : كنت [سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : ما من نبي يمرض إلا خُيِّرَ • ح ـ ٨٣/٧] أسمع أنه لا يموت نبي حتى يخير بين الدنيا والآخرة ، فسمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول في [شكواه الذي قبض • أخرى] مرضه الذي مات فيه وأخذته بحة [شديدة • أخرى] يقول : (مع الذين أنعم الله عليهم ••• الآية) [يعني (من النبيين والصديقين والشهداء والصالحين ، وحسن أولائك رفيقا)[1] قالت : فظننت [فعلمت • أخرى] أنه خير • ح ـ ٤٥٣/٦ • ح ـ ٨٣/٧ • م ـ ٢٣٧/٩ •

(١) النســـاء / ٦٩ .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : هەرچی پێغەمەر هەیە لە وەختی وەفاتیا تا موخەییەر نەکرێ لە بەینی دنیاو ئاخیرەتا وەفات ناکا • لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست لەو نەخۆشیەدا کە وەفاتی تیا کردو کەوتە غەرغەرە ئەیفەرموو : لەگەڵ ئەوانەی کە خوا نیعمەتی داونێ کە پێغەمەران‌و صەدیقان‌و شەهیدان‌و صـولەحان ، یەعنی بمکە بە رەفیقی ئەوانە ، رەفیقایەتی ئەوانە لە رەفیقایەتی خەڵقی تر چاترە • ئەو وەختە لێم مەعلووم بوو کە موخەییەر کراوە •

١٩/٢٩٠٩ ـ عن عائشـة زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ورضي عنها ـ قالت : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول وهو صحيح : إنه لم يقبض نبي قط حتى يرى مقعده في الجنة ثم يخير • قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فلما نزل برسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ورأسه على فخذي غشي عليه ساعة ثم أفاق ، فأشخص بصره الى السقف ، ثم قال : أللهم الرفيق الأعلى • قالت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قلت : إذا لا يختارنا • قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : وعرفت الحديث الذي كان يحدثنا به وهو صحيح في قوله : إنه لم يقبض نبي قط حتى يرى مقعده من الجنة ثم يخير • قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فكانت تلك آخر كلمة تكلم بها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قوله : اللهم الرفيق الأعلى • م ـ ٩/٣٣٧ •

تەرجەمە :

عایشەی حەرەمی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنها ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە ساغ بوو ئەیفەرموو :

هیچ پێغەمەرێ تا جێی خۆی لە بەهەشتا نیشان نەدرابێ وەفاتی نەکردوە ، لە دوای ئەمە کە جێی خۆی پێ‌نیشاندرا لە بەینی دنیاو ئاخیرەتا موخەییەر ئەکرێ •

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : کـــە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەو نەخۆشیەی کە وەفاتی تیاکرد ، بۆی[1] هات سەری لەسەر رانم بوو بیهۆش کەوت تا ساعەتێ ، کە هۆشی هاتەوە بـەر چـوی بڕییە سەقفەکەو فەرمووی : خوایا لەگەڵ ئەو رەفیقە پایە بڵندانە • یەعنی ئەبم • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : وتم : ئیتر ئێمە ئیختیار ناکا • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ئەو ودختە لـەو حەدیثە گەییم کە لە حاڵی حەیاتیا ئەیفەرموو • (اللهم الرفيق الأعلى) ئاخر کەڵیمەیێ بوو کە تەکەللومی پێکرد •

٢٠/٢٩١٠ ـ عن ســـعيد بن جبير [رحمه الله تعالى] قــال : ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ : يوم الخميس وما يوم الخميس ؟ ثم بكى حتى بلّ دمعه الحصى ، فقلت : يا ابن عبـاس وما يوم الخميس ؟ قــال : اشتد برسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وجعه [يوم الخميس • ح] فقال : ائتوني أكتب لكم كتاباً لا [لن • ح] تضلوا بعدي ، فتنازعوا وما ينبغي عند نبي تنازع • وقالوا : ما شأنه ؟ أهجر ؟ استفهموه • قال : دعوني فالذي أنا فيه خير • أوصيكم بثلاث : أخرجوا المشركين من جزيرة العرب ، وأجيزوا الوفد بنحو ما كنت أجيزهم [ونســـيت الثالثة • ح ـ ١٦٢/٥ = قال : = وسكت عن الثالثة ، أو قالها فأنســـــــيتها • م ـ ٧/٩٩ • ح ـ ١٦٢/٥ • [الساكت ابن عباس ، والناسي ابن جبير ، والثالثة جيش

(١) لێرەدا دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی حەرفی کردوەو ، ئەگەر شـــتێکی تێبرێ ماناکە رەساتر دەبێت وەك بوترێ : کە ئازارو سەختی گرتی •

أسامة . نووي] . فكان ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : ان الرزيه كل الرزية ما حال بين رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وبين أن يكتب ذلك الكتاب من اختلافهم ولغطهم . م ـ ٧/١٠٠ ، ح ـ ١/٢٠٣

وقال يعقوب بن محمد : سألت المغيرة بن عبدالرحمن عن جزيرة العرب فقال : مكة ، والمدينة ، واليمامة ، واليمن . وقال يعقوب : والعرج [قرية] أول تهامة . ح ـ ٥/١٦٤ .

٢٩١١/٢١ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : لما حضر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وفي البيت رجال فيهم عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هلم أكتب لكم كتاباً لا تضلون بعده . فقال عمر : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد غلب عليه الوجع وعندكم القرآن حسبنا كتاب الله . فاختلف أهل البيت ، فاختصموا ؛ فمنهم من يقول : قرِّبوا يكتب لكم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كتاباً لن تضلوا بعده ، ومنهم من يقول ما قال عمر ، فلما أكثروا اللغو والاختلاف عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : قوموا [عني ، فلا ينبغي عندي التنازع . ح ـ ١/٢٠٣] م ـ ٧/١٠٠ واللفظ لهذا ح ـ ١/٢٠٣ ، ح ـ ٦/٤٥٢ .

خۆلاصەی هەمووی :

سەعیدی کوڕی جوبەیر ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ = فەرمووی = : [يوم الخميس ، وما يوم الخميس] رۆژی پێنج شەمە ، رۆژی پێنج شەمە چ رۆژێکە ؟ چەند خراپە ! وتم : ئەی ئیبنوعەباس رۆژی پێنجشەمە چیە ؟ فەرمووی : لە رۆژی پێنج

شەمەدا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ناساغیەکەی شیددەتی سەند ، فەرمووی : قەڵەمو دوێتو کاغەزم بۆ بێنن شتێکتان بۆ بنووسم کـە لـە دوای من رێ ون نەکەن • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ناساغیەکەی غەلـەبەی لێ‌کردوە ، قورئانتان لایـە ، قورئان بـۆ ئێمە کافیـە • ئەوانەی حازربوون لەوێـدا ئیختیلافیان بوو ، کەوتنە جەدەل ، بەعزێ ئەیانوت : قـەڵـەمو دوێتی بۆ بێنن ، بەعزێکیان ئەوەی ئەوت کە ئیمامی عومەر ئەیفەرموو • کە ئیختیلافو دەنگەدەنگیان زۆر کرد لە خزمەتیا فەرمووی : لـە لام هەڵسن ، لای من لایەق نیە کە نیزاع بکرێ ، ئەو حاڵەی منی تیـام بـۆ من لەوە چـاتـرە ، وەصیەتتان بە سێ شت پێ‌ئەکەم : موشریك لـە (جزیرة العرب) بکەنـە دەرێ • ئەوانەی کـە بـە فروســتادەیی بێن ئیکرامیـان بگرن وەك من گرتوومە • ســـــەعید ئەفەرموێ : سێیەمەکـەم لـە فکر چوەتەوە ، یـا ئیبنوعەباس لێی بێدەنگ بوو •

[ئەگەر چی نەوەوی ئەڵێ : سێیەمیان تەجهیزی جەیشی ئوسامەیە ، ئەمما ئەوە بە جوێ لە حەدیثێکی ترا هەیە] •

لـە دوای ئەوە ئیبنوعەباس ـ رضـي الله تعـالی عنه ـ ئەیفـەرموو : موصیبەتێ کە لە هەموو موصیبەتێ گەورەتر بێ ، ئـەو ئیختیلافـەو دەنگە دەنگەیە کە بوو بە مانیعی ئەوە کـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شتێکمان بۆ بنووسێ •

[لە حەقیقەتا ئەوە موصیبەتێکی گەورەیە بوە بە عوقدەو ســـــەبەبی مەعنای خراپو تەفرەقە لە بەینی ئوممەتا • ئەمما موحەققەق ئەوە ئەمرێکی (لازم التبلیغ)و فەرز نەبوە گینا ئەو ئیختیلافە نەئەبوو بە مانیع ؛ چونکی

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە هەموو ئەحوالێکا تەبلیغی لەسەر لازم بوە ، لە دوای ئەو رۆژە تا رۆژی دوو شەممە ژیا ، تەشریفی چوە مزگەوت ئیمامەتی بۆ کردن ، هۆشی لەسەر خۆی بوو ، ئەگەر دوو کەلیمە بمایە کە تەبلیغی لازم بێ لە موددەی ئەو سێ چوار رۆژەدا تەبلیغی ئەکرد . کە وابێ ئیمامی عومەر - رضي الله تعالی عنه - لە ئیجتیهادەکەیا زۆر زۆر موصیب بوە . زۆر دوورە لە ئیجتیهادا بە خەطا بچێ . والله أعلم] .

یەعقووبی کوڕی محمد - رحمه الله تعالی - ئەفەرموێ : لە موغیرەی کوڕی عەبدوڕەحمانم پرسی : (جزیرة العرب) کوێیەو تا کوێیە ؟ فەرمووی : مەککەو ، مەدینەو ، یەمامەو ، یەمەنە . یەعقووب ئەفەرموێ : عەرج کە دێیەکە لە ئەووەڵی تەهامەیە .

٢٢/٢٩١٢ - عبيدالله بن كعب بن مالك الأنصاري ، وكان كعب [رضي الله تعالى عنه] أحد الثلاثة الذين تيب عليهم ، أن عبدالله بن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أخبر أن علي بن أبي طالب [رضي الله تعالى عنه] خرج من عند رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - في وجعه الذي توفي فيه . فقال الناس : يا أبا الحسن كيف أصبح رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟ فقال : أصبح بحمد الله بارئا . فأخذ بيده عباس بن عبدالمطلب [رضي الله تعالى عنه] فقال له : أنت والله بعد ثلاث عبدالعصا ، واني والله لأرى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - سوف يتوفى من وجعه هذا ، إني لأَعْرِف وجوه بني عبدالمطلب عند الموت ، اذهب بنا الى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فلنسأله فيمن هذا الأمر ، ان كان فينا علمنا ذلك ، وان كان في غيرنا علمناه فأوصى بنا . فقال علي [رضي الله تعالى عنه] : انا والله لئن سألناها رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم -

فَمَنَعَنَاها لا يعطيناها الناس بعده ، واني والله لا أســألها رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ح ـ ٦/٤٥٧ •

تەرجەمە :

عوبەیدوڵلای کوڕی کەعبی کوڕی مالیکی ئەنصـــــاریی ، کەعب ـ رضي الله تعالى عنه ـ لـەو سیانە بوو کـە خوا تەوبەی لێ قەبووڵ کردن [لەبەر ئەوە کە تەخەللوفیان کـرد لـە غەزای تەبووکا] ئەفەرموێ : کـە عەبدوڵلای کوڕی عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی لە خزمەت رەسولەڵلاّ هاتەدەرێ لەو نەخۆشـیەدا کە وەفاتی تیاکرد خەڵق لێیان پرسی : ئەی (أبو الحسن) پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چۆنە ؟ فەرمووی : (الحمد لله) خەلەصیت • عەباسی کوڕی عەبدولمەطەلیب ـ رضي الله تعالى عنـه ـ دەستی گرت فەرمـووی : وەڵلاهی لە دوای سێ رۆژ ئەبی بە عەبدی عەصا ، یەعنی بـە مەجبووریی ئەبی بە تابیع • وەڵلاهی وا ئەبینم کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەم نەخۆشیەی وەفات ئەکا • من لە وەختی مردنا ئەزانم کە رووی ئەولادی عەبدونوطەلیب چۆن ئەبێ با بچینە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ لێی بپرسین ئەم ئەمری خەلافەتە دوای ئەو بۆ کێ ئەبێ ، ئەگـەر لە ناو ئێمەدا بێ وا لێمان مەعلووم ئەبێ • ئەگەر لە ناو غەیری ئێمەدا بێ وا ئەزانینو وەصیەتمان دەرحەق ئەکـا • عـەلی ـ رضـي الله تعـالى عنـــه ـ فەرمووی : وەڵلاهی ئەگەر لێی پرسینو نەیدا بە ئێمە لە دوای ئەو خەڵق قەت نامانده‌نێ ، وەڵلاهی من لێی ناپرسم •

٢٩١٣/٢٣ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ دخل عبدالرحمن بن أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] على النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأنا مسندته إلى صدري [أي بعد ما كان رأسه الشريف على فخذها] ومع

عبدالرحمن سواك رطب يستن به ، فأبَدَّهُ [فأمده • نسخة] رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بصره فأخذت السواك فقصمته ونفضـــته وطيبته ، ثم دفعته الى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فاستنّ به ، فما رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ استنّ اسـتناناً = قط = أحسن منه ، فما عدا أن فرغ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رفع يـده وأصبعه ثم قال : في الرفيـق الأعلى ثلاثاً = قضى = وكانت تقول : مات ورأسه بين حاقنتي وذاقنتي ح ـ ٦/٤٥٦ • وفي أخرى : فلا أكره شدة الموت لأحد أبدا بعد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ح ـ ٦/٤٥٧ •

٢٩١٤/٢٤ ـ وعنها كانت تقول : إن من نعم الله تعالى عليّ أن رسول الله توفّي في بيتي وفي يومي بين سحْري [الرئة] ونَحْري [موضـــع القلادة من الصدر] وان الله جمع بين ريقي وريقه عند موته • دخل عليّ عبدالرحمن وبيده السواك ، وأنا مسندة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ فرأيته ينظر إليه وعرفت أنه يحب السواك ، فقلت : آخـذه لك ؟ فأشار برأسه ان نعم ، فتناولته فاشتد عليه [الوجع] وقلت : ألَيِّنُهُ لك ؟ فأشار برأسه : ان نعم ، فلينته [فضعف النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأخذته فمضغته ثم سننته به • ح ـ ٥/١٩١] وبين يديه ركوة ، أو علبة ، يشك عمر فيها ، ماء ، فجعل يدخل يديه في الماء فيمسح بهما وجهه يقول : لا إلـه إلا الله ، ان للموت سكرات ، ثم نصب يده فجعل يقول : في الرفيق الأعلى ، حتى قبض ومالت يده • ح ـ ٦/٤٥٨ •

٢٩١٥/٢٥ ـ عائشة [رضي الله تعالى عنها] سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأصغت إليه قبل أن يموت وهو مســـــند إليّ ظهـره يقول : أللهم اغفر لي وارحمني وألحقني بالرفيق [الأعلى] ح ـ ٦/٤٥٥ •

٢٩١٦/٢٦ ـ قالت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : في مرضه الذي مات فيه : يا عائشــة ما أزال أجد ألم الطعام الذي أكلت بخيبر ، أَوانُ وجـدت انقطاع أبْهَرِي من ذلك السم • ح ـ ٦/٤٥٠ [الأبْهَر عِرق مستبطن بالصلب متصل بالقلب ثم تتشعب منه سائر الشرايين إذا انقطع مات صاحبه • قسطلاني] •

به تەرتیب مەعنای ئەم حەدیثانە ، دوو حەدیثیان مەئالیان یەکێـکە ، بەعزێ فەرقیان هەیە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەیفـەرموو : لەو نیعمەتانەی خوایـە ـ عز وجل ـ کە پێی عەطا فەرمووم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ماڵی منا لە ڕۆژی منا لە بەینی جگەرماو سنگما • لە ریوایەتەکەی تریا : لە بەینی چۆلەمەی ســـنگماو چەناکەما وەفـاتی کـــرد • = لـە کـاتی سەرەمەرگیا = خوای تەعالا تفی منو ئەوی بـە یەکەوە جەمع کـردەوە : عەبدوڕەحمانی برام هاتە لام ، سیواکێـکی تەڕی بەدەستەوە بوو سیواکی پێ ئەکرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم پاڵدابوو بە سنگمەوە ، چاوی بڕییە سیواکەکە ، زانیم کـە حەزی لێ ئەکا ، عەرزم کـرد : بـۆت وەربگرم ؟ بە چاو ئیشارەتیکرد : بەڵێ • وەرمگرت ، نەخۆشـــیەکەی شیددەتی سەند ، عەرزمکرد : بۆت نەرم بکەم ؟ بە چاو فەرمووی : بەڵێ • بۆم نەرمو باشکرد ئەمجا دامە دەستی ، سیواکێکی زۆر جوانی کرد قەت نەمدیبوو سیواکی وا بکا ، کە لە سیواکەکەی بۆوە سێ دەفعە فەرمووی : (في الرفيق الأعلى) لە ریوایەتەکەی ترا : زەرفێ ئاو لە بەردەمیا بوو دەستی ئەخستە ناوو مەســــحی دەمو چـاوی پێ ئەکردو ئەیفەرموو : مردن ســــەکەراتێکی زۆری هەیە • لـە پاشا دەستی هەڵبڕیو فەرمووی (في الرفيق الأعلى) تـا ڕۆحی شەریفی قەبضکراو دەستی بەلادا هـات •

لە ریوایەتێکدا بۆ سیواککردن لە قووەت کەوت ، چووم و بۆم نەرمکردو سیواکم کرد [ئەبێ ئەم زەعیفبوونەی دوای سیواککردنی خۆی بووبێ ، یەعنی لە پێشدا خۆی سیواکێکی جوانی کرد ، تەمای بوو تکراری بکاتەوە نەیتوانی . دووبارە بۆم نەرمکردەوەو سیواکم کرد . واللە أعلم] .

عایشە - رضي اللە تعالی عنها - ئەفەرموێ : پاڵی دابوو بە سنگمەوە گوێم دابێ ئەیفەرموو : خوایا لێم خۆش بە ، رەحمم پێ بکە ، بم بە بۆ رەفیقی ئەعلا .

عایشە - رضي اللە تعالی عنها - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلی اللە تعالی علیه وسلم - لە مەرەضی مەوتیا فەرمووی : ئەی عایشە بە دەوام ئێشی ئەو طەعامە حیس ئەکەم کە لە خەیبەر خواردم[1] ، ئێستە بە تەحقیق حیسی ئەوە ئەکەم کە رەگی رۆحم بەو زەهرە بچڕا . ئەو رەگە رەگێکە لە باطینی پشتیە موتەصیلە بە دڵەوە ، لەوێوە شوعبە شوعبە ئەبێ بۆ ئەعزاکانی تری . لە پشتا ئەبهەری پێ ئەڵێن . لە قۆڵا ئەکحەلی پێ ئەڵێن ، لە پێدا نەسای پێ ئەڵێن . کە بچڕا ئینسان ئەمرێ .

٢٩١٧/٢٧ - عن عبیداللە بن عبداللە بن عتبة [بن مسعود . أحد الفقهاء السبعة] قال : دخلت علی عائشة - رضي اللە تعالی عنها - فقلت : ألا تحدثیني عن مرض رسول اللە - صلی اللە تعالی علیه وسلم - ؟ قالت : بلی ثقل النبي - صلی اللە تعالی علیه وسلم - فقال : أصلی الناس ؟ قلنا لا هم ینتظرونك . قال : ضعوا لي ماء في المخضب . قالت : ففعلنا فاغتسل ، فذهب لینوء فأغمي علیه ثم أفاق . فقال - صلی اللە تعالی علیه وسلم - : أصلی الناس ؟ قلنا : لا هم ینتظرونك یا رسول اللە . قال : ضعوا لي ماء في

(١) لێرەدا تەرجەمەکە تۆزێك ئاڵۆزبوو کەمێك دەسکاریم کرد . مەبەستی لەو طەعامە ئەوەیە کە ژنە جوویەك ویستی دەرمانخواردی بکا . بڕوانە ل : (٣١٦)ی بەرگی چوارەمی ئەم کتێبە .

المخضب • قالت : فقعد فاغتسل ، ثم ذهب لينوء فأغمي عليه ، ثم أفـاق ، فقال : أصلى الناس ؟ قلنا : لا هم ينتظرونك يا رسول الله • فقال : ضعوا لي ماء في المخضب ، فقعد فاغتسل ثم ذهب لينوء فأغمي عليه ، ثم أفاق ، فقال : أصلى الناس ؟ فقلنا لا هم ينتظرونك يا رسول الله ، والناس عكوف في المسجد ينتظرون النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لصلاة العشـــاء الآخرة • فأرسل النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ إلى أبي بكر [رضي الله عنه] بأن يصلي بالناس ، فأتاه الرسول ، فقال : ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يأمرك أن تصلي بالناس ، فقال أبو بكر ـ وكان رجلاً رقيقاً ـ : يا عمر صل بالناس ، فقال له عمر : أنت أحق بذلك • فصلى أبو بكر تلك الأيـام •

ثم أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وجد من نفسه خفة فخرج بين رجلين أحدهما العباس لصلاة الظهر ، وأبو بكر يصـلي بالناس ، فلما رآه أبو بكر ذهب ليتأخر فأومأ إليه النبي ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ بأن لا يتأخر • قال : أجلساني إلى جنبه • فأجلسـاه إلى جنب أبي بكر • قال : فجعل أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] يصلي وهو قائم بصلاة النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ والناس بصلاة أبي بكر والنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قاعد •

قال عبيدالله : فدخلت على عبدالله بن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فقلت له : ألا أعرض عليك ما حدثتني عائشة [رضي الله تعالى عنها] عن مرض النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قال : هات • فعرضت عليـه حديثها ، فما أنكر منه شيئاً غير أنه قال : أسَمَّت لك الرجل الذي كان مع العباس ؟ قلت : لا • قـال : هو علي [بن أبي طالب ـ رضـي الله تعـالى عنه ـ] ح ـ ٢/٤٥ • م ـ ٣/٥٨ • ن •

٢٩١٨/٢٨ - عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] قال : مرض النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فاشتد مرضه ، فقال : مروا أبا بكر فليصل بالناس ، قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : إنه رجل رقيق إذا قام مقامك لم يستطع أن يصلي بالناس ، قال : مروا أبا بكر فليصل بالناس • فعادت فقال : مري أبا بكر فليصل بالناس ، فإنكن صواحب يوسف ، فأتاه الرسول فصلى بالناس في حياة النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - • ح - ٤٠/٢ • ح - ٣/ في أحاديث الأنبياء • م - ٣/ في الصلاة •

٢٩١٩/٢٩ - عن عائشة أم المؤمنين [رضي الله تعالى عنها] أنها قالت : ان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال في مرضه : مروا أبا بكر يصلي بالناس • قالت عائشة : قلت : ان أبا بكر اذا قام في مقامك لم يسمع الناس من البكاء ، فمر عمر فليصل بالناس • فقالت عائشة : فقلت لحفصة : قولي له ان أبا بكر اذا قام في مقامك لم يسمع الناس من البكاء ، فمر عمر فليصل بالناس • ففعلت حفصة ، فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : مه ! إنكن لأنتن صواحب يوسف • مروا أبا بكر فليصل بالناس • فقالت حفصة لعائشة : ما كنت لأصيب منك خيرا • ح - ٤١/٢ • م - ٦٣/٣ •

٢٩٢٠/٣٠ - عائشة - رضي الله تعالى عنها - زوج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قالت : لقد راجعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - في ذلك ، وما حملني على كثرة مراجعته إلا أنه لم يقع في قلبي أن يحب الناس بعده رجلاً قام مقامه أبدا ، وإلا أنى كنت أرى أنه لن يقوم مقامه أحد إلا تشاءم الناس به فأردت أن يعدل = ذلك = رسول الله - صلى

الله تعالی علیه وسلم ـ عن أبي بكر [رضي الله تعـالی عنـه] م ـ ٣/٦٢ ؛
ح ـ ٦/٤٥٧ •

تەرجەمە :

مەئالیان بە جارێ ، چونكی یەك واقیعەیە لە لەفظا بەعزێ فـەرقیـان هـەیـە •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ كە نەخۆشـیەكەی گران ئەبێ نوێژی خەوتنان ئەپرسێ : خەڵق نوێژی كردوە ؟ عەرزی ئەكەن : خەیـــر مونتەظیری تۆن • ئەفەرموێ : ئاوم بۆ داتێن • لە سوێنەیێكا بۆیان دانا ، غوسڵی كرد ، تەمای بوو هەڵسێ بێهۆش بوو ، كە ئیفاقەی بوو دووبارە پرسی : خەڵق نوێژیان كردوە ؟ عەرزیانكرد : خەیر (یـا رســـــول الله) مونتەظیری تۆن • فەرمووی : ئاوم بۆ كەنە سوێنەیێكەوە ، غوسڵی كرد ، تەمای بوو هەڵسێ بێهۆش كـەوت • تـا سێ جار بـەم نەوعە لـە جاری چوارەما فەرمووی : بە ئەبوبەكر بڵێن : نوێژ بە خەڵق بكا • عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : عەرزمكرد : (یا رسول الله) ئەبوبەكر پیاوێكە دڵنەرم ئەگەر لە جێی تۆ رابوەســـتێ ئەگری ، لـەبـەر گریـان دەنگی قیرائەتەكەی ناگەیێنێ بـە خەڵق ، ئەمر بكە بـە عومەر نوێژیان بۆ بكا • فەرمووی : ئـەمـر بكەن بـە ئەبوبـەكر نوێژیان بۆ بكـا ، دووبارە ئەوەم عەرزكردەوە • فەرمووی : ئەمـر بكە بـە ئەبوبەكر نوێژیان بۆ بكا • بـە حەفصەم وت : تۆ پێی بڵێ • ئەویش عەرزیكرد • فەرمووی : واز بێنن ، ئێوە لەو ژنانەن كە حیلەیان كرد لە یوسف [علیه السلام ـ كە زلێخا كۆی كردنەوە بەو مەقصەدە كە یوسفیان پێنیشان بدا بە مەعذووری بزانن كـە بۆچی عاشقی یوسف بوە • بە ظاهیری ضـــیافەتی بۆ كردوون (ظاهرا) زلێخـا دەعوەتی بۆ كردوون بۆیێكیـان بانگ ئەكـا ، لە (نفس الأمر)ا

بۆیێکی بانگکردوون کە یوسف ببینن ، لە عەشقا بە مەعذووری بگرن ، یەعنی چۆن قسەی دڵو زمانی زلێخا یەك نەبوە قسەی عایشەو دڵی یەك نەبوە • مەقصوودی وایە کە خەڵق تەشائوم بە ئەبوبەکر نەکەن] •

لە دوای ئەوە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەوەی فەرموو حەفصە بە عایشەی وت : لە تۆوە قەت تووشی خێر نەبووم • ئەمجا چوون خەبەریان دا بە حەزرەتی ئەبووبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ • بە عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ی فەرموو : تۆ نوێژیان بۆ بکە • عەرزیکرد : تۆ لە من بە ئیمامەتی لایەقتری • ئەبوبەکر لەو رۆژانەدا نوێژی بۆ کردن • لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رۆژێ وەختی نیوەڕۆ لە وجوودیا خیففەتی[1] بینی ، لە بەینی دوو پیاوا یەکێکیان حەزرەتی عەباس بوو ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەشریفی چوو بۆ مزگەوت ، حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ نوێژی بۆ ئەکردن ، کە حیسی ئەوەی کرد کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هاتوە تەمای بوبچێتە دواوە ، میحرابەکە بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بەجێبێڵێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیشارەتی فەرموو کە لە جێی خۆی بوەستێ • ئەمری فەرموو بەو دوو پیاوە کە لە تەنیشت ئیمامی ئەبوبەکرەوە داینێن • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بە پێوە بە نوێژی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دانیشتبوو خەڵقیش بە نوێژی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ نوێژیان ئەکرد [بە پێوە] •

عوبەیدوڵلای کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعوود کە یەکێکە لە فوقەهای سەبعەی مەدینە ئەفەرموێ : ئەم حەدیثەم لە عایشە

---

(۱) واتە : لەشی سووك بوو ، ئازارەکەی کەمێ بەری دا .

ـ رضي الله تعالى عنها ـ بيست چووم عەرزی ئيينوعەباسم كرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئينكاری هيچیی نەكرد ، ئەوەندەی فەرموو : نـاوی ئـەو پياوەی نەبرد كە لەگەڵ عەباســـا بوو ؟ عەرزم‌كرد : خەير • فەرمووی : حەزرەتی عەلی بوو ـ رضي الله تعالى عنهم ـ •

عايشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لەو خوصووصەوە كـە ئەوەندەم موراجەعەتی پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وســلم ـ كــرد مەقصوودم هەر ئەوە بوو قەت بە دڵما نەئەهات كە خەڵق ئەو كەســەيان خۆش بوێ كە لە دوای پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كە لە جێی راوەســتا بێ‌و ئيمامەتی كردبێ • هەر لام وابوو هەر كەسێ لـە مەرەضی مەوتی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە جێی ئەو بوەستێ‌و نوێژ بە خەڵق بكا خەڵق تەشائومی پێ ئەكەن ، مەقصوودم وابوو ئەم تەشائومە لە باوكم لادەم ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەم ئيمامەتی‌يە حەواڵەی يەكێكی تر بكا •

ئەمەو قســـە لەگەڵ ئيمامی عەليدا نەكردنی لەبەر حادیثەی (إفك) ، موقتەضای طەبيعەتی بەشەرە • ئيختياريی نيە ، نابێ بە عەيب بۆ عايشـــە ـ رضي الله تعالى عنها ـ •

٣١/٢٩٢١ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] أن أبا بكر [رضي الله تعالى عنه] كان يصلي بهم في وجع النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ الذي توفي فيه [فلم يخـرج ثلاثاً • أخرى] حتى كـان يوم الاثنين وهم صفوف في الصلاة ، فكشف النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ســـتر الحجرة ينظر إلينا وهو قائم [فلما وضح وجه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ما رأينا منظراً كان أعجب إلينا من وجه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حين وضح لنا ، فأومأ النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ إلى

أبي بكر أن يتقدم ، وأرخى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ الحجاب فلم يقدر عليه حتى مات • أخرى] كأن وجهه ورقة مصحف ، ثم تبسـم يضحك ، فهممنا أن نفتتن من الفرح برؤية النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فنكص أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ على عقبيه ليصل الصف ، وظن أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خارج الى الصلاة ، فأشـار إلينا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن أتموا صـلاتكم ، وأرخى الستر فتوفي من يومه • ح ـ ٢/٤١ ، م ـ ٣/٦٤ •

تەرجەمە :

لە مەرەضی مەوتی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [سێ رۆژ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی نەچوەدەرێ بۆ مزگەوت] ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ نوێژی پێ‌ئەکردن تا رۆژی دوو شـەمە هات ، خەڵق نوێژیان دابەستبو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـە وسلم ـ پەردەی حوجرەی سەعادەتی لادا بە پێوە تێمان ئەفکری رووی موبارەکی وەك پەڕەی موصحەف وا سپی‌و جوان بوو ، لە پاشـا بە تەبەسسومەوە پێکەنی [کـە رووی موبـارەکمان بۆ دەرکـەوت مەنظەرەیێکی ئەوەنـدە جوان‌و عەجیبمان نەدیبو • أخرى] لە خۆشیا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـمان دی وەخبو شێت بین • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پاشەوپاش هاتەدواوە کە بچێتە ناو صەف ، = وای زانی کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی یێتە دەرەوە بۆ نوێژ = پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـە وسلم ـ ئیشـارەتی کردینێ کـە نوێژەکەتان تەواو بکەن‌و ، پەردەکەی دادایەوە ، هەر ئەو رۆژە وەفاتی کرد ـ عليه الصلاة والسلام ـ •

٣٢/٢٩٢٢ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يسأل في مرضه الذي مات فيه يقول : [أين أنا

اليوم] أين أنا غداً = أين أنا غداً = ؟ يريد يوم عائشة ، فأذِنَّ له أزواجه يكون حيث شاء ، فكان في بيت عائشة حتى مات عندها • قالت عائشة : فمات في اليوم الذي كان يدور علي فيه في بيتي ، فقبضه الله وأن رأســه لبين نحري وسَحْري ، وخالط ريقه ريقي • ثم قالت : دخل عبدالرحمن بن أبي بكر ومعه سواك يستن به ، فنظر اليه رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فقلت له : أعطني هذا الســـواك يا عبدالرحمن ، فأعطانيه فقضمته ثم مضغته ، فأعطيته رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فاستنَّ به وهو مستند إلى صـــدري • ح ـ ٦/٤٥٩ فجمع الله بين ريقي وريقه في آخر يوم من الدنيـا وأول يـوم من الآخـــرة • ح ـ ٦/٤٦٠ • [وزاد أحمد فلما خرجت نفسه لم أجد ريحاً قط أطيب منها] •

وأما ما روي أنه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ توفي وهو مستند الى صدر علي بن أبي طالب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فضعيف لا يحتج به ، وفي كل طريق من طرقه شيعي • قسطلاني] •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیەوسلم ـ لە مەرەضی مەوتیا ئەیپرسی : [ئیمڕۆ من لە کوێم] سبەینێ = من = لە کوێم = سبەینێ من لە کوێم = ؟ مەقصوودی ڕۆژی عایشـە بوو • ئەزواجی طاهیرات ـ رضي الله تعالى عنهن ـ = ئیذنیان دا = لە هەر کوێێ خۆی هەوەسی پێێ لەوێ بێ ، لـە ماڵی عایشەدا بوو تـا لای ئەو وەفاتی فەرموو • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : لـەو ڕۆژەدا وەفاتی فەرموو کـە لە دەورەی منـا بوو ، لە ماڵی منا خوا ـ عز وجـل ـ قەبضی ڕۆحی شەریفی کرد لە بەینی سنگو جگەرما [کە ڕۆحی شەریفی

لە جەسەدی موبارەکی چوە دەرێ بۆنێکی ئەوەندە خۆشی لێ هات قەت بۆنی وام نەبیستبو . أحمد] تفی لە ئاخر رۆژی دنیادایو ئەووەڵ رۆژی ئاخیرەتیا تێکەڵ بە تفی من بوو . [إلى آخر ما في] سیواکی عەبدوڕەحمانی[1] برای ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

[ئەوەی کە شیعە ریوایەتی ئەکەن کە لە وەختی وەفاتیا پاڵی دابو بە سنگی ئیمامی عەلیەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ زەعیفە ئیستیدلالی پێ ناکرێ . لە کوللی طەریقێکیا شیعەیێ هەیە] .

كفنه ـ عليه الصلاة والسلام ـ[2] :

٢٩٢٣/٣٣ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كُفن في ثلاثة أثواب يمانية بيض سحولية [مقصورة] من كُرسف [قطن] ليس فيهن قميص ولا عمامة . ح ـ ٣٧٢/٢ . م ـ ٢٧٨/٤ . د ، ن ، جه .

٢٩٢٤/٣٤ ـ وعنها قالت : كفن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في ثلاثة أثواب بيض سحولية من كرسف ليس فيها قميص ولا عمامة [بعد ما نزع عنه ـ عليه الصلاة والسلام ـ الحلة التي كانت لعبدالله بن أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كما في أخرى] أما الحُلّة فإنها شبّه على الناس فيها أنها اشتريت له ليكفن فيها ، فتركت الحلة وكفن في ثلاثة أثواب بيض سحولية فأخذها عبدالله بن أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] فقال : لأحبسنها حتى أكفن فيها نفسي ، ثم قال : لو رضيها الله ـ عز وجل ـ لنبيه لكفنه فيها ، فباعها وتصدق بثمنها . م ـ ٢٧٨/٤ .

---

(١) مەبەستی حەدیثی (٢٩١٣/٢٢)ە کە لەم بەرگەدا رابورد .
(٢) کفنکردنی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە حوللەیێکی[1] عەبدوللای کوڕی ئەبوبەکرا ـ رضـي الله تعالی عنهما ـ کفن کرا ، لە پاشا لە بەری داکەنرا ، لـە سێ ئەوبی سـپیی گازرکراوی لۆکەدا کفن کرا کراس‌و مێزەری تیا نەبوو •

[شافیعی ئەفەرموێ : هەر سیان بوو ، کراس‌و مێزەر هەر نەبوو • مالیك ئەفەرموێ : غەیری کراس‌و مێزەر سیان‌و بـە کراس‌و مێزەرەکەوە پێنج بوو] •

لە حوللەکەدا خەڵق ئیشتیباهیان لێی بوو کە بۆی کڕرابێ کە تیا کفن بکرێ ، تێیانا کفن نەکرد • عەبدوللا ـ رضي الله تعـالی عنــه ـ هەڵی گرت = وتی = : کە ئەیکەم بە کفن بۆ خۆم • لە پاشا وتی : پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تیا کفن نەکراوە ئێستە منی تیا کفن ئەکرێم ! ئەگەر خوا بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رازی بوایە ئەوی تیا کفـن ئەکرا ، فرۆتی پارەکەی کرد بە صەدەقەی •

النهي عن اتخاذ روضته مسجدا(٢) :

٣٥/٢٩٢٥ ـ عائشة وعبدالله بن عباس [رضي الله تعالى عنهم] قالا : لما نزل برسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ طفِق يطرح خميصة له على وجهه فإذا اغتم بها [تسخن] كشفها عن وجهه ، فقال وهو كذلك : لعنة الله على اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مســاجد • يُحَذِّر [مثل]

(١) پۆشـــاکێکی •

(٢) نەهی‌کردن لەوەی کە قەبری پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بکرێ بە مزگەوت .

ما صنعوا • ح - ١/٤٢٥ • م - ٣/١٨٥ ، ن • وفي أخرى قالت : ولولا ذلك لأبرزوا قبره ، غير أني أخشى أن يتخذ مسجدا • ح - ٢/٤١٦ ، م - ٣/١٨٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە ناساغ کەوت لە مەرەضی مەوتیا لیباسێکی درابوو بەسەرا کە وجوودی گەرم دابهێنایە لەسەر خۆی لائەدا ، ئەیفەرموو : لەعنەت لە گاورو جوو بۆ قەبری پێغەمەرەکانیان کردوە بە مەسجید • بەم فەرموودە خەڵقی لەوە مەنع ئەکرد کە قەبری شەریفی بکەن بە مزگەوت وەکوو ئەوان کردوویانە •

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ئەگەر وا نەبوایە قەبری شەریفیان دەرەخست ، ئەوەندەی هەیە ئێشتا ئەترسم بیکەن بە مەسجید [بۆیە حوجرەی شەریفیان (مثلث) کرد کە خەڵق بۆی نەگونجێ لە نوێژا روو بکاتە رەوضەی شەریفی • قسطلاني] •

وفاة ابي بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ(١) :

٣٦/٢٩٢٦ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : دخلت على أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : في كم كفنتم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قالت في ثلاثة أثواب بيض سحولية ليس فيها قميص ولا عمامة • وقال لها : في أي يوم توفي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قالت [في] يوم الاثنين • قال : فأي يوم هذا ؟ قالت : يوم الاثنين • قال : أرجو فيما بيني وبين الليل ، فنظر الى ثوب عليه كان يمرض فيه به رَدْع [لطخ] من زعفران ، فقال : اغسلوا ثوبي هذا وزيدوا عليه ثوبين ،

(١) کۆچی دوایی ئەبوبەکر ـ خ ـ •

فكفّنوني فيها ، قلت : إن هذا خَلَق • قال : ان الحيّ أحق بالجديد من الميت ، إنما هو للمُهلة [القيح] فلم يتوف حتى أمسى من ليـلة الثلاثـاء = ودفن = قبل أن يصبح • ح - ٢/٤٦٦ •

تەرجەمە :

ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - رۆژی جومعــەی حەوتی (جمادی الآخر) رۆژێکی سارد ئەبێ غوسڵ ئەکا نەخۆش ئەکەوێ ، لە دوای ئەمە کە پانزە رۆژ ئەکەوێ لە بیســـــتو دووی (جمادي الآخر)ا شـــــەوی سێشەمە لە پێش سبەینێدا لە ساڵی سێنزەی هیجرەتا وەفاتی کرد • ئومێدی بوو بە قەصدی تەبەڕوك دوو شەمە وەفات بکا • قسطلاني •

عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : لەو نەخۆشیەدا چوومـە لای ، فەرمووی : پێغەمەر - صلی الله تعالى عليه وسلم - تان لە چەند کفنا کفن کرد ؟ عەرزیکرد : لە سێ کفنی سپی گازرکراوا کراسو مێزەری تیـا نەبوو • فەرمووی : ئیمڕۆ چ رۆژێکە ؟ عەرزیکرد : دووشــــــەمەیە • فەرمووی : ئومێدم وایــە لــە بەینی ئێســــــتەو ئێوارێدا وەفات بکــەم • تەماشای ئەو جلەی کرد کە لەبەریا بوو ، لە نەخۆشیا ئەوەی لەبەر ئەکرد ، لەکەیێکی زەردی عەتری پێوە بوو ، فەرمووی : ئەمــە بشۆن دوانی تری لێ زیادبکەن • لەمەدا کفنم بکەن • عەرزیانکرد : ئەمە کۆنە • فەرمووی : زیندوو موستەحەقترە بە تازە ، ئەمە بۆ کێمو جەراحەتە • ئەو رۆژە وەفاتی نەکرد تا کەوتە شەوی سێشەمە ، لە پێش سبەینێدا = بــە خاك سپێررا = رضي الله تعالى عنه[1] •

---

(١) دانـــەر - خ - لــە حەدیثەکەدا کەلیمەی (ودفن)ی لەبیرچوو بوو ، بەو بۆنەوە لە تەرجەمەکەدا هەڵەی کردبوو ، ئێمە چاکمان کرد •

ترمذی لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە - رضي الله تعالى عنهما - بە مەرفووعیی حەدیثێ ریوایەت ئەکا گوایا پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرموویەتی : هیچ موسوڵمانێ نیە کە رۆژی یا شەوی جومعە بمرێ خوا - عز وجل - لە فیتنەی قەبر موحافەظەی نەکا • ئەمما ئیسنادەکەی زەعیفە بۆیە بوخاری لەوە عودوولی کردە سەر ئەم حەدیثە صەحیحە •

وفـاة عمر - رضي الله تعالى عنه -(١) :

٣٧/٢٩٢٧ - عن عروة [رحمه الله تعالى] أن عمر [رضي الله تعالى عنه] أرسل الى عائشة [رضي الله تعالى عنها :] ائذن لي أن أدفن مع صاحبيّ ، فقالت : أي والله • قال : وكان الرجل اذا أرسل إليها من الصحابة قالت : = لا = والله لا أوثرهم بأحد أبدا • ح - ١٠/٣٢٠ •

تەرجەمە :

حەزرەتی عومەر - رضي الله تعالى عنه - کە مەئیووس بوو لە حەیاتی ناردیە خزمەت حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - کە ئیذنی بدا لە خزمەت پێغەمەرو ئەبوبەکرا - صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنه - دفن بکرێ • حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : بەڵێ وەڵڵا ئیذنی ئەدەم • لە پێش ئەوەدا کە خەڵق بیان‌ناردایە خزمەتی کە ئیذنی بدا لەوێدا دفن بکرێن ئەیفەرموو : وەڵڵاهی قەت هیچ کەس تەرجیح نادەم بەسەر خۆما کە لە خزمەتیانا دفن بکرێ • [فەقەط تەرجیحی عومەری - رضي الله تعالى عنه - دا] •

---

(١) کۆچی دوایی عومەر - رضي الله تعالى عنه - .

٢٩٢٨/٣٨ ـ عن عمرو بن ميمون قال : رأيت عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ قبل أن يصاب بأيام [أربعة] بالمدينـة وقف على حذيفة بن اليمان وعثمان بن الحنيف [الأنصـــاري ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وقد بعثهما يضربان على أرض السـواد الخراج ، وعلى أهلها الجزية] قـال : كيف فعلتما ؟ أتخافان أن تكونـا قد حمّلتما الأرض ما لا تطيق ؟ قـالا : حملناها آمرا هي لها مطيقة ، ما فيهـا كبير فضل • قـال : انظرا ان تكونا حملتما الأرض ما لا تطيق • قال : قالا : لا • فقال عمر [رضي الله تعالى عنه] : لئن سلّمني الله تعالى لأدعنّ أرامل أهل العراق لا يحتجن الى رجل بعدي أبدا • قال : فما أتت عليه إلا رابعة حتى أصيب •

قال : إني لقائم ما بيني وبينه إلا عبدالله بن عباس [رضي الله تعـالى عنهما] غداة أصيب ، وكان اذا مرّ بين الصفين قال : اســـــتووا ، حتى = إذا = لم ير فيهن خللا تقدم فكبّر ، وربما قرأ ســـورة يوسـف ، أو النحل ، أو نحو ذلك في الركعة الأولى حتى يجتمع الناس • فما هو إلا أن كبّر ، فســـمعته يقول : قتلني ، أو أكلني الكلب حين طعنه • فطار العلج [أبو لؤلؤة] بسكين ذات طرفين ، لا يمرّ على أحـد يميناً ولا شمالاً إلا طعنه ، حتى طعن ثلاثة عشر رجلاً ، مات منهم سبعة • فلما رأى ذلك رجل من المسلمين [حطان التميمي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] طرح عليه بـرْنساً [قلنسوة طويلة] فلما ظن العلج أنه مأخوذ نحر نفسه ، وتناول عمر يـد عبدالرحمن بن عوف [رضي الله تعالى عنه] فقدّمه ، فمن يلي عمر [رضي الله تعالى عنه] فقد رأى الذي أرى ، وأما نواحي المسجد فإنهم لا يدرون ، غير أنهم قـد فقدوا صـوت عمر [رضي الله تعـالى عنـه] وهم يقولون : سبحان الله سبحان الله • فصلى بهم عبدالرحمن [بن عوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ] صلاة خفيفة •

فلما انصرفوا قال : يا ابن عباس انظر من قتلني ؟ فجال ساعة ثم جاء ، فقال : غلام المغيرة . فقال : الصَّنَع ؟ قال : نعم . قال : قاتله الله لقد أمرت به معروفاً . الحمد لله الذي لم يجعل ميتتي [منيتي . نسخة] بيد رجل يدعي الإسلام . قد كنت أنت وأبوك تحبان أن تكثر العلوج بالمدينة . وكان العباس [رضي الله تعالى عنه] أكثرهم رقيقاً . فقال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ : إن شئتَ فعلتُ . أي إن شئت قتلنا . قال : كذبت ، بعد ما تكلموا بلسانكم ، وصلوا قبلتكم ، وحجوا حجكم .

فاحتمل إلى بيته ، فانطلقنا معه ، وكأن الناس لم تصبهم مصيبة قبل يومئذٍ ، فقائل يقول : لا بأس . وقائل يقول : أخاف عليه . فأتي بنبيذ فشربه فخرج من جوفه [جرحه . نسخة] ثم أتي بلبن فشربه فخرج من جرحه . فعلموا أنه ميت . فدخلنا عليه ، وجاء الناس يثنون عليه . وجاء رجل شاب [من الأنصار] فقال : أبشر يا أمير المؤمنين ببشرى = الله = لك من صحبة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقَدَم في الاسلام ما قد علمت ، ثم وليت فعدلت ، ثم شهادة . قال : وددت أن ذلك كفاف : لا عليَّ ، ولا لي ! فلما أدبر إذا إزاره يمس الأرض . قال : ردّوا عليَّ الغلام . قال : ابن أخي ارفع ثوبك ، فإنه أبقى لثوبك ، وأتقى لربك. يا عبدالله بن عمر أنظر ما عليّ من الدَّين ، فحسبوه فوجدوه ستة وثمانين ألفاً أو نحوه . قال : إن وفّى له مال آل عمر فأدِّه من أموالهم ، وإلا فسل في بني عدي بن كعب ، فإن لم تف أموالهم فسل في قريش ولا تَعْدُهُم الى غيرهم ، فأدِّ عني هذا المال .

إنطلق الى عائشة أم المؤمنين [رضي الله تعالى عنها] فقل : يقرأ عليك عمر السلام ، ولا تقل أمير المؤمنين ، فإني لست اليوم للمؤمنين أميرا . وقل يستأذن عمر بن الخطاب أن يدفن مع صاحبيه . فسلم واستأذن ،

ثم دخل عليها فوجدها قاعدة تبكي • فقال : يقرأ عليك عمر بن الخطاب السلام ، ويستأذن أن يدفن مع صاحبيه • فقالت : كنت أريده لنفسي • ولأوثرن به اليوم على نفسي• فلما أقبل قيل : هذا عبدالله بن عمر قد جاء • قال : ارفعوني ، فأسنده رجل [ابن عباس – رضي الله تعالى عنهما –] إليه • فقال : ما لديك ؟ قال : الذي تحب يا أمير المؤمنين ؛ أذِنَتْ • قال : الحمد لله ما كان من شيء أهمّ إلي من ذلك ؛ فإذا أنا قضيت فاحملوني ، ثم سلم فقل : يستأذن عمر بن الخطاب ، فإن أذنت لي فأدخلوني ، وان ردّتني ردّوني الى مقابر المسلمين •

وجاءت أم المؤمنين حفصة والنساء تسير معها ، فلما رأيناها قمنا فولجت عليه ، فبكت عنده ساعة ، واستأذن الرجال فولجت داخلا لهم ، فسمعنا بكاءها من الداخل • فقالوا : أوص يا أمير المؤمنين استخلف • قال : ما أجد أحق بهذا الأمر من هؤلاء النفر أو الرهط الذين توفى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو عنهم راض • فسمى علياً وعثمان ، والزبير ، وطلحة ، وسعداً ، وعبدالرحمن • وقال : يشهدكم عبدالله بن عمر وليس له من الأمر شيء كهيئة التعزية له • فإن أصابت الإمرةُ سعداً فهو ذاك ، وإلا فليستعن به أيكم ما أمّر فإنّي لم أعزله عن عجز ولا خيانة • وقال : أوصي الخليفة من بعدي بالمهاجرين الأولين أن يعرف لهم حقهم ، ويحفظ لهم حرمتهم • وأوصيه بالأنصار خيراً ، الذين تبوأوا الدار والإيمان من قبلهم أن يقبل من محسنهم ، وأن يعفى عن مسيئهم • وأوصيه بأهل الأمصار خيراً فإنهم ردء الاسلام [عونه] وجباة المال [يجمعون المال] وغيظ العدوّ ، وأن لا يؤخذ منهم إلا فضلهم عن رضاهم • وأوصيه بالأعراب خيراً ؛ فإنهم أصل العرب ومادة الإسلام أن يؤخذ من حواشي أموالهم [أي من غير خيارهم] وترد على فقرائهم • وأوصيه بذمة الله وذمة

رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يوفي لهم بعهدهم ، وأن يقاتل من ورائهم ، ولا يكلفوا إلا طاقتهم •

فلما قبض [رضي الله تعالى عنه ، بعد ثلاث] خرجنا به فانطلقنا نمشي ، فسلم عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنه] قال : يستأذن عمر بن الخطاب ، قالت : أدخلوه ، فأُدخل فوضع هنالك مع صاحبيه ، فلما فرغ من دفنه اجتمع هؤلاء الرهط ، فقال عبدالرحمن [رضي الله تعالى عنه] : اجعلوا أمركم إلى ثلاثة منكم • فقال الزبير : قد جعلت أمري الى علي ، فقال طلحة : قد جعلت أمري الى عثمان ، وقال سعد : قد جعلت أمري الى عبدالرحمن بن عوف • فقال عبدالرحمن : أيكما تبرأ من هذا الأمر فنجعله إليه والله [رقيب] عليه والإسلام لينظرنّ أفضلهم في نفسه ؟ فأُسْكِتَ الشيخان • فقال عبدالرحمن : أفتجعلونه إليّ والله علي أن لا آلو عن أفضلكم ؟ قالا : نعم • فأخذ بيد أحدهما فقال : لك قرابة من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ والقدم في الاسلام ما قد علمت ، فالله عليك لئن أمرتك لتعدلن ولئن أمّرت عثمان = لتسمعن = ولتطيعن ثم خلا بالآخر فقال له مثل ذلك • فلما أخذ الميثاق قال : ارفع يدك يا عثمان فبايَعَه ، وبايَع له علي ، وولج أهل الدار فبايعوه • ح ـ ٦/٦٠١ •

وزاد الطبري من طريق المدائني بأسانيد أن سعداً أشار إليه بعثمان وأنه دار تلك الليالي كلها على الصحابة ومن وافى المدينة في أشراف الناس لا يخلو برجل منهم إلا أمره بعثمان ـ رضي الله تعالى عن الكل ـ • قسطلاني ٦ ـ ١١٠ •

تەرجەمە :

عەمری کوڕی مەیموون ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە مەدینەدا چەند رۆژێ لە پێش ئەمەدا کە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لـە طەرەف

ئەبولوئلوئەی مەجووسیەوە شەهید بکریٚ چاوم پێی کەوت تەشـــریفی بەســـەر حوزەیفەو عوثمانی کوڕی حونەیفەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وەستابوو فەرمووی:چیتان‌کرد ؟ ئەترسن لەوەی کە ئەوەندەتان‌خەرج لەسەر ئەرزی عیراق دانابیٚ کـە ئەرزەکە هەڵی‌نەگریٚ ؟ عـەرزیان‌کـرد : خـەیـر ئەوەندەمان خەرج لەسەر دانا کە هەڵی‌بگریٚ ، زۆر زیادمان دانـەنـاوە ، دووبارە فەرمووی : تێفکرن زیادتان لەسەر نەنووسیبن • عەرزیان‌کردەوە : خەیر • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ فەرمووی : ئەگـەر خـوا سەلامەتم بکا ئەرامیلی[1] ئەهلی عیراق ئەوەندە ئەخەمە روفاهییەتەوە وایان بەجیٚ‌بێلم کە دوای من موحتاج نەبن بە هیچ کەس بە ئەبەد • هـەر چوار رۆژی بەسەرا رابورد کە تووشی ئەو موصیبەتە بوو • [لە حەقیقەتـا ئـەو تووشی موصیبەت نەبوو ، تائیلی فەضیلەتی شەهادەت بوو ، ئیســـــلام گرفتاری فیتنەو فەسادی ••• دوای ئـەو شـێری غەڕایەو عادیلە کەوتنـە ذیللەت‌و ئەسارەتەوەو خێریان نەبینی] •

عەمری کوڕی مەیموون ئەڵیٚ : [لە مزگەوتا بۆ نوێژ] راوەســـتا بووم ، لە بەینی من‌و عومەرا تەنها ئیبنوعەباس بوو ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لە نوێژی سبەینێی ئەو رۆژەدا بوو ، عادەتی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وابوو کـە بـە بەینی صـــەفەکانا رائەبورد تـا صـــەفەکان راستەبۆوە خـەلـەل لـە بـەینیـانـا نـەئـەمـا ئـەیفـەرموو : راســـتبنەوە ، ئـەو وەختـە تـەشـــریفی پێشـــــەکەوت‌و (الله أکبر)ی ئەکـرد ، زۆر جـار لـە رکاتی ئەووەڵا ســـوورەتی (یوســـف) یـا (نحـل) یـا سوورەتێکی وەك ئەوانەی ئەخوێند ، بۆ خاتری ئەمە کە خەڵق کۆبنەوەو بە رکاتی ئەووەڵا بگەن ، هەر ئەوەندە بوو کە (الله أکبر)ی کـرد گوێم

---

(١) بێوەژنانی عیراق .

لێ‌بوو ئەیفەرموو : سەگ کوشتمی ، یا فەرمووی : ســەگ خواردمی ، پیاوە بە قووەتە مەجووسییەکە بـە کێردێکی دووسەرەوە وەك طەیر رفی‌و بە لای هەرکەسێکا ئەڕۆیی بە راستەو چەپەدا ئـەو کێردەی لێ ئـەدا تـا سێنزە کەسی بریندار کرد ، حەوت یا نۆیان وەفاتی کرد • [کولەیبی کوڕی کەبیری لەیثی صەحابی ـ رضي الله تعالى عنه ـ یەکێ بوو لەوانە کە وەفاتی کرد] پیاوێ لە موسوڵمانان [کە حەططانی تەیمی موهاجیر بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ] کە چاوی بەوە کەوت قەلەنسوەیێکی درێژی بەسـەرەوە بوو دای بەسەر ئەو پیاوە مەجووسییەدا ، کە مەجووســـییەکە تێی‌گەیی کــە گیرراوەو خەلاصی نیە بەو کێردە خۆیی کوشت •

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنــه ـ دەستی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی گرت ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێشی خست ، ئەوانەی کـە لە دەورو پشتی ئیمامی عومەرا بوون ـ رضي الله تعالى عنه ـ چاویان بەوە کەوت کە من دیم فەقەط ئەوانەی کە دوور بوون لێی‌و لە ئەطرافی مەســجیدا بوون نەیان‌ئەزانی ، هەر ئەوەندە بوو دەنگی ئیمامی عومەر ـ رضـــي الله تعـالى عنه ـ یان نەبیست دەستیان‌کرد بە (سبحان الله ، سبحان الله) عەبدوڕەحمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ نوێژێکی خەفیف‌و کورتی پێ‌کردن ، کـە لـە نوێژ بوونەوە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـی فەرموو : بچۆ تێفکرە بزانە کێ منی کوشتوە ؟ تەشریفی چوو قەدەری گەڕاو هاتەوە عەرزی‌کرد : ئەبولوئلوئەی غولامی موغیرە بوو • فەرمووی : ئەو صــــنعەتکارە حاذیقەکە[1] ؟ فەرمووی : بەڵێ • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : خوا بیکوژێ من هەر بە چاکی ئەمرم پێ‌کرد • یەعنی هیچ ظوڵم‌و تەعەددیم لێ نەکرد (الحمد لله) خوا منی

---

(١) وریاو دەسترەنگین‌و زرنگ •

به دەستی یەکێ لە موسوڵمانان نەکوشت [بە دەســـتی مەجووســـی‌یەك کوشتمی] ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـی فەرموو : تۆو بـاوکت حەزتـان ئەکرد کـە مەجووسی لـە مەدینەدا زۆر بن • عەبباس لە هەموو ئەهلی مەدینـە عەبدی زۆرتر بوو • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی ئیمامی عومەری کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ئەگەر ئیرادە ئەفەرمووی : هەر عەجەمی‌یێ لـە مەدینـەدا هەن ئەیانکوژین • فەرمووی : درۆت‌کرد ، لە دوای ئەمە کە بـە زمـانی ئێوە قســــەیان‌کردو ، بەرەوڕووی قیبلەی ئێوە نوێژیان‌کردو ، حەجی ئێوەیان کرد موسوڵمانن ، موسوڵمان چۆن ئەکوژرێ •

[سەبەبی ئەوە ئەمەیە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیـذنی نەئەدا کە ئەسیر ، پیاوەکانیان ، بێنرێنە مەدینەوە ، هەر ژنەکانیان ئەهاتن • حەتتا عەبباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی‌کرد : ئیشی مەدینە گرانە ، هەر بە مەجووسیی پێك‌یێ چونکی صنعەتکارن • عەمری کوڕی شـــــوعبە (عن ابن سیرین)] •

[موغیرەی کوڕی شوعبەیش ـ رضي الله تعالى عنه ـ لـەو وەختەدا ئەمیری کووفە بوو بۆی نووسی : غولامێکی صـنعەتکارم لایـە ، گـەلێ ئیش ئەزانێ کە فائیدەی بێ بۆ موسوڵمانان ؛ ئاسنگەرە ، نەققاشــــە ، دارتاشە ••• ئیذنی بدە بۆ مەدینە • ئیذنی دا مانگی صەد دینـار خەرجی لەسەر دانا ، شکایەتی لە خزمەت ئیمامی عومـەرا کرد کـە خەرجـەکـەم گرانە • فەرمووی : خەرجەکەت بە نیسبەت دەست‌کەوتنتەوە زۆر نیـە • بە رقەوە گەڕایەوە ، چەند شەوێکی بەسەرا رابورد لە پاشا ئەو عـەبدەی بەلادا رۆیی فەرمووی : بیستوومە کە ئەڵێی هەوەسم بێ ئاشێ دروسـت ئەکەم کە بە با بگەڕێو شت بهاڕێ ؟ بە روویەکی گرژەوە رووی تێکردو

عەرزی‌کرد : ئاشێکی وات بۆ دروست ئەکەم کە هەموو خەڵق لە بەینی خۆیانا قسەی لێ بکەن ، بە ناوبانگ بگێڕرێتەوە • ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - رووی‌کردە ئەوانەی کە لە خزمەتیا بوون فەرمووی : ئەم عەبدە هەڕەشەم لێ ئەکا • لە پاشا ئەبولوئلوئە خەنجەرێکی دوو سەری هەڵگرت ، مستووەکەی لە ناوەڕاستەوە بوو ، لە گۆشەیێکی مزگەوتەکەدا لە تاریکی شەوا خۆی پەنادا تا ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - بۆ خەڵقی خەبەردارکردنەوە تەشریفی چوە دەرێ ؛ چونکی عادەتی وابوو • کە گەیی‌یە لای ئەبولوئلوئەو لێی نزیك بۆوە سێ خەنجەری بەو خەنجەرە لێدا • یەکێکی لە خوار ناوکیەوە بوو پێستو گۆشتی زکی کونادەر کردبوو چووبوو بە ناو زگیا ، بەو برینە وەفاتی کرد • لە مەتنی حەدیثەکەدا ئەڵێ : دوای (الله أكبر)کردن لێی‌دا • مونافاتیان نیە ، یەعنی لێی‌نزیك بۆوە ئەمجا چوە میحرابەکەوە (الله أكبر)ی کرد ئەمجا خەنجەرەکەی لێدا • لە ریوایەتی ئیبنوسەعدا لە ئیبنوعومەرەوە - رضي الله تعالى عنه - بەحث لە تەکبیری تەرك کردوە] •

عومەریان - رضي الله تعالى عنه - هەڵگرت بردیانە ماڵێ ، ئێمەیش لە خزمەتیا چووین • خەڵق قەت موصیبەتێکی وا گەورەیان تووش نەبووبوو • [لەو وەختەوە هەر موصیبەتێ بەسەر ئیسلاما هاتبێ لە ئاثاری ئەو موصیبەتەیە ؛ چونکی بوو بە مانیعی فتووحاتو سەبەبی ئیختیلافو نەشری ئیسلام] بەعزێ لە خەڵق ئەیانوت : برینەکانی زەرەری نیە ، بەعزێ ئەیانوت : لێی ئەترسم • لە بەر ئەوە نەبیذیان[1] داێ ، خواردیەوە نەبیذەکە [بە خوێنەوە] لە برینەکەی هاتەدەرێ [نەیانزانی کە خوێنە یا

(١) نەبیذ : دۆشاو ، خۆشاو .

نەبیذەکەیە] هاتن شـیریان دایێ شـــیرەکە [بـە سپێتی] لـە برینەکەوە هاتەدەرێ ، ئەو وەختە زانییان کە وەفات ئەکا •

ئێمەیش چووینە ژوورەوە خزمەتی • خەڵق هاتن ثەنایان لەسەر ئەکرد کوڕێکی جوانکە لە ئەنصار هاتە خزمەتی عەرزیکرد : (یا أمیر المؤمنین) موژدەبێ بە موژدەیێکی گەورە : صوحبەتی پێغەمەرت هـەیـە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ، لە ئیسلامەتیدا شەرەفو فەضلت هەیە ، ئەو شەرەفو فەضلەی کـە ئەیزانی ، لـە دوایبا بووی بـە خەلیفە عەدالەتت بەجێهێنا ، نائیلی مەرتەبەی شەهادەت بووی • فەرمووی : حەزەکەم ئـەوە کیفایەتم ئەوەندە بۆ بکا نە لە (لە)م بێو نە لـە زەرەرم بێ ! کـە ئەو جوانکەیـە پشتیهەڵکرد داوێنی ئیزارەکەی لە ئەرز ئەخشـا • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئەو غولامەم بۆ بگێڕنەوە ، پێی فەرموو : ئەی کوڕی برای خۆم داوێنی جلەکەت لە ئەرز هەڵگرە • بۆ جلەکەیشـــــت چاکە درەنگ ئەدڕێ ، بۆ تەقوایشت لـە حوضووری خوادا ـ عز وجل ـ باشـــە •

لە پاشا فەرمووی : ئەی عەبدوڵلای کوڕی عومەر تێفکرە چەنـدەم قەرز لەسەرە ؟ حیسابیانکرد هەشتاو شەش هەزار یا نزیك لـەوە [ظاهیر وایە دینار بێ] = ی لەسەر بوو = فەرمووی : ئەگەر ماڵی ئـالی عومـەر کیفایەتی کرد باشە لە ماڵی ئەوان بیدەرەوە • ئەگەر کیفایەتی نەکـرد لـە ماڵی بەنی عەدیی کوڕی کەعب [کە عەشیرەتی ئـەو بوون] بیـدەرەوە ، ئەگەر ماڵی ئەوانیش کیفایەتی نەکرد لە قورەیش داوا بکە ، لەوان تەجاوز مـەکـە بۆ غەیری ئەوان ، ئـەو ماڵـەم لـە بـاتی بدەرەوەو بیخەرە نـاو (بیت المال)ی موسوڵمانانەوە [عەبدوڕەحمانی بنی عەوف ـ رضـــي الله تعالی عنه ـ لێیپرسی : ئەوەندە پارەیەت چی لێکردوە ؟ فەرمووی : لـەو

حەجانەدا کە کردوومەو ، لەو حادیثانەدا کە ڕووی‌داوە صـــەرفم‌کردوە •
جابر عند أبي عمر] •

لە پاشا ئەمری فەرموو بە عەبدوڵلای کوڕی ـ رضي الله تعالى عنه ـ :
بچۆرە خزمەت حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ عەرزی‌بکە کـــە
عومەر سەلامت لێ ئەکا ، مەڵێ (أمير المؤمنين) چونکی ئیمڕۆ من ئەمیری
موئمینان نیم • بڵێ : عومەری کوڕی خەطاب ئیذنت لێ طەلەب ئەکا کە لە
خزمەت رەفیقەکانیدا [کە پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـو ئەبوبەکر
ـ رضي الله تعالى عنه ـ] دفن بکرێ • عەبدوڵلا ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ
تەشریفی چوە خزمەتی حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ســـەلامی
لێ کردو ئیذنی لێ خواست کە بچێتە خزمەتی [ئیذن‌دراو] چوە ژوورێ
لای ، تێفکری تەشـــریفی دانیشتبو ئەگریا • عەرزی‌کرد : کـە عومەری
کوڕی خەطاب ســــــەلامت لێ ئەکاو ئیذنت لێ‌ئەخوازێ کە لە خزمەت
رەفیقەکانیا دفن بکرێ ، فەرمووی : ئەو جێیەم بـۆ خۆم دانابوو ، ئیمڕۆ
ئەو تەرجیح ئەدەم بەسەر خۆما • کە عەبدوڵلا ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ
تەشریفی گەڕایەوە عەرزی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـکرا کـە
ئەوە عەبدوڵلایە هاتەوە ، فەرمووی : هەڵم‌گرن ، پیاوێ [ئیبنوعەباس بو
ـ رضي الله تعالى عنــه ـ] پاڵی دا بــە خۆیەوە ، فــەرمووی : چیت‌لایــە ؟
عەرزی‌کــرد : ئەوەی کــە ئــەیحوبێنی (يا أمير المؤمنين) ئیــذنی دا •
فەرمووی : (الحمد لله) هیچ شــتێ لــە لام لــەوە موهیمتر نەبوو [ئەی
عەبدوڵلا] کە موددەم تەواو بوو هەڵم‌بگرن بۆ لای حوجرەی سەعادەت ،
لە پاشا ســــــەلامی لێ بکە ، عەرزی‌بکە : کــە عومەری کوڕی خەطاب
ئیستیذان ئەکا ، ئەگەر ئیذنی‌دام بمبەنە ژوورێ ، ئەگەر رەدی کردمــەوە

بمگێڕنەوە بۆ مەقبەرەی موسوڵمانان [مەبادا ئیذنی پێشـــووی چونکی ئێشتا لە حەیاتا بووم لە ڕوو دامابێو لە پاشا پەشیمان بوویێتەوە] •

ئوممولموئمنین حەفصە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ژنانی لە خزمەتا بوو ، تەشریفی هات کە چاومان پێی‌کەوت هەڵساین ، ئەو تەشریفی هاتەژووریّ خزمەتی تا ساعەتێ لە خزمەتیا بوو گریا ، پیاوانی تر هاتن ئیستیذانیان کرد حەزرەتی حەفصە ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ تەشریفی چوە ژوورێکی تر ، گوێمان لە ژوورەوە لە گریانی بوو •

ئەو پیاوانەی کە هاتنە خزمەتی عەرزیان‌کرد : کە (یا أمیر المؤمنین) وەصیەت بکە یەکێ بکە بە خەلیفە • فەرمووی : بۆ خەلافەت لەو شـەش کەسە زیاتر بە موستەحقتر نازانم کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی‌کردو لێیـان ڕازی بـوو • ناوی : عـەلیو ، عوثمانو ، زوبەیرو ، طەلحەو ، سەعدو ، عەبدوڕەحمانی برد ـ رضي الله تعالى عنهم ـ عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش لاتان حازر بێ ، فەقەط ئەو لـە ئەمری خەلافەتـا هیـچ حیصصەی نەبێ • بەم فەرموودە (کأنە) تەعزیەی لە عەبدوڵڵا کرد کە بـە تەمای هیچ نەبێ • فەرمووی : ئەگەر لە ئینتیخابا سەعد کرا بە خەلیفە ئەوە ئەهلە بـە خەلافـەت ، ئەگەر نەکرا بـە خەلیفـە ئـەوی ئەبێ بـە خەلیفـە ئیستیعانەی پێ بکا ، من بۆیێکم عەزل نەکرد کە عاجز بێ لـە سیاسەتا یـا خیانەتێکی کردبێ • هەم فەرمووی : وەصیەت ئەکەم بەوەی کە لە دوای من ئەبێ بە خەلیفە دەرحەق موهاجیرینی ئەووەلین کـە حەقیان بناسرێ ، حورمەتیان حیفظ بکرێ ، وەصیەتیان پێ‌ئەکەم دەرحەق ئەنصار بە خەیـر ئەو ئەنصارانەی کە لازمی مەدینەو ئیمان بوون لە پێش هیجرەتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و ئەصحابی کیراما بۆ مەدینە کە ئیحســانی ئەوانەیان کە ئەیکەن قەبووڵ بکەنو ، خەطای ئەوانە کـە خەطا ئـەکـەن

عەفوبکەن • هەم وەصیەتی پێ ئەکەم دەرحەق ئەهلی شـاران بـە خێر ؛ چونکی ئەوان موعاوینی ئیسلامن‌و جەمعیماڵیان بۆ ئەکەن‌و بە قووەت‌و شەوکەتیان شەق بە کافران ئەبەن ، لـە ئەموالیان ئەوی لـە خۆیان زیـاد نەبێ‌و ، بە رەزای خۆیان نەبێ لێیان نەستێنرێ • هەم وەصیەتی پێ ئەکەم دەرحەق عەرەبی صەحرانشین بە خەیر ؛ چونکی ئەوان ئەصـڵی عەرەبن‌و ئەساسی ئیسلامن کە هەر لە ئەموالی خراپیان ماڵیان لێ‌بستێنن ، خیـاری ماڵیان لێ نەستێنن ، ئەویشی لێیان ئەستێنن بیدەنەوە بـە فەقیرەکانیـان • هەم وەصیەتیشی پێ ئەکەم دەرحەق ئەهلی ذیممەت بە ذیممەت‌و عەهـدی خواو رەسوولی خوا ئەو عەهدەی کە لەگەڵیانا کراوە هەڵی‌نەوەشـێنن ، بە تەواوەتی بەجێی‌بێنن ، ئەگەر دوشمنیان تەعەڕوزیان بکا مودافەعەیـان بکرێ‌و شەڕیان لەسەر بکرێ ، تەکلیفی ئەوەیان لێ نەکرێ کە لە تاقەتیانا نەبێ [لە دوای سێ رۆژ وەفاتی کرد]•

کـە وەفـاتی‌کردو تەجهیزو تەکفین کـرا بـردمانـە دەرێ‌و رۆیین ، عەبدوڵڵای کوڕی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ سەلامی لە حەزرەتی عایشـــە ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ کردو عەرزی‌کرد : عومـــەری کوڕی خەطـاب ئیستیذان ئەکا ، فەرمووی : بیهێننە ژوورێ ، بردیانە ژوورێ‌و لەوێ لـە خزمەت رەفیقە عەزیزەکانیدا دفنیان‌کرد • کە لە دفنی بوونەوە ئەو شەش ذاتـە کۆبوونەوە ، عەبدوڕەحمان فەرمووی : ئەمری خۆتـان تەودیع بـە سـێیان بکەن • زوبەیر فەرمووی : ئەمری خۆم تەودیع بـە عەلی کـرد • طەلحە فەرمووی : ئەمری خۆم تەودیع بـە عوثمان کـرد • ســـــەعد فەرمووی : ئەمری خۆم تەودیع بە عەبدوڕەحمان کرد [یەعنی ســـیان تەبەڕڕییان کرد ، مانەوە سیان] عەبدوڕەحمان فەرمووی : خوا وەکیـل‌و رەقیب بێ کێ لە ئێوە لەم ئیشە تەبەڕڕی بکا من ئـەم ئەمرەی تـەودیع

ئەکەم ، تێفکرێ لە ئیعتیقادیا کامیان لە لای ئەفضەلە بۆ ئەم ئیشە تەودیعی بەو بکاو خۆی وازی لێ بێنێ • یەعنی ئەگەر ئیمامی عەلی ئەزانێ کە عوثمان لەو ئەفضەلترە بۆی تەرك بکا ، عەلی وا بزانێ کە عوثمان لەو ئەفضەلە بۆی تەرك بکا[1] [هەردوکیان لە (نفس الأمر)ا فاضیلن ، موبەششەرن بـە بەهەشت • کامیـان ئەفضەلە لـە (نفس الأمـر)ا ؟ هەر خـوا ئەیزانێ • ئەفضەلی ظاهیری لـە عیلماو شـــەجاعەتا دیارە کـە کامیانە فەقەط ••] هەردوکیان بێدەنگ بوون ، لە پاشا عەبدوڕەحمان فەرمووی : ئیشـــی خۆتان تەودیع بە من ئەکەن ، خوا رەقیب بێ لەسەر من کە قوصوور نەکەم لەوەدا کە ئەفضەلتان ئینتیخاب بکەم ؟ فەرموویان : بەڵێ تەودیع بە تۆ بێ • دەستی ئیمامی عەلی گرت فەرمووی : تۆ خزمایەتیت لـە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و فەضلو سەبقەتت لە ئیســلاما هەیە ، وەك خۆت ئەیزانی ، خـوا رەقیبی تۆ بێ ئـەگـەر بتکەم بـە خەلیفە عەدالـەت ئەکەی ، ئەگەر عوثمان بکەم بـە خەلیفە ئیطاعـەت ئەکـەی ؟ فەرمووی : بەڵێ • بە ئیمامی عوثمانیشـــــــی وا فەرموو ئەویش وای جواب دایەوە [سەعدی بنی وەقاص ئیشارەتی کردێ کە عوثمان بکا] کە ئەم عەهدەی لە هەردوکیان وەرگرت بە ئیمامی عوثمانی فەرموو : دەســـت هەڵبڕە ، بەیعەتی پێکرد ، عەلیش بەیعەتی پێکرد ، خەڵقیش هاتنە ژوورێ بەیعەتیان پێکرد • تەمامی (إن شاء الله) لە ئیمامەتا بێت •

٢٩٢٩/٣٩ ـ عن المسور بن مَخْرَمة [رضي الله تعالى عنهما] قال : لما طعن عمر [رضي الله تعالى عنه] جعل يألم ، فقال له ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فكأنه يُجَزِّعه [يزيل جزعه] : يا أمير المؤمنين ولئن كان

---

(١) رەنگە ئەمە هەڵە بێو راستیەکەی ئاوایە : « عوثمان وابزانێ کە عەلی لەو ئەفضەلترە بۆی تەرك بكا » •

ذاك لقد صحبت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأحسنت صحبته ، ثم فارقته وهو عنك راض ، ثم صحبت أبا بكر فأحسنت صحبته ، ثم فارقته وهو عنك راض ، ثم صحبت صحبتهم فأحسنت صحبتهم ، ولئن فارقتهم لتفارقنهم وهم عنك راضون • قال : أما ما ذكرت من صحبةُ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ورضاه فإنما ذاك مَنٌّ من الله تعالى [جل ذكره • نسخة] منٌّ به علي • وأما ما ذكرت من صحبة أبي بكر ورضاه فإنما ذلك من منٍّ الله ـ جل ذكره ـ منٌّ به علي • وأما ما ترى من جزعي فهو من أجلك وأجل أصحابك [أصيحابك • نسخة] والله لو أن لي طلاع الأرض [ملأها] ذهباً لافتديت به من عذاب الله ـ عز وجل ـ قبل أن أراه • ح ـ ٦/١٠٠ [وعند أبي حاتم من حديث ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنه دخل على عمر حين طعن ، فقال : أبشر يا أمير المؤمنين أسلمتَ مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حين كفر الناس ، وقاتلت معه حين خذله الناس ، ولم يختلف في خلافتك رجلان، وقتلت شهيدا ، فقال : أعد ، فأعاد فقال : المغرور من غررتموه ، لو أن لي ما على ظهرها من بيضاء وصفراء لافتديت به من هول المطلع • قسطلاني ٦/١٠١] •

تەرجەمە :

میسوەری کوڕی مەخرومە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : کە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەنجەرەکەیان لێدا تەئەللومی ئەکرد ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بۆ دەفعی جەزەعەکەی عەرزی‌کرد : ئەی ئەمیرەلمو‌ئمینین ئەگەر ئەوە [یەعنی وەفاتت] واقیع بێ صوحبەتی پێغەمەرت کردوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ صوحبەتەکەیت زۆر باش بەجێ‌هێناوە ، لە پاشا لێی جوێ‌بوویتەوە کە لێت رازی بوە • لە دوای ئەو

صوحبەتی ئەبوبەکرت کردوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ صوحبەتەکەیت جوان بەجیٚهێناوە ، لە پاشا لێی جویٚبوویتەوە کە لێت رازی بوە ، لـە پاشـا صوحبەتی ئەصحابی ئەوانت کردوە ئەگەر لێیان جویٚببیتەوە لە حاڵەتێکا لێیان جویٚ ئەبیتەوە کە هەموو لیت رازی ئەبن • فەرمووی : ئەمما ئەوەی کە ئەڵێی صوحبەتی پێغەمەرم کردوەو لێم رازی بوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەوە منەتێکە خوا ـ عز وجل ـ ناویـەتی بەسەرما • ئەوەی کـە ئەڵێی صوحبەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ م کردوەو لێم رازی بوە ئەویش لەو منەتانەیە کە خوا ـ عز وجل ـ پێی ئینعام فەرمووم • ئەمما ئەو جەزەعەی کە ئەیبینی لە بەر تۆو ئەصحابی تۆیە [یەعنی ئەترسم فیتنەتـان بەسەرا بیٚ لە دوای من] وەڵلاهی ئەگەر پڕ بە ئەرز ئاڵتوونم ببیٚ ئەیـدەم بە فیدیەی نەجات لە عەذابی خوا ـ عز وجل ـ لە پێش ئەمەدا کە ببینم •

[ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کە عومەر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ خەنجەرەکەی لێدرا چوە خزمەتی عەرزیکرد : موژدەبیٚ (يا أميـر المؤمنين) لـە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ قەبووڵی ئیسلامەتیت کرد لە وەختێکا کە خەڵق کافر بوون ، لە خزمەتیا موحارەبەت کـرد لـە وەختێکا کـە خـەڵق لێی تەکینەوە ، لـە خـەلافەتتا دوو کـەس ئیختیلافیان نەبوو ، شەهیدیش کرای • فەرمووی : ئیعـادەی بکەرەوە • ئیعادەی کردەوە • فەرمووی : مەغروور ئەو کەسەیە کە ئێوە مەغرووری بکەن • ئەگەر هەرچی زەردو سپییٚ کە لەسەر ئەرزە بمبیٚ ئەیدەم بە فیدیەی رۆژی هەولی قیامەت • أبو حاتم • قسطلاني] •

شهادة عبدالله بن ملحان والد جابر - رضي الله تعالى عنهما -(1) :

٤٠/٢٩٣٠ - عن جابر - رضي الله تعالى عنه - قال : لما حضر أحد دعاني أبي من الليل فقال : ما أراني إلا مقتولا في أول من يقتل من أصحاب النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - وإني لا أترك بعدي أعز عليّ منك غير نفس رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فإن علي ديناً فاقض ، واستوص بأخواتك [التسع] خيراً . فأصبحنا فكان أول قتيل ، ودفن معه آخر في قبر ، ثم لم تطب نفسي أن أتركه مع الآخر ، فاستخرجته بعد ستة أشهر ، فإذا هو كيوم وضعته هنية غير أذنه [غير هنية في أذنه . رواية ابن السكن] ح - ٢/٤٣٢ د ، ابن سعد ، طبراني ، حاكم .

تەرجەمە :

جابیر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : کە غەزای ئوحود بوو شەو باوکم بانگی‌کردم ، فەرمووی: وا ئەزانم کە من لە ناو ئەصحابی‌پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەووەڵ کەسێکم کە ئەکوژرێم ، لە دوای نەفسی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە تۆ عەزیزتر لە دوای خۆم بەجێ نایێڵم ، قەرزم لەسەرە بۆم بدەرەوە [تۆ خوشکت هەیە] دەرحەق ئەو خوشکانەت وەصیەتی بەخەیرم قەبووڵ بکە . کە سبەینێ بۆوە ئەوەڵ کەسێ بوو کە شەهید کرا [دفن‌کراو] لەگەڵ ئەوا یەکێکی تریش لە قەبرێکا دفن کرا . دڵم پێی خۆش نەبوو کە لەگەڵ یەکێکی ترا بە دفن‌کراوی تەرکی بکەم . لە دوای شەش مانگ دەرمهێنا ، غەیری نەختێ لە گوێی نەبێ وەك ئەو رۆژە بوو کە دامنابوو !

(1) شەهیدبوونی عەبدوللای کوڕی مەلحان کە باوکی جابیرە - خ - .

له ريوايەتى ئەبوداودا : چەند موويێ نەبێ لە ريشى لەو جێيەى كـە كەوتبوە سەر ئەرز هيچ جێيێكى زەرەرى نەهێنابوو •

زينب بنت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنها ـ :

٤١/٢٩٣١ ـ عن محمد بن سيرين عن أم عطية ـ رضـــي الله تعـالى عنها ـ قالت : دخل علينا رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حين توفيت ابنته [زوج أبي العاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] فقال : اغسلنها ثلاثاً ، أو خمساً ، أو أكثر من ذلك ، إن رأيتن ذلك بماء وسدر ، واجعلن في الآخرة كافورا أو شيئاً من كافور ، فـإذا فرغتنَّ فآذِنـَّني ، فلما فرغنا آذناه ، فأعطانا حقوه فقال أشْعِرْنها إياه ، تعني إزاره [أي ثوبها الذي يلي جسدها] ح ـ ٢/٣٦٨ ، م ـ ٤/٣٧٢ •

وعن حفصة بنت سيرين بمثل حديث [أخيه] محمد وكان في حديث حفصة اغسلنها وترا ، وكان فيه ثلاثاً أو خمساً أو سبعاً ، وكان فيــه أنــه [عليه الصلاة والســـلام] قال : ابدأوا بميامنها وبمواضع الوضـــوء • وكان فيه أن أم عطية [رضي الله تعالى عنها] قالت : ومشطناها ثلاثة قرون ح ـ ٢/٣٦٩ •

وعن أم عطية ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : ضفرنا شعر بنت النبي [رسول الله] ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تعني ثلاثة قرون • قال سفيان : ناصيتها وقرنيها • وفي أخرى : وألقيناها خلفها • ح ـ ٢/٣٧٢ •

وعنها أنهن جعلن رأس بنت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثلاثة قرون ، نقضنه ثم غســلنه ، ثم جعلنه ثلاثة قرون • ح ـ ٢/٣٧١ • وقال الحسن : الخرقة الخامسة يشَـدُّ [الغاسل] بها الفخذين والوركين تحت الدرع • ح ـ ٢/٣٧١ •

ابن سيرين [وكان أعلم التابعين بعلم الموتى] يأمر بالمرأة أن تُشْعر ولا تؤزر [أي لا يجعل الشعار عليها مثل الإزار بأن لا يعم البدن] •
ح - ٣٧٢/٢ • م - ٢٧٥/٤ •

تەرجەمە :

ئيبنوسيرين [رضي الله تعالى عن أبيه ويرحم إياه] عن أم عطية - رضي الله تعالى عنها - ريوايەت ئەكا كە زەينەبی كچی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنها - وەفاتی كرد پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشريفی هات فەرمووی : سێ دەفعە ، يا پێنج دەفعە يا زياتر لەوە ، ئەگەر لاتان وابوو كە زياتری پێ ئەوێ ، بيشۆن بە ئاوی مۆردو كافوور ، يا نەختێ كافوور بكەنە ئاوی ئاخريەوە ، كە لێبوونەوە خەبەرم بدەنێ • ئەفەرموێ : كە لێبووينەوە خەبەرمان دایێ ئيزارەكەی خۆيی داینێ فەرمووی : بيكەن بە شيعاری ، يەعنی لەسەر گۆشتەوە پێی بپۆشن • لە ريوايەتی حەفصەی خوشكی ئيبنوسيرين لە عەطييەوە - رضي الله تعالى عنهما ورحمهما الله تعالى - بە ميثلی ئەم ريوايەتە ريوايەت ئەكا •

لە ريوايەتی حەفصەدا ئەوەی لێزيادكردوە كە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : بە تاق بيشۆن سێ ، يا پێنج ، يا حەوت ، دەست بكەن بە لای راستیو بە ئەعضای دەزنوێژی • عەطييە فەرمووی : پرچمان داهێناو كردمان بە سێ پرچ • سوفيانی ئيبنی عوەيەينە ئەفەرموێ : ناوچاوانی پرچێ ، ئەملاو ئەولای سەری دوو پرچ • عەطييە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پرچمان كردەوە ، شتمان ، هۆنيمانەوە ، كردمان بە سێ پرچ خستمانە پشت سەری • حەسەنی بەصری - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : ليباسی پێنجەم هەردوو رانیو هەردوو سمتی پێ ئەبەسترێ • ئيبنوسيرين - رحمه الله تعالى ورضي عن أبيه - ئەمری ئەكرد كە ژن هەموو

لیباســــەکانی ئاوداماں تێوەپێچرێ نەکرێن بـە ئیزار کە هەموو بەدەنی دانەگرێ •

وفاة ابنها ابن أبي العاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ والبكاء على الميت :

٢٩٣٢/٤٢ ـ عن أبي عثمان = عن = أسامة بن زيد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أرســلت ابنة النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [زينب ـ رضي الله تعالى عنها ـ] إليه أن ابناً لي قبض [أن صبياً لها ، أو ابناً لها في الموات • أخرى] فأتنا ، فأرسل يقرىء السلام ويقول : إن لله ما أخذ وله ما أعطى، وكلٌ عنده بأجل مسمى، فلتصبر ولتحتسب•فأرسلت إليه تقسم عليه ليأتينّها ، فقام ومعه سعد بن عبادة ، ومعاذ بن جبل ، وأبي بن كعب ، وزيد بن ثابت ، ورجال [رضي الله تعالى عنهم] فرفع إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الصبي ونَفَســه تَتَقَعْقَع [تضطرب] قــال : حسبته أنه قال كأنها شنٌ ، ففاضت عيناه • فقال سعد : يا رســول الله ما هـذا ؟ [تبكي وتنهى عن البكاء ؟ أخرى] فقال : هـذه رحمة جعلها الله في قلـوب عبـاده ، وإنما يرحم الله من عبـاده الرحماء • ح ـ ٣٨٤/٢ ، م ـ ٢٥٦/٤ ، د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

زەینەبی کچی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي الله تعالى عنها ـ ناردی بە شوێن پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە منالێکم ، یا فەرمووی : کوڕێکم لە حالّی نەزعایە ، [تەشریفی بێ] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری بۆ ناردەوە کـە خوا ـ عز وجـل ـ ئەوەی

(١) مردنی کوڕی زەینەبی کچی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و ، گریان بۆ مردوو •

وەری ئەگرێ‌و ئەوەی عەطای ئەفەرموێ هی ئەوە ، هەمووی ئەجەلێکی موعەییەنی هەیە لای خوا - عز وجل - صەبر بکاو موتتەظیری ثەواب بێ • ناردیەوە خزمەتی سوێنی دا کە هەر ئەبێ تەشریفی بێت • تەشریفی هەڵسا ، سەعدی کوڕی عوبادەو ، موعاذی کوڕی جەبەلو ، ئوبەیی کوڕی کەعبو ، زەیدی کوڕی ثابیتو چەند پیاوێکی تری لە خزمەتا چوو - رضي الله تعالى عنهم - کە تەشریفی چوە ئەوێ منالەکەیان نایە باوەشی ، نەفەسی وەك مەشکاڵە تەقەتەقی بوو ، ئەهاتو ئەچوو ، چاوی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فرمێسکی دارشت • سەعد - رضي الله تعالى عنه - عەرزی‌کرد : (يا رسول الله) ئەمە چیە ؟ تۆ نەهی ئێمە ئەکەی لە گریانو کەچی خۆت ئەگریت ! فەرمووی : ئەم گریانە رحمەتێکە خوا خستوویەتیە دڵی عیبادیەوە • خوا - عز وجل - ئەمجا هەر بە صاحێب مەرحەمەتان رەحم ئەکا •

گریان بەو شەرتە بە دەنگی بەرزەوە نەبێ دروستە •

وەفاتی ئوممو کولثووم - رضي الله تعالى عنها - زوجة عثمان - رضي الله تعالى عنه - :

٢٩٣٣/٤٣ - عن أنس بن مالك - رضي الله تعالى عنه - قال : شهدنا بنتاً لرسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : ورسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - جالس على القبر قال : فرأيت عينيه تدمعان • قال : فقال : هل منكم رجل لم يقارف الليلة ؟ فقال أبو طلحة - رضي الله تعالى عنه - : أنا • قال : فانزل • قال : فنزل في قبرها [وللبخاري في التأريخ الأوسط عن أنس - رضي الله تعالى عنه : لا يدخل القبر أحد قارف الليلة • فتنحى عثمان - رضي الله تعالى عنه -] • ح - ٢/٣٨٤ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : حازری جەنازەی ئومسوکولثوومی کچی پێغەمەر بووین ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لەسەر کەناری قەبرەکەی دانیشتبو . چاوی موبارەکی فرمێسکی لێ ئەهات ، فەرمووی : کەسێکتان تیایە کە ئیمشەو لەگەڵ ژنا موجامەعەی نەکردبێ ؟ ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی کرد : من . فەرمووی : بچۆرە خوارەوە ناو قەبرەکە . چوە خوارەوە ناوی [ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ چونکی لەو وەختەدا کە کچی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە لای گیانی ئەدا خەریکی کەیف بوو لەگەڵ ژنانا کەوتە لاوە] .

إبراهيم ابنه ـ عليهما الصلاة والسلام ـ(١) :

٤٤/٢٩٣٤ ـ عن أنس [بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ولد لي الليلة غلام فسميته باسم أبي إبراهيم ـ عليه السلام ـ ثم دفعه الى أم سيف : امرأة قين يقال له : أبو سيف ، فانطلق يأتيه ، واتبعته فانتهينا الى أبي سيف وهو ينفخ بكيره ، قد امتلأ البيت دخاناً ، فأسرعت المشي بين يدي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقلت : يا أبا سيف أمسك جاء رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأمسك ، فدعا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالصبي فضمه إليه ، وقال ما شاء الله أن يقول . فقال أنس : لقد رأيته وهو يكيد بنفسه [أي يجود] بين يدي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فدمعت عينا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : تدمع العين ،

---

(١) ئیبراهیمی کوڕی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ .

ويحزن القلب ، ولا نقول إلا ما يرضي ربنا والله يا إبراهيم إنا [بفراقك • بخاري] بك لمحزونون • م – ٩/١٨١ ، ح – ٢/٣٩٨ وفيه : عينا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تذرفان ، فقال له عبدالرحمن بن عوف – رضي الله تعالى عنه ـ : وأنت يا رسول الله ؟ فقال : يا ابن عوف إنها رحمة ••• إلخ ح – ٢/٣٩٨ •

تەرجەمە :

ئەنەس – رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئیمشەو کوڕێکم بوە بە ناوی ئیبراهیمی باوکمەوە ـ عليه السلام ـ ناوم ناوە • ئەسلیمی ئوممومسەیفی ژنی ئەبوسەیفی ئاسنگەری کرد • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوو بۆ لای منیش لە خزمەتیا چووم ، کە گەیینە لای ماڵی ئەبوسەیف ـ ئەبوسەیف بە مووشەدەمە کوورەی جۆش ئەدا ، ماڵەکەی پڕ بووبوو لە دووکەڵ ، هەیپێم لێ کرد لە پێش پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چووم پێموت : ئەی ئەبوسەیف بوەستە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هات ، وەستا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مناڵەکەی طەڵەبکرد ، بەخۆیەوە گوشی ، ئەوی خوا حەزەکا فەرمووی ، لە دوای ئەوە چووینەوە لای ، ئیبراهیم گیانی ئەدا ، چاوی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فرمێسکی ئەڕژان ، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزیکرد : تۆیش (یا رسول الله) ؟ فەرمووی : ئەی ئیبنوعەوف ئەمە رەحمەتە • لە پاشا فەرمووی : چاو فرمێسک ئەکا ، دڵ مەحزوون ئەبێ ، غەیری ئەوەی کە خوا رەزای لێبێ هیچی تر ناڵێین • وەڵلاهی یا ئیبراهیم ئێمە بە لێجوێبوونەوەی تۆ لێمان مەحزوونین •

٢٩٣٥/٤٥ ـ بـراء ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ قال : لما توفى إبراهيم ـ عليه السلام ـ قال رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ : إن لـه مرضعاً في الجنة • ح ـ ٢/٤٦٠ وفي مسلم : إنه مات في الثدي ، وإن لـه لظئرين يكملان رضاعه في الجنة • م ـ ٩/١٨١

تەرجەمە :

کە ئیبراهیم ـ علیه السلام ـ وەفاتی‌کرد پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیه وسلم ـ فەرمووی : دایەنێکی لە بەهەشتا هەیە ، لە ریوایەتی موسلیما دوو دایەنی هەیە موددەی شیری بۆ تەواو ئەکەن لە بەهەشتا •

[لە موسنەدی فەریابیدایە : پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ تەشریفی چوە لای حەزرەتی خەدیجە ـ رضي الله تعالی عنها ـ دوای وەفاتی قاسمی کوڕی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزی پێغەمەری‌کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ و ئەگریا : (یا رسول الله) شـــیری قاسـم ئەبزوێو زۆر بوە ، ئەگەر بژیایە تا لە شیرم ئەبڕیەوە لەسەرم ئاســـــان ئەبوو • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لـە بەهشــــتا دایەنی هەیە موددەی شیردانی تەواو ئەکا • فەرمووی : ئەگەر بزانم وایـە حوزنم ئەهوەن ئەبێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر هەوەست یێنی دەنگی قاسمت بخەمە گوێوە • عەرزی‌کرد : خەیـر بڕوام بە خواو پێغەمەری هەیە ، قەسطەلانی] •

کاشـکی بیویستایە ! فەقەط ئیمانو عەقڵی ئەوەند کامڵ بـوە حـەزی نەکردوە کـە لـە زومرەی (مؤمنین بالغیب) بچێتـە دەرێو لـەو ئەجـرە مەحرووم بێ •

گریانو لاواندنەوە :

٢٩٣٦/٤٦ ـ عمرة بنت عبدالرحمن بن زرارة ـ رحمها الله ـ قالت : سمعت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : لما جاء النبيَّ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قتلُ ابن حارثة ، وجعفر ، وابن رواحة جلس يعرف فيه الحزن وأنا أنظر من صائر الباب ، شق الباب ، فأتاه رجل فقال : ان نساء جعفر ، وذكر بكاءهن ، فأمره أن ينهاهن ، فذهب ثم أتاه الثانية لم يطعنه ، فقال : انهض . فأتاه الثالثة ، قال : والله غلبننا يا رسول الله ، فزعمت أنه قال فاحثُ في أفواههن التراب ، فقلت : أرغم الله أنفك ! لم تفعل ما أمرك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ولم تترك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من العناء ! ح ـ ٢/٣٩٣ ، ٤٠٠ ، م ـ ٤/٢٦٨ ، د ، ن وأخرجه في المغازي في غزوة مؤتة .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : کە خەبەری شەهادەتی جەعفەرو ، زەیدی بنی حاریثەو ، ئیبنورەواحە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ هات بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى وسلم ـ تەشریفی بە مەحزوونی دانیشتبوو ، منیش لە درزی دەرگاکەوە تەماشام ئەکرد ، پیاوێ هاتە خزمەتی عەرزیکرد : ژنانی جەعفەر [ئەسمای ژنیو ئەو ژنانەی کە لە لای بوون] بەحتی لە گریانیان ئەکرد ، ئەمری پێ فەرموو بچێ نەهیان لێ بکا نەگرین ، چوو هاتەوە عەرزیکرد : ئیطاعەم ناکەن ، فەرمووی : دووبارەو تا سێ دفعە هیچ گوێیان نەدایێ . دەفعەی سێیەم کە هاتەوە پێیفەرموو : خۆڵ بکەرە دەمیانەوە . عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ :

پێموت : خوا لووتت له ئەرز نێ ! ئەوی پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ ئەمری پێفەرمووی نەتکردو پێغەمەریشت ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ نارەحەتکرد ! [یەعنی که پێت نەئەکرا بتوتایه : پێم ناکرێ یـەکێ بنێره که دەرەقەتیان بێو به گوێی بکەن • نەوەوی] •

٢٩٣٧/٤٧ ـ عن أم عطية [رضي الله تعالى عنها] قالت : لما نزلت هذه الآية (يبايعنك = على = أن لا يشركن بالله شيئاً ولا يسرقن ، ولا يزنين ، ولا يقتلن أولادهن ، ولا يأتين ببهتـان يفترينه بين أيديهن وأرجلهن . ولا يعصـــينك في معـــروف)[1] قـالت : كـان منـه النيـاحـة • قـالت : فقلت : يـا رســـــول الله إلا آل فـلان فـإنهم كـانـوا أســـعدوني في الجاهليـة فـلا بـد لي = من = أن أســـعدهم ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إلا آل فلان • م ـ ٢٧١/٤، ح ـ ٣٠٦/٧ بالمعنى • ونقل القسطلاني هنا أحاديث تدل على أن الرخصة لا خصوصية لها بأم عطية ـ رضي الله تعالى عنها ـ فراجع •

تەرجەمە :

ئوممو عەطییه ـ رضـي الله تعـالی عنهـــا ـ ئەفەرموێ : کـه ئایـەتی (یبایعنك = علی = أن لا یشـــرکن بالله •••) الآیة = هاتەخوارەوه = یەعنی ژنان که هاتنه لات موبایەعەت لەگەڵ بکەن موبایەعەیان لەگەڵ بکه لەسەر ئەمه که شەریك بۆ خوا نەگرن ، له مەعرووفا موخالەفەی تۆ نەکەن• ئەفەرموێ : نەهی له لاوانەوه لەو مەعرووفەیه که نەهی لـه موخالەفـەی کراوه • ئەفەرموێ : عەرزمکرد : که ئالی فلان نەبێ ؛ چونکی لـه زەمانی جاهیلییەتا ئەوان موعاوەنەتی منیانکرد له لاوانەوەدا لازمه لەســەرم کـه

---

(١) الممتحنة / ١٢ •

منيش موساعەدەیان بکەم لەگەڵیانا بلاوێنمەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئيللا ئالی فلاّن نەبێ •

لاوانەوە بە دەنگی بەرزو باوکەڕۆو براڕۆ حەرامە ، تەنها بۆ ئوممولعەطییەو ئەویش هەر بۆ ئالی فلاّن روخصەت دراوە[1] ، بۆ غەیری ئەوو ئەویش بۆ غەیری ئالی فلاّن دروست نیە • نەوەوی •

٢٩٣٨/٤٨ ـ وعنها قالت : أخذ علينا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عند البيعة أن لا ننوح ، فما وفت منا امرأة غير خمس نسوة : أم سليم ، وأم العلاء ، وابنة أبي سبرة امرأة معاذ ، وامرأتين ، أو ابنة أبي سبرة وامرأة معاذ ، وامرأة أخرى • ح ـ ٢/٤٠٠ ، م ـ ٤/٢٧٠ ، ن •

تەرجەمە :

ئوممولعەطییە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە وەختی موبایەعەدا عەهدی لێ وەرگرتین کە نەلاوێنینەوە • لەو ژنانەی کە موبایەعەیان لە خزمەتا کرد غەیری پێنج ژن : ئوممولسولەیمو ، ئوممولعەلاو ، کچی ئەبوسەبرەی ژنی مەعاذو ، دوو ژنی تر ، یا فەرمووی : کچی ئەبوسەبرەو ژنی مەعاذو دوو ژنی تر •• غەیری ئەمانە هیچیان وەفایان بە عەهدەکەیان نەکرد •

٢٩٣٩/٤٩ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : مرّ النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بامرأة تبكي عند قبر ، فقال : اتقي الله واصبري • قالت : إليك عني [وما تبالي بمصيبتي م] فإنك لم تصب

(١) دانەر ـ خ ـ لە باڵ حەدیثەکەدا نووسیویە کە قەسطەلانی لەو شوێنەدا چەند حەدیثی نەقڵ کردوە کە دەلالەت لەسەر ئەوە ئەکەن کە روخصەتەکە تەنها بۆ ئوممولعەطییە نیە .

بمصيبتي ، ولم تعرفه • فقيل لها : إنه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [القـائـل هو الفضـــل بن عبـاس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ طبراني] ، [فأخذها مثل الموت • م] فأتت باب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلم تجد عنده بوابين ، فقالت : لم أعرفك ، فقال : إنما الصبر عند الصدمة الأولى • ح ـ ٢/٣٨٢ ، م ـ ٤/٢٥٩ ، أخرجه في الأحكام أيضاً ، د ، ت ، ن

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی بە لای ژنێکا رابورد لەســــەر قەبرێ ئەگریا • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تەقوات لـە خـوا بێ‌و صەبر بکە ، وتی : لێم دوورموەکەوە ، تۆ بە موصیبەتی من گرفتار نەبووی موبالاتی پێ ناکەی • ئەو ژنە نەیزانی کە ئەوە پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەضلی کوڕی عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ پێی‌وت : ئەوە پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [ژنەکە زۆری پێ‌ناخۆش بـو لـە مردنەوە نزیك بوو] لێی‌دا چوە بەردەرگای ماڵی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە بەردەرگاکەیا دەرکەوانی نەدی • عەرزی‌کرد : نەمناسیت ، یەعنی قوصـــــوورم عەفو بکە کـە بـە ناشـــیرینی جوابم دایتەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : صـــــەبر ئەمجـا لـە = ئەووەڵ = وەختی تووشبوونی موصیبەتا فائیدە بەخشەو ثەوابی کاملی هەیە ، یەعنی چونکی لە ئەووەڵەوە صەبرت نەکرد ئێستە لە ئەجری کاملی مەحرووم بووی •

٥٠/٢٩٤٠ ـ عن عبدالله بن عبيدالله بن أبي مليكة قال : توفيت ابنـة لعثمان [أم أبان •] ـ رضي الله تعالى عنه ـ بمكة وجئنا لنشـــــهدها ، وحضرها ابن عمر وابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ وإني لجالس بينهما

أو قال : جلست الى أحدهما • ثم جاء الآخر فجلس إلى جنبي فقال عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - لعمرو بن عثمان : ألا تنهى عن البكاء ؟ فإن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : إن الميت ليعذب ببكاء أهله عليه • فقال ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - : قد كان عمر - رضي الله تعالى عنه - يقول بعض ذلك •

ثم حدّث فقال : صدرت مع عمر - رضي الله تعالى عنه - من مكة حتى إذا كنا بالبيداء اذا هو بركب تحت ظل ثمرة ، فقال : اذهب فانظر من هؤلاء الركب ؟ قال : فنظرت فإذا صهيب ، فأخبرته فقال : ادعه لي [فليلحق بنا ، فقلت : إن معه أهله • قال : وان كان معه أهله • م] فرجعت الى صهيب فقلت : ارتحل فالحق بأمير المؤمنين ، فلما أصيب عمر [رضي الله تعالى عنه] دخل صهيب يبكي يقول : وا أخاه ! وا صاحباه ! فقال عمر - رضي الله تعالى عنه - : يا صهيب أتبكي عليّ وقد قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ان الميت يعذب ببعض بكاء أهله عليه ؟ قال ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - : فلما مات عمر [رضي الله تعالى عنه] ذكرت ذلك لعائشة - رضي الله تعالى عنها - فقالت : يرحم الله عمر ، والله ما حدث رسول الله إن الله ليعذّب المؤمن ببكاء أهله عليه ، لكن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : إن الله ليزيد الكافر عذاباً ببكاء أهله عليه • وقالت: حسبكم القرآن : (ألاّ تزر وازرة أخرى)[1] قال ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - عند ذلك والله = هو = أضحك وأبكى • قال ابن أبي مليكة : والله ما قال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] - شيئا • خ - ٣٨٦/٢ ، م - ٢٦٤/٤ •

---

(١) النجم / ٣٨ •

الحديثان صحيحان ولا منافاة بينهما بحمل التعذيب على الوصـــية بالبكاء وعدمه على عدمها • من قسطلاني •

تەرجەمە :

عەبدوڵلاى كوڕى عوبەيدوڵلاى كوڕى ئەبو مولەيكە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ئوممو ئەبانى كچى ئيمامى عوتمان رضي الله عنه ـ لە مەككەدا وەفاتى كـرد ، چووين كـە حـازرى جەنـازەكـەى بين • ئيبنوعومەرو ئيبنوعـەباس ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـيشـــ حـازرى بـوون ، من لـــە بەينيـانـا دانيشـــتبووم ، يـا فەرمووى من لـە تەنيشـــت ئيبنوعومـەرەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دانيشـتبووم ، يەكێكيش دەستى ئيبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـى رائەكێشا هێناىو لە تەنيشـــت منەوە دانيشت [من كەوتمە بەينيان دەنگى گريـان لە ماڵەوە هـات • م] ئيبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە عەمرى كوڕى عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ى فەرموو : بۆ مەنعيان لە گريان ناكەى ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووى : مردوو بە گريانى كەس‌وكارى لە ســـەرى موعەذذەب ئەبێ • ئيبنوعەباس ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ فـەرمـووى : عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەعزێ لەوەى ئەفەرموو •

لە پاشا فەرمووى : لە خزمەتيا لە مەككەوە ئەگەڕامەوە تـا گەيينـە بەيداء تێفكرين چەند سوارێ لە ژێر سێبەرى دار ســـەمورەيێكا بوون ، ئەمرى پێ‌فەرمووم : بچۆ بزانە ئەوانە كێن • چووم تێفكريم صوهەيب بوو ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ خـەبـەرم داىێ ، فەرمـووى : بۆم بـانـگ بكە [عەرزم‌كرد : ماڵو منالى لەگەڵە ، فەرمووى : بـا ماڵو مناليشى لەگـەڵ بێ • م] گەڕامەوە بۆ لاى صـــوهەيب پێم‌وت : هەڵســـــە بگەرە ئەميرولموئمينين [هاتە خزمەتى تا گەيينە مەدينە] كە ئيمامى عومەر ـ رضي

الله تعالى عنه ـ خەنجەرەکەی لێدرا صوهەیب هاتە عەیادەتی ئەگریاو ئەیوت : ئای بۆ براکەم ! ئای بۆ رەفیقەکەم ! عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی صوهەیب بۆ تۆ لەسەر من ئەگریت ؟ [فەرمووی : بەڵێ وەڵڵاهی لەسەر تۆ ئەگریم • م عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ ٤ ـ ٢٦٤][1] فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : مردوو بە بەعزێ گریانی کەس‌وکاری لەسەری موعەذەب ئەبێ • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : کە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەفاتی‌کرد ئەوەم عەرزی عایشە ـ رضي الله تعالى‌عنها ـکرد ، فەرمووی : عومەر رەحمەتی خوای لێبێ ، وەڵڵاهی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەیفەرموە کە مەیتی موسوڵمان بە گریانی کەس‌و کاری لە سەری عەذاب ئەدرێ ، ئەمما ئەوەی فەرموو کە خوا ـ عز وجل ـ عەذابی کافر زیاد ئەکا بە گریانی کەس‌و کاری لەسەری • فەرمووی : قورئان کافیە بۆ ئێوە کە ئەفەرموێ : هیچ نەفسێکی گوناهبار گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێ ، یەعنی بە گوناهی ئەو گوناهبار نابێ • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە مەئالی وایە : خوا ئینسان ئەبێنێتە پێکەنین‌و ئەیگریێنێ ، یەعنی گریان‌و پێکەنین‌و حوزن‌و سورور لە خواوەیە ، تەئثیر ناکەن لە عەذابی‌کەسێکی ترا ئیبنوئەبی‌مولەیکە فەرمووی : وەڵڵاهی ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هیچی نەفەرموو [ئەمما لازم ناکا لەبەر عەجزی بێ لە جواب ، بەڵکو حەزی لە موجادەلە نەکردوە] •

٢٩٤١/٥١ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن عمر بن الخطاب لما طعن عولت عليه حفصة [رضي الله تعالى عنها] • فقال : يا حفصة أما

---

(١) دانەر ـ خ ـ لێرەدا تەرجەمەی چەند قسەیێکی کردوە ، کە عەرەبییەکەیانی نەنووسیوە •

سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : المعوَّل عليه يعذَّب ؟ وعول عليه صهيب فقال عمر : يا صهيب أما علمت أن المعول عليه يعذب ؟ م ـ ٢٦٣/٤ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەنجەری لێدرا حەفصە ـ رضي الله تعالى عنها ـ بە هاوارەوە بۆی گریا • = عومەر = فەرمووی : ئەی حەفصە بۆ نەتبیستوە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی ئەوەی واوەیلای بۆ بکرێ عەذاب ئەدرێ ؟ صوهەیبیش ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە واوەیلاوە بۆی گریا ، پێیفەرموو : ئەی صوهەیب بۆ نازانی ئەوی کە واوەیلای لەسەر بکرێ عەذاب ئەدرێ ؟

٢٩٤٢/٥٢ ـ عن عروة قال : ذكر عند عائشة أن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهم] يرفع الى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن الميت يعذب في قبره ببكاء أهله ، فقالت : وَهِلَ [غلط] إنما قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إنه يعذب بخطيئته أو بذنبه وإن أهله ليبكون عليه الآن • وذلك مثل قوله : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قام على القليب يوم بدر وفيه قتلى بدر من المشركين فقال لهم ما قال : إنهم ليسمعون ما أقول ، وقد وهل ، إنما قال : إنهم ليعلمون أن ما كنت أقول لهم حق • ثم قرأت (إنك لا تسمع الموتى)(١) (وما أنت بمسمع من في القبور)(٢) يقول حين تبوؤا مقاعدهم من النار م ـ ٢٦٤/٤ •

---

(١) النحل / ٨٠ •

(٢) فاطر / ٢٢ •

٥٣/٢٩٤٣ - وعن عروة قال ذكر عند عائشة [رضي الله تعالى عنها] قول ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] الميت يعذب ببكاء أهله عليه فقالت : يرحم الله أبا عبدالرحمن سمع شيئاً فلم يحفظ ، إنما مرت على رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - جنازة يهودي وهم يبكون عليه ، فقال : أنتم تبكون وإنه ليعذب • م - ٢٦٦/٤ (بەسە) •

تەرجەمە :

کە بە حەزرەتی عایشە گەیی کە ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - بە مەرفووعی ئەفەرموێ : کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرموویەتی : کە مردوو بە گریانی کەس و کاری لەسەری موعەذذەب ئەبێ •• فەرمووی : بە غەلەطا چوە • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : مردوو بە گوناهی خۆی لە قەبرا عەذاب ئەدرێ کەچی کەس و کاری ئێستەکە لەسەری ئەگرین • وەك پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لەسەر چاڵەقوتەی بەدر تەشریفی وەستاو ئەوی فەرمووی ، فەرمووی • لە پاشا لە جوابی عومەرا - رضي الله تعالى عنه - کە فەرمووی : تۆ چۆن قسە لەگەڵ ئەو لاشە بێ رۆحانە ئەکەی ؟ فەرمووی : ئەوان گوێیان لەوەیە کە من ئەیلێم • لەوەیشا عومەر - رضي الله تعالى عنه - بەغەلەط چوو ؛ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : ئێستە کە جێگیر بوون لە ئاگرا ئەزانن کە ئەوی من پێم وتوون حەقە ، ئێستە تێگەییون • لە پاشا عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە مەئالی وایە : ئەی محمد تۆ قسە بە مردوو نابیەی • ئەوی لە قەبریشایە قسەی پێ نابیەی •

لە ریواتەکەی ترا خوا رەحم بە ئەبوعەبدورەحمان بکا ، شتێکی بیستوەو تێی نەگەییوە ؛ بەلای پێغەمەردا - صلى الله تعالى عليه وسلم -

جەنازەیەکی جوولەکە رابورد ، لەســــەری ئەگریـان ، فەرمووی : ئێوە لەسەری ئەگرین‌و ئەو عەذاب ئەدرێ •

ئـەم حەدیثانە هەموو صـــــەحیحن ؛ کـە ئەمر بەگریان بکا بۆی موعەذذەب ئەبێ ؛ (وإلا) موعەذذەب نابێ •

الميت لا ينجس(١) :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنــه ـ حەنووطی کـــرد بـە کوڕێکی سەعیدی کوڕی زەیدەوە ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ و هەڵی‌گرت‌و نوێژی لەسەر کرد ، دەستنوێژی نەشتەوە •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : موسوڵمان نە بـە زیندوویی نە بە مردوویی پیس نابێ • سەعدی کوڕی وەقاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەگەر مردوو پیس ببوایە دەســـتم لێ نەئەدا • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : موسوڵمان پیس نابێ • عەطاو زوهــری‌و عەمــری کوڕی دینارو قەتـادە ئەفەرموون : کفــن لــە (رأس المال) ئەدرێ • ح ـ ٣٦٨/٢ •

عەمری کوڕی دینار ئەفەرموێ : حەنووط لە هەموو ماڵەکە دەرەکرێ • ئیبراهیمی نەخەعی ئەڵێ : لە پێشا کفن ، لە پاش ئەو قەرز ، لە پاش ئـەو وەصیەت • سوفیان ئەفەرموێ : ئوجرەی قەبرو ئوجرەی شـــتن داخڵی کفنە • ح ـ ٣٧٧/٢ •

٢٩٤٤/٥٤ ـ عن إبراهيم أن أبــاه عبدالرحمن بن عوف ـ رضــي الله تعالى عنه ـ أتي بطعام وكان صائماً ، فقال : قتل مصعب بن عمير وهو خير

(١) مردوو پیس نابێ •

مني كفن في بردة إن غطي رأسه بدت رجلاه ، وإن غطي رجلاه بدا رأسه • وأراه قال : وقتل حمزة وهو خير مني ، ثم بسط لنا من الدنيا ما بسط • أو قال : أعطينا من الدنيا ما أعطينا ، وقد خشينا أن تكون حسناتنا عجلت لنا ، ثم جعل يبكي حتى ترك الطعام • ح - ٣٧٨/٢ ، ٣٧٧ • ح - ٢٨٦/٦

تەرجەمە :

ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : باوکی بەڕۆژو بوو لە ئیفطارا طەعامیان بۆ هێنا ، فەرمووی : موصعەبی کوڕی عومەیر لە ئوحودا شەهید بوو ، ئەو لە من چاتر بوو لە بوردەیێکا کفن کرا سەری پێی داپۆشرایە پێی دەرەکەوت ، پێی داپۆشرایە سەری دەرەکەوت • وا بزانم فەرموویشی : حەزرەتی حەمزە شەهید کرا ئەو لە من چاتر بوو ، یەعنی ئەویش وا کفن کرا ، لە پاشا دنیا بۆ ئێمە واسیع کرا ، یا فەرمووی : لە دنیا ئەوی پێمان عەطا کرا ـ کرا • ئەترسین ئەم دنیایە کە دراومانەتێ ثەوابی عەمەلمان بێ بۆمان هێنراییتە دنیاوە • لە پاشا گریاو طەعامەکەی نەخوارد •

٥٥/٢٩٤٥ ـ أبو مالك الأشعري [رضي الله تعالى عنه] حدث أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أربع في أمتي من أمر الجاهلية لا يتركونهن : الفخر في الأحساب ، والطعن في الأنساب ، والاستسقاء بالنجوم ، والنياحة ، وقال : النائحة اذا لم تتب قبل موتها تقام يوم القيامة وعليها سربال من قَطِران ودرع من جَرَب • م - ٢٦٨/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : چوارشت = لە ئوممەتی مندا = لە کردەوەی جاهیلییەتە تەرکی ناکەن : فەخرکردن

به حەسەب ، طەعندان لە نەسەب ، طەڵەبی باران بە واسیطەی ئەستێرەوە • لاوانەوە • فەرمووی : ئەو ژنەی ئەلاوێنێتەوە ئەگەر لە پێش مردنیا تەوبەی لێ نەکا لە قیامەتا کە لە قەبر هەڵسـا ، وا هەڵەسێ دەرپێی لە قەترانو کراسێ لە گەڕۆڵی لەبەرا ئەبێ •

[وا پێ بە خەیاڵما کە ئەم حەدیثەم نووسیبێ]

وقال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دعهنّ يبكين على أبي سـليمان ، ما لـم يكن نقع ، أو لقلقـة • والنقـع : التـراب على الرأس • واللقلقة : الصوت • ح ـ ٣٨٨/٢ •

تەرجەمە :

[کە خالیدی کوڕی وەلید ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەفـات ئەکـا لە تەئریخی بیستو سێدا ژنانی موغیرە لە سەری ئەگرین ، عەرزی ئیمامی عومەر کـرا ـ رضي الله تعالى عنـه ـ کـە : بنێرە نەهیان بکە لـە گریان] فەرمووی : وازیان لێ بێنە با = بۆ = ئەبوسولەیمان بگرین بەو شەرتە کە خۆڵ بەسەراکردنو دەنگی بەرز نەبێ •

٢٩٤٦/٥٦ ـ عن المغيرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سـمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن كذبا عليّ ليس ككذب على أحد ، من كذب عليّ متعمداً فليتبوأ مقعده من النار ، سمعت النبي ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من نيح عليه يعذب بما نيح عليه • ح ـ ٣٨٨/٢ ، م ـ ٢٩٥/١ ، م ـ ٢٦٧/٤ ، ت •

تەرجەمە :

موغیرە ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئەفەرموێ : لـە پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـم بيسـت ئەیفەرموو : درۆکردن بـە دەم منەوە وەك

درۆکردن نیە بە دەم خەڵقەوە • هەرکەسێ بە عەمدەن درۆم بە دەمەوە بکا ئەو کەسە با جێی خۆی لە ئاگرا حازر بکا • لە پێغەمەرم بیست ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : هەرکەسێ لە سەری بلاوێنرێتەوە ئەو کەسە بە لاوانەوە لە سەری عەذاب ئەدرێ • یەعنی ئەگەر وەصیەتی پێ کردبێ • یا ئەگەر عادەتیان بووبێ وەصیەتی بە تەرکی نەکردبێ •

٢٩٤٧/٥٧ ـ نعمان بن بشير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أغمي على عبدالله بن رواحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ فجعلت أخته عمرة [وهي أم نعمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ] تبكي وا جبلاه ، وا كذا ، وا كذا ، تعدد عليه فقال حين أفاق : ما قلتِ شيئاً إلا قيل لي : آنت كذلك ؟ وفي أخرى خصري : فلما مات لم تبكِ عليه ح ـ ٦/٣٧١ •

تەرجەمە :

نوعمانی کوڕی بەشیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : عەبدوڵڵای کوڕی رەواحەی خاڵم لە نەخۆشییێکا بێخود بوو ، عەمرەی خوشکی ، کە دایکمە ، ئەگریاو ئەیوت : وای بۆ کێوەکەم ، وای بۆ ئەوەم ، بۆ ئەوەم ، شەمائیلی هەڵئەژمارد • کە هاتەوە هۆشی خۆی فەرمووی : هەرچییێکت وت لێیان ئەپرسیم : بۆ تۆ وایتە ؟ کە عەبدوڵڵا وەفاتی کرد بە شەهیدیی بۆی نەگریا •

البكاء عند المريض(١) :

٢٩٤٨/٥٨ ـ عن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : اشتكى سعد بن عبادة [رضي الله تعالى عنه] شكوى له ، فأتاه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يعوده مع عبدالرحمن بن عوف ، وسعد بن أبي وقاص ،

(١) گریان لای نەخۆشدا .

وعبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعـالى عنهم ـ فلما دخل عليـه فوجده في غاشية أهله فقال : قد قضى ؟ قالوا : لا يا رسول الله ، فبكى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ، فلما رأى القوم بكاء النبي ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ بكوا • فقال : ألا تسمعون ؟ إن الله لا يعـذب بدمـع العين ، ولا بحزن القلب ، ولكن يعذب بهذا ـ وأشار إلى لسانه ـ أو يرحم ، وان الميت يعذب ببكاء أهله عليه • وكان عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يضـــرب فيه بالعصا ، ويرمي بالحجارة ، ويحثي بالتراب • ح ـ ٢ ٣٩٩ ، م ـ ٤/٢٥٧ •

٢٩٤٩/٥٩ ـ وعنه قال : كنا جلوساً مع رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ إذ جاء رجل من الأنصار فسلم عليه ثم أدبر الأنصاري ، فقال رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يا أخا الأنصـــار كيف أخي سعد بن عبادة ؟ فقال : صالح • فقال رســول الله ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ : من يعوده منكم ؟ فقام وقمنا معه ونحن بضعة عشر ما علينا نعال ، ولا خفاف ، ولا قلانس ، ولا قمص ، نمشي في تلك السـباخ حتى جئناه ، فاستأخر قومه من حولـه حتى دنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأصحابه الذين معه • م ـ ٤/٢٥٨ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لـە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دانيشـــتبووين پياوێ لـە ئەنصار هاتە خزمەتی سەلامی کرد • سەعدی کوڕی عوبادە ـ رضـــي الله تعالى عنه ـ نەخۆش بوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەو پياوەی پرسی : ئەی برای ئەنصاریی سەعدی برام چۆنە ؟ عەرزیکرد : چاکـە • پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـە وسلم ـ فـەرمووی : لـە ئێوە کێ یێتـە

عەیادەتی ؟ تەشریفی هەڵساو ئێمەیش لە خزمەتیا چووین هەڵســـــاین ، ئێمەیش ئەوەندەو دە کەس بووین ، هیچمان نەبوو نــە نەعلمان بوو ، نــە کەوشمان بوو ، نە قەلەنسوەمان بوو ، نە کراسمان بوو ، بە ناو ئەو ئەرزە ریکەلانیەدا ئەڕۆیین تــا چووینــە لای ، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفو ، سەعدی کوڕی ئەبووەقاصو ، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودیشی لە خزمەتا بوو ، کە تەشریفی چوە ئەوێ سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قەومەکەی لــە دەورو پشتیا بوون ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ فەرمووی : تەواو بوە ؟ عەرزیانکرد : خەیر (یا رسول الله) پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گریا کە خەڵقەکە چاویان پێکەوت کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەگری ئەوانیش گریــان ، پێغەمەر ـ صــلى الله تعــالى عليــه وسلم ـ فەرمووی : گوێ بگرن ، خوا ـ عز وجل ـ بەمە ئینسان عەذاب نادا کە ئینسان فرمێسکی بێت ، بە حوزنی قەلبیش عەذابی نادا ، ئیشــــارەتی زمانی کردو فەرمووی : ئەمما بەمە عەذاب ئەدا یا خوا رەحمی پێ ئــەکا • یەعنی ئینسان بە واســـــیطەی زمانی ئەکەوێتە عەذابەوە یا رەحمەتەوە • بە تەحقیق مردوو [ئەگەر دەخلی بێ لەوەدا کە بە وەجهی غەیرە مەشرووع بۆی بگرین] بە گریانی کەسوکاری عەذاب ئەدرێ •

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە دار ، بە بەردهاویتن ، بــە خۆڵ بەسەراکردن لە سەر گریان لە خەڵقی ئەدا •

زیارەتی قەبرو ژن لەگەڵ جەنازەدا چوون :

٦٠/٢٩٥٠ ـ عن أم عطية ـ رضي الله تعــالى عنها ـ قالت : نهينــا عن اتباع الجنائز ولم يعزم علينا • ح ـ ٢/٣٨٠ ، م ـ ٤/٢٧٢ •

تەرجەمە :

ئوممو عەطییە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : نەهی‌کـراویـن = لەوە = کە لەگەڵ جەنازەدا بچینە سەر قەبران ، ئەمما لەســـــــەرمان حەرام‌نەکراوە •

٦١/٢٩٥١ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : كان رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كلما كانت ليلتها من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يخرج من آخر الليل الى البقيع فيقول : السلام عليـكم دارَ قَوْمٍ مؤمنين وأتاكم ما توعدون ، غداً مؤجلون ، وإنا إن شاء الله بكم لاحقون ، أللهم اغفر لأهـل بقيـع الغَرقدِ • ولم يقـل قتيبة = قولـه = وأتاكم • م ـ ٣١٨/٤ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : کوللی شەوێ لە نەوبەتی ئەوا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ئاخری شەوا تەشریفی ئەچوو بۆ بەقیع ئەیفەرموو : ئەی دیاری قەومی موسوڵمانان سەلامتان لەســـەر بێ ، ئەوی کە سبەینێ وەعدەتان پێ‌ئەدرێ بە موئەججەلی وا بۆتان هات ، ئێمەیش (إن شـــــاء الله) ئیلتیحاق ئەکەین بـە ئێوە ، خوایا لە ئەهلی (بقيع الغرقد) خۆش ببە •

[ئەمما خوا غەضەب بگرێ لە هەموو ئەصـــنافی غەششاش دوێنێ سەری ئەم شیشە مەرەکەبەم هەڵبچڕیوە !][(1)] •

٦٢/٢٩٥٢ ـ بريدة [رضي الله تعالى عنه] قال : كان رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يعلمهم إذا خرجوا الى المقابـر فكـان قائلهم

---

(1) دانەر ـ خ ـ گەلێ جار هاواری بەرز ئەبێتەوە لە دەست بێ‌کاغەزیو مەرەکەب خراپی ، ئەم جارە هاواری لە دەس غەش‌و فرو فێڵە .

يقول في رواية أبي بكر : السلام على أهل الديار • وفي رواية زهير : السلام عليكم أهل الديار من المؤمنين والمسلمين = والمسلمات = وإنا إن شاء الله للاحقون • أسأل الله لنا ولكم العافية = م - ٤/٣١٢ = •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەعلیمی ئەوانەی کرد کە ئەچوونە سەر قەبران ئەم دۆعایە بکەن - دوو ریوایەت لە دۆعاکەدا هەیە - :

ئەبوبەکر ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - وایفەرموە کە بڵێن : سەلام لەسەر ئەهلی دیار بێ لە موئمینانو موسوڵمانان ، ئێمە (إن شاء الله) ئیلتیحاق ئەکەین بە ئێوە ، عافیەت لە خوا طەلەب ئەکەین بۆ ئێمەو ئێوە • لە ریوایەتی زوهەیرا سەلام لە سەر ئێوە بێ ئەی ئەهلی دیار ، سەلام لە سەر ئێوە بێ ئەی ئەهلی دیار •

٢٩٥٣/٦٣ - عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : زار النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قبر أمه فبكى وأبكى من حوله ، فقال - صلى الله تعالى عليه وسلم - : استأذنت ربي في أن أستغفر لها فلم يأذن لي ، واستأذنته في أن أزور قبرها فأذن لي ، فزوروا القبور فإنها تذكركم الموت • م - ٤/٣٢٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - زیارەتی قەبری دایکی کرد ، گریاو ئەوانەیش کە لە دەورو پشتی بوون گریان ، لە پاشا فەرمووی : ئیذنم لە خوا خواست کە ئیستیغفاری بۆ بکەم ئیذنی نەدام ، ئیذنم خواست

که زیارەتی بکەم ئیذنی دام ، ئێوەیش زیارەتی قەبر بکەن ؛ چونکی مردنتان ئەخاتەوە فکر •

٦٤/٢٩٥٤ ـ بريدة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : كنت نهيتكم عن زيارة القبور فزوروها[1] • م ـ ٣٢٥/٤ •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : نەهیم لێکردن کە زیارەتی قەبر بکەن ، زیارەتی بکەن •

عەیادەتی ئەهلی کیتابو تەلقینی :

٦٥/٢٩٥٥ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان غلام يهودي يخدم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فمرض فأتاه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يعوده فقعد عند رأسه ، فقال له : أسلم ، فنظر الى أبيه وهو عنده فقال له : أطع أبا القاسم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأسلم فخرج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو يقول : الحمد لله الذي أنقذه من النار ح ـ ٤٣٧/٢ •

تەرجەمە :

کوڕە جوولەکەیێ خزمەتی پێغەمەری ئەکرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەخۆش کەوت ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی

(1) دانەر ـ خ ـ ئەم حەدیثەی بە تەواوی نەنووسیوەو ئەمە تەواویەکەیەتی : « ... ونهيتكم عن لحوم الاضاحي فوق ثلاث فامسكوا ما بدا لكم ، ونهيتكم عن النبيذ إلا في سقاء فاشربوا في الاسقية كلها ، ولا تشربوا مسكرا » ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە ئەم حەدیثە رابورد .

چوە عەیادەتی ، تەشریفی لای سەریەوە دانیشت پێیفەرموو : موسوڵمان ببە ، باوکیشی لە لای بوو ، تەماشـای بـاوکی کرد ، باوکی پێیوت : ئیطاعەی ئەبولقاسم بکە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ موسـوڵمان بوو ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هاتەدەرێو ئەیفەرموو : حەمد بۆ خوایێ کە لە ئاگر نەجاتی دا ٠

ئیمانی سەرەمەرگ عەقڵی لەسەر خۆی بێ دروستە ٠

عەیادەتی ئەهلی کیتاب دروستە ٠

تەڵقینی دینکردنیان سونئەتە ٠

تەعزیـە بـۆ مردوو :

٦٦/٢٩٥٦ ـ عن محمد بن سيرين [رحمه الله تعالى ، ورضي عن أبيه] قال : توفي ابن لأم عطية ـ رضي الله تعالى عنها ـ فلما كان اليوم الثالث دعت بصفرة فتمسحت به ، وقالت : نهينا أن نُحِدَّ أكثر من ثلاث إلا بزوج ٠ ح ـ ٢/٣٨٠ ٠

تەرجەمە :

کوڕێکی ئوموعەطییە ـ رضي الله تعالى عنها ـ وەفاتیکرد ، رۆژی سێیەم زەعفەرانی هێنا سووی لە خۆی ، فەرمووی : نەهیمان لێکراوە کە بۆ مێرد نەبێ زیاد لە سێ رۆژ تەعزیە بگرین ٠

٦٧/٢٩٥٧ ـ عن حميد بن نافع [رحمه الله تعالى] عن زينب بنت أبي سـلمة ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ أنهـا أخبرته هذه الأحاديث الثلاثـة = قال = قالت = زينب = : دخلت على أم حبيبة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حين توفي أبوها أبو سـفيان ،

فدعت أم حبيبة بطيب فيه صفرة خلوق أو غيره ، فدهنت منه جارية ، ثم مست بعارضيها ، ثم قالت : والله ما لي بالطيب من حاجة ، غير أني سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول على المنبر : لا يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر تحد على ميت فوق ثلاث ، إلا على زوج أربعة أشهر وعشرا •

= قالت زينب = : ثم دخلت على زينب بنت جحش [رضي الله تعالى عنها] حين توفي أخوها ، فدعت بطيب فمست منه ، ثم قالت : والله ما لي بالطيب من حاجة غير أني سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول على المنبر : لا يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر تحد على ميت فوق ثلاث إلا على زوج أربعة أشهر وعشرا •

قالت زينب : سمعت أمي أم سلمة [رضي الله تعالى عنهما] تقول : جاءت امرأة إلى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقالت : يا رسول الله إن ابنتي توفي عنها زوجها ، وقد اشتكت عينها ، أفنكحلها ؟ فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لا ، مرتين أو ثلاثاً كل ذلك يقول لا • ثم قال : إنما هي أربعة أشهر وعشر • وقد كانت إحداكن في الجاهلية ترمي بالبعرة على رأس الحول • قال حميد : فقلت لزينب [رضي الله تعالى عنها] : وما ترمي بالبعرة على رأس الحول ؟ فقالت زينب : كانت المرأة اذا توفي عنها زوجها دخلت حفشا ولبست شر ثيابها ، ولم تمس طيباً ولا شيئاً حتى تمر بها سنة • ثم تؤتى بدابة : حمار ، أو شاة ، أو طير ••• فتفتض به ، فقلّما تفتض بشيء إلا مات ، ثم تخرج فتعطى بعرة فترمي بها ، ثم تراجع بعدُ ما شاءت من طيب أو غيره • ح - ٢/٣٨١ ، ح - ٨/١٨١ ، م - ٦/٣٢٣ •

مەعنـای (تفتضّ) هەریەکە بـە نەوعێکی ئەڵێ (والحاصـــــل) نەیانزانیوە (اللفظ لمسلم) •

تەرجەمە :

حە میدی کوڕی نافیع ـ رحمە الله ـ لە زەینەبی کچی ئوممو سـەلەمە سێ حەدیث ریوایەت ئەکا :

(١) زەینەب ـ رضي الله تعالى عنهـا ـ ئەفەرموێ : ئوممو حەبیبەی حەرەمی پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ، ورضـي عنهـا ـ کە ئەبوسوفیانی باوکی لە شام وەفاتی کردو خەبەری بۆ هات ، لە دوای سێ رۆژ عەطری طەڵەب کرد جاریەیێکی لە خۆی سوو ، خۆیشی لە هەردوو گۆنای سوو ، فەرمووی : وەڵڵاهی من ئیحتیاجم بە عەطر نیە ، ئەوەندەی هەیە لەسەر مینبەر لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیســــت ئەیفەرموو : حەڵاڵ نیە بۆ ژنێ کە ئیمانی بـە خواو رۆژی قیامەت بێ بۆ غەیری مێرد لە سێ رۆژ زیاتر تەعزیـە بگرێ ، بۆ مێـرد چوار مانگو دە شەو تەعزیە بگرێ •

(٢) زەینەب ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لـە دوای ئـەوە چوومە خزمەت زەینەبی کچی جەحش ـ رضي الله تعالى عنها ـ کـە براکەی وەفاتیکرد عەطری ویست ، سووی لە خۆی لە پاشا فەرمووی : وەڵڵاهی من ئیحتیاجم بە عەطر نیە ، ئەوەندەی هەیە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست لەسەر مینبەر ئەیفەرموو : ژنێ کە ئیمانی بە خواو رۆژی قیامەت بێ ، بۆ غەیری مێرد ، بۆی حەڵاڵ نیە لە سێ رۆژ زیاتـر تەعزیـە بگرێ ، بۆ مێرد چوار مانگو دە رۆژ تەعزیەی لەسەرە •

(٣) زەینەب ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە ئوممو سەلەمەی دایکمم بیســـــت ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەیفەرموو : ژنێ هاتە خزمەت

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) مێردی کچەکەم مردوە ئێستە چاوی ئێشێ چاوی برێژین ؟ پێغەمەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرمووی : خەیر . دوو جار یا سێ جار عەرزی‌کرد ، لـه هەموو جارێکا ئەیفەرموو خەیر . له پاشا فەرمووی : عیددەی ژنی مێـرد مردوو چوار مانگ‌و دە شەوە ، له زەمانی جاهیلیەتا یەکێ له ئێوە مێردی بمردایه له سەری سالّی دوایی پشقلی ئەهاویت بۆ [سەگ] .

حەمید ئەفەرموێ : عەرزی زەینەبم کرد : مەعنای ئەوە چیە کـە لـە سەری سالّا پشقلی ئەهاویت ؟ فەرمووی : ژن کـە مێردی بمردایـە ئەچوە ناو ژوورێکی بچکۆلەوە ، کام جلی خراپ بوایە ئەیپۆشی ، بۆنی خۆش‌و هیچی له خۆی نەئەدا تا سالێکی بەسەرا رائەبورد ، له دوایدا حەیوانێکیان بۆ ئەهێنا ، کەر بوایە ، مەڕو بزن بوایە ، یا طەیر بوایە ... بەو حەیوانـە (ئیفتیضاضی) ئەکرد ، [یەعنی تەعزیەکەی پێ ئەشـــکان] کەم وا ئەبوو ئەو حەیوانەی کە تەعزیەی پێ بشـــــکانایە نەمردایـە . لـە پاش ئەوە پشقلێکیان ئەدایێ سەگێکی بە لادا رابوردایە ئەیهاویتێ ، لـە دوای ئەوە ئەچۆوە سەر عادەتی خۆی بۆنی ، ئەسبابی زینەتی لـە عـەمـەل ئەهێنا . [یەعنی ئێوە له زەمانی جاهیلیەتا سالێ صەبرتان‌کردوە بۆچی ئێستە چوار مانگ‌و دە رۆژ صەبر ناکەن ؟] .

ئەو ئیفتیضاضە لە ئیسلامەتیدا نیـە فەقەط بـۆ تێگەیینی حەدیثەکـە بەعزێ لـە نەوەوی نەقـلّ ئەکـەم : ئیبنوقوتەیبە ئەفەرموێ : مەعنـــای ئیفتیضاضم لە ئەهلی حیجاز پرسی وتیان : ژنی مێردمردوو لە عیددەدا تـا سالێ غوسلی نەئەکرد ، خۆی نەئەشت ، دەستی لـە ئـاو نەئەدا ، نینۆکی نەئەکرد ، لە دوای سالێ بە مەنظەرەیێکی پیس‌و کەریهەوە ئەچوە دەرێ ،

طەیرێ [یا حەیوانێ]کیان ئەداێ ، ئەیسوو لە فەرجیو فرێی ئەدا ، کەم وا ئەبوو ئەو حەیوانە بژی •

ئیمامی مالیك ئەفەرموێ : ئەو حەیوانەی لە پێستی خۆی هەڵەسوو •

وەهەب ئەڵێ : دەستی بەسەرا ئەهێنا •

بەعزێ ئەڵێن : لە خۆیی ئەسوو ، غوسڵی ئەکردو خۆی ئەشت تا وەك زیوی لێ ئەهات •

ئەخفەش ئەڵێ : خۆی پاك ئەکردەوە وەك (فضة) زیو •

ئەزهەریی ئەڵێ : ئیمامی شافیعی لە باتی (تفتض) (تقبض)ی ریوایەتکردوە • یەعنی بەسەری پەنجەی حەیوانەکەی ئەگرت ، یەعنی نوقورچی لێ ئەگرت •

بەم ریوایەتانە دەرئەکەوێ کە کەس مەعناکەی نەزانیوە ، با هەر نەزانرێ •

لەبەر جەنازە هەڵسان :

٢٩٥٨/٦٨ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا رأيتم الجنازة فقوموا ، فمن تبعها فلا يجلس حتى توضع • م ـ ٣٠٣/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە جەنازەتان دی هەڵسن ، ئەوی لەگەڵی بێ تا دانەنرێ دانەنیشێ •

٢٩٥٩/٦٩ ـ جابر [رضي الله تعالى عنه] يقول : قام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لجنازة مرت به حتى توارت • م ـ ٣٠٣/٤ •

٧٠/٢٩٦٠ ـ عن علي [رضي الله تعالى عنه] أنه قال : قام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم قعد • م ـ ٤/٣٠٤ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : جەنازەیێ بە لای پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رابورد تەشریفی هەلسا تا لە چاو ون بوو ، ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لەبەر جەنازەیێ تەشریفی هەلسا لە پاشا تەشریفی دانیشت •

٧١/٢٩٦١ ـ وعنه قال : رأينا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قام فقمنا ، وقعد فقعدنا ، يعني في الجنازة • م ـ ٤/٣٠٥ •

تەرجەمە :

= حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه = : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مان دی لە جەنازەدا تەشریفی هەلسا ئێمەیش هەلساین ، ئەو دانیشت ئێمەیش دانیشتین •

٧٢/٢٩٦٢ ـ قاسمی کوڕی محەمەد ـ رحمهما الله تعالى ـ لە بەردەمی جەنازەوە ئەڕۆیی ، بۆ جەنازە هەلئەستا ئەیوت : حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەیفەرموو : ئەهلی جاهیلیەت بۆ جەنازە هەلەستان ، کە چاویان بە جەنازە ئەکەوت دوو جار ئەیانوت : تۆ لە ناو کەس و کارتا ئەوە بووی کە بووی • ح ـ ٦/١٧٠

٧٣/٢٩٦٣ ـ عن عامر بن ربيعة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : اذا رأيتم الجنازة فقوموا حتى تخلفكم أو توضع • ح ـ ٢/٤٠١ ، م ـ ٤/٣٠٢ ، د ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : کە چاوتان بە جەنازە کەوت هەڵسن تا بەجێتان پێلێ ، یا دائەنرێ •

٧٤/٢٩٦٤ ـ عن النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قال : إذا رأی أحدكم جنازة فإن لم یكن ماشیاً معها فلیقم حتی یخلفها أو تخلفه ، أو توضع من قبل أن تخلفه • ح ـ ٢/٤٠٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : کە یەکێکتان جەنازەی دی ئەگەر لەگەڵی نەڕۆیی هەڵبستێ تا ئەیخاتە پشتەوە ، یا ئەکەوێتە پشتیەوە ، یا دائەنرێ ، لە پێش ئەمەدا کە ئەم ئەو یا ئەو ئەم بەجێ پێلێ •

٧٥/٢٩٦٥ ـ عن [كیسان] قال : كنا في جنازة فأخذ أبو هریرة ـ رضي الله تعالی عنه ـ بید مروان فجلسا قبل أن توضع ، فجاء أبو سعید ـ رضي الله تعالی عنه ـ فأخذ بید مروان فقال : قم فوالله لقد علم هذا أن النبي صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نهانا عن ذلك ، فقال أبو هریرة : صدق • ح ـ ٢/٤٠٢ •

تەرجەمە :

کەیسان ئەڵێ : لە جەنازەیێکا بووین ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ دەستی مەروانی گرت لە پێش ئەمەدا کە دابنرێ دانیشتن • ئەبوسەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەشریفی دەستی مەروانی گرت فەرمووی : دەی هەڵسە ، وەڵلاهی ئەمە ئەزانێ کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی لەمە کردوە کە لە پێش ئەمەدا جەنازە دابنرێ ئینسان دابنیشێ •

٧٦/٢٩٦٦ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : مرَّ بنا جنازة ، فقام لها النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقمنا وقلنا : إنهـا جنازة يهودي قال : [إن الموت فزع • م] إذا رأيتم الجنـــازة فقوموا • ح ـ ٤٠٣/٢ ، م ـ ٣٠٢/٤ ، د ، ن •

تەرجەمە :

جابیری بنی عـەبـدوللاّ ـ رضـي الله تعـــالى عنهما ـ ئـەفەرموێ : جەنازەیێ بەلامانا رابورد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەبـەری هەڵسا ، ئێمەیش هەڵساین ، عەرزمانکرد : ئەوە جەنازەی جوولەکـەیـە ، فەرمووی : مردن فەزەعە ؛ ترسی لێ ئەکرێ ، کە چاوتان بە جەنازە کەوت لەبەری هەڵبستن •

٧٧/٢٩٦٧ ـ سـهل بن حُنَيْف وقيس بن سعد[1] قالا : إن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مرت به جنازة فقام ، فقيل له : إنها جنـــازة يهودي ، فقال : أليست نفساً ؟ ح ـ ٤٠٣/٢ ، م ـ ٣٠٤/٤ •

تەرجەمە :

جەنـازەیێ بـە لای پێغەمەرا ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ رابورد = پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە بەری هەڵسا = عەرزیانکرد : ئەوە جوولەکەیە ، فەرمووی : بۆچی ئەوە نەفس نیە ؟

---

(١) دانەر ـ خ ـ ئەم ریوایەتەی کورتکردوەتەوە ، لە هەردوو شوێنەکەدا ئەم زیادە هەیە « ... كان سهل بن حنيف وقيس بن ســـعد قاعدين بالقادسية ، فمروا عليهما بجنازة ، فقاما ، فقيل لهما : إنها من أهـــل الارض ، اي من أهل الذمة فقالا ... » واتە سەهلی کوڕی حونەیفو قەیسی کوڕی سەعد لە قادسییە دانیشـــــتبوون ، تەرمێکیان بەلادا بردن ، لە بەری هەڵسان ، پێیانوتن : ئەمە لە مردووی (ذمی)یە بـۆ لە بەری هەڵەسن ؟ ئەوانیش وتیان : ... » .

لەبەر مردوو هەڵسان ـ موسوڵمان بێ یا کافر ـ سوونەتە •

٧٨/٢٩٦٨ ـ أبو سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا وضعت الجنازة واحتملها الرجال على أعناقهم ، فإن كانت صالحة قالت : قدموني [قدموني • كش] وإن كانت غير صالحة قالت : يا ويلها أين تذهبون بها ؟ يسمع صوتها كل شيء إلا الإنسان ، ولو سمعه صعِق • ح ـ ٢/٤٠٤ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە مردوو نرایە ناو تابووتەوەوپیاوان هەڵیان گرت ئەگەر صاڵح بێ ئەڵێ : خێرا بمبەن خێرا بمبەن ، ئەگەر صاڵح نەبێ ئەڵێ : ئای هەلاکەت بۆ من ! بۆ کوێم ئەبەن ! غەیری ئینسان هەموو شتێك گوێی لە دەنگی ئەبێ ، ئەگەر ئینسان دەنگی ببیێ ئەمرێ ، بەهیلاك ئەچێ •

قال أنس[1] [رضي الله تعالى عنه] : أنتم مشيعون فامشوا بين يديها • وخلفها ، وعن يمينها ، وعن شمالها ، وقال غيره : قريباً منها • ح ـ ٢/٤٠٤

تەرجەمە :

لە ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ یان پرسی : ئینسان لە کوێوەی جەنازەوە بڕوا ؟ فەرمووی : ئێوە تەشییعی جەنازە ئەکەن ، لە بەردەمیەوە ، لە پشتەوەی ، لای راستەوەو ، لای چەپیەوە بڕۆن • غەیری ئەنەس ئەفەرموێ : لە نزیکیەوە بڕۆن [یەعنی تا موعاوەنەتی ئەوانە بدەن کە هەڵیئەگرن ، لە بەردەمیەوەڕۆیین چاکترە] •

(١) دانەر ـ خ ـ ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە .

٢٩٦٩/٧٩ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ قال : أسرعوا بالجنازة ؛ فإن تك صـــالحة فخير تقدمونها ، وإن تك سوى ذلك فشر تضعونه عن رقابكم • ح ـ ٢/٤٠٥ ، م ـ ٤/٢٨٤ ، د ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : عەجەلە بکەن بـە جەنازە ، یەعنی خێرا بیگەیێننە سەر قەبران ، ئەگەر صاڵح بێ بۆ خێرێکی ئەبەن ، ئەگەر صاڵح نەبێ شەڕێکە لە کۆڵ خۆتانی ئەخەن •

نوێژ لەسەر مردوو و بە سواریی لەگەڵیا چوون :

٢٩٧٠/٨٠ ـ عن جابر بن سمرة [رضي الله تعالى عنهما] قال : صلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على ابن الدحداح ، ثم أتي بفرس عرى فعقل رجل [أمسكه] فركبه ، فجعل يتوقص به [أي يتوثب] ونحن نتبعه نسعى خلفه = قال = فقال رجل من القوم : ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : كم من عِذق معلق أو مدلى في الجنة لابن الدحـداح ؟ م ـ ٤/٣٠٩ •

(ترجمته مع سببه :)

تەرجەمە :

[لەسەر دارخورمایێ ئەبولوبابەو هەتیوێ مورافەعە ئەبەنە خزمـەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مناڵەکە گریا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە ئەبولوبابەی فەرموو : ئەم خورمایە بدە بەم هەتیـوە لـە باتی ئەوە لـە بەهەشـــتا لقێ خورمـات بێ • ئەبولوبابە رازی نەبو ، ئەبودەحداح ، یا یبنودەحداح ئەوەی بیست چوو ئەو خورمایەی بـە باغێ

خورما لە ئەبولوبابە کڕی ، هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـە وسلم ـ عەرزی‌کرد : ئەم دارخورمایە بدەم بـەو هەتیوە لـە بەهەشـتا لقێ خورمام ئەبێ ؟ فەرمووی : بەڵێ • فەرمووی : لە بەهەشتا چەند هێشـوو خورما بۆ ئەبودەحداح ، یا بۆ ئیبنودەحداح هەڵاوەسراوە • نەوەوی] •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ نوێژی لەسەر ئیبنودەحـداح کرد لە پاشا ئەسپێکی رووتیان بۆ هێنا سواری بێ ، پیاوێ بۆی گـــرت ســـــواری بوو ، ئەسپەکەی بازدی پێ ئـەدا ، ئێمەیش لـە پشـــتیەوە هەڕامان‌ئەکرد • پیاوێ لەوانە فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : چەند هێشوو خورما بۆ ئەبودەحداح یـا فەرمووی : بۆ ئیبنودەحداح لە بەهەشتا هەڵاوەسراوە •

ئەو پیاوە ئەگەر چی مەجهوولە ئەمما صەحابە مەعلوومو مەجهوولیان عەدلن •

بە سواریی لەگەڵ جەنازەدا چوونەسەرقەبران دروستە •

خێرا رۆیین = لەگەڵ جەنازەدا = سوننەتە •

٢٩٧١/٨١ ـ عبدالرحمن بن أبي ليلى قال : كـان زيـد [ابن أرقـم ـ رضي الله تعالى عنه ـ] يكبر على جنائزنا أربعاً ، وإنـه كبر على جنـازة خمساً ، فسألته ، فقال : كان رســــول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يكبرها • م ـ ٣٠١/٤ •

تەرجەمە :

عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو لەیلا ـ رحمه الله تعـالی ـ فـەرمـووی : زەیدی کوڕی ئەرقەم ـ رضي الله تعـالی عنــە ـ لەسەر مردووی ئێمە کـە نوێژی بکردایە چوار (الله أكبر)ی ئەکرد ، جارێ لەسەر جەنازەیێ پێنج (الله أكبر)ی کرد ، لێم‌پرسی ؛ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیــە

وسلم ـ پێنج دەفعە (الله أكبر)ی ئەكرد • نەوەویی ئەفەرموێ : دەفعــەی پێنجەم مەنسووخە • دوای زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیجماع لەســـەر چوار تەكبیر هەیە •

٢٩٧٢/٨٢ ـ (عوف بن مالك [رضي الله تعالى عنه] يقول : صـلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على جنازة فحفظت من دعائه وهو يقول أللهم اغفر له)[١] :

خوایا لێی خۆش ببە (وارحمه) : رەحمی پێ بكە (وعافه) : صیحەتی ئاخیـرەتی بدەرێ (واعف عنه) : گونـاهی لێ لابەرە (وأكـرم نزلـه) : ضیافەتەكەی كە بۆی ئەكەی ، ئەو جێیەی كـە ئەیچێتێ ئیكرام بگـرە • (ووسع مدخله) : ئەو جێگەی كە ئەیچێتێ فەرەح بكە • (واغسله بالمـاء والثلج والبرد) : بە ئاوو بەفرو تەرزە بیشۆ (ونقه من الخطايا) : لە گوناه پـاكی بكەرەوە (كما = نقيت = الثوب الأبيض من الدنس) : وەك جلی سپی[٢] لە چڵكو پیسی پاك ئەكرێتەوە (وأبدله دارا خيرا من داره) : لـە باتی خانوەكەی خانوویێـكی چاتری بـدەرێ (وأهـلا خيرا من أهلـه) : كەسو كارێكی چاكتر لە كەسو كاری خۆی بدەرێ (وزوجـا خيـرا من زوجه) : ژنێكی چاتر لە ژنەكەی خۆیی بدەرێ (وأدخله الجنة) : بیخەرە بەهەشتەوە (وأعذه من [فتنـة • أخرى] عذاب القبر) : لـە ، فیتنـەی ، عەذابی قەبر موحافەظەی بكە • (ومن عذاب النار) : لـە عـەذابی ئاگری

---

(١) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی ســــەرەتای حەدیثەكەی نەكـرد ئـەمـە تەرجەمەكەیەتی : « عەوفی كوڕی مالیك ـ رضـي الله تعـالى عنــه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەسەر جەنازەیەك نوێژی كرد ، ئەمەم لە دوّعاكەی لەبەر كرد كە ئەیفەرموو . . . » .

(٢) ئەگەر بگوترێ : وەك جلی سپیت لـە چڵكو پیسی پاككردوەتەوە . . باشترە •

جەهەنەم موحافەظەی بکە • (قال عوف) : عەوف - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی (حتى تمنيت أن أكون أنا ذلك الميت [لدعاء رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - على ذلك الميت • أخرى]) : حەتتا تەمەننام کرد کە من ئەو مردوە بوومایە ، چونکی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەوەندەی دۆعا لەسەر کرد •

٨٣/٢٩٧٣ - قال سمرة بن جندب [رضي الله تعالى عنه] لقد كنت على عهد رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - غلاماً فكنت أحفظ عنه ، فما يمنعني من القول إلا أن ههنا رجالاً هم أسن مني ، وقد صليت وراء رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - على امرأة [أم كعب • أخرى] ماتت في نفاسها ، فقام عليها رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - في الصلاة وسطها م - ٣٠٨/٤ ، ح - ٤١٦/٢ ليس فيه أوله الى وقد •

تەرجەمە :

سەمورەی کوڕی جوندوب - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - منالّ بووم شتم لە پێغەمەرەوە - صلى الله تعالى عليه وسلم - حیفظ ئەکرد ، ئەوە منی لە قسەکردن لە خزمەتیا مەنع ئەکرد کە پیاوی لە من گەورەتری زۆری لە خزمەتا بوو • لە پشتیەوە لە سەر ئوموکەعب کە بەسەر منالّەوە چووبوو نوێژم کرد ، لە نوێژا لە ناوەڕاستیەوە تەشریفی وەستا •

٨٤/٢٩٧٤ - الشيباني عن الشعبي [رحمه الله تعالى] انتهى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - الى قبر رطب فصلى عليه ، وصفوا خلفه ، وكبر أربعاً • قلت لعامر : من حدثك ؟ قال : الثقة من شهده ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] م - ٢٩٩/٤ ، ح - ٤٠٧/٢ •

٢٩٧٥/٨٥ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مر بقبر [رطب • م] دفن ليلاً ، فقال : متى دفن = هذا = ؟ قالوا : البارحة • قال : أفلا آذنتموني ؟ قالوا : دفنّاه في ظلمة الليل ، فكرهنا أن نوقظك ، فقـام فصـــففنا خلفـه ، قال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : وأنا فيهم ، فصلى عليه • خ ـ ٢/٤٠٨ •

تەرجەمە :

شەیبانی لە عامیری شیعبی‌یەوە ـ رحمهما الله ـ لە ئیبنوعەباســـەوە ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشـــــریفی بە لای قەبرێکی تەنهای تەڕو تازەدا رابورد ، فەرمووی : کەی ئەمە دفن کراوە ؟ عەرزیانکرد : شـــەوی رابوردوو ، فەرمووی : بۆ خەبەرتان نەداومێ ؟ عەرزیانکرد : شەو دفنمانکرد ، حەزمان نەکرد خەبەرت بکەینەوە• تەشریفی راوەستاو [ئیبنوعەباس ـ رضي الله عنهما ـ ئەفەرموێ] : لەپشتیەوە صەفمان بەست ، نوێژی لەسەر کرد ، منیش نوێژم لەگەڵ کردن • لە ریوایەتەکەی پێشوودا هەر لە ئیبنوعەباسەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : چوار (الله أكبر)ی کرد •

[ترمذي لە ئیبنوعەباسەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ریوایـەت ئەکـا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ بـە شەو چوە ناو قەبرێکەوە ، چرایێکی بۆ داگیرسێنرا ، رووی کردە قیبلە فەرمووی : خوا رەحمەت پێ بکا ، لە خوا پاڕاوە بۆی ، قورئانی خوێن بۆی ، چوار دەفعە (الله أكبر)ی لەسەر کرد •

شەو دفن‌کردن دروستە •

چرا لەسەر قەبر داگیرسانن دروستە •

چراكه بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ داگیرسێنرا ، یا بە ئەمری = ئەو = بۆ قەبرەكە داگیرسێنرا ؟ چونكە (أسرج)یە یا (أسرِجه)ە ، ئەبێ تەماشای ترمذی بکرێ[1] •

صەلات لەسەر غائیب ، نوێژ لەسەر نەججاشی :

٢٩٧٦/٨٦ ـ جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نوێژی لەسەر نەججاشی کرد ، من لە صەفی دووەما بووم ، یا فەرمووی : لە صەفی سێیەما بووم •

[لە عەلائیمی نوبووەتا رەنگە نووسیبێتم]

٢٩٧٧/٨٧ ـ عن طلحة بن عبدالله بن عوف قال : صليت خلف ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] على جنازة فقرأ بفاتحة الكتاب قال : ليعلموا أنها سنة [أي طريقة للشارع ، وإلا فهي واجبة] ح ـ ٢/٤١٨ •

تەرجەمە :

طەلحەی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەوف ئەفەرموێ : لە پشت ئیبنوعەباسەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ نوێژم لەسەر جەنازەیێ کرد ، فاتیحای خوێند ، تاکو خەڵق بزانن کە طەریقی شاریعە •

٢٩٧٨/٨٨ ـ حەمید ئەفەرموێ : ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ نوێژی پێ‌کردین ، سێ (الله أكبر)ی کردو سەلامی دایەوە • عەرزی‌کراو رووی‌کردەوە قیبلە (الله أكبر)ی چوارەمی کردو سەلامی دایەوە • ح ـ ٢/٤١٧ •

نوێژ لەسەر قاتیلی خۆی‌و بە قەرزداری مردوو :

٢٩٧٩/٨٩ ـ جابر بن سمرة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أُتي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ برجل قتل نفسه بمشاقص [نصل عريض] فلم يصل عليه • م ـ ٤/٣٢٦ •

(١) بە گوێرەی (ترمذی) (أسرج له)ە واتە بۆی داگیرسێنرا .

تەرجەمە :

پیاوێکیان هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کـە خۆی کوشتبو بە پەیکانی دەمپان •• نوێژی لەسەر نەکرد •

لەبەر زەجری خەڵقی تر لە خۆکوشتن ، گینا بەوە لـە موسوڵمانەتی ناچێتەدەرێ •

٩٠/٢٩٨٠ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يؤتى بالرجل المتوفى ، عليـه الديـن ، فيسأل : هل ترك لدينه فضلاً ؟ فإن حُدِّث أنه ترك لدينه وفاء صـــلّى ، وإلا قال للمسلمين : صلوا على صاحبكم ، فلما فتح الله عليه الفتوح قال : أنا أولى بالمؤمنين من أنفســـهم ، فمن توفى من المؤمنين فترك دينـاً فعليَّ قضاؤه ، ومن ترك مالاً فلورثته • ح ـ ١٤٨/٤ • م ـ ٦٦/٧ ، ت •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وســـلم ـ کـــە جەنازەی کەسێکی قەرزداریان بهێنایە خزمەت کە نوێژی لەسەر بکا ئەیپرسی : بۆ قەرزەکەی هیچی بەجێهێشتوە یان نا ؟ ئەگەر عەرزی بکرایە کـە بـە قەد قەرزەکەی بەجێهێشتوە نوێژی لەسەر ئەکرد (وإلا) ئەمری بـە موســـــــوڵمانان ئەفەرموو : نوێژ لەسەر رەفیقەکەتان بکەن • کە فوتوحات کرا فەرمووی : من بۆ موسوڵمانان لـە هەموو کەس چـاترم ، کەسێ بـە قەرزداری مـرد دانەوەی قەرزەکەی لەسەر منە ، ئەگەر ماڵی بەجێهێشت بۆ واریسەکانیە •

٩١/٢٩٨١ ـ عن سلمة بن الأكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنـا جلوساً عند النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذ أتي بجنازة ، فقالـوا : صلِّ عليها ، قال : هل عليه دين ؟ قالوا : لا • قال : فهل ترك شــــيئاً ؟

قالوا : لا • فصلی علیه • ثم أتي بجنازة أخرى ، فقالوا : يا رسول الله صل عليها ، قال : هل عليه دين ؟ قيل : نعم • قال : فهل ترك شيئاً ؟ قالوا : ثلاثة دنانير • فصلی عليها • ثم أتي بالثالثة ، فقالوا : صل عليها ، قال : هل ترك شيئاً ؟ قالوا : لا • قال : فهل عليه دين ؟ قالوا : ثلاثة دنانير • قال : صلوا على صاحبكم • قال أبو قتادة [رضي الله تعالى عنه] صل عليه يا رسول الله وعليَّ دينه • فصلی علیه • ح ـ ٤/١٤٠ ، ن •

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ـ رضـي الله تعـالى عنه ـ ئەفەرموێ : لـە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دانیشـــتبووین جەنازەیێ هێنرا ، عەرزیانکرد : نوێژی لەسەر بکە • فەرمووی : قەرزی لەســەرە ؟ عەرزیانکرد : خەیر • فەرمووی : هیچی بەجێ‌هێشتوە ؟ عەرزیـانکـرد : خەیر • نوێژی لەسەر کرد • لە پاشا جەنازەیێکی تریان هێنا عەرزیانکرد : (یا رسول الله) نوێژی لەسەر بکە • فەرمووی : قەرزی لەســــــەرە ؟ عەرزیـانکرد : بەڵێ • فەرمووی : هیچی بەجێ‌هێشتوە ؟ عەرزیانکـرد : سێ دیناری بەجێ‌هێشتوە • نوێژی لەسەرکرد • لـە پاشـــا جەنازەیێکی = سێیەم = هێنرا • عەرزیانکرد : نوێژی لەسەر بکە • فەرمووی : هیچی بەجێ‌هێشتوە ؟ عەرزیانکرد : خەیر • فەرمووی : قەرزی لەســـــەرە ؟ عەرزیانکرد : سێ دێنار • فەرمووی : نوێژ لەسەر رەفیقەکەتان بکـەن • ئەبوقەتادە ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزیکرد : (یا رســول الله) نوێــژی لەسەر بکە قەرزەکەی لەسەر من • نوێژی لەسەر کرد •

٢٩٨٢/٩٢ ـ ئیبنوشەهاب ئەفەرموێ : لەسەر هەموو منـاڵێ نوێـژ ئەکرێ ، با وەلەدی زینایش بێ ، یا وەلەدی کافر بێ ، چونکی ئەو مناڵـە

لەسەر میللەتی ئیسلام بە وەلەد ئەبێ (١) زانیو زانیە هەردوو موسوڵمان بن (٢) تەنها باوکی موسوڵمان بێ ، یا دایکیشی کافر بێ زۆڵەکەیان نوێژی لەسەر ئەکرێ . دایكو باوکی یا تەنها باوکی ئیددیعای ئیسلامەتی ئەکا ، یا دایکی ئیسلام نەبێ ، لە وەختی بوونا دەنگی لێ هاتبێ نوێژی لەسەر ئەکرێ ، ئەوی دەنگی لێ نەهاتبێ نوێژی لەسەر ناکرێ ؛ چونکی ئەبوهورەیرە ـ رضي الله عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی: هەر منالێ بەوەلەد بێ هەر لەسەر فیطرەتی ئیسلامیەت بەوەلەد ئەبێ دایكو باوکی ئەیکەن بە جوولەکەو نەصرانیو مەجووسی ، وەك چۆن حەیوانێ بزێ ئەو بێچوولەیەی کە ئەیبێ هیچ کلكو گوێ براوی تیایە ؟ یەعنی ئێوە لەپاشا ئەیبڕن . ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەگەر هەوەستان پێنێ ئەم ئایەتە بخوێننەوە کە : قەولی حەقو دینی حەق ئەو فیطرەتەیە کە خوا هەموو کەسی لەسەر خەلق کردوە[1] .

کفنی ناتەواو :

٢٩٨٣/٩٣ ـ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يحدث أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خطب يوماً ، فذكر رجلاً من أصحابه قبض فكفن في كفن غير طائل وقبر ليلاً ، فزجر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يقبر الرجل بالليل حتى يصلى عليه ، إلا أن يضطر إنسان إلى ذلك ، وقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إذا كفن أحدكم أخاه فليحسن كفنه . م ـ ٤/٢٨٢ .

---

(١) مەبەستی ئایەتی ٣٠ سوورەتی (الروم)ە کە ئەفەرموێ : (فطرة الله التي فطر الناس عليها ، لا تبديل لخلق الله . . .) .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژێ خوطبەی خوێند ، لە خوطبەکەدا لە ئەصحابی کیرامی پیاوێکی ذیکر کرد کە لە کفنێکی ناتەواوا کفن‌کرابوو ، بە شەویش نێژرابوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی‌کرد لەمە کە بە مەجبووری نەبێ ئینسان تا نوێژی لەسەر نەکرێ بەو شەو بشاررێتەوە • فەرموویشی : کە ئینسان برای دینی خۆی کفن کرد کفنێکی باشی بۆ بکا •

قەبر :

لە کیباری تابیعین سوفیانی تەممار ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : چاوم کەوت بە رەوضەی موطەهھەرە بەرز بوو • ح ـ ٢/٤٦٨ •

٩٤/٢٩٨٤ ـ سعد بن أبي وقاص [رضي الله تعالى عنه] قال في مرضه الذي هلك فيه : الحَدوا [فعل أو أفعل] لي لحدا ، وانصبوا عليَّ اللَّبِن نصباً كما صنع برسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م ـ ٤/٣٠٩ •

تەرجەمە :

سەعدی کوڕی = ئەبو = وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە مەرەضی مەوتیا فەرمووی : چۆن قەبری پێغەمەرتان ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کرد بە لەحد [و یەعنی لە طەرەفی قیبلەوە قەبرەکەتان هەڵدڕی‌و کە پێغەمەرتان ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خستە ناوو لە پشتەوە خشتتان بە جەسەدی شەریفی هەڵپەسارد کە تەشریفی مەیل نەکاو گڵ ئیصابەتی جەسەدی شەریفی نەکا] قەبری منیش وا لێ بکەن •

٢٩٨٥/٩٥ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : جعل في قبر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قطيفة حمراء م ـ ٤/٣١٠ .

تەرجەمە :

شەقرانی ئازادکراوی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەدیفەیەکی سووری پێغەمەر بو ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە حاڵی حەیاتیا تەشریفی لەسەری دائەنیشت لەبەری ئەکرد ، حەزی نەکرد لە دوای ئەو کەس لە عەمەلی بێنێ ، خستیە ناو رەوضەی موطەهھەرەوە .

لای ئیمامی شافیعیو ئەصحابیو غەیری ئەوان لە عولەما شت لە ژێر مەیتا راخستنو سەرین بۆ دانانی مەکرووهە ، تەنها فیعلی شەقران نابێ بە دەلیل . لە ئەصحابی ئیمامی شافیعی بەغەوی تەنها خۆی فەرمووێەتی زەرەری نیە .

٢٩٨٦/٩٦ ـ (ثمامة بن شُفَيّ) ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت فوضالەی کوڕی عوبەیدا بووین لە جەزیرەی رادوس[1] رەفیقێکمان وەفاتی کرد . فوضالە ئەمری کرد : کە قەبرەکەی تەسویە بکەن ، لە پاشا فەرمووی : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەمری بە تەسویەی ئەکرد . [یەعنی تەخت بێ ، رێك خەرپشتی نەبێ ، بە قەد بستێ لە ئەرز بەرز بێ . ئەمە مەذهەبی ئیمامی شافیعیو ئەوانەیە کە موافیقی ئەون . قاضی عەیاض لە ئەکثەری عولەماوە نەقڵی کردوە کە ئەفضەل ئەمەیە خەرپشت بێ . ئەمە مەذهەبی ئیمامی (دار الهجره)[2]یە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ نووي] م ـ ٤/٣١٢ .

(١) لە ئەصڵەکەدا (رودوس) نووسراوە .
(٢) مەبەستی ئیمامی مالیکە ـ خ ـ .

٩٧/٢٩٨٧ ـ (عن أبي الهياج [حيان بن حسين] الأسدي قال : قال لي علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ)[١] : خەبەرت بێ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ منی چۆن ـ چۆن نارد منيش تۆ وا ئەنێرم كە : هيچ هەيكەلێ رەسمێ نەيێلی مەحوی بكەيتەوە ، هيچ قەبرێكی بەرز نەيێلی ، موسەططەحی[٢] بكە [ئەمە تەقويەی مەذهەبی شافيعی‌يە ـ رضي الله تعالى عنه] م ـ ٤/٣١٣ •

جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی‌كردوە لەمە قەبر بە گەچ سواغ بدرێ‌و بينای لەسەر بكرێ •

٩٨/٢٩٨٨ ـ ئەبوهورەيرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئينسان لەسەر ئاگری پشكۆ دابنيشێ جلی بسووتێنێ بگاتە پێستی لەوە چاترە بۆی كە لەسەر قەبر دابنيشێ • م ـ ٤/٣١٤ •

٩٩/٢٩٨٩ ـ ئەبومەرثەدی غەنەوی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لەسەر قەبر دامەنيشن ، بەرەو قەبر نوێژ مەكەن م ـ ٤/٣١٥ •

بينا لەسەر قەبركردن مەكرووهە ، لە ئەرزی وەقفا حەرامە ، لەسەر دانيشتنی ، پاڵ‌پێوەدانی ، شان‌لەسەردادانی حەرامە • نووي •

درەخت لەسەر = قەبر = روانن :

بورەيدەی ئەسلەمی وەصيەتی كرد دوو شووڵی بە قەبرەكەيا بۆ داچەقێنن • ئيبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خێوەتێكی دی لەسەر

(١) دانەر سەرەتاكەی بە عەرەبی نووسی ئەمە تەرجەمەكەيەتی : « ئەبولهەيياجی ئەسەدی ئەڵێ : حەزرەتی عەلی ـ خ ـ پێی‌وتم ... »
(٢) واتە تەختی بكە •

قەبری عەبدوڕەحمانی کوڕی حەزرەتی صەدیقی ئەکبەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هەڵدرابوو فەرمووی : ئەی غولام لای بەرە ئەو هەر عەمەلی چاکەی سێبەری بۆ ئەکا ح ـ ٢/٤٤١ ٠

خاریجەی کوڕی یەزیدی ئەنصاری [کە یەکێکە لە فوقەهای سەبعەی مەدینە] ئەفەرموێ : خۆمم دی ئێمە جەهێڵ بووین لە زەمانی خەلافەتی ئیمامی عوثمانا [رضي الله تعالى عنه] ئەوی لە هەموومان زیاتر بازد بدا ئەوەمان بوو کە بەسەر قەبری عوثمانی کوڕی مەظعوونا ـ رضي الله تعالى عنه ـ بازدی بدایە تا لە قەبرەکەی تێپەڕ ئەبوو ح ـ ٢/٤٤٠ [یەعنی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە دوای هیجرەت وەفاتی کردبوو قەبرەکەی ئەوەندە بەرز بوو زۆر بە قووەت نەبوایە نەیەتوانی بازدی بەسەرا بدا ٠٠ کە وابێ قەبربەرزکردنەوە زەرەری نیە گینا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مەنعی ئەکرد] ٠

عوثمانی کوڕی حەکیمی [ئەنصاری ـ رحمه الله تعالى ـ] ئەفەرموێ : خاریجە دەستی گرتم لەسەر قەبرێ داینیشانم خەبەری دامێ کە لە یەزیدی کوڕی ثابیتی مامی بیستوە کە لەسەر قەبردانیشتن بۆ کەسێ حەرامە کە قەضای حاجەتو شتی بێمەعنای لەسەر بکا ح ـ ٢/٤٤١ ٠

نافیع ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لەسەر قەبر دائەنیشت ح ـ ٢/٤٤١ ٠

لە مزگەوتا نوێژ لەسەر مردووکردن :

١٠٠/٢٩٩٠ ـ کە سەعدی کوڕی ئەبووەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەفاتی‌کرد ئەزواجی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ورضي عنهن ـ ناردیان کە جەنازەکەی بە مزگەوتا ببەن ، ئەوانیش نوێژی لەسەر بکەن ،

وایان کرد ، لە بەردەمی حوجرەکانیانا رایانگرت • نوێژیان لەسەر کرد لە دەرگای جەنازەوە کە بەرەو مەقاعیدە ، کە طەعنی خەڵقیان پێگەیی ئەوەیان لێ بە عەیب گرتن ، وتووبوویان : نابێ جەنازە ببرێتە مزگەوت ! ئەوە بە حەزرەتی عایشەیش ـ رضي الله تعالى عنها ـ گەیی فەرمووی : چ زوو خەڵق دەستیانکرد بە عەیب گرتن لەسەر شتێك کە عیلمیان پێی نیە ؟! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەسەر سەهلی کوڕی بەیضا هەر لە ناو مزگەوتا نوێژی کرد • لە ریوایەتێکی ترا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەسەر دوو کوڕەکەی بەیضا هەر لە مزگەوتا نوێژی کرد ؛ لەسەر سەهلو براکەی • م ـ ٣١٦/٤ •

جوێن بە مردوو دان :

١٠١/٢٩٩١ ـ عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : جوێن بە مردوو مەدەن ؛ چونکی ئەوان بە موکافات یا بە موجازاتی کردەوەیان گەییون • ح ـ ٤٧٢/٢ ، ح ـ ٢٨٥/٩ • [فەقەط ذیکری ئەفعالی قەبیحەی کوففارو فاسق بۆ تەحذیر ، جەرحی راویی حەدیث بە زیندوویی‌و مردوویی دروستە • قسطلاني] •

شەهید ناشۆرێ ، دوانو سیان لە قەبرێکا ناشتن لەبەر ضەروورەت = دروستە ، نوێژ لەسەر شەهید ناکرێ •

١٠٢/٢٩٩٢ ـ جابیری کوڕی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە شەهیدانی ئوحود دوانی لە جلێکا کۆ ئەکردەوە ، لە پاشا ئەیپرسی : کامیان قورئانی زیاتر لەبەرە ؟ ئیشارەتی یەکێکیان بۆ بکردایە لە لەحدا پێشی ئەخست • ئەیفەرموو : من

شاهیدی ئەمانەم لە رۆژی قیامەتا • ئەمری کرد بە خوێنەوە دفنی ئەکردن نەئەشۆران نوێژیان لەسەر نەئەکرا ح ـ ٤٢٦/٢ • ت ، ن ، جە •

١٠٣/٢٩٩٣ ـ جابیر ـ رضي الله تعالی عنـە ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ لە رۆژی ئوحودا فەرمووی : بـە خوێنەوە دفنیان بکەن مەیانشۆن ح ـ ٤٢٨/٢ ، ن ، ت ، جە •

ئەحمەد لە جابیرەوە ـ رضـي الله تعـالی عنهما ـ ریوایەت ئەکـا کـە پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـە وسلم ـ دەرحەق شـــــەهیدانی ئوحود فەرمووی : مەیانشۆن ، هەموو برینێ یا هەموو خوێنێ بۆنی میســـکی لێ یێ لە رۆژی قیامەتا •

ئیبنوحیببانو حاکم لە کیتابی حەدیثی صەحیحیانا ریوایەت ئەکەن کە حەنظەلەی کوڕی راهیب ـ رضي الله تعالی عنە ـ لە غەزای ئوحودا شەهید کرا جونوب بوو ، پێغەمەر ـ صلی الله علیە وسلم ـ نەیشـت فەرمووی : چاوم لێبوو مەلائیکە ئەیانشت] ح ـ ٤٢٩/٢ •

١٠٤/٢٩٩٤ ـ لە فوضەلای صـەحابە عوقبەی کوڕی عامیر ـ رضي الله تعالی عنهم ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ رۆژێ تەشریفی چوە دەرێ نوێژی وەك نوێژی جەنازەی لەسەر شوهەدای ئوحود کرد ، لە پاشا تەشریفی گەڕایەوە بۆ مینبەر فەرمووی : من لە پێشـــــەوە ئەڕۆم جێتان بۆ حازر ئەکەم ، من شـــــاهیدم لەسەر ئێوە ، وەڵلاهی من ئێســـــتە تەماشـای حەوزەکـەم ئەکـەم ، هەموو کلیلی خەزێنەی ئەرزم پێ عەطاکراوە • من وەڵلاهی لەوە ناترسم کە شەریك بۆ خوا پەیدا بکەن ، ئەمما لەوە ئەترســـم لـە دنیـــادا حەســـــەد بەیەك یبەن ح ـ ٤٢٧/٢ ، م ـ ١٦٠/٩ ، د ، ن •

له ریوایەتێکی ترا : لەوە ئەترسم لەگەڵ یەك شەڕ بکەن و بەهیلاکا بچن وەك ئەوانەی لە پێش ئێوەوە بەهیلاکا چوون • عوقبە ـ رضـي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەوە ئاخرجارێ بوو کە پێغەمەرم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەسەر مینبەر دی م ـ ٩/١٦٠ •

١٠٥/٢٩٩٥ ـ محەمەدی کوڕی قەیس ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ: عایشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : خەبەرتان بدەمێ لـە خۆم و پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ؟ عەرزمانکرد : بەڵێ • فەرمووی : کە شەوی نەوبەتی من بوو کـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی بێتە لام ، تەشریفی هات وەرگەڕا ، ریداکەیی دانـا ، نەعلەکـانی داکەن لای پێیەوەی دانا ، لایەکی ئیزارەکەی لەسەر نوێنەکەی راخست ، تەشریفی راکشا ، هەر ئەوەندە وەسـتا تـا وای ظەن بـرد کـە من خەوم لێ کەوتوە بە ئاسپایی ریداکەی هەڵگرت ، بـە ئەسـپایی نەعلەکانی لەپێ کرد ، بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە چوە دەرێ و ، بە ئەسـپایی دەرگاکەی پێوەدایەوە [منیش] کراسەکەم دا بەسەرما ، ئیزارەکەم کرد بە لەچەك ، لێمدا رۆییم بە شوێنیا تـا تەشریفی چوە بەقیع ، تەشریفی دوورو درێژ راوەستا ، سێ دەفعە دەستی هەڵبڕی ، لـە پاشـا گەڕایەوە منیش گەڕامەوە ، خێرا رۆیی منیش خێـرا رۆییم ، کەوتە لۆقـە کـەوتمە لۆقـە ، هەڕای کرد منیش هەڕامکرد ، لێی پێش کەوتم چوومە ژوورەوە •

هەر ئەوەندە بوو تا راکشـام ئەویش تەشـریفی هاتە ژوورەوە فەرمووی: یا عایش چیت لێ قەوماوە وا هەناسەت سواربوە نەفەسەکوتێتە ؟ عەرزمکرد : هیچم نیە • فەرمووی : یا خەبەرم ئەدەیتێ یـا لەطیفی خەبیـر [یەعنی خوا ـ عز وجل ـ] خەبەرم ئەداتێ • عەرزمکرد : (یا رسول الله)

باوكو دایكم فیدات بێو خەبەرم دایێ • فەرمووی : ئەو رەشاییەی کـە چاوم پێکەوت کە لە بەردەممەوە بوو تۆبووی ؟ عەرزمکرد : بەڵێ • کـە مستێکی مالی بە سەرسنگما ئەذیەتی پێگەیانم • فەرمووی : تۆ بۆ وا ظەن ئەبەی خواو رەسوولی خوا زوڵمت لێ ئەکەن ؟ فەرمووی : وتم : کە ئینسان شتی لێ بشارێتەوە بۆ خوا تەعلیمی ئەوەی ئەکا ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەیکا • پێغەمەر ـ صلى الله علیه وسلم ـ فەرمووی : جیبریل ـ علیه السلام ـ هاتەلام • کە تۆ دیت [یەعنی کە خۆم کردەوە] بانگیکردم لـە تۆی ئیخفا کـرد ، جوابم دایەوە لە تۆم ئیخفا کرد ، تۆ چونکی جلتداکەندبوو بۆی نەبـوو بێتە ژوورێ ، منیش وا تێگەییم کـــە خـــەوت لێکەوتوە حەزم نەکـــرد خەبەرتکەمەوە ترسام کە وەحشەت بتگرێ • جیبریل ـ علیه الســـلام ـ فەرمووی : پەروەردگارت ئەمرت پێئەکا کە بچی بۆ لای ئەهـلی بەقیـع ئیستیغفاریان بۆ بکەی • عایشــــە ـ رضـي الله تعـالى عنهـــا ـ عەرزی پێغەمەریکرد : (یا رسول الله) بڵێم چی کە زیارەتیان بکەم ؟ فەرمووی : بڵێ : ئەی ئەهلی دیار لە موئمینو موسوڵمان سەلام لەسەر ئێوە بێ ، خوا رەحم بکا بەوانـە لـە پێشەوە رۆییونو بەوانـەی دواکەوتوون ، ئێمەیش (إن شاء الله) ئیلتیحاق بە ئێوە ئەکەین • م ـ ٤/٣٢٠ •

بۆ ژن زیارەتی قەبر دروستە دۆعاکردن بۆ مردوو ـ با مەعلوومیش بێ کە خوا لێی خۆشبوە ـ سوننەتە •

عەذابی قەبـر :

١٠٦/٢٩٩٦ ـ ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنــه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : عەبد کـە نرایە قەبرەوەو خەڵق گەڕانەوە گوێیان لە تەقەی کەوشیان ئەبێ • ئەو وەختـە دوو مەلائیکەی

یێنە لا دای ئەنیشـــێنن پێی ئەڵێن : چیت ئەوت دەرحەق ئەو پیاوە ؟ کـــە محمدە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ • ئەڵێ : شەهادەت ئەدەم کە عەبدی خوایەو رەسوولی خوایە • پێی ئەڵێن : تەماشای جێگەکەت = کـە = لـە جەهەنەما خوا ئەوەی تەبدیل کردوە بە جێێ لە بەهەشتا • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەردوولای ئەبینێ • ئەمما کافـر ، یـا فەرمووی : مونافیق ئەڵێ : نازانم خەڵق شتێکیان ئەوت منیش ئەموت • پێی ئەڵێن : بۆ خۆت بە دەلیل تێی نەگەییوی و لـە قورئانـا نەتخوێندوە ؟! یا دۆعای لێ ئەکەن ئەڵێن : قەت نەتزانییێ و نەتخوێندبێ ! لە پاشـــا بـە گورزی ئاسنین بە بەینی هەردوو گوێیا ئەکێشن ، هاوارێ ئەکا غەیـــری ئینس و جین ئەیبیێ • ح ـ ٢/٤٢٠ ، م ـ ١٠/٣٩٩ •

قەتادە ئەڵێ : بۆمان ذیکر کراوە کە قەبرەکەی حەفتا گەز بۆ فەرەح ئەکرێ ، بۆی پڕ ئەکرێ لە سەوزایی تا رۆژی قیامەت[1] م ـ ١٠/٣٣٩ •

فەقەط قەتادە زۆر (مدلس) بوە تا تەصریح نەکا کە لە کێی بیستوە پێی باوەڕ ناکرێ • لێرەدا ئەڵێ : بۆمان ذیکرکراوە •

من موجتەهید بوومایە حەدیثی (مدلس)م هیچ قەبووڵ نەئەکرد[1] •

١٠٧/٢٩٩٧ ـ ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : سێ شت شوێن مردووئەکەون ؛ دوانی ئەگەڕێنەوە یەکێکی لەگەڵی ئەمێنێتەوە : کەس و کاری و ، ماڵی و ، عەمەلی شوێنی ئەکەون ، کەس و کـارو ماڵی ئەگەڕێنەوە ، عەمـەلی لە لای ئەمێنێ ح ـ ٩/٢٨٥ ، م ـ ١٠/٣٤٣ ، ت ، ن •

---

(١) دیارە قەبری ئەهلی بەهەشت وا ئەبێ •

(٢) ئەمەیش قسەی خۆیەتی •

١٠٨/٢٩٩٨ ـ ئەبوقەتادە ـ رضــي الله تعــالى عنــه ـ ئەفەرموێ : جەنازەیێ بە لای پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رابورد فەرمووی: (مستريح)و (مستراح منه)ە • عەرزیانکرد : (یا رسول الله) موستەریحو موستەراح مینهو چیە ؟ فەرمووی : عەبدی موسوڵمان لە نارەحــەتی دنیــا رەحەت ئەبێ ، عەبدی فاجیر عیبادو بیلادو درەختو حەیوانات لە دەستی ئەکەونە رەحەتی م ـ ٤/٢٩٥ ، ح ـ ٩/٢٨٤ ، ن •

١٠٩/٢٩٩٩ ـ عایشەو ئەسما جووتەخوشك ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموون : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی بۆ خوطبــە راوەستا ، ئەو فیتنەی قەبرەی ذیکر کرد کە لە قەبرا خەڵقی ئەکەوێتە ناو ، خەڵق بە دەفعەیێ کەوتنە هاوارو رەعشە[1] ح ـ ٢/٤٥٣ •

١١٠/٣٠٠٠ ـ ئەبو ئەییووبی ئەنصــاریی ـ رضي الله تعالى عنــه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشــریفی چوە دەرێ رۆژ ئاوا بووبوو ، دەنگێکی بیست فەرمووی : جوولەکەن لە قەبرا عەذاب ئەدرێن ح ـ ٢/٤٥٦ ، م ـ ١٠/٣٣٨ ، ن •

١١١/٣٠٠١ ـ فاطیمەی کچی مونذیر لــە ئەســمای کچی ئەبوبەکری صەدیقەوە ریوایەت ئەکا فەرمووی : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعــالى عليه وسلم ـ رۆژگیرا ، چوومە لای عایشـــە نوێژی ئەکرد ، وتم : خەڵق بۆچی نوێژ ئەکەن ؟ بە سەر ئیشارەتی ئاسمانیکرد ، وتم : بۆ ئایەتێ هەیە ؟ بەسەر ئیشارەتیکرد : بەڵێ • منیش راوەســتام ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نوێژەکەی زۆر درێژکردەوە ، بەپێوە زۆر راوەستا تا نزیك بوو بێخود ببم ، کونەیێ ئاوم هێنایە تەنیشتمەوە ، ئاوم ئەکرد بەسەر ســەرو

---

(١) رەعشە : لەرزو ترس •

دەموچاوما ، پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ كە لێبوەوە رۆژ دەركەوتبوو، خوطبەی بۆ خەڵق خوێندو حەمدی خوای كرد ، ثەنای لەسەر كرد ، لە پاشا فەرمووی : (أما بعد) هیچ نیە كە نەمدیبێ ئێستە لەم جێی خۆمەدا ، حەتتا بەهەشتو جەهەننەمم دی ، وەحیم كرایە لا كە ئێوە لە قەبرا دووچاری فیتنە ئەكرێن ، فیتنەیێكی نزیك ، یا فەرمووی وەكو فیتنەی دەججال • فاطیمە ئەڵێ : نازانم ئەسما لەم دوانە كامیانی وت • ئەچنە لای یەكێ لە ئێوە لێی ئەپرسن : ئەم پیاوە [یەعنی محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] چۆن ئەزانی ؟ موئمین یا مووقین[1] ـ فاطیمە ئەڵێ : نازانم ئەسما لەم دوو لەفظە كامیانی وت ـ ئەو پیاوە ئەڵێ : ئەو محمدە رەسوولوڵلایە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئایەتو هیدایەتی بۆ ئێمە هێناوە ، ئیجابەتمانكردو ئیطاعەتمان كرد ، سێ دەفعە پێیئەڵێن : بنوو ، ئەمانزانی كە ئیمانت پێی هەیە ، بە رەحەتی بنوو • مونافیق یا مورتاب [یەعنی ئینسانی بەشك] فاطیمە ئەڵێ : نازانم ئەسما كامیانی وت ـ ئەڵێ : لە خەڵقم بیست شتێكیان ئەوت منیش وتم • م ـ ٤/٢٣٩ ، ٢٤٠ ، ٢٤٢ ، ح ـ ١/١٨٠ واللفظ لمسلم ٢٣٩ ، ح ـ ٢/٢٦٢ متفق لفظاً مع م ـ ٤/٢٣٩ •

لە ریوایەتێكا ئەفەرموێ : زۆر دوورو درێژ راوەستام تا تەمام = بوو = دانیشم ، ئینسانی لە خۆم بەساڵترم ئەدی ، لە خۆم نەخۆشترو زەعیفتر ئەدی ، لەبەر ئەوە راوەستام •

١١٢/٣٠٠٢ ـ عن عائشة وأنس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ما من ميت تصلي عليه أمة من المسلمين يبلغون مائة كلهم يشفعون له إلا شفعوا فيه م ـ ٤/٢٩٠ •

---

(١) مووقین : خاوەن باوەڕی پتەو .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ صەد کەس نوێژی لەسەر بکا هەر صەدی شەفاعەتی بکەن شەفاعەتەکەیان دەرحەقی قەبوڵ ئەکرێ •

١١٣/٣٠٠٣ ـ ابن عباس ـ رضي الله تعالی عنه ـ قال : سمعت رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یقول : ما من رجل مسلم یموت فیقوم علی جنازته أربعون رجلاً لا یشرکون بالله شیئا إلا شفعهم الله فیه • م - ٢٩١/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێکی موسوڵمان چل‌کەسی موسوڵمان هیچ شت نەکەن بە شەریکی خوا لەسەر جەنازەکەی نوێژ بکەن خوا شەفاعەتیان دەرحەق بەو جەنازەیە قەبوڵ ئەکا •

ثەنا لەسەر جەنازە :

١١٤/٣٠٠٤ ـ ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : بە لای جەنازەیێکا رابوردن ، یا جەنازەیەکیان بەلادا رابورد ، ثەنایان لەسەر کرد [فەرموویان : خواو پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خۆشەوێو عەمەل بە طاعەتی خوا ئەکاو لە طاعەتی خوادا سەعی ئەکا • حاکم] پێغەمەر فەرمووی : واجب بوو • جەنازەیێکی تریان بەلادا رابورد ، زەمیان‌کرد [وتیان : بوغضی خواو رەسوولی خوای هەیە ، عەمەل بە مەعصیەتی خوا ئەکاو سەعی لە مەعصیەتا ئەکا • حاکم] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : واجب بوو • عومەری کوڕی خەططاب ـ رضي الله

تعالى عنه ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : چی واجب بوو ؟ فەرمووی : ئەوە [ئەمە]ی ثەنای خەیرتان لەسەر کرد ، جەننەتی بۆ واجب بوو ، ئەوە [ئەمە]ی ثەنای شەڕتان لەسەر کرد ئاگری بۆ واجب بوو • ئێوە [یەعنی ئوممەت] شاهیدی خوان لە ئەرزا • ح ـ ٢/٤٤٧ ، م ـ ٤/٢٩٢ لە موسلیما واجب بوو لە هەردوو جێگەکەدا دوو جاری ، ئێوە شاهیدی خوان لە ئەرزا سێ جاری فەرموو •

١١٥/٣٠٠٥ ـ ئەبولئەسوەد ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : هاتمە مەدینە نەخۆشییێکی تێکەوتبوو ، لە خزمەت ئیمامی عومەرا ـ رضي الله تعالى عنه ـ دانیشتبووم یەك لە دوای یەك سێ جەنازە رابورد ، ثەنایان بە خێر لە سەر دوان کرد ، لە سەر سێیەم بە شەڕ ثەنایان کرد • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : واجب بوو • ئەبولئەسوەد ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : عەرزمکرد : (یا أمیر المؤمنین) چی واجب بوو ؟ فەرمووی : وەك پێغەمەر فەرمووی : منیش وام وت کە فەرموویەتی • هەر موسوڵمانێ چوار کەس بە خێر شەهادەتی لە سەر بدا خوا ئەو کەسە ئەباتە بەهەشتەوە • عەرزمانکرد : ئەی سیان ؟ فەرمووی : سیانیش • عەرزمانکرد : ئەی دوان ؟ فەرمووی : دوانیش • لێمان نەپرسێ بۆ یەکێ • ح ـ ٢/٤٤٨ ، ت ، ن •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بۆیە مەنعی ئەوانەی نەکردوە کە بە شەڕ ئەو جەنازەیان ذیکرکردوە ، لەگەڵ ئەمەدا مەنعی کردوە لە سەببی ئەمواتو غەیبەتی ئینسان با خوصووص مردوویش ؛ چونکی ئەو نەهیە دەرحەق غەیری موونافیقو کافرو ئەوەی کە ئیظهاری فیسق ئەکا یا ئەهلی بیدعەتە • ئەمما ئەو نەوعە ئینسانانە ناوبردنیان بەخراپە حەرام نیە بۆ خاتری ئەمە کە خەڵق پەیڕەویان نەکەن ، ئەخلاقیان نەگرن (نەوەوی) •

ئەگەر ئەنا بەخێر یا بە شەڕ موطابیقی واقیع نەبێ ، یەعنی ئەفعـــالی ظاهیرەی ئەو کەسە وا نەبێ ئەویش هەر داخلی ئەو عومومەیە ؛ چونکی عەمەل ئیعتیباری زۆری پێ ناکرێ ، لە مەشیئەتی خوادایە ؛ ئەوی کە خوا ئیرادەی خێری پێ بکا ئیلهام ئەکاتە دڵی موسوڵمانانەوە کە بە خێر ثەنای لەســــەر بکەن ، ئەوی ئیرادەی شــــەڕی پێی ببێ ئیلهام ئەکاتە دڵی موسوڵمانانەوە کە بە شەڕ ناوی ببەن • ئەم ئیلهامە ئیستیدلالی پێئەکرێ لە سەر (نفس الأمر) بەم حەدیثانە وا دەرەکەوێ کە ثەنا لەسەر موسوڵمانان با بە ظاهیریش موستەحەقی ذەم بێ ، سوننەتە (من قسطلاني) •

١١٦/٣٠٠٦ ـ عن البراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله موسوڵمانانەوە کە بە شەڕ ناوی ببەن • ئەم ئیلهامە ئیستیدلالی پێئەکرێ لە إلا الله وأن محمداً رسول الله ، فذلك قوله : (يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت)[1] ح ـ ٢/٤٥١ ، ت ، ن ، جه •

١١٧/٣٠٠٧ ـ وعنه عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ قال : (يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت) قال : نزلت في عذاب القبر ، فيقال : من ربك ؟ فيقول : ربي الله ، ونبي محمد ـ صلى الله تعـالى عليه وسـلم ـ فذلك قوله ـ عز وجل ـ : (يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة) م ـ ١٠/٣٣٩ •

تەرجەمە :

بەرای کوڕی عازیب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە موئمین لە قەبرا دانرا پێنە لای • لە پاشا کەلیمەی شەهادەت پێنێ ، ئەو هێنانی کەلیمەی شـەهادەتە ئەوەیە کە خوا ـ عز وجل ـ لە قورئانا ئەفەرموێ : ئەوانەی کە ئیمانیـان

(١) إبراهيم / ٢٧ •

هێناوه خوا له حەیاتی دنیاو له ئاخیرەتا به قەولێکی ثابیت جێگیر ، که قەت لانەچێ ، ثابتیان ئەکا • بەراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەم ئایەته دەرحەق عەذابی قەبر نازڵ بوه • لێی‌ئەپرسن : رەببی تۆ کێیه ؟ ئەڵێ : رەببی من خوایه • پێغەمەرم محمده ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ •

١١٨/٢٠٠٨ ـ أمة ابنة خالد بن سعيد بن العاصي أنها سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو يتعوذ من عذاب القبر ح ـ ٢/٤٥٧ ، ن

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ پەنای به خوا ئەبرد له عەذابی قەبر •

١١٩/٢٠٠٩ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن أحدكم إذا مات عرض عليه مقعده بالغداة والعشي ، ان كان من أهل الجنة فمن أهل الجنة ، وان كان من أهل = النار = [فالنار • م • فمن أهل النار • أبو ذر] فيقال : هذا مقعدك حتى يبعثك الله [إليه • م] يوم القيامة ح ـ ٢/٤٥٨ ، ن ، م ـ ٥/٣٣٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : که یەکێکتان بمرێ ئێوارێو بەیانی جێی خۆی پێ‌نیشان ئەدرێ ، ئەگەر بەهەشتی بێ بەهەشت ، ئەگەر جەهەنەمی بێ جەهەنەم • له پاشا پێی ئەڵێن : ئەمە جێی تۆیه [موتنەظیری به] تا خوا زیندووت ئەکاتەوه له قیامەتا ئەیچێتێ •

ئەم ئینتیظاره بۆ ئەهلی جەهەنەم نیعمەته ، فەقەط بۆ بەهەشتیی تامه ـ تامه چەند خۆشه !

۱۲۰/۳۰۱۰ ـ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : له پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یان پرســـــی لـه دەرحەق منالی موشریکان فەرمووی : خوا لەو رۆژەدا کە خەلقی کردوون لە هەموو کەس عالمترە بەوە ئەگەر بمانایە لە دنیادا چییان ئەکرد = ح ـ ٤٦٩/٢ = •

یا رەبیی ئەووەڵ باپیرو ئەووەڵ نەنکمان کە داخلی دینی ئیسلام بوون تـا یێتە سەر باوکو دایکمان غەریقی رەحمەتی خـۆت بکەی ، ئەووەڵ لـە سایەی تۆوە دوەم لە سایەی ئەوانەوە ئێمە موسوڵمانین •

۱۲۱/۳۰۱۱ ـ زەیدی کوڕی ثابیت ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ: لـە وەختێکا کـــە پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ لـە باغێکی بەنی نەججارا بوو سواری ئێسترێ بووبوو ئێمەیشی لە خزمەتـا بووین ، ئەوەندەمان زانی ئێسترەکەی سڵەمیەوەو لە رێ لای‌دا نزیك بوو فڕێی‌داتە خوارێ ، تێفکرین شەش ، یا پێنج ، یا چوار قەبری لێ‌بوو (ابن علية)ی راویی ئەفەرموێ : سەعیدی جەریریی راویی بەم نەوعەی ریوایەت کـــرد [یەعنی شەش یا پێنج یا چوار] پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : کێ صاحێبی ئەم قەبرانە ئەناسێ ؟ پیـاوێ عەرزی‌کرد : من • فەرمووی : کەی مردوون ؟ عەرزی‌کرد : لە موشـــــریکیدا مردوون • فەرمووی : ئەم ئوممەتە لە قەبرەکانیانا موبتەلا ئەبن [بە عەذاب] ئەگـەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە سەتری عەیبی یەکتریتان لەسەرە دۆعام ئەکـرد ئـەم عەذابی قەبرەی کە من ئەیبیێم خوا پێتان ببیێ •

لە پاشا رووی‌کردە ئێمە • فەرمووی : لە عەذابی قەبر پەنا بە خـــوا بگرن • فەرموویان : لە عەذابی قەبر پەنا بە خوا ئەگرین • فەرمووی : لـە فیتنە پەنا بە خوا بگرن ، لە ظاهیریو لە باطینی ، فەرموویان : پەنا ئەگرین

بە خوا لە فیتنە لە ظاهیری‌و لە باطینی • فەرمووی : پەنا بگرن بە خوا لـە فیتنەی دەججال • فەرموویان : پەنا ئەگرین بە خوا لە فیتنـەی دەججـال م - ١٠/٣٣٨ •

[لە حەدیثەکەدا ئەفەرموێ (فلولا أن تدافنو) : نەوەوی هیچ بە لایا رانەبوردوە • دەفن بە سەتر ئەڵین • (أختري) ئەڵێ : (تدافن ، تساتر)ە ، کتێبی ترم لا نیە ، ئێوە مەعنایێکی باشی لێ بدەنەوە][1] •

١٢٢/٣٠١٢ - ئەبوهورەیرە - رضـي الله تعـالى عنـه ـ ئەفەرموێ : [یەعنی لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ بە قەرینەی ئاخـــری حەدیثەکە • کە وابێ مەوقووف نیە] : کە رۆحی موسوڵمان دەرچوو دوو مەلائیکە بەرەوپیری ئەچن سەری ئەخەن • حەمماد وتی : راویی ذیکری بۆن خۆشی‌و ذیکری میسکی کرد [حەمماد بـە شك کەوتوە کـە راویی چۆنی ریوایـەت کردوە • بۆیە ئەڵێ : بەحثی لـە بۆنی = خۆش =و لـە میسك کرد] • [پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ] فەرمووی : ئەهلی ســـەما ئەڵێن : رۆحێکی بۆنخۆش لـە طەرەف ئەرزەوە هـات ، خـوا صەڵەوات لە تۆو ئەو جەسەدەی کە تۆ ئاوات کردۆتەوە ، بدا • ئەیبـەنـە حوضووری خوا ، لە پاشا خـوا ئەفەرموێ : بیبەن تا ئاخری ئەجـەل • [پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ] فەرمووی : کافـر کـــە رۆحی دەرچوو ، حەمماد ئەڵێ : راویی بەحثی لـە بۆگەنی‌و لەعن کرد ، ئەهـلی ســـەما ئەڵێن : رۆحێکی پیس لـە طەرەف ئەرزەوە هاتوە • فەرمووی : ئەمر ئەکرێ بیبەن تا ئاخری ئەجەل •

---

(١) ئەو شوێنەی کە دانەر گومانی لە ماناکەی هەیە ، دەکرێ بە جورێکی تریش مانای لێبدرێتەوە ، دەکرێ بگوترێ : ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە دەترســـم ـ ئەگەر ئەمەتان بزانیایە ـ زیندوەکانتان مردوەکانتان نەشارنەوە سزای ئەمانەم پێئەبیستن •

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى علیـه وســلم ـ جلێکى تەنکى لەبەرا بوو وا گرتى بـە لووتیەوە م ـ ١٠/٣٤٠ [قـاضى عەیاض مەعناى ئاخـرى ئەجـەلى بـە دوو نـەوع لێداوەتەوە بۆ موسوڵمان بە (سدرة المنتهى) بۆ کافر بە (ســــجین) ئەفەرموێ : ئیحتیمالى هەیە بە مەعنا ئینتیهاى عومرى دنیا بێ] •

١٢٣/٣٠١٣ ـ جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـم بیست سێ رۆژ لە پێش وەفاتیا ئەیفەرموو : هیچ کەسێ لە ئێوە تا لە حاڵەتێکا نەبێ کە حوسنى ظەننى بە خوا بێ کـە رەحمى پێ ئەکا زینهار نەمرێ ! یەعنى کە ظەنى مردنى بە خۆى بوو حوسنى ظەن بە خوا بەرێ کە عەفوى ئەکا م ـ ١٠/٣٤٣ •

١٢٤/٣٠١٤ ـ عایشــــە ـ رضي الله تعالى عنهـا ـ لە وەختى وەفاتیـا وەصیەت ئەکا لاى (ابن الزبیر)ى خوشکەزاى ـ رضـي الله تعالى عنهم ـ ئەفەرموێ : لەگەڵ پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى علیه وسـلم ـ و ئەبوبەکرو عومەرا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دفنم مەکە ، لەگەڵ رەفیقەکانما دفنم کە لە بەقیـعا ، حەز ناکـەم تەزکیەى خـۆم بکـەم ح ـ ٢/٤٦٩ ، م ـ ١٠/٣٢٠ (بفرق في بعض الألفاظ لا في المعنى) •

١٢٥/٣٠١٥ ـ عوروە ـ رحمـه الله تعـالى ـ ئەفەرمـوێ : دیـوارى حوجرەى عایشــە ـ رضــي الله تعـالى عنهـا ـ لـە زەمانى وەلیدى کوڕى عەبدولمەلیکا کەوت • عومەرى کوڕى عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەمرى کرد بە بیناى [و بەرزکردنەوەى رەوضە مەبادا خەڵق بەرەو رەوضە نوێژ بکەن] کە دەستیان کرد بـە بیناى پێیێ تـا ئەژنۆ دەرکەوت ، لـەوە خەڵق‌و [عومەرى کوڕى عەبدولعەزیز] خەوفیان لێ نیشت ، وایان زانى

کە قەدەمی شەریفە[1] • هیچ کەسیان دەست نەکەوت کە بزانێ پێی کێیە • عوروە فەرمووی : خەیر وەڵلاهی ئەمە پێی پێغەمەر نیە ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ ئەمە پێو ئەژنۆی عومەرە ـ رضـي الله تعالی عنـه ـ [بەوە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالی عنە ـ عەقڵی هاتەوە سەر خۆی (أخری)] ح ـ ٢/٤٦٩ •

١٢٦/٣٠١٦ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضـي الله تعالی عنـە ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـە وسـلم ـ فەرمووی : هیچ کەس نیـە سێ ئەولادی بمرێو بچێتە ناو ئاگرەوە ، مەگەر بۆ ئاهی سوێند [کە لە کهیعص دا ئەفەرموێ : (وإن منکم إلا واردها)[2]] ح ـ ٢/٣٦٧ ، م ـ ١٠/٦٤ ، ن ، جە •

١٢٧/٣٠١٧ ـ ئـەبـوحـەسسان ـ رحمە الله ـ ئـەفـەرمـوێ : لـە ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعـالی عنە ـم پرسی : وتم دوو کوڕم مردوە ، چ حەدیثێکم لە پێغەمەرەوە بۆ ریوایەت ئـەکـەی دەرحەق مردوومان کـە تەسـکینیم پێی بێ ؟ فەرمووی : بەڵێ بچکۆلەکانیان ئاوەڕوونکەرەوەی بەهەشتن [لێی جوێ نابنەوە] یەکێکیان بەرەوپیری باوکی یا فەرمووی : دایكو باوکی ئەچێ جلەکەی ، یا فەرمووی : دەستی ئەگرێ وەك چۆن من ئەم داوێنی تۆ ئەگرم ، بەری نادا تا خوا ئەوو باوکی [یەعنی دایکیشـی] ئەخاتە بەهەشتەوە • م ـ ١٠/٦٦ •

١٢٨/٣٠١٨ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنە ـ ئەفەرموێ : ژنێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـە وسـلم ـ کوڕێکی پێ بوو ،

---

(١) واتە پێی پیرۆزی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ •

(٢) سوورەتی مەریەم ، ئایەتی (٧٠) واتە : هیچ کەسێ لە ئێوە نیە کـە نەچێتە جەهەننەمەوە •

عەرزیکرد : (یا رسول الله) ئەم منالە ئازاری هەیە لێی ئەترسم دۆعای بۆ بکە ، تا ئێستە سیانم دفن کردوە . فەرمووی : بەڵێ سیانت دفن کردوە قەلایێکی مەحکەمت گرتوەو چووێتە ناوی لە ئاگر موحافەظەت ئەکا م ـ ١٠/٦٧ .

تەلبینـە :

١٢٩/٣٠١٩ ـ عایشەی حەرەمی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ، ورضي عنها ـ کە یەکێ لە کەس‌و کاری بمردایە تەلبینەی بۆ ئەکردن [پەلوولەی ئاردی بە شیرەوە بۆ ئەکردن] ئەفەرموێ : ئەمە بەغیضی نافیعە [نەخۆش ئەیبوغضێنێ ئەمما نەفعی بۆی هەیە] تریتی ئەکردو ئەو پەلوولەی ئەکرد بەسەریا ، بە کەس‌و کاری مردوەکەی ئەفەرموو : بخۆن ، لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ م بیست ئەیفەرموو : تەلبینە (مجمّة)[1]یە بۆ دڵی نەخۆش پێی رەحەت ئەبێ بەعزێ حوزنی لائەبا . ح ـ ٨/٢١٨ ، ٣٥١ ، م ـ ٩/٤٩ ، ت ، ن .

شـوهەداء :

١٣٠/٣٠٢٠ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : الطاعون شهادة لكل مسلم خ ـ ٥/٥٧ [ورجز على الكافر . أحمد] أخرجه المؤلف أيضاً في الطب ، ومسلم في الجهاد م ـ ٨/١٢٨ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : طاعوون بۆ هەموو موسوڵمانێ شەهادەتە ، بۆ کافران عەذابە .

(١) رەحەتی‌و ئاسایشی بەخش .

١٣١/٣٠٢١ – عن أبي هريرة – رضي الله تعالى عنه – أن رســول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – قال : الشهداء خمسة : المطعون ، والمبطون ، والغَرِق ، وصاحب الهدم ، والشهيد في سبيل الله ح – ٥/٥٧ ، ت ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : شوهەداء پێنجن : ئەوی طاعوونی لێدابێ ، ئەوی بە دەردی زك بمرێ [وەك ئیســـــهال ، ئیسقا ، سیل ، دیق] ئەوی بە ئاو بخنکێ ، ئەوی شتی بەسەرا بڕووخێ ، ئەوی لە غەزادا لە رێی خوادا وەفاتی کردبێ •

١٣٢/٣٠٢٢ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه – عن النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم –] قال : قال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – ما تعدون الشهيد فيكم ؟ قالوا يا رسول الله من قتل في ســـبيل الله فهو شهيد • قال : إن شهداء أمتي إذاً لقليل • قالوا : فمن هم يا رســول الله ؟ قال : من قتل في سبيل الله فهو شهيد ، ومن مات في سبيل الله فهو شهيد ، ومن مات في الطاعون فهو شـــهيد ، ومن مات في البطن فهو شهيد • قـال ابن مقسم أشهد على أبيك [أبو سهيل] إنه قال : والغريق شـــــهيد • م – ٨/١٢٦ ، ح – ٢/٢٧ بأتمّ مر في الأذان ، ح – ٥/٥٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – لـە ئەصحابی کیرامی پرسی : ئێوە لە ناو خۆتانا شەهید بە کێ ئەڵێن ؟ عەرزیانکرد : (یـا رسـول الله) ئەوی لـە رێی خوادا بکوژرێ ئەوە شـــــەهیدە • فەرمووی : کـە وابێ شەهیدی ئوممەتی من کەمن • عەرزیانکرد : ئەی کێن ؟ فەرمووی : ئەوی لە رێی خوادا بکوژرێ شەهیدە ، ئەوی لە رێی خوادا بمرێ ئەوە شەهیدە ،

ئەوی لە طاعوونا بمرێ [یەعنی با بە طاعوونیش نەمرێ] ئەوە شەهیدە • ئەوی بە دەردی زگ بمرێ ئەوە شەهیدە • ئیبنوموقسەم بە ســوهەیلی راویی لە باوکیەوە ئەڵێ : من شەهادەت لەسـەر باوکت ئەدەم کــە لــە حەدیثەکەدا ئەوەیشی وت : لە ئاواخنکاویش شەهیدە •

[لە (موطأ)ا لە جابیری کوڕی عەتیك ریوایەت ئەکا غەیری قەتلی (في سبیل الله) شــەهید حەوتە : طاعوونو ، دەردی زگو ، غەریقو ، حەریقو ، شت بەسەرا رووخاوو ، صاحێبی (ذات الجنب)و بەســــەر منالەوە چووی ذیکر کردوە • نەوەوی] •

شوهەدا غەیری ئەوانە :

١ ـ ئەوی لەسەر ماڵی بکوژرێ ، ت •
٢ ـ لەســـەر دین •
٣ ـ لەســـەر منـاڵ •
٤ ـ لەســـەر خوێن •
٥ ـ (مظلمە)
٦ ـ غەریب •
٧ ـ مورابیط •
٨ ـ حامیلە •
٩ ـ مارگەزیدە •
١٠ـ دووپشك = گەزیدە = •
١١ـ درِنـدە = کوشتوو = •
١٢ـ رشانەوە •

١٣ـ سێ دەفعە سبەینان بڵێ (أعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم) لە پاشا (لا يستوي) بخوێنێ •

١٤ـ نوێژی ضوحا بکاو ، کوللی مانگێ سێ رۆژ بە ڕۆژوو بێ و ، تەرکی وەتر نەکا •

١٥ـ طالیبی عیلم •

١٦ـ عاشقی عەفیف ، بە شەرتی کەتم[1] •

قســـطلاني ـ ٥٧/٥ •

تمت الجنائز ٢٥/٧/١٩٤١ ، ولله الحمد

---

(١) مەبەست ئەوەیە کە هەریەکێ لەم (١٦) جۆرە لە ســـــەر ئەو حاڵە بمرێ خودا لە پاشەڕۆژدا وەك شەهیدانی ڕێگەی خودا ـ لە میهرەبانی خۆیەوە ـ پاداشیان بداتەوە .

بابەتو سەرباسەکانی ئەم بەرگە

لاپەڕە	بـــابـــــــەت
١٧	کـە ئیبراهیمی کوڕی پێغەمـەر ـ ص ـ مردو ڕۆژ گیرا چی فەرموو ؟
١٩	لـە کاتی ڕۆژگیرانا پێغەمەر ـ ص ـ فەرمانی بـە ئازادکردنی بەندە داوە ٠
٢٠	بۆچی ژنان زۆربەی ئەهلی ئاگرن ؟
٢١	نوێژی ڕۆژگیران هەشت ڕکاتە بە چوار سوجدە
	العیـــــــدیــــن
٢٢	سەربڕینی قوربانیی پێش نوێژی جەژن دروست نیە
٢٢	قوربانیەکەی ئەبوبوردەی خاڵی بەراء
٢٤	بەرخو چێیری قوربانیی
٢٥	لە جەژنەکانا نوێژ لە پێش خوطبەوەیە
٢٧	نوێژی جەژن بانگی بۆ نادرێ
٢٨	هەروەها قامەتیشی بۆ ناکرێ
٢٨	ژنان لە ڕۆژی جەژنا خێر دەکەن
٣١	پێغەمەرو وەعظدادانیان لە ڕۆژی جەژنا
٣٢	نۆمینەی جەژنو (ذي الحجة)
٣٣	پێغەمەر ـ ص ـ قوربانیی خۆی بە دەستی خۆی سەربڕیوە
٣٤	پێغەمەر ـ ص ـ دوو بەرانی سەربڕی
٣٥	پێغەمەر ـ ص ـ لە نوێژی جەژنا چ سوورەتێکی خوێندوە ؟
٣٦	ئیبنوزوبەیرو حەججاج لە مینادا
٣٨	پێغەمەر ـ ص ـ لە شوێن نوێژەکەیا قوربانیەکەی سەرئەبڕی
٣٨	پێغەمەر لە چوونو هاتنەوەی نوێژی جەژنا ڕێگەی ئەگۆڕێ
٣٩	گۆشتی قوربانیی تا کەی ئەخورێ

لاپەرە	بـــابــــــەت
٨٠	خواردن دەرخواردانی بەندەو خزمەتکار
٨١	گۆشتی کەروێشك
٨١	گۆشتی بزنمژ حەلاڵە
٨٣	پێغەمەر ـ ص ـ دەستی بۆ طەعام نەئەبرد تا نەیزانیایە چیە
٨٥	عومەر ئەفەرموێ : ئەگەر گۆشتی بزنمژم لابوایە ئەمخوارد
٨٦	مەسخو بزنمژ
٨٧	پێغەمەر ـ ص ـ گۆشتی بزنمژی نەخواردوەو حەرامیشـــی نەکردوە •
٨٨	بەری داری سیواك
٨٨	خەلق شەریك بۆ خوا قەرار ئەدەن کەچی رزقیان ئەدا
٨٩	برسێتی ئەبوهورەیرە
٩٠	گۆشتی کەر خواردن
٩٢	نەهی‌کردن لە گۆشتی‌کەرخواردنو موتعەی ژن
٩٣	ناوی‌خواهێنان لە کاتی سەربڕینا
٩٤	طوفەیلێتی
٩٥	پێغەمەر ـ ص ـ حەزی لە کوولەکە کردوە
٩٦	عومەری ئەبوسەلەمەو نانخواردن
٩٧	(بسم الله)کردن لەسەر نانخواردن
٩٧	شەیتان بە دەستی چەپی ئەخوا
٩٨	ناوی‌خواهێنان لە کاتی خواردندا
٩٩	دۆعاکردنی پێغەمەر ـ ص ـ لەو کەسە کـە بە دەستی راستی نەیخوارد •
٩٩	دەست‌لستنەوە

لاپەڕە	بـــابـــــــەت
١٠١	کە پاروو لە دەستکەوتەخوارەوە هەڵبگیرێتەوەو بخورێ
١٠٢	سوپاسی خواکردن لەسەر خواردن
١٠٢	زۆرخواردن
١٠٣	کافر لە حەوت ریخۆڵەدا ئەخوا
١٠٤	ئەبونەهیکی زۆرخۆر
١٠٥	بە چۆکاهاتن لە خواردنا سوننەتە
١٠٦	خۆراکی دوان بەشی سیان ئەکا
١٠٧	پێغەمەر ـ ص ـ ناوکەخورمای بە بەینی پەنجەی فڕێداوە
١٠٨	پێغەمەر ـ ص ـ لەگەڵ عائیشەدا چوە بۆ سەر دەعوەت
١١٠	پێغەمەر ـ ص ـ و ئەبوبەکرو عومەر لە ماڵی ئەنصارییەکدا
١١٣	سرکە پێخۆرێکی باشـــە
١١٤	پێغەمەر ـ ص ـ سیری نەخواردوە
١١٥	ئەدەبی ئەبوئەییوب لە خزمەت پێغەمەرا ـ ص ـ
١١٦	تەواضـــوع لــە خواردناو قنیاتکردنو داکەوتن بــە هەموو پێخۆرێك •
١١٦	پێغەمەر ـ ص ـ نانی تەنکی نەخواردوەو لــە ســەر تەبەقی گەورە نانی نەخواردوە •
١١٧	پێغەمەر ـ ص ـ هێلەکی نەدیوە
١١٨	قسەیێکی دانەرو نانی ئەستامووڵ
١١٨	پێغەمەر ـ ص ـ خورمای بە دانە لە نێوان یارانیا بەشکردوە
١١٩	دۆعای دوای نانخواردن
١٢٠	خواردن لە قاپو قاچاغی زیوو ئاڵتوونا
١٢٢	حەیوان کە یاخیی بوو چی لێ دەکرێ ؟

لاپەڕە	بـــابــــــــەت
	الصـــيد والذبـــائح
١٤٥	خواردنەوەو خواردن بە پێوە
١٢٤	سەربڕاوی دەستی ئافرەتو سەربڕین بە بەرد
١٢٥	نێچیری سەگی فێرەڕاو
١٢٧	نێچیری ونبوو دوای چەند رۆژ بدۆزرێتەوە ئەخورێ ؟
١٢٧	پەلەپیتکە
١٢٨	مریشكو رۆح لەبەر بەنیشان‌نانەوە
١٣١	چ حەیوانێ گۆشتی ناخورێ
١٣٢	نەرمیو لەسەرخۆیی لە کوشتنەوەو سەربڕیندا
١٣٣	خنکاوو قۆچ‌لێدراوو لەبەرزایی بەربوەوەو ...
١٣٤	نێچیری دەریا
١٣٥	موری : سەربڕینی شەراب
١٣٥	(بسم الله) نەکردن لەسەربڕینا
١٣٦	جێگەی سەربڕین
١٣٧	ئەنواعی صەیدی بەحر
	الاشــــــــــربـــة
١٣٩	کە مێش کەوتە ناو خواردنەوەوە چی لێ دەکرێ ؟
١٤٠	پێغەمـەر ـ ص ـ خواردنـەوەی دوای خـۆی داوە بـە لای دەستەڕاستی .
١٤٢	خۆشاوی خورمای ماڵ ئەبوئوسەید
١٤٣	پێغەمەر ـ ص ـ تا سێ رۆژ خۆشاوی هەڵگرتوە
١٤٤	داپۆشینی سەری قاپو شت
١٤٨	خۆشاوکردن لە کونەو دیزەدا

لاپەڕە	بـــابــــــەت

لاپەڕە	بابـــــــەت
١٩٣	پۆشاکی ئەبوهورەیرە
١٩٣	ڕێگەدان بۆ پۆشینی حەریر لەبەر ناچاریی
١٩٤	لەسەرکردنی طەیلەسان
١٩٤	پێخەفی ماڵو ئەندازەی
١٩٥	بەشیددەتترینی خەڵق لە عەذابا لە قیامەتا ئەوانەن صـووڕەت دروست ئەکەن •
١٩٦	پێغەمەر – ص – لیباسی مووی ڕەشی لەبەر کردوە
١٩٧	وێنەی دارو درەختو گیانلەبەر قەی‌ناکا
١٩٨	نەرمەزینی ئەرخەوانیی‌و نەقش‌و نیگار لە لیباسا
١٩٩	قژی خواستەنیی حەرامە
٢٠١	کـەوش
٢٠١	لە پێشا پێی ڕاست لەپێ‌کاو بۆ داکەندن پێی‌چەپ لە پێشا
٢٠٢	ئینسان تا کەوشی لەپێدا بێ هەر سوارە
٢٠٣	بەیەك تاك پێلاوەوە نەگەڕێ
٢٠٣	الخاتم – ئەنگوستیلە
٢٠٤	ئەموستیلەی ئاڵتوون بۆ پیاو حەرامە
٢٠٥	ئەموستیلەی پێغەمەر – ص – لای ئەبوبەکرو عومەرو عوثمان
٢٢٥	هامە سێ مەعنای هەیە
٢٠٦	ئەموستیلە دەکرێتە پەنجەتووتەی دەستی چەپ
٢٠٦	پێغەمەر – ص – ئەموستیلەی ئاڵتوونی لە دەســـتی پیاوێك دەرهێناو فڕێی‌دا •
٢٠٧	پیاوی ژنانیی‌و ژنی نێرکورکە
٢٠٨	کـاکـۆڵ

لاپەڕە	بـــابــــــــەت

لاپەڕە	بـــابـــــــەت

لاپەڕە	بـــابــــــەت

لاپەڕە	بـــابــــــەت
٣٠٥	پێغەمەر ـ ص ـ لە دوارۆژانی ژیانیدا
٣٠٦	پێغەمەر ـ ص ـ ئەفەرموێ : با ئەبوبەکر نوێژ بۆ خەڵق بکا
٣٠٨	پێغەمەر ـ ص ـ دواجار دەچێتە مزگەوت
٣١٠	کە پێغەمەر ـ ص ـ پەردەی لاداو سەیری یارانی‌کرد
٣١١	پێغەمەر ـ ص ـ حەز ئەکا لە ماڵی عائیشەدا کۆچی دوایی بکا
٣١٢	کفنکردنی پێغەمەر ـ ص ـ
٣١٣	نەهی‌کردن لـەوەی کـە قەبـری پێغەمەر ـ ص ـ بکرێ بـە مزگـەوت •
٣١٤	کۆچی دوایی ئەبوبەکر
٣١٦	کۆچی دوایی عومەر
٣٢٢	یەکەم شەهیدی میحراب
٣٢٢	ئەبولوئلوئەی مەجووسیی بە خەنجەر لێی‌ئەدا
٣٢٥	عومەر لـە سەرەمەرگا
٣٢٦	عومەرو جێگە قەبرەکەی لای یارانی
٣٢٧	عومەرو بەتەنگەوەهاتنی کاروباری دوای خۆی
٣٣٠	عومەرو شەهادەتو ترسی لە پاشەڕۆژ
٣٣٢	شەهادەتی عەبدوڵلای کوڕی مەلحان
٣٣٣	زەینەبی کچی پێغەمەر ـ ص ـ چۆن شۆرراو کفن‌کرا ؟
٣٣٥	مردنی کوڕی زەینەب
٣٣٦	وەفاتی ئوممو کولثووم
٣٣٧	ئیبراهیمی کوڕی پێغەمەر ـ ص ـ
٣٣٨	ئیبراهیم لای ئەبوسەیف
٣٣٩	دایەنی ئیبراهیمو قاسم لە بەهەشتا

لاپەڕە	بـــابـــــــەت

لاپەڕە	بـــابـــــــەت
٣٦٤	لەگەڵ جەنازەدا ڕۆیشتن
٣٦٥	هەڵسان لەبەر جازەی جوولەکەیش
٣٦٦	پەلەکردن لە ناشتنی مردوودا
٣٦٧	نوێژ لەسەر مردوو و بەسواریی لەگەڵیاچوون
٣٦٨	چەند (الله أكبر) لە نوێژی مردوودا ئەکرێ
٣٦٩	دۆعاکردن بۆ مردوو
٣٧٠	ئیمام لای کوێی جەنازەوە بۆ نوێژ ئەوەستێ
٣٧١	ناشتنی مردوو بە شەوو چرا بۆ داگیرساندنی
٣٧٢	صەلات لە سەر غائیب ، نوێژ لەسەر نەججاشیی
٣٧٢	نوێژ لەسەر قاتیلی خۆیو بە قەرزداریی مردوو
٣٧٣	پێغەمەر ـ ص ـ و نوێژ لەسەر بەقەرزداریی مردوو
٣٧٥	کفنی ناتەواو
٣٧٦	قـەبـــر
٣٧٧	شت لە ژێر مردوودا ڕاخستنو سەرین بۆدانانی
٣٧٨	درەخت لەسەر قەبر ڕوانن
٣٧٨	خێوەت هەڵدان لەسەر قەبر
٣٧٨	دانیشتن لەسەر قەبر
٣٧٩	بەرزییو بارسایی قەبر
٣٧٩	لەمزگەوتا نوێژ لەسەر مردوو کردن
٣٨٠	جوێن بە مردووان
٣٨٠	شەهید ناشۆررێو نوێژی لەسەر ناکرێ
٣٨١	شەهیدانی ئوحود چۆن بەخاك سپێرران
٣٨١	پێغەمەر ـ ص ـ لە سەردانێکی شەهیدانی ئوحوددا
٣٨٢	شەوێکی پێغەمەر ـ ص ـ و عایشەو سەردانی بەقیع
٣٨٣	عەذابی قەبـر
٣٨٤	سێ شت شوێن مردوو ئەکەون

رقم الایداع في دار الکتب والوثائق
٨٩٨ لســـنة ١٩٨٩

دار الحـــریة للطباعة ــ بغـــداد
١٤١٠ هـ ــ ١٩٨٩ م

إقتران النيرين

في

مجمع البحرين

المجلد السابع

تأليف

ملا رشيد بيگ بابان

تحقيق

محمد علي القره داغي

نرخى (چوار) دیناره

دار الحرية للطباعة

بغداد